محەمەد کوردۆ

# لالەزاری وشە

## کۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبییە

چاپی یەکەم
2007

بەشی یەکەم:

# دەقو رەخنە

## گلەیی لە ژنانی نەتەوەکەم

### خوێندنەوەیەکی کورت بۆ شیعری (عەشق)ی شێرکۆ بێکەس

## عەشق

شیعری: شێرکۆ بێکەس

ئەلیزابێت
بیست ساڵی رێك، بیست حەسرەتو
بیست دووکەڵو
بیست ئاوابوونو توانەوە !
بیرنەچوونی
وەك نانو ئاوو شەرابو
خوێندنەوەمو
بیرنەچوونی چاویلکەکەم.
بیرنەچوونی
چوون بیرنەچوونی قەڵەممو
ماچی شیعر.
ئامادەبوونی بەوێنەی
ئامادەبوونی هەناسەو
سییەکانم.
جیانەبوونەوەی ئەم سەرەمو
هەردوو شانم.
دەستو پەنجە لە مەچەکمو
پەیڤیش لەزارو زمانم.
بیرنەچوونی لەناو تەمێکی تەنکدا
بەرێوەیەو هەر دێتو دی
هەموو ساتی سەرنجێکی،
خەندەیەکی،
یان تنۆکی لە قەڵبەزەی بەژنو باڵای
چرپەیەکی گوارەکانی
هەناسەیەکی ملوانکەی
لێم ئەدەنو خەوی زڕاو
تەڕ ئەکەنو خەو ئەچێتە سەر چیچکانو
ئەلێزابیت دێتەوە ناو نیگاکانم.

دێتەوە ژێر چاوەڕوانی
رواوی سەر چرپاکەمو
دێتەوە ناو شپرزەیی رۆژژمێرم
بەهێواشی
سەر ئەداتەوە لە زەردەی
خۆرنشینم.
ئەگاتەوە ژووری فرمێسك،
دێتەوە بەردەم وەرینم!
ئەلێزابێت!
بیرنەچوونی
وەك بیرنەچوونی دیدەم بۆ
عەشقی گۆیژە هەموو رۆژی.
چوون بیرنەچوونی درەختی
بەر پەنجەرەم
بۆ تەماشام هەموو رۆژی.
چوون بینینی رووخساری خۆم
لە ئاوێنەی زنەیەكدا هەموو رۆژی
وەك دانەبڕانی هەمیشەی
هەردوو باسكو كراسەكەم
لە یەكتری.
شانەو قژم
لەیەكتری.
بادەكەمو پەرداخەكەم
پەنجەكانمو گیتارەكەم
لە یەكتری.
ئەلیزابێت!
سەری پەنجەی، چاڵی گۆنەی،
بزەی پەرتی.
تەیری كوتراوی سەرقۆڵی.
تاڵی لە قژی راكردووی.
مامزەكانی ئاوڕی.
هەوری بەرزایی گەردنی.
رەنگی پەیڤی.

وشەی سرکی.
بۆنی ماچی.
گزنگەکانی تەماشای.
شەوی پرچیو
تریفەیەکی شەرمنی
نێوان مەمی.
تانگۆکانی نێو باوەشیو
موچوڕکەی ئالێ.
دەنگی بێدەنگی نێوانمان.
وەختی مانگەشەو ئەهاتو
ئەبوو بەشەقامی خەومان.
بوورانەوەی ئارەزوومان
لە ئامێزی یەکتریدا.
زەریاو چاویو
گۆرانییەکی خوماری ناو بەلەمو
ئاسۆیەکی پرتەقاڵیو
منیش نەورەس.
مێزی تەختەی کافتریایەك
هەڵنیشتنی هەردوو کۆتری
جووتە دەستی
لەبەر دەمماو
مریەمی بۆتە مۆمدانو
منیش مۆمو
چاوی شەوقم لەو جوانییە
ناتروکێنم بۆ چرکەیەك.
دیسانەوە
لە گوی دەریا شەپۆلی شین
شەپۆلی شێت
لەگەڵ شەپۆلی بەژنا
ئەویان ئەیبردم بۆ دوورگەی
خەونی دوورو
ئەمیان نزیك پرژە پرژی
فێنك.. فێنك

لێمیان ئەدا.
لەشی رووتی رەنگ برۆنزیی
تەنها لە دوو ئاستدا سپی!
چاوی منو چاوی لمو چاوی هەتاو
سەرخۆشانە نیوە نوقاو
سڕی جوانیو
سڕی خودایان ئەبینی
دانەپۆشراو!
ئەوان گشت لە ئێستەدا
تەنیاییم ئەکەن بە حەوزی واق وڕماوو
پۆلە ئاخیشم بە جوڵەی وردە ماسی.
لە ئێستەدا
وەختی درەنگ
کە سەعاتم ئەکەوێتە وەنەوزدانو
بیرەوەرییم لەسەر جێگە باوێشك ئەدا
شەو خەوی دی
ئەوسا تیتر رەنگەکانی ئەلیزابێت
پڕم ئەکەن لە قەسیدەی رەشو سپی.
پڕم ئەکەن لە پەروانەی دەوری لەشی.
پڕم ئەکەن لەماچی سەوز
لە راموسانی پەمەییو
لە سەمایەکی نارنجییو
خۆزگەی سپی.
لە دواییدا
شەپۆل خۆی ئەکا بە ژوورماو
وەکو رامبۆ لە کەشتییەکی سەرخۆشدا
خەو لە ناو خەودا ئەبینم
وا ئەزانم
بە پەپولە داپۆشراومو
بە مانگە شەو رەنگکراومو
عەشقێك بووە بە قەدەری
ئەم سەفەرە بێکۆتایەو
ئەڕواو ئەڕواو

هەموو شەوی لەگەڵ خۆیدا

بێهۆش بێهۆش هەڵمئەگری‌و

ئەمباتەوە ڤینیسیا!

یەکێك لەدیارترین سیماکانی شیعری شێرکۆ بێکەس کارکردنی بەردەوامیەتی لەناو روح و جەستەو مێژووی نەتەوەدا، ئەو هەمیشەو بەدرێژایی چەندین ساڵ خەریکی بەرهەمهێنانی شیعریەت بووە لەمێژووی نەتەوەکەیدا.

ئەوەی شێرکۆ لەزۆرێك لەشاعیرانی دی جیادەکاتەوە، ئەوە نییە –وەك هەندێك بۆی دەچن– نەتەوە گەورەیی و نەمریی بەشیعرەکانی ئەودابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەیە کە شێرکۆ لەدەقەکانی خۆیدا نەمریی بەنەتەوە دەبەخشێت‌و دەیباتە ئاستێکی بەرزو باڵاترەوە، کە ئاستی داهێنانە، هەر ئەمەش هۆکارێکە لەوەدا کە زۆر کەس پێیانوایە شێرکۆ ساڵانێکی زۆرە خۆی دووبارە دەکاتەوە، من زۆرجار گوێم لەم بۆچوونە بووە، وەلی وەکو خۆم پێموانییە ئەوەی شێرکۆ دەیکات خۆ دووبارە کردنەوە بێت.

من هەستدەکەم ئەو بەردەوام کار لەسەر موتوربەکردنێکی هونەرییانەی جوان‌و بەهادار دەکات، ئەو بۆئەوەی هەم لەو ئەزمونە جوان و دەوڵەمەندو باڵایەی خۆی دانەبڕێت، هەم دووبارەشی نەکاتەوە، پەنا بۆ گەمەی موتوربەکردن دەبات.

وەك چۆن باخەوانێك، بۆ نمونە، قۆخ و هەنجیر پێکەوە موتوربە دەکات و لە ئاکامدا ئەوەی دێتە بەرهەم، هەم قۆخ و هەم هەنجیرەو هەم هیچیشیان نییە.

ئەوەش کە شێرکۆ دەیکات هەم ئەوەیە کە پێشتر کردویەتی و هەم شتێکی تازەیەو هەم هیچیشیان نییە. وەك وتمان هۆکاری سەرەکی لەوەدا کە خەڵکانێك هەستدەکەن شێرکۆ خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەو رووبەرە گەورەیەیە کە نەتەوەو مێژووی نەتەوە لەشیعری ئەودا داگیری دەکەن.

وەلی ئەوەی لەم دەقە تازەیەدا سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم شیعرە جگە لەوەی لە بری نەتەوەو مێژووی نەتەوە، کار لەسەر عەشق دەکات، پاڵەوانەکەشی کەسێکە لەدەرەوەی مێژووی نەتەوە.

بێگومان ئەم دەقە یەکەمین دەقی شێرکۆ نییە، کە بۆ دۆزێکی دیکەی جیا لە دۆزی نەتەوەو نیشتمان تەرخان کرابێت، وەلێ رەنگە یەکەمین دەقی شاعیر بێت کە پاڵەوانەکەشی سەربەنەتەوەو نیشتمانی خۆی نەبێت و دەستەواژەو میتافۆرو وشەکانیشی لەدوو جێگەدا نەبێت (گویزەو درەختی بەرپەنجەرەکە) بۆنی نەتەوەو نیشتمانیان لێنایەت. ئەم دەقە بۆ عەشق و لە رۆژی (ڤالانتاین)دا نوسراوە. ڤالانتاینیش لەبنەڕەتدا جگە لەوەی رۆژی خۆشەویستییە، پەیوەندییەکی قوڵیشی بە راکردن و پشتکردن لەشەڕەوە هەیە.

ئیمپراتۆری رۆمانی (کلادیوس)ی دووەم، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زاینییدا هەستدەکات ئەو لاوانەی هێشتا ژنیان نەهێناوە لەو پیاوانەی کە ژنیان هەیە بۆ جەنگ ئامادەترو خۆراگرترو بە پشووترن‌و دەتوانن باشتر بەرگەی نەهامەتییەکانی جەنگ و دوورکەوتنەوە لەماڵ بگرن، بۆیە بڕیاری راگرتنی مارەبڕین و هاوسەرێتیی دەدات و بەهەموو شێوەیەك قەدەغەی دەکات. وەلی یەکێك لەقەشەکان بەناوی (ڤالانتاین) دژی ئەم بڕیارە دەبێت و گوێی ناداتی و بە دزییەوە درێژە بە پرۆسەی مارەبڕین و دروستکردنی هاوسەرێتیی دەدات.

تا لەدواییدا ئاشکرا دەبێت و ئیمپراتۆر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات و لە (14)ی شوباتدا لە سێدارە دەدرێت.

ئیدی یادکردنەوەی ئەو قەشەیە کە لەپێناوی لاوانو ماف ئەوان لەخۆشەویستیو هاوسەرێتییدا گیانی خۆی بەختکردووە، دەبێتە سەرەتای ڕۆژی خۆشەویستیو سالانە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکرێت. واتە ڤالانتاین چەند پیرۆزکردنی خۆشەویستییە ئەوەندەش نەفرەتکردنە لەجەنگ، چەند باوەشکردنە بە خۆشەویستیدا ئەوەندەش پشتکردنە لەجەنگ، چەند ڕاکردنە بەرەوخۆشەویستی ئەوەندەش ڕاکردنە لە جەنگ.

لێرەوە دەتوانین ئەم دەقە وابخوێنینەوە کەشێرکۆ هەوڵدەدات لەڕێگایەوە بۆ تاوێك لە مێژووی نەتەوەکەی بچێتە دەرەوەو وەك تاکێك، وەك عاشقێك، بچێتە نێو مێژووی خۆیەوە.

لەم ئاستەدا دەتوانین شێرکۆ وەکو شاعیرێکی ماندوو، وەکو باڵایەکی خوێناوی و دوکەڵاویی ببینین کە بەدوای ڕۆژێکدا دەگەڕێت تیایدا خۆی لەو خوێن و دوکەڵە پاکبکاتەوەو پشوویەك بداتو لە دەرەوەی ئەوان تەماشایەکی دنیا بکات. دەیەوێت ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بووە (تینوێتی بەگڕ نەشکێ) و (سرودەکانی کێوی) نەبن.

کەچی کاتێك دەچێتە نێو مێژووی خۆیەوە دەبینێت ژنانی نەتەوەکەی شتێکیان پێنەبەخشیوە کە لەڕۆژێکی وەکو (ڤالانتاین)دا یادی بکاتەوە. دەتوانین لەنێو نەوتراوەکانی ئەم دەقەدا شێرکۆ ببینین بە حەسرەتێکی قوڵەوە بە ژنەکانی نەتەوەکەی دەڵێت: بۆچی لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ خۆشتاندا هێندە بێ دەربەستن؟!

پێیان دەڵێت: لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە ڕۆژی ڤالانتاینەو لە سەرتاسەری جیهاندا یاد دەکرێتەوە، نزیکەی یەك بلیۆن کارتی پیرۆزبایی دەگۆڕدرێتەوەو (85٪)ی ئەم کارتانەش ژنان دەیکڕن، کەچی من ناچارم یادی ژنێکی دوور بکەمەوە! من ناچارم بۆ (20) ساڵ بەر لەئێستا بگەڕێمەوە! ئەدی ئێوە، ئەی ژنانی نەتەوەکەم بۆچی نەتانتوانی بە "چرپەیەکی گوارەکانتان" یان، بە "هەناسەیەکی ملوانکەکانتان" خەوم بزڕێنن و بێنە ناو نیگاکانمەوە؟!

بۆچی پڕتان نەکردم لە"بۆنی ماچ"؟!

بۆچی بە "گزنگی تەماشا"تان ڕووناکتان نەکردمەوە؟!

بۆچی" تریفەی نێوان مەمکەکانتان" پیانەپژاندم؟!

ئێوە نەتانتوانی "مۆمدان بن و منی مۆم" لەئامێزی خۆتاندا بخەنە نێو خەونی سوتانەوە!

دەستەکانی ئێوە بۆ من سرکترین باڵندەبون و هەرگیز نەیانتوانی وەکو دووکۆتر لەبەردەممابن !

لەشی ئێوە نەیتوانی "سڕی جوانی و سڕی خودا بەدانەپۆشراوی" پێشانی من بدات!

* ڕێبازی ئەدەبو هونەر، ژمارە (58) 2007/2/27

# نیگەرانیو دڵەڕاوکێی شاعیر

# لە ئێوارەی پایزدا*

ئێوارەی پایز

شیعری: هێمن

لە ئاسۆیەکی دوورەدەست
ئاوابوو زەردە پایزی
دەتگوت بوکێکی بێنازە
پەردە جێدێڵێ بە زیزی
***
پەڵە هەورێکی چڵکنە
گرتی سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێك وەری
زریان بردی بەرەو نەمان
***
جوتێك کۆتری سەر بەکڵاوە
هەڵکورماون لە سوانەیەك
دیارە لەو دەورو بەرانە
پێیان شکدێ هێلانەیەك
***

پاساری سەر داری کۆڵان
فڕەو جیکەیان لێبڕا
قەل فڕی فڕی تا ونبوو
هەر روو رەشی خۆی پێبڕا
***
شەپۆلێك مۆسیقای بەسۆز

هاتو رابوورد بە بن گوێمدا
شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە
لە ناخی دڵی توێ توێمدا
***
ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژوور
باربەرێکی درێژی رووت
دەرکی دوکانی گاڵە دا
مام حاجیو بەرەو ماڵ بزووت
***
نازدارێکی چارشێو بەسەر
بە تەنیشتمدا تێپەڕی
بە غار هاتو توند قیژاندی
رووتەڵەیەك بە بەدفەڕی
***
کەمێك راوەستا جا رابورد
ئەو لاوەی جادەی دەپێوا
دیار بوو خێسێکی دابوویە
ئەو شۆخە لە بن چارشێوا
***
کیژێك خۆی لە ژوور کوتاوە
دەرکەی حەوشەکەی پێوەدا
ئیتر شوێنەواری جوانی
بەدی ناکەم لەم نێوەدا
***
تا تاریکان پەیدا دەبێ
چۆڵو چۆڵتر دەبێ جادە
نە دێتەدەر کیژی لەبار
نە رادەبرێ لاوی سادە
***
هەوا بولێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە
تەنانەت رەنگی گۆڕاوە
ئەم دیوارو دارو بەردە

***

تەماشای هەر شتێ دەکەم

رەنگی پایزی گرتووە

جوانی خۆی لێشاردوومەوە

دزێوی ریزی گرتووە

***

چاوم لە ئاسمان بڕی

دڵم هێندەی دیکە گیرا

گەلێك بیرەوەری کۆنم

لە پڕ هاتنەوە بە بیرا

***

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ

ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە

نە کەس لە پێشمدا دەڕوا

نە کەس دیارە بەدوومەوە

***

نا نا ناڕۆم مەلەی دەکەم

لە نێو دەریای مەندی خەیاڵ

داهێزراوو رووگرژ، تووڕە

دڵ پڕ تاسە، مێشك بەتاڵ

***

ئاخ، دیسان رووپەڕێك دڕا

لە رۆژئەژمێری تەمەنم

ئاخ، دیسان شەو داهاتەوە

من هەر وا دوورە وەتەنم

***

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی

رەشی شەوگاری تەنیایی

ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی

***

ئاخ، دەبێ دیسان رابوێرم

لە ژوورێکی ساردو سڕدا
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕدا
***
دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لەدەس ئەم دڵەی بە خەم
وای لەدەس ئەم چاوەی بێخەو
***
دەڕۆم تاسەر پێکەوە نێم
دەگەڵ زامو دەردو ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پایز
من شەونخونی بکێشم
***
دوور قاقایەکم گوێ لێبوو
دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ
چۆن بە ئێوارەی پایزیش
ئی وا هەیە پێبکەنێ !
***
خەیاڵم ببوو بە وشە
نەمزانی کەس بەدوامەوە
دەنگێکی لەرزۆکو نەرم
بەسپایی جوابی دامەوە
***
بەڵێ هەن یەکجار زۆرن
بازرگانی فرمێسکو خوێن
بەڵێ هەنو پێدەکەنن
بە سەربەهەش، بە مل بەکوێن
***
بەڵێ هەنو پێدەکەنن
بە من، بە تۆ، بەهەزاران
بە داخی باوک کوژراوان
بە هەنیسکی هەتیوباران

***

به نەزانی، بە نەخۆشی

بە تاریکان، بە شەوەزەنگ

بە زنجیر، بە تەناف، بە دار

بە گرتووخانەی تەڕو تەنگ

***

بە بۆکڕووز، بە چڕە دووکەڵ

بە هاڵاو، بە گڕ، بە ئاگر

بە تەم، بە مژ، بە هوڕە، بە دۆك

بە تۆفانی وڵات داگر

***

بە بووەلەرزە، بە ڕەشەبا

بە سووتمانو زیانو زەڕ

بە هەرچی خراپو شوومە

بەگشت دەسکردی خوایی شەڕ

***

بە ناڵە، بە کوڵ، بە گریان

بە سینگ کوتان، بە ڕووڕنین

بە بەرگی رەش، بە چاوی سوور

بە گۆڕخانە، بە کۆڕی شین

***

بە کەلاوە، بە کوندەبوو

بە دیواری هەرەسهێناو

بە داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ

بە ئانیشکی پینەکراو

***

بە نووکە نووکی بێوەژن

بە هانە هانی ماندووان

بە زیرە زیرِی منداڵان

بە نووزەی نیووە زیندووان

***

به نەڕە نەڕی جەللادان

به قرمە قرمی شەست تیران

به ویڕە ویڕی قەمچییان

به ئەشکەنجەی رووناکبیران

***

به چڵکی یەخەی کرێکار

به کەفی سەرشانی جوتێر

به پەچەو رووبەند، به خەنجەر

به یەك نەبوونی مێو نێر

***

به قەڵەمی بەزیوی کول

به زمانی له بندا بڕاو

به دەرکی داخراوی فێرگە

به کتێبو دەفتەری دڕاو

***

له قامووسی ئەوانەدا

بەزەیی مانای نەماوە

بێزیان له بزە هەڵدەستێ

وازیان له خوێنو زووخاوە

***

هەر دڵۆپی خوێنی لاوێ

بۆ وان یاقووتێکی سوورە

هەر تکەی فرمێسکی کیژێ

بۆ وان مرواری بەر موورە

***

هەناسەی ساردی ئاواران

کۆشکی ئەوان گەرم دەکا

لەشی رەقو زگی برسی

جێ پاروویان نەرم دەکا

***

سەرمایەی وان لەگەڕدا بیٚ
با زۆر دەرك بە قوڕ گیریٚ
دۆلار لە برەو نەکەویٚ
با کۆڵەواربیٚ داپیریٚ
***
دەبا خویٚن بیٚو سەران بەریٚ
چەرخی کارگەیان بگەڕیٚ
پیٚدەکەن، پیٚدەکەنن
بە بڵیٚسەی ئاگری شەڕیٚ
***
گوتم کەوابوو ئاشنا
بەشی ئیٚمە لەنیٚوچوونە؟
گوتی نا نا دوور بنواڕە
دوور بنواڕە، ئاسۆ روونە!

لە ساڵی 1974دا شاعیریٚکی گەورەو دڵناسکی ئەم میللەتە لە (ئیٚوارەیەکی پایز) دا ئەم شیعرە جوانەی نوسیووەو دوای 19 ساڵو لە بەیانییەکی بەهاردا منی خستۆتە سەرهەوای هەڵفڕینو بانگم دەکاتو دەیەویٚت جوانیەکانی خۆیم پیٚشانبدات.
هیوادارم بتوانم بەشیٚك لەو جوانیانە بۆ خویٚنەری ئازیز بگویٚزمەوە.
ئەم شیعرە کە دەکەویٚتە لاپەڕە 27 بۆ 36ی (ناڵەی جودایی) یەوە، لەسەر کیٚشی چوار برگە نووسراوەو چیرۆکی خەمئامیٚزی رۆژگاریٚکی تاڵی شاعیرو نیشتمانەکەی دەگیٚڕیٚتەوە، بەڵام چۆن گیٚڕانەوەیەك؟
گیٚڕانەوەکە لە ریٚگای چەندین ویٚنەی شیعرییەوە ئەنجام دەدریٚت، کە هیٚدی هیٚدیو لەسەرخۆ چیرۆکەکە بۆ خویٚنەر تەکمیلە دەکەن.
ویٚنەکان لە ((مۆسیقایەکی هیٚمنو دوورو بەسۆز دەچن، کاتیٚ دیٚنو بە بنگویٚماندا رادەبرن، لە ناخی دڵی تویٚ تویٚماندا شویٚن بۆ خۆیان دەکەنەوە)).
***
هەر شیعریٚك، بەشیٚك لە هەڵچوونو داچوونە دەروونیو روحییەکانی شاعیر لەگەڵ خۆیدا بۆ خویٚنەر نەگوازیٚتەوەو نەتوانیٚت کاریٚکی وابکات خویٚنەر بەقوڵی هەست بەو هەڵچوونو داچوونانە بکات، وەکو شیعریٚکی بیٚگیان دەمیٚنیٚتەوەو ئەگەر زۆر زۆریش رازیٚنرابیٚتەوە هەر ئەوەندەی چاویٚکی شووشە دەتوانیٚت جیٚگای چاویٚکی راستەقینە بگریٚتەوە.
ئیٚوارەی پایز تا رادەیەکی زۆر توانیویەتی ((خەمەکانی دوورە وەتەنیو شەوگارەکانی تەنیاییو ژەهراوەکانی جودایی)) لە دەروونو روحی شاعیرەوە بۆ خویٚنەر بگوازیٚتەوە.

توانیویەتی لە چەند وێنەیەکی جیاجیادا نیگەرانیو راراییو دڵەراوکەی شاعیر بە روونی بۆ خوێنەر بپەرێنێتەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا، هەوڵدەدەین هەندێك سەرنج لە باری دەروونی شاعیر، هەڵبەت لە نێو دەقەکەدا، بدەینو برێك لە دەلالەتەکانی بخوێنینەوە.

***

لە ئاسۆیەکی دوورەدەست

ئاوابوو زەردە پایزی

دەتوت بوکێکی بێنازە

پەردە جێدێڵێ بە زیزی

سەرەتای ئەم شیعرە بە ئاوابوونی بێنازانەی زەردە، یان زەردەپەڕ دەستپێدەکاتو شاعیر دەخاتە حاڵەتێکی دەروونییەوە کە تیایدا خەمگین خەمگین لەو ئاوابوونە دەڕوانێتو هەستێکی پڕ لە نائومێدیی لە ناخدا دەوروژێنێت.

دیارە شاعیر نەیویستوە راستەوخۆ باس لەو هەستی نائومێدیەی خۆی بکات، بۆیە هەوڵیداوە لە رێگای شوبهاندنی زەردەوە بە بوکێك کە بەبێنازیی پەردە جێدەهێڵێت، گوزرارشتی لێبکاتو قەبارەکەی بۆ خوێنەر بەیان بکات، ئەدی کام نائومێدی لە نائومێدیی بوکێك گەورەترە کە بە دڵشکاویی ئەو پەردەیە جێدەهێڵێت وا پێشتر دەیانو سەدان خەونی شیرینی پێوە بینیوە؟

لێرەوە شاعیر دەکەوێتە ناو نەهامەتییەکانەوەو چەندین خەمی ئێستاو رابردووی لێپەیدا دەبن.

***

جووتێ کۆتری سەربەکڵاوە

هەڵکورماون لە سوانەیەك

دیارە لەو دەوروبەرانە

پێیان شك دێ هێلانەیەك

دوورە وەتەنی خەمێکە سەرتاپای بوونی شاعیری داپۆشیووە، حەزێکی قووڵ بۆ خەونی نێو ئامێزی گەرمی وەتەن ختوکەی هەستەکانی دەداتو بەخۆیەوەی سەرقاڵ دەکات، ئەم حەزە راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەڕژێتە نێو شیعرەکەوەو شاعیر دەباتە دۆخێکەوە لە قوڵایی دەروونیدا خۆزگە بەو کۆترانە بخوازێت کە هێلانەیەك شك دەبەنو ئارام ئارام لە دەوروبەری هێلانەکەیان هەڵدەکورمێن.

تەنها دوو جۆر لە مرۆڤ دەزانن ئەوە چ حاڵەتێکی خۆشە بونەوەر بە ئارامی لای هێلانەی خۆیەوە هەڵبکورمێت:

یەکەم، ئەوانەی نیشتمانەکەیان لێدەبێتە دۆزەخو هەرگیز هەست بە ئارامی نێو کۆشی نیشتیمانەکەیان ناکەن.

دووەم، ئەوانەی ناچار دەکرێن لە دەرەوەی نیشتیمانەکەی خۆیان بژینو لە دووەرەوە حەسرەتی بۆ بخۆنو خەونی پێوە ببینن.

هێمن هەردوو حاڵەتەکەی چێشتووە، راستە ئەو کاتیٚ لە مهاباد هەڵکەنراوە توانیویەتی لە سلێمانی یان لە هەولێر بژیو ئاوارەو پەناهەندەی وڵاتان نەبووە، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەوکاتەی توانیویەتی لە بەشێکی نیشتمانەکەی خۆیدا بژی، بەشێکی دیکەی نیشتمانەکەی لێحەرام بووە، بەشێك کە زۆرترین بیرەوەرییە تاڵو شیرینەکانی ئەوی تێدا تۆمارکراون.

خۆزگەی هێمن بەو کۆترانە هەر بە تەنها بۆ ئەوە نییە کە هێلانەیەك شك دەبەن، بۆ ئەوەشە کە جووتێکنو سەریان ناوە بەسەری یەکەوەو وەکو ئەو تەنیا نین.

***

ئەگەر کەمێك بە وردی لەنێو دڵی وشەکانی ئەم شیعرە وردبینەوە، مرۆڤێکیان تێدا دەبینین کە لە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزدایەو دەسووتێت، مرۆڤێك سەدان خەمی جۆراوجۆری هەیەو شانی لەژێر باریاندا چەماوەتەوە.

لەلایەك خەمی کیژێك دەخوات کە خۆی لە ژوور کوتاوەو دەرکەی حەوشەکەی پێوەداوەو ئەمی لە بینینی شوێنەواری جوانیی نائومێد کردووە.

لەلایەکی دی خەمی ئەوەی تا دنیا تاریکتر دابێت جادە چۆڵتر دەبێتو ئەگەری هاتنە دەرەوەی کیژی لەبارو رابووردنی لاوی سادە کەمترو دوورتر دەبێتەوە.

لێرە: خەمی هەوای بولێڵ، گوڵی سیس، گەڵای زەرد...

لەویٚ: گۆڕانی رەنگی دیوارو دارو بەرد...

ئەملا: ژوورێکی ساردوسڕ...

ئەولا: نوێنێکی شڕوپڕ...

لە رۆژهەڵاتەوە: هەموو شتێك رەنگی پایز دەگرێتو جوانی خۆی لێدەشارێتەوەو دزێوی ریز دەگرێتو ئاسمانی لێدەبێتە ئەلبوومی بیرەوەرییە کۆنەکانی خۆیو کاتیٚ چاوی تێدەبڕێت، دڵی هێندەی دیکە دەگیرێت...

لە رۆژئاواوە: روپەڕێکی دی لە رۆژئەژمێری تەمەنی دەدڕێتو جارێکی دی شەو دادێتەوەو دوورە وەتەنییش هەر درێژەی هەیەو دەبێت بخزێتە ژێر باڵی رەشی شەوگاری تەنیاییو ژەهراوی تاڵی جودایی بچێژێت...

ئەمانە وادەکەن شاعیر لە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزدا بێتو ناسەقامگیریی بەسەریدا زاڵ بێتو لە شیعرەکەشدا رەنگبداتەوە.

دەتوانین بۆ دەستنیشانکردنی ئەم نائارامییو ناسەقامگیریەی باری دەروونیی شاعیر سیٚ دەستەواژە لە شیعرەکە وەربگرین کە هەریەکە دەکەونە شوێنێکەوە، بەڵام لەیەکدی دابڕاو نین.

یەکەم:

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژە

ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە

دووەم:

نا نا نارۆم مەلەی دەکەم

لەنێو دەریای مەندی خەیاڵ

سێیەم:

دەڕۆم دەترسم دەلەرزم

لە پەلاماری مۆتەی شەو

لێرەوە دەردەکەوێت کە شاعیر بە رادەیەك شپرزەو نیگەرانو رارایە خۆشی نازانێت بە نیازی چییەو دەیەوێت چی بکات، لە پێشدا دەڵیت ئارام ئارام بەرەو ماڵ دەڕۆمەوە، دوایی دەڵێت نانا ناڕۆم، دواتر دەڵێت دەڕۆم، بەڵام بە ئارامیی نا، بەدەم ترسو لەرزەوە دەڕۆم...

***

دوور قاقایەکم گوێ لێبوو

دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزیش

ئی وا هەیە پێبکەنێ ؟

شاعیر خۆی چونکە لە پایزدا زۆر دەلالەتی قوڵ دەبینێتو دەخوێنێتەوەو مەرگی گەڵاکانو بێجریوەیی پاسارییەکان، دووچاری نیگەرانیو دڵەڕاوکێی دەکەن، وادەزانێت ئیدی خەڵکەکانی دیکەش ناتوانن لە ئێوارەی پایزدا پێبکەنن.

کاتێك بەسەرسوڕمانەوە لە خۆی دەپرسێت: چۆن خەڵکی وا هەیە بە ئێوارەی پایزیش پێبکەنێت؟

دەنگێکی لەرزۆکو نەرم بە ئەسپایی وەڵامی دەداتەوەو پێیدەڵێت:

بەڵێ هەنو یەکجار زۆرن

بازرگانی فرمێسکو خوێن

بەڵێ هەنو پێدەکەنن

بە سەربەهەش، بە مل بەکوێن

***

بە کەلاوە بە کوندەبوو

بە دیواری هەرەس هێناو

بە داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ

بە ئانیشکی پینەکراو

سەرەتا دەبێت بپرسین: ئەو دەنگە بۆچی لەرزۆکەو بە ئەسپایی وەڵامی شاعیر دەداتەوە؟

بێگومان لەهەر شوێنێك ئازادیو دیموکراتی نەبێت، دەنگەکان یان دەکوژرێن یان لەترسی ئەوەی نەکوژرێن دەبێت ئاگایان لەخۆیان بێتو بە ئەسپایی پەیاماکانیان بگەیەنن.

بەسەرهاتێکی محەمەدی قازی هەیە، لێرەداو بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی دەنگەکان لەوڵاتانێکدا کە زوڵمو چەوساندنەوەو سڕینەوەی بەرامبەر، لە سیما دیارەکانیانن، دەتوانێت تا رادەیەکی باش یارمەتیمان بدات:

(( محەمەدی قازی کە یەکێکە لە رۆشنبیرە کوردە بەناوبانگەکانی ئێران، بە گەورەترین وەرگێڕی فارسی دائەنرێ، لەم ساڵانەدا توشی نەخۆشییەك ئەبێ لە قورگیدا، قورگی پیشانی دکتۆرد ئەداو دکتۆریش دوای تەماشاکردن ئەڵێ: مامۆستا بەداخەوە ئەبێ قورگت دەربێنین‌و ئیتر لەوە دوا قسەت پێناکرێ !

جا ئەڵێی چی دەری بێنین یان نا ؟!

ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ:

قورگم بۆچیە دەریبێنە لەم وڵاتەدا بنیادەم کەی ئەتوانێ قسە بکات، تا پێویستی بە قورگ بێت ؟!))(1)

دەچینەوە لای ئەو وەڵامەی دەنگەکە بە شاعیری دەداتەوە:

دەنگەکە دەڵێت: نەك هەر هەیە لە ئێوارەی پایزدا پێبکەنێت، زۆریش هەن‌و بەزۆرشتیش پێدەکەنن.

دەنگەکە ئەوانە بە بازرگانانی فرمێسك‌و خوێن ناو دەبات، بەردەوام لەو شوێنانەی خوێن دەرێژرێت‌و فرمێسك جۆگەلە دەبەستێت، بازرگانانێك هەن بازرگانی بەو خوێن‌و فرمێسکانەوە دەکەن.

دوێنێ‌و ئەمڕۆی ئێمە پڕن لەو بازرگانانەو ئایندەشمان ئەگەر پڕتر نەبێت، خاڵییتر نابێت.

با کەمێك وردتر لەهەندێك دەستەواژە بڕوانین:

ئەوەی کە سەری بەهەشەو ملی بە کوێنە، واتە پرسەبارە.

ئەوەش کە داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ بووەو ئانیشکیشی پینەکراوە، واتە هەژارە.

کەلاوەو دیواری هەرەسهێناوو کوندەبووش، هێمای وێرانین.

ئاخۆ لە وڵاتێکدا ئەگەر بازرگانانی فرمێسك‌و خوێن زۆر نەبن‌و شیرازەی وڵاتەکەیان نەشێواندبێت، پرسەباری‌و هەژاری‌و وێرانیی هی ئەوەن مرۆ پێیان پێبکەنێت ؟!

ئەمە وا لە شاعیر دەکات، بڵێت:

وتم کەوابوو ئاشنا
بەشی ئێمە لەنێوچوونە
وتی نانا دوور بڕوانە
دوور بڕوانە ئاسۆ روونە !

ئێمە پێشتر بینیمان شاعیر لەناو چ خەم‌و نەهامەتییەکدایەو چەند نیگەران‌و رارایە، ئەم حاڵەتەی شاعیر تا بەشی یەکەمی ئەم کۆپلەیەش درێژ دەبێتەوە کە دوا کۆپلەی شیعرەکەیە، ئەوەتا هیچ تروسکەیەك نابینێت‌و هەستدەکات بەشی ئەو تەنها لەنێوچوونە.

بەڵام لە بەشی دووەمی هەمان کۆپلەدا دەنگی ئاشناکەی شاعیر هەموو شتەکان هەڵدەگێڕێتەوەو ئاماژە بۆ حاڵەتێکی پێچەوانەی حاڵەتەکانی پێشتر دەکات.

بەشی دووەمی ئەم دوا کۆپلەیە بە تایبەت لەگەڵ کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا، کە دەتوانین ئەویان بە کلیلی کردنەوەی شیعرەکەو ئەمیان بە کلیلی داخستنی ناو ببەین، تەواو بە پێچەوانەوەیە.

لە کۆپلەی یەکەمدا:

زەردە لە ئاوابووندایە، ژیان بەرەو تاریکی‌و رەشداگەڕان دەچێت.

بەڵام لە دواکۆپلەدا وەك دەنگەکە ئاماژەی بۆ دەکات:

ئاسۆ روونە، رۆژ هەڵدێت، رووناکی بڵاودەبێتەوە !!

(1) بڕوانە گۆڤاری نوسەری کورد ژمارە (2) خولی دووەم.

*ئەم نووسینە لە ساڵی 1993دا نوسراوەو یەکەمین هەوڵی من بووە لە بواری رەخنەداو ساڵی 1994 لە رۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام دواتر دەسکارییەکی زۆرم کردووەو ئێستا لەگەڵ ئەوی پێشوودا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

**بەشی دووەم:**

# خوێندنەوەی دیوان

## یاسەمینەکانی مردن، یان یاسەمینەکانی شیعر

د0خلیل الموسى – دەڵێت:

((ئەدۆنیس لە قۆناغی یەکەمی نووسیندا، نەك شاعیرێکی ئاسایی بەڵکو لەوەش بچووك تربوو))[1]

شاعیر هەن دوای سالآنێکی زۆر لە نووسینو بلآوکردنەوە، ئینجا وەك شاعیرێکی باش دەناسرێن.

شاعیریش هەن لە یەکەمین قۆناغی دەستپێکردنیانەوە، وەکو شاعیری باش دەردەکەون.

ماردین ئیبراهیم، لە ڕێگای (یاسەمینە کانی مردن)ەوە، کە یەکەمین بەرهەمی چاپکراوێتی و (3) قەسیدەی لەخۆ گرتووە، وەك شاعیرێکی باش و ئومێد بەخش هاتۆتە نێو جیهانی شیعرەوە.

هیوادارم ماردین لەو شاعیرانە نەبێت کە (زوو دێن و زۆر نامێننەوە). بەڵکو بە هەمان گەرمو گوڕیو عەشقەوە پەرە بە شیعرە جوانەکانی بداتو تادێت بەرەو ئاسۆی فراوانتریان ببات.

خوێنەر دوای خوێندنەوەی یاسەمینە کانی مردن هەستدەکات لە مێرگێك گوڵو وەنەوشەدا ڕاکشاوە، هەستدەکات لە حەوزێك گوڵاودا مەلەی کردووە، بیری دەکەوێتەوە کە لێشاوی شیعرە بێگیانەکان لەبەرئەوە نییە، زەمەنی شیعر بەسەرچووبێت، وەك هەندێك وایبۆدەچن، یان راستتر دەیانەوێت وای پیشانبدەن.

بەڵکو لەبەرئەوەیە خەڵکێك شیعریان سەرقاڵو ماندووکردووە کە شاعیر نین..! بەلای منەوە ئۆباڵی ئەو هەموو شیعرە بێگیانانە، بەر لەهەموو کەسێك لە ئەستۆی هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندایە.

چونکە دەبێت بزانن کە ئیشی ئەوان تەنها ریزکردنو نۆرەدانان نییە بۆ ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی بەناوی شیعری داماوەو بەدەستیاندەگات، بەڵکو ئیشی ئەوان دۆزینەوەو بڵاوکردنەوەی شیعرو دڕاندنی ناشیعرە کانە.[2]

کورد وتویەتی: ((هەمیشە جامی بەتاڵ دەنگی لە جامی پڕ زۆرتر دێت)).

زۆرێك لە خاوەنی ئەو شیعرە بێگیانانە، ئیدیعای گەورە گەورە دەکەنو شیعری بچووك بچووك دەنووسن.

جامی بەتاڵن و زەڕیان لێوەدێت.

وەلێ ماردین دەزانێت کە شیعر قسەو دەنگو رەنگو تەنانەت وجودی شاعیرە، لەبەرئەوە قسەناکاتو شیعر دەنووسێت.

دەزانێت (سەعدی شیرازی ) لەخۆیەوە نەیوتووە:

((میسك ئەوەیە خۆی بۆنی بێت، نەك عەتار هاواری بۆ بکات ))[3]

* * * * *

ماردین لەبەرئەوەی

خۆی

بە گریانی ئەو دەسکە نێرگسانە بەخەبەردێت

کە لە پەرداخەکاندا دیلن...

لەبەرئەوەی:

منالآنی ولآتەکەی

بە مارشی خەمباری سەربازەکان و

گوندەکانی ولآتەکەی

بە ناڵەی بریندارەکان هەڵدەستن و بێداردەبنەوە..

لە دڵخۆشی هەنار سەری سووڕدەمێنێ..!

لێرەوە دەشێت یەکێك لە سیما دیارەکانی  شیعری ماردین دەستنیشانبکەین، کـە خـەمێکی قووڵـەو لـە هەرسێ قەسیدەکەیدا، ئامادەیی هەیە.

خەمێکی قووڵ کە راستگۆیانە تەعبیری لێکراوە و بەشێکی گەورە لە جیهانبینی شاعیر پێکدەهێنێت.

ئەوەتا:

لە وەڕینی سەگەکانەوە تێدەگات

کە گوندەکان ئاسوودەیی نابینن...

بەزەیی بە نەزیفبوونی کانیدا، دێتەوە و

خەم بۆ ئەو کۆڵانانە دەخوات

کە تەم وەك سوارێکی ناشی سواری ملیان دەبێت. .

گەرمیان و کوێستانی پەڕەسێلکەکان،

بە هەوڵدانێکی بێهوودەی تر بۆ بەختیاری

لێکدەداتەوە.

لای ئەو:

ژیان هێشووەترێیەکە لەبەردەم زەردەواڵەکانی عەدەمدا..

لای ئەو:

ژیان ژوورێکی ئینفیرادییە لە مەنفاکانی گەردووندا...

بە کورتی، دەکرێت لە ڕێگای دەستپێكو کۆتایی شیعرەکانەوە تاڕادەیـەکی بـاش لـە خەمـە قووڵەکـەی ماردین تێبگەین.

با تەماشابکەین:

*شیعری (تاعوون)

بە خوێنی کۆترەکان

دەستپێدەکاتو بەم رستەیە کۆتایی پێدێت:

وەیش ..ئەم هاوارە چەن لە مردنی ئەسپەکان دەچێت.

*شیعری (یاسەمینەکانی مردن)

بە هێرشی مردن

دەستپێدەکاتو بەمجۆرە کۆتایی پێدێت:

ئۆف ..مردن هەمیشە لە پەنجەرەکانەوە دێت.

*شیعری (ماریانا)

بە سەڵی شکاو

دەستپێدەکاتو بە

نائومێدبوون لە گەیشتین بە هەرەمی مەرقەدەکان

کۆتایی پێدێت.

به وردبوونەوەیەکی خێرا لەم دەستپێك‌و کۆتاییانە، بەتایبەتی وشـەکانی (وەیـش) و (ئـۆف) تێدەگـەین کە ماردین چ نالەیەکی لەدڵدایەو لە نێو جیهانبینیی ئەودا چ خەمێکی قووڵ شتەکان رەنگرێژدەکات.. ! !

* * * * *

راستە ئەم شیعرانە تارمایی خەڵکی دیکەیان تێدا دەبینرێت‌و هێشـتا سـیمای خۆیـان بـە تـەواوی روون نییە، .بەڵام ئەدۆنیس وتەنی:((ئەوەی هەناسەبدات دەشکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە)).[4]

تەنانەت لە (تەورات) دا، دەستەواژەیەکی سەیر هەیە، دەڵێت:

((هیچ شتێك لەژێر ئەم ئاسمانە کۆنەدا، تازە نییە)).[5]

رەنگە مەسەلەکە بەو رەهاییە نەبێت کە تەورات باسیدەکات، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر راستە.

د. خلیل الموسی–ش دەڵێت:

((دەبێت خوێنەر ئەوە بیری خۆی بهێنێتەوە کە دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵـە دەقێکـی دی پێکهـاتووە کـە دەشێت پێش یان هاوزەمانی خۆی بنو خاوەن دەق لە بیرەوەری خۆیدا خـەزنی کـردبن، تـا دەقەکـەی لـە چەند دەقێکی نادیار– غایب –دروستبکات، دەقی نادیار دەقئاوێزان – التناص.)).[6]

من پێموایە خاڵی گـرنگ لـەم رووەوە ئەوەیـە شـاعیر یـان خـاوەن دەق، تاچـەند دەتوانێـت ئـەو دەقـە نادیارانە، لەنێو دەقەکەی خۆیدا بتوێنێتەوە.

دەبێـت جیـاوازی لـەنێوان ئـەو دوو خـاوەن دەقـەدا بکرێـت کـە یەکـەمیان دەنگـی خـۆی لـەناو دەنگـی خەڵکانی دیکەدا وندەکات و دووەمیان دەنگی خەڵکانی دی لەناو دەنگی خۆیدا وندەکات.

دەشێت لەگەڵ هـەموو ئـەو جیاوازیانەشـدا کـە لـەنێوان هونـەرو ئەدەبـدا هـەن، کامکارەکـان بـە نمونـە بهێنینەوە. کامکارەکان کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێنەوە، هـەر هـەمان گۆرانییـە فۆلکلۆریەکەیـە، بـەڵام لەتێکڕای جوڵە و دەنگو ئیقاع و لەرەکانیدا کامکارەکان دەبینیت.

با بگەڕێینەوە لای ماردین...

*من دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، کە لەگەڵ یەزدان دەدوێت:

ئێمە لەتەنیایی کوشندەی تۆ تێناگەین

بۆ کاڵبوونەوەی تەنیایی خۆت ئێمەت خوڵقاند.

شیعرێکی خەیامم بیر دەکەوێتەوە، کە دەڵێت:

گەردوون وەکو منداڵە لەبەر بێکاریی

خستینیە دەرێ وەك مت و مور بۆ یاریی

تاوێکی لەبەر دەستی ئەوا دێن و دەچین

دەخرێینەوە سندووقی نەمان یەکجاریی[7]

*دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە:

تێتاگەین کە سەفەرو چرکەچرکی میلەکانی کاتژمێری مەرگ وەك یەکن.

ئەو وتەیەی سامۆئیل بیکیتم، بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت:

الرحیل انتحار ..[8]

واتە کۆچکردن یان سەفەرکردن خۆکوشتنە.

*هەروەها دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە:

ماریانا خەتای ئادەم بوو ئادەم

بۆخواردنی سێوێك،

فڕکردنی پەرداخێك لەزەت لەمەرکانەکانی حەوادا

ئێمەی لە فیردەوسەوە  ئاوارەی عەدەن کرد...

شیعرێکی حافزی شیرازیم، بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت:

من ملك بودم و فردوس برين جايام بود

ادم اورد درين دير خراپ ابادم [9]

واتە من فریشتە بووم و بەهەشتی بەرین جێگەم بوو

ئادەم هێنامی و ئەم وێرانەیەی پێئاوەدان کردمەوە

دەشێت لە نێو شیعرەکانی ماردیندا بۆنی هەندێك خەیاڵی مەحوی‌و بەختیار عەلی‌و خەڵکی دیکەش بکەین، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە:

*یەکەم:

شاعیرە گەورەکانی جیهانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی دیکەوە و سوودیان لێبینیوون، نەك شاعیرێکی گەنجی وە کو ماردین.

بۆدلێر کە بە باوکی شیعری نوێخوازی ئەوروپی ناسراوە، تاڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شاعیری ئەمەریکی ئەدگار ئالان پۆوە.[10]

وەك ئەدمۆن ولسن–یش دەڵێت: ئەلیۆت لەوێرانە خاکدا لانیکەم (35) جار سوودی لە نووسەران و شاعیرانی دیکە بینیووە.[11]

لە شیعرەکانی سوهراب و ئەدۆنیس–یشدا هەست بە کاریگەری باشۆ–ی شاعیری ژاپۆن دەکرێت.[12]

*دووەم: ماردین تاڕادەیەك، کە کەم نییە، توانیویەتی ئەو شتانە تێکەڵ بەجیهانبینی خۆی بکات‌و کارێکی وابکات دەنگی خۆی لە نێو ئەو دەنگانەدا ون نەکات.

تەنانەت تەوزیفکردنی بەیتێکی  فۆلکلۆری لە شیعری تاعووندا، بەلای منەوە یەکێك بوو لە وێنە شیعرییە زۆر جوانەکانی نامیلکەکەی.

بەیتە فۆلکلۆریەکە دەڵێت:

پاوانەکانی دەزرنگێتەوە

قافڵە لە عەجەم دەگێڕێتەوە.

ماردین–یش بەمجۆرەی تەوزیفکردووە:

کە پاوانەکانی بەختی ئێمە دەزرنگایەوە

چۆن توانیت لە ئاست خەمساردی قافڵە چیەکان بێدەنگ بیت؟

پاوانەکانی بەختی ئێمە دەزرنگێتەوە و

قافڵەکانی رێگەی عەجەم گاڵتەیان بە برینەکانمان دێت.

لێرەدا توانای شاعیرانەی ماردین بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت.

لە بەیتە فۆلکلۆریەکەدا روانینێك و لە کۆپلە شیعرەکەی ماردیندا روانینێکی دیکە هەیە،

لە بەیتەکەدا هەناسەیەك و لە شیعرەکەدا هەناسەیەکی دی هەیە، کە جیاوازییان ئێجگار زۆرە..

ئەمەش قسەیەکی نزار قبانی–م بیردێنێتەوە، کە دەڵێت:

((بەرد لەسەردەستی رۆمانیەکان و فیرعەونەکانیش بوونی پێبەخشرا.

گرنگ ئەوەیە سەرچاوەی گەورە، لە هەموو پرۆسەیەکی، داهێناندا ئەو دەستەیە کە دروستدەکات، نەك مادە دروستکراوەکە)).[13]

ماردین–خەیاڵێکی شاعیرانەی باشی هەیە، کە بێگومان خەیاڵ وەکو ئاوی حەیات وایە بۆ شیعرو هیچ شیعرێك ناتوانێت بەبی خەیاڵێکی شاعیرانەی قووڵ دەستی بە نەمریی بگات. ئەو خەیاڵە شاعیرانەیە لای ماردین ئامادەییەکی باشی هەیەو لە هەرسێ قەسیدەکەدا لە رێگای وێنەی شیعری سادە و لەهەمانکاتدا قووڵەوە، بەرجەستەکراوە.

ئەمەش وەڵامێکی جوانە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوایە شیعری باش ناتوانێت هەم سادە و هەم قووڵ بێت.

من لەم رووەوە زۆر جار وێنە شیعرێکی لەتیف بێباك–م بیردە کەوێتەوە، کە لەگەڵ ئەوپەڕی سادەییدا، ئەپەڕی قووڵی و ئیحابەخشیی تێدایە.

بێباك دەڵێت:

دارا دوو داری شکاوی دی [14]

ئەم وێنەیە دەشێت زۆر خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

یەکەم:

بێزاربوون لە دووبارەبوونەوە، تاکەی دارا هەر ئەو دوو دارە ببینێت؟!

دووەم:

ئاخۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورانەی لە هەموو بوارەکاندا روویانداوە و زۆر شتی گەورە و بچووکیان شکاندووە و شتی دیکەیان لەجێگاداناون، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش ئەو دوو دارە بشکێنین؟!

سێیەم:

لەگەڵ ئەو کارەساتانەدا کە بەسەر کوردستاندا هاتن، دارەکانی داراش شکان.

ئاخۆ ئەمە تەعبیرێکی باش نییە لەوەی کە شاعیری بەسەلیقە دەتوانێت بەو پەڕی سادەیی، قووڵترین ماناو دەربڕین و ئیحا بەخوێنەر ببەخشێت؟!

ماردین–لەم رووەوە توانایەکی باشی هەیە:

سەیری سەگەکانم دەکرد

کە بە گومانەوە بە مانگەشەو دەوەڕین...

خەیاڵێکی چەند سادە و چەن جوانە؟ وشەی گومان لێرەدا زۆر شت دەوروژێنێت، ئاخۆ ئەو وەڕینە هەوڵدانێکی بێهوودەی تر نییە بۆ بەختیاری؟

یان هەر لە بناغەوە تەعبیر لە بێهودەی ژیان ناکات؟

دەبێ کرۆزانەوەی سەگ بێت لەدەستی تەنیایی خۆی، یان کرۆزانەوەی سەگە بۆتەنیایی مانگ؟

دەبێت جوێندان یاخود گۆرانیوتن بێت بۆ مانگ؟

ئەو وەك مۆمێکی ترساو

کە شەوە زەنگ

دەستی لێوەشاندبێ

بەتاریکی حوجرەکاندا رای کرد...

مۆمی ترساو ئیحایەکی چەند جوانی هەیە؟

باشە ئەگەر مۆمەکان لەتاریکی بترسێن ئێمە چیبکەین؟!

ئەی نەیاندەوت: تاریکایی هەموو دنیا ناتوانێت رووناکی مۆمێك بشارێتەوە؟!

باشە تاریکییەك لەدەست لە مۆمەکانمان بوەشێنێت، چی لە خۆمان دەکات؟!

وامزانی یەخسیرکردنی خۆر گەمەیەکە و هەورەکان لەگەڵ مندا دەیکەن.

رەسوڵ هەمزاتۆف–دەڵێت:

((پێویستە شاعیر بە ریشداری لەدایك بێتو بەرەبەرە، بەرەو منالی بگەرێتەوە)).[15]

ماردین–چەند مندالآنە باس لە ونبوونی خۆر دەکات لەنێو هەورەکاندا؟ تەفسیرێکی بۆ دەکات کە لە هیچ یاسایە کدا نییە.

ئەی نەوتراوە: ((شیعر لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە؟)). [16]

لەپیربوونی هەنجیرە ورد دەبوونەوە...

یەکێك لە بۆچوونەکان دەڵێت: ئەو دارەی کە ئادەم و حەوایان لەسەری بەهەشت بەدەرکرد، هەنجیر بوو. [17]

دەشێت لێرەدا دال–ی هەنجیر، خاوەنی مەدلولێکی جنسیی بێت.

دەشێت پیربوونی هەنجیر، بە پیربوونی هۆیەکانی یاخیبوون لێکبدرێتەوە.

شیعرەکانی ماردین پڕن لەو تەعبیرو دەستەواژانەی کە خەیاڵی شاعیرانەیان لێدەچۆرێتەوە، بۆ نموونە:

پژمینی رێحانەکان

حەیزی مانگانەی گوڵ

هەنجیری خەوخۆش

شەنگەبی وەهم

پیاسەی کوکوختی بەناو سنەوبەرەکاندا

مەرهەمی راکردوو لە برین

گێلاسە حەرامەکانی جوانی

شۆستەی بە ویقار

شەونمی بیرەوەری

هەناسەبڕکێی ئاسوودەیی

ئاوە حەپەساوەکان

مەكرى رێواس بەسەر بەفردا

نازى قورسى دارگوێز بەسەر باخەوانە خەوتووەكاندا

ليمۆكانى نەدامەت

گەورە كچە چاو بادامييەكەى زەمەن

ئەو سەعاتانەى كە سەدەيەك دواكەوتوون

مەنجەنيقى وەسڵ و زەمهەريى فيراق

بێرەواجى توحفەى عەقڵ لە بازاڕى شێتيدا

شەرمنى هەنار

عيشوەى پرتەقاڵ

دۆلفينە عەيارەكان

نازنازە خۆش گلەييەكان وهتد...

سەرچاوە و پەراوێزكان:

1)النص الشعرى ومستويات القراوە/ د.خليل الموسى/ مجله (المعرفه) السوريه/ العدد(428)-1999ص 80.

2)لە نووسينێكدا بەناونيشانى (قەيرانى شيعر و رۆژنامەو گۆڤارەكان ) بە درێژى قسەم لەسەر ئـەم مەسـەلەيە كـردووە، بەڵام بەداخەوە نووسينەكە (6) مانگ زياترە لە رۆژنامەى (كوردوستانى نوێ) يەو تا ئێستا بڵاونەكراوەتەوە.

3) گوڵستانى سەعدى/ وەرگێرانى مستەفا سەفوەت/ لا182(ساڵو شوێنى چلپى لەسەر نييە).

4) النص الشيعرى و مستويات القراوە / د. خليل الموسى/ مجله (المعرفه) ص 70.

5) چاوپێكەوتن: بە رۆژ ئاكرەيى (رامان) ژمارە (30) ى ساڵى 1988 لا 103.

6) الـنص الشـعرى و مسـتويات القـراوە/ص 69 / زاراوەى دەقئـاوێزان بـۆ (التنـاص) لـە نووسـينێكى (عەبدوڵلا تـاهير بەرزنجى) وەرگرتووە.

7) چوارينە كانى خەيام/ وەرگێرانى: هەژار/ انتشارات صداو سيماى جمهورى اسلامى ايران/ لا 46.( ساڵى چاپى لەسەر نييە).

8) غادە السمان. غربە تحت الصفر (بيروت: 1986) ص 159.

9) حەسەن زيرەك بە مەقام دەيڵێت و لە ديوانى (حافزى شيرازى) شدا دەكەوێتە لاپەڕە (227) ەوە.

10) ئەحمەد مەلا فەتاح ئەم شيعرەى حافزى بۆى كردووم بە كوردى.

11) د. مجيد الراجى. الروح الحيە فى السيرە الزاتيە :الفرد والجيل الادبيە فى العراق بين جيلين (مجله المدى- العدد 23 )

(12) گەڕان لە دووى خود. حەمە سەعيد حەسەن. بەشى دووەم (گۆڤارى رامان ژمارە -23 ى ساڵى 1988 لا 27).

(13) بروانە اليقافە الا جنيە. (العدد 1 السنە . ص 1985 163-199).

14) عن الشعر والجنس واليورە/ نزار قەبانى/ ص 26.

15)دەسنووسە و تائێستا بڵاونەكراونەتەوە.

16) شاعيرى داغستان رەسوڵ هەمزاتۆف. وەرگێرانى رزگار شوانى. (رۆژنامەى رێگاى كوردسـتان ژمـارە (165) سـاڵى 1997).

17) قصيدە النپر والا حتمالات الموجلە :الجزور. حاتم الصكر. مجله (الاديب المعاصر.العدد 41 لسنە 1990).

18) ادونيس، على احمد سيعد. الپابت والمتحول: بحپ ڤ الاتباع عند العرب. الكتاب الاول. الگبعة الپالپه(بيروت: 1980 )ص 220.

*تێبینی: یاسەمینەکانی مردن قسەی زیاتر هەڵدەگرێت و دەکرا تێروتەسەلتر لێیبدوێم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیو جەنجاڵیم بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانەوە لەسەر شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس) هەر ئەوەندە بوارم بۆ رەخسا.

*گۆڤاری ئایندە. ژمارە 3 ساڵی 1999

## ئەو دەمەی مرۆڤ دڵسۆزانە ستران دەچرێت*

### -خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ پەنجاو سی سترانی عاشقانەی شەمس لەنگەروودی-

بەیانی، بە سواری شەمەندەفەری ئەستێرەکانی سپێدەوە هات.

تۆ نەهاتی،

چۆلەکە چاوەڕوانەکان

لەدەوری ماڵەکەی من نیشتنەوەو

لەگەڵ هاتنی هەر سێبەرێکدا دەلەرزین..

تۆ نەهاتی،

شیعر لە دڵمەوە بۆ زارم

لە لێوەکانمەوە بەرەو دڵم هەڵفڕی..

تۆ نەهاتی،

هەتاو

لەسەرووی سەرووەکانەوە تا ئەو سەری شەقام ڕۆیشت..

تۆ نەهاتی،

تەم دەزانی،

کە دەبی هەستیو

بەرەو ماڵی خۆی بێتەوە

لە سینگی مندا.

***

ڕەنگە لەزەتی دۆزینەوەی دنیای شاعیرێکی گەورە، زۆر لە لەزەتی دۆزینەوەی کیشوەرێکی وەکو کیشوەری ئەمریکا کەمتر نەبێت. کۆلۆمبس لە سەر زەوی ئەو کیشوەرەی دۆزییەوەو ئێمە لە ناو کاغەزو وشەو خەیاڵو فەنتازیادا دنیای تایبەتی شاعیرو نووسەران دەدۆزینەوە.

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی سەیرە، وەکو مەحوی دەڵێت: ((بوونی بە قەترە ئاوێکەو بەدەرچوونی بایەکە مردنی))، کەچی لە زۆر باردا هەستدەکات دنیا بەو هەموو گەورەیی و

زەبەلاحییەی خۆیەوە بەشی خەونەکانی ئەو ناکات، هەستدەکات دنیا بەو هەموو فراوانیی و بێسنوورییەی خۆیەوە جێگەی ئەوی تێدا نابێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە مرۆڤ نەك خۆی، ئەو زەوییەش وا لەسەری دەژی گەردێکی بچوکە لەنێو گەردوونێکی گەورەدا. لێرەوەیە خەونی دروستکردنو دۆزینەوەو گەیشتن بە دنیای دی دەبێت بەیەکێك لە گەورەترین خەونە قووڵەکانی مرۆڤ. دۆزینەوەی دنیای دی لەسەر زەویو لەناو واقیعدا خەونێکە بۆ زۆرێك لەمرۆڤەکان بەدیهاتنی لە مەحاڵ دەچێت، ئەم سەرزەمینە هەزاران هەزار مرۆڤی تێدایە، کە لەبەر هۆکاری جیاجیا، نەك دنیای دی، دەستیان بەگوندەکانی خۆشیان ناگات. لێرەشەوەیە کە مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمەکان هەوڵیداوە ئەم خەونەی خۆی لە سەر زەویو لەناو واقیعەوە بۆ ناو زمانو فەنتازیا بگوازێتەوە. بۆ ئەمەش ئەفسانەو ئایینو سیحرو شیعرو چیرۆکو رۆمانو زۆر شتی دیکەی تاقیکردۆتەوە. چەند جوانن ئەو دەقانەی دنیا لەخۆیاندا تێکدەشکێننو بەجۆرێکی دیکەی دروستدەکەنەوە؟ هەر دەقێك بیەوێت وەڵامدەرەوەی داواکانی مرۆڤ بێت، دەبێت یان دنیای خۆی هەبێت بۆ خوێنەرەکانی، یان یارمەتییان بدات لە گۆشەنیگای تازەو نەدۆزراوەوە جارێکی دی دنیایان پیشان بداتەوە. چەند جوانن ئەو گەشتانەی مرۆڤ بەرێگاگەلێکدا دەبەن کە پێشتر پیایاندا تێنەپەڕیووە؟! چەند جوانترن کە لەو رێگایانەوە بۆ دنیایەکی دەبەن پێشتر نەیبینیووە؟! لێرەوە دەمەوێت خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ دیوانی (پەنجاو سی سترانی عاشقانە)ی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە دیوانێکی بچکۆلانەی 80 لاپەڕەییەو مەریوان هەڵەبجەیی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردیو گۆڤاری ئایندە لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خۆیدا چاپیکردووە. لەم دیوانە بچوکەدا جگە لە سترانەکانو پێشەکییەکی وەرگێڕ، دیدارێکی شەمس لەنگەروودییش بڵاوکراتەوە، کە بۆ من بەقەد سترانەکان چێژبەخش بوو. شەمس لەنگەرودی لەو شاعیرانەیە، کە هەوڵدەدات خوێنەرەکانی ((بەرێگایەکدا لە پەنای دەریاوە ببات، تا ئەو کاتە لە رێگایەکی ئاوهاوە سەیری دەریایان نەکردبێت)). ئەم شاعیرە لەو مرۆڤانەیە کە شتەکان، ئەگەرچی سادەش بن، بەسادەیی بەسەریدا تێناپەڕن. ئەم کەسێکە هەر رووداوو بەسەرهاتو هەڵوێستێك دەتوانێت لەودا رەهەندی شاعیرانە وەربگرێتو لە رەنگرێژکردنی جیهانبینییە شاعیرانەکەیدا شوێنەوارێکی هەبێت، بۆ نمونە، ئەو دەڵێت: (( من منالیی خۆمم ونکردووە یاریم کەم کردووە، لەو رۆژانەدا کە لەجێگادا کەوتبووم، مۆڵەتی ئەوەم نەبوو برۆم بەرێگادا، بەڵام ئەمتوانی بڕۆمو رێگا ببڕم، رۆژێك لەدوورەوە گوێم لەدەنگی منالان بوو، یاخیبوومو لەسەر قەرەوێڵەکەم راپەڕیمو رۆیشتم، لەنیوەی رێگەدا کەوتم، ئیتر تێگەیشتم ژیان کەوتنی زۆری تیایە)). لێرەوەیە کە ئەم شاعیرە لە کەوتنی منداڵێکی نەخۆشەوە، کەوتنە زۆرو بەردەوامەکانی مرۆڤی ساغو بەهێز تێدەگات. ئەم هەستکردنو درککردنو بینینە قوڵانە بۆ ئەو خەڵکانەی بە کاری داهێنانگەراوە سەرقاڵن زۆر گرنگە. رەنگە ئەمە خاڵێکی جەوهەریی بێت لەوەدا کەشاعیرێکی قووڵبینو شاعیرێکی رووکەشبین لەیەك جیا دەکاتەوە. هەر شاعیرێك ئەم هەستکردنو درککردنو بینینەی نەبێت دەکەوێتە ناو ئاپۆرەو قەرەباڵخییەکانەوەو ناتوانێت تاك بێتەوەو دنیای تایبەت بەخۆی پێشکەشی خوێنەرەکانی بکات، یان دنیایان لەگۆشەنیگایەکەوە پیشانبدات، کەپێشتر لەو گۆشەنیگایەوە نەیان بینیبێت. شەمس سەرەتا شیعری کلاسیکی دەناسێتو دوای ئەوەی دەبینێت شتەکان تیایدا دووبارە دەبنەوە، هەستدەکات ئەم شیعرە ((بۆنی کەرووی سەدەی رزاوی لێدیت))و دەبێت مرۆڤ هەوڵبدات خۆی

لێڕزگار بکات. شەمس هێشتا لە خوێندندا لە قۆناخی ناوەندی دەبێت، کە جارێکیان بە ڕۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەیەوە شیعرێکی فەرەیدون موشیری‌و شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی دەبینێت.
ناوی فەرەیدون بۆ ئەو لە شیعردا شتێکی تازە دەبێت، لە ڕێگای ئەو ناوەوە تێدەگات کە ((هێشتاش شیعر دەنووسرێت)).
یەکەمین شیعریش کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شەمس داناوە، شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی بووە بە ناوی (کارون)ەوە، کاریگەریی ئەم شیعرەش لای شەمس بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە تیایدا باسی شتەکانی دەوروبەر کراوە، باسی کارون کراوەو ئیدی هیچ باسێك لەبارەی لێوو پەرداخ‌و مۆم‌و پەپولەوە نەبووە، کە کۆمەڵێك میتافۆری کەپووگرتووی کلاسیك بوون. شیعری کارون کارێك لە شەمسی چواردە- پازدە ساڵە دەکات کە لەو سەرەتای تەمەنەدا ((هەموو کۆنێك بە نەفرەت بکات)).
شەمس لەبەر ئەوەی خەونی گەورەی هەیە، حەزناکات شاعیرەکانی بەر لەو قەزەم‌و بچوك بن، ئەو دەڵێت ((سەرکەوتن بەسەر قەزەمەکاندا ئاسانەو ئەوە کە شاعیرانێکی وەکو شاملوو فروخ‌و سوهراب هەن، بۆ شاعیرە لاوەکان مایەی خۆشبەختییە)). ئەو لەبری ئەوەی بیر لەتێپەڕاندنی شاعیرێکی قەزەم بکاتەوە، یان بیر لە نووسینەوەیەکی دیکەی شاملو بکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بزانێت شاملو چی نەوتوە ئەم بیڵێت، چی نەکردووە ئەم بیکات.
ئەم بیرکردنەوەیە کەتیایدا شاعیرێك خەون بەوەوە دەبینێت شاعیرە گەورەکانی بەر لەخۆی‌و هاوزەمانی خۆی تێبپەڕێنێت، یان شتێك بخاتە سەر ئەزموونی ئەوان، یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی داهێنانەو بەبێ ئەم بیرکردنەوەیە گەیشتن بە داهێنان وەکو گەیشتن بە سەراب وایە. شەمس هەستدەکات ((ناتوانێت بەهێزێکی دووانەیی چریکی‌و دڵێکی ڕۆمانسیانەی شاعیرانەوە بنووسێت، تا لە ساڵی 1979دا هەموو شتێك بۆ ئەو دەگۆڕێت))و بەو ئاکامە دەگات کە ((هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك بەندیخانەیەکەو هونەر بالاترە لە ئایدۆلۆژیا)). لای شەمس شیعر شوێنی بەدەستهێنانەوەی ئەو خەون‌و خۆشی‌و جوانیانەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنییدا لە دەستی چوون‌و لە دۆزینەوەیان لەناو واقیعدا بێئومێد بووە. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر ژیان وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی من بوایە، ڕەنگە هەرگیز شیعرم نەنوسیایە)). ئەم شاعیرە لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکدا دەژی کە لە دەشتێك دەچێت تیایدا هەر ساتەو سەرێك دەبڕدرێت‌و هەڵدەدرێت بە ئاسماندا، هەستدەکات جیهان لە حاڵەتی مەسخبوون‌و ڕزاندایە. ڕەنگە ئەم هەستە هۆکارێکی سەرەکیی بێت لەوەدا کە مەسخەکەی کافکا بە کتێبی پیرۆزی سەدەی بیستەم دەزانێت.
لای شەمس ((مرۆڤ چیایەکی سەهۆڵینەو دوو لەسەر سێی لەژێر ئاودایە))و تێگەیشتن لێی قووڵبوونەوەی دەوێت. ئەو پێیوایە لەم وڵاتانەی ئێمەدا ((کۆمەڵگە هێدی هێدی بەرەو مۆدێرنیتە دەڕوات، بەڵام دەروونی کۆمەڵگا جنۆکە گرتوویەتی))، ((مرۆڤەکان بۆینباخ دەبەستن بەڵام مێشکیان جنۆکەی تێدایە)). دەتوانین ئەم بۆچوونانە وا بخوێنینەوە کە ئەگەر سوهراب داوایکردووە چاومان بشۆرین‌و بەجۆرێکی دی لە ژیان بڕوانین، ئەوا شەمس داوامان لێدەکات مێشکمان بشۆرین‌و بەجۆرێکی دی بیر لە ژیان بکەینەوە.
لای شەمس ((تەنیاترین پێویستیی هونەر دڵسۆزییە))و ئەو شتەی کە وایکردووە سوهراب، بەبێ ئەوەی وشەیەك دووابێت، بەچەند دێڕ بمێنێتەوەو نەمر بێت، دڵسۆزییە. ئەوەی وا دەکات شیعری فەرەیدون موشیری بمێنێتەوە ئەوەیە کە شیعری ئەو دڵسۆزانەیە. بەم مانایە یەکێك لە خەونە قووڵەکانی شەمس

ئەوەیە شیعرەکانی دڵسۆزانە بن. تا ئێرە قسەکانی ئێمە لەسەر روانین و تێگەیشتن و جیهانبینی شەمس بوو بەرانبەر بە دنیاو مرۆڤ و شیعرو هەندی شتی دی، لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین هەندی قسە لەسەر شیعرەکان بکەین و هەوڵی خوێندنەوەیان بدەین.

دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی، یەکەمین هەستێك کە لە مندا درووستبوو ئەوەبوو کە گومانم نەبوو لەبەردەمی شاعیرێکی گرنگدام. هەستمکرد شیعرێك دەخوێنمەوە جیاوازە لەو شیعرانەی پێشتر خوێندوومنەوە. هەر لەخۆمەوە کۆلۆمبسم بیرکەوتەوە کە ئەمریکای دۆزییەوە، هەستمکرد منیش کیشوەرێك یان راستتر دنیایەکی تازەم دۆزیوەتەوە. ئەم هەستە بۆ من مایەی خۆشحاڵییەکی گەورە بوو. بەم بۆنەیەوە زۆرترین پیرۆزبایی و گەرمترین دەستخۆشی لە مەریوان هەڵەبجەیی دەکەم کە ئەم دەقە جوانانەی هەڵبژاردووەو بەو زمانە جوانە کردوونی بەکوردی. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم کە من فارسی نازانم و قسەکانم تەنها پەیوەندییان بەوەرگێڕانە کوردییەکەوە هەیە.

من لەم خوێندنەوە کورتەدا دەمەوێت قسە لەیەك لایەنی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە ئەویش مەسەلەی ناڕاستەوخۆییە لە زمان و وێنەی شیعرییداو ئەمەش بەلای منەوە دیارترین تایبەتمەندیی شیعری ئەم شاعیرەیە.

شەمس، بۆ ئەوەی خۆی لە شیعرێکی راپۆرتئامێز بپارێزێت و گەمەیەك بەوشەکان بکات و لە تەنیشتی یەکیان هەڵبگرێت و بەجۆرێکیان دابنێتەوە لە زاکیرەی خوێنەردا بمێننەوە، هەوڵدەدات هەرگیز، یان زۆر دەگمەن و بە ناچاریی نەبێت، شتەکان بە راستەوخۆیی دەرنەبڕێت. بۆ نمونە کاتی دەیەوێت بە دڵدارەکەی بڵێت: من ناتوانم تۆ لە بیری خۆم ببمەوە، دەڵێت:

لە بیرم کردوویت

وەك چەقۆیەك لە دڵدا

چەند دەربڕینێکی سادەو چەند شاعیرانەیە، ئاخر کی هەیە لە دنیادا بتوانێت چەقۆیەك لە نێو دڵدا لەبیر بکات؟! ئاخۆ بەڕاستی ئەوانەی قوڵ قوڵ لەنێو دڵماندا دەژین، لەبیرکردنیان لە لەبیرکردنی چەقۆیەك ناچێت لە دڵدا؟! چەقۆ هێمایەکی ئاشکرای دڵڕەقی و ئازاربەخشینەو شەمس دەیەوێت لە رێگای ئەم تەشبیهەوە پێمان بڵێت عەشق ئەوەندە بەدەسەڵات و خاوەن جەبەرووتە کە رەنگی خۆی تەنانەت بە دڵڕەقی و ئازاریش دەبەخشێت و واش لە مرۆڤەکان دەکات کە ئەویان خۆشویست و قەدەری خۆیان بەو سپارد، ئیدی هەموو ئەو شتانەشیان خۆشبوێت کە رەنگی ئەویان لەخۆگرتووە.

***

خۆشمدەوێیت و

نەخشەیەك لە بەهەشتەوە دەبینم

لە دوورەوە

لەگەڵ دوو رووباری هەنگویندا

بە خشکە خشك

خۆیان دەگەیەننەماڵەکەی من.

چەند جوانە، بۆ ئەوەی بە دڵدارەکەی بڵێت تۆ بەهەشتی منیت، یان تۆ بەهەشت بۆ من دەسازێنیت، چ حەشاماتێکی شاعیرانەی رەخساندووە.
باڵی لەنەخشەیەکی بەهەشت رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانی بەهەشتی بە رادەیەك بەعەشقی خۆی سەرسام کردووە، کە ئۆقرەیان لێهەڵگیراوەو بە خشکە خشك خۆیان دەگەیەننە ماڵی ئەو، کە ماڵی عەشقە لە راستییدا. بۆ ئەوەی باشتر لە ناراستەوخۆیی زمانو وێنە شیعرییەکانی شەمس تێبگەین، دەبێت بپرسین: بۆچی نەخشەکە یەك نەخشەیەو رووبارە هەنگوینەکان دووانن؟ نەخشەکە کامەیەو رووبارەکان کامانەن؟ دەشێت نەخشەکە خودی دڵدارەکەیەی‌و رووبارە هەنگوینەکانیش مەمکەکانی دڵدارەکەی بن.
شەمس بەم شێوەیە پێمان دەڵێت: دڵدارەکەم لەجوانییدا نەخشەیەکی بەهەشتەو مەمکەکانی دوو رووباری هەنگوینن. ئەو دەتوانێت بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی دیارییەك لەبەهەشتەوە بە چاوو بە روحی من ببەخشێت‌و دوو روباری هەنگوینیشم بخاتە بەردەست، تاکو بتوانم ئۆقرە بگرم‌و هەست بە ئارامیی بکەم.
بەڵی ئەو بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی ئەم کارە بۆ من دەکات‌و منیش بە سترانە عاشقانەکانم‌و بە دڵە لێوانلێو لە عەشقەکەم ئەوەتا باڵم لەو رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانیم خستۆتە سەماو واملێکردوون بە خشکە خشك خۆیان بگەیەیننە ماڵەکەم.
***
بۆنی کراسەکەت وەك بەفری بەهار هەموو ژوورەکانی سپیکردووە.
ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت بۆنی کراسەکەت ماڵی من سپی‌و رووناك دەکاتەوە، یان لەبری ئەوەی بڵێت تۆ ماڵی من سپی‌و روناك دەکەیتەوە. بێگومان کراس دەلالەتێکی (جنسیی) هەیەو شەمس دەیەوێت زۆر ناڕاستەوخۆ بڵێت من ناتوانم عەشق‌و جنس لەیەکدی جیابکەمەوەو تەنها بە رووبارە هەنگوینەکان —کە ئەوانیش دەلالەتی جنسییان هەیە بەڵام بەجۆرێکی دی— ئۆقرە بگرم‌و ئارام ببمەوە.
دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوە جنسە لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا کە دەتوانێت وەکو بەفری بەهار روحمان فێنك بکاتەوەو ژوورە رەش‌و تاریکەکانمان بۆ سپی‌و رووناك بکاتەوە.
شتێکی دی کە وامان لێدەکات ئەم کۆپلەیە بەم شێوە جنسییە بخوێنینەوە، بۆنی ئەو کراسەیە. بۆن جگە لەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە خەبەرکردنەوەی هەستی جنسییەوە هەیە لە مرۆڤدا، پەیوەندی قوڵی بەو شتەشەوە هەیە کە ئەو بۆنەی هەڵگرتووە. بۆنی کراس لە راستییدا بۆنی لەشی خاوەنەکەیەتی. واتە شەمس ویستویەتی بڵێت بۆنی لەشی تۆ نەك کراسەکەت، یان راستتر لەشی تۆ نەك کراسەکەت، روحی داگیرساوی من فێنك دەکاتەوەو ژیانی رەش‌و تاریکم سپی‌و رووناك دەکاتەوە. وەلی ئەو لەبری ئەم راستەوخۆییە هەوڵییداوە بەو ناڕاستەوخۆییە ئەمە بڵێت، کە وتویەتی.
***
تۆ خوری پشکوتوویت‌و
خوێنی گێلاسە نەگەیوەکان لە خۆتدا دەشاریتەوە.
شەمس لە رێگای ئەم چواندنانەوە بەشێوەیەکی زۆر ناراستەوخۆو شاعیرانە وەسفی دڵدارەکەی دەکات کە رەنگی سوورو سپی، یان سپی‌و ئاڵە، وەلی وەك دەبینین بەهیچ جۆرێك نە وشەی سپی‌و نە سوور، یان ئاڵی بەکار نەهێناوە.

***

نغرۆبە

نغرۆبە لە ئاوی دەریاچەکانداو ئاوەکە بشۆ

نغرۆبە لەدەشتی ئاگری تینووداو ئاگر گەرمبکەرەوە

دەم بخەرە ناو دەمی زەوی

گیانێکی نوی بەم مردووە ببەخشە.

وەك دەبینین شەمس لێرەدا لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت روحی من، یان ژیانی من بشۆریتو پاکی بکەیتەوە، ناڕاستەوخۆدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاویش بشۆریت!

لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت روحی من، یان ژیانی من گەرم بکەیتەوە، بە ناڕاستەوخۆییەکی شاعیرانەدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاگریش گرم بکەیتەوە.

لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت دەم بخەیتە ناو دەمی منو گیانێکی نوێم پێببەخشیت، کە بی تۆیی وەکو مردوویەکی لێکردووم، دیسان ناڕاستەخۆو شاعیرانەدەڵێت تۆ دەتوانیت گیانێکی نوی بە زەویش ببەخشیت کە بەبی تۆ ئەویش مردووە.

پێبکەنەو

کەشتییەکی ئاوارە

رێنمایی بکە بەرەو دوورگەیەك

کە تەنیا کاڵای بۆ تۆ پێیە.

ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت من کە من هەموو کاڵاکانم بۆ تۆن، بەبی تۆ سەرگەردانمو نازانم روو بکەمە کویو بچمە لای کی؟

شەمس لەجیاتی ئەوەی بڵێت تۆ لەمانگ جوانتریتو ئەو سەرسامە بە جوانی تۆ، دەڵێت: مانگ هەزار ساڵە دوایین دەستنووسەکانی خۆی بۆ تۆ دەنێرێت.

لە جیاتی ئەوەی بڵێت من بۆیە دڵم بەمرۆڤبوونی خۆم خۆشە، کە دەتوانم لەگەڵ تۆ قسەبکەم، دەڵێت:

باو هەوا بیر لەوە دەکەنەوە

بۆچی مرۆڤ نین

تا لەگەڵ تۆدا بدوێن.

لەجیاتی ئەوەی بڵێت عەشق دەتوانێت لە تاریکترینو رەشترین رۆژو مانگو ساڵەکاندا دڵو روحو بوونی مرۆڤ روناك بکاتەوە، دەڵێت:

ئەمشەو

زەریاکان رەشن

با ورتە ورتی رەشە

باڵندەو گێلاسەکانیش رەشن

دڵی من رووناکە

تۆ دێیت.

دواجار لەجیاتی ئەوەی بلێت تۆ نرخ بە ژیانو بوونی من دەبەخشیتو نەمرم دەکەیتو دەمبەیتە ئاستی (حافز)ەوە، دەلێت:

شووشەیەکی ساختە بووم
کردتم بە بلوور
زارێکی بێکەلك بووم
کردتم بە ئایەتی نوور
تارماییەك بووم
کردتم بە هەتاوێك
دەنگە دەنگێك بووم
کردتم بە مۆسیقای ڤاگنەر
لەبەردێکی شکاوەوە
بە بودایەك،
لە تەقینەوەی ئەستێرەیەکەوە
منت کردە نەیزەکێك
تا بفڕمو
بکەومە ناو غەزەلەکانی حافزەوە.

ئیدی لەم جۆرە دەربڕینو دەستەواژەو وێنە شیعرییانە لای شەمس زۆرنو ئامادەیی بەردەوامیان هەیەو توانیویانە زمانی ئەو بکەن بە زمانێکی شیعریی چڕو ناڕاستەوخۆو ئیحابەخشو خەیاڵ تەقێنەرەوە، وەلی بەداخەوە ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە هەموویان بەسەر بکەینەوە. هیوادارین توانیبێتمان بەو چەند نمونەیە مەبەستەکەمان بەباشی روون بکەینەوە. دووبارە پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم دیوانە (بچوک، بەلام گەورە)یە دەکەم.

*هەفتەنامەی پەیك. ژمارە (7و8) ی مانگی 11ی 2007

## بەشی سێیەم:

# وەلامو

# بەدواداچوون

## قسەکردن بەناوی شتەکانەوە*

لەژمارە 2155 ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ و لەوەڵامی راپرسییەکدا کە ئومێد محەمەد سەبارەت بەکۆڕە شیعرییەکەی 5/22ی لەتیف هەڵمەت ئامادەی کردووە، محەمەد کاکەرەش وتویەتی:
((بەداخەوە دوای ئەو هەموو داهێنانە پیاوێکی گەورەی وەك ئەو –مەبەست لە لەتیف هەڵمەتە– رۆشنایی بەوە نەکردبوو کە من قەسیدەیەکم بلاوکردەوە لەکوردستانی نوێدا بەناوی –دڵێ لەبەفر دڵێ لەئاگر– ئەو قەسیدەیەی دەستنیشان کردبوو –هەڵەی چاپە، راستییەکەی دەستنیشان نەکردبوو– کەبەناوی شتەکانەوە قسە دەکەم، پێش من وەکو شیعر –دیسان هەڵەی چاپە وەك کۆشیعر– لەئەدەبی کوردیدا شتی وا نەکراوە کۆمەڵێك لەبرادەران پێیان باش بوو لەکاتێکدا مامۆستا لەتیف لەدوو سێ کۆپلەدا هاتبووە سەر ئەو دەقە بەناوی شتەکانەوە قسەی دەکرد، بەلام بەداخەوە دەستنیشانی ئەو دەقەی منی نەکرد..)).
پێشتریش محەمەد کاکەرەش لەژمارە 1815ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا، نووسیبووی:
((تائێستا لەشیعری کوردیدا کۆ شیعرێك بەم شێوەیە نەنووسراوە هەندێك شتی بچووك هەن شاعیرەکان بەناوی شتەکانەوە قسەیان کردووە، جیاوازییەکە لەوەدایە شتەکان لەم کۆشیعرەدا راستەوخۆ بێ هیچ دەمامێك دەدوێن.. بۆیە دەڵێم لەشیعری کوردیدا ئەم شێوەیە تایبەتە بەمن)).
من بەبڕواوە دەڵێم: ئەو کۆ شیعرەی محەمەد کاکەرەش بەتایبەتی چەند دانەیەکیان لەنموونە جوانەکانی شیعرن. لەو شیعرانەن کەبێئەوەی (فرە خەرجی) لەوشەکانیدا بکرێت، شاعیرانە (فرە جوانی) لەدێڕەکانیدا خولقێنراوە. ئەو شیعرانە ئەگەرچی بەهەموویان چەند لاپەڕەیەك پڕناکەنەوە، بەلام لەروح و زاکیرەی خوێنەردا کۆڵێك هەڵوێستەو تێرامان و وردبوونەوە دروست دەکەن. ئەگەر بمەوێت بەیەك دێڕ وەسفی ئەو شیعرانە بکەم، دەڵێم: نووسینەوەی کۆمەڵە موعاناتێکی قووڵن لەفەزایەکی ئێستاتیکدا، بەلام بەر لەهەرشت دەبێت ئەو راستییە فەرامۆش نەکرێت کە قسەکردن بەناوی شتەکانەوە، یان بەقسەهێنانی شتەکان، نەك هەر شتێکی نوێ نییە، بەڵکو لەشتە هەرە کۆنەکانی نووسینە، ئەفسانەو داستان و هەقایەت و شیعرو گۆرانی و پەندەکانی پێشینان پڕاو پڕن لەو نموونانە:
جام دەڵێ بشکێم نەك بزڕێم، ئەمە لەگەڵ کۆ شیعرەکەی محەمەد کاکە رەشدا جیاوازییان ئەوەیە، لەمدا نەوتراوە:
بشکێم نەك بزڕێم
– جامێك–

لەشیعری نوێی کوردییدا چەندین وێنەی قسەکردن بەناوی شتەکانەوە هەن، لێرەدا مـن بەچـەند نموونەیـەک کە لە زاکیرەمدا ماونەتەوە –مەبەستم ئەوەیە بەوردی نەگەڕاوم ئەگەر نا دوور نییە نموونەی دیکە زۆر بن– هەوڵدەدەم شتێك لەو بارەیەوە بیری خوێنەر بهێنمەوە.

*شێرکۆ بێکەس 1985 لەشیعری (ساڵی تازە)دا وتوویەتی:

ئەو کێڵگەیەی ماچ بارانی ساڵی پارم

سەوزی نەکرد، ئەمساڵ ئەیکەم

هەورێ  وای وت.

ئەو گوڵە جوانەی پار نەمدا لەئەگریجەم

ئەمساڵ ئەیدەم، باخێ وای وت.. هتد.

*لەتیف هەڵمەت لەشیعری (دووەم هاتنی خانی لە پزێڕن)دا، کە پێموابێت لەساڵی 1988دا نووسـیویەتی، دەڵێت:

تائێستاش کاروانیو ڕێبواری ئاوارە

بەوێدا کە دەڕۆن جارجارە

دەرونیان دەتەنێ

دەنگێکی زۆر سامناك

دونیادیو پیرەکان

دەڵێن ئەو هاوارە

خانۆیە بانگ دەکا

سڵ  بکەن بترسن لەناپاك

–ئەوە دەنگی پاسەوانەکانی قەڵای دمدمە گۆرانی دەڵێن–

*کەژاڵ ئەحمەد، ساڵی 1993 لەشیعری (وتنەکانی وتن)دا وتوویەتی:

ڕەشەبا وتی کلێشەی

ئەم دنیایەم بەدڵ نییە

هەوڵ ئەدەم بەوێرانکردن بیگۆڕم

پێم وت منیش وەکو تۆ بەدڵم نییە

بەڵام دەمەوێ بە ئەوین بیگونجێنم

–شەماڵ وای وت–

* قوبای جەلی زادە، لە (سێدارەکانی بەهەشت)دا، کەساڵی 1997 چاپی یەکەمی کراوە، دەڵێت:

خۆشەویستی دڕندەترین مرۆڤ

دەکا بەپەپولە

-ئەمە گۆرانی دڵۆپێك خوێنە-

* لەهەمان دیواندا ئەم شیعرەش هەیە:

-چاو-

لەنێوان ماچ(و) گوللەدا

واوێك

هەیە

کوێرەکان نایبینن

*سمکۆ محەمەد، لەشیعری (پرسەکانی سپێدە)دا، کە ساڵی 1998 بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

ژیان پێناسەی زەمەنی بۆ نەکردین

بۆیە داوای

هەتاوی زستانو سێبەری هاوینمان کرد

-سپێدەیەك-

*موحسین ئەحمەد عومەر لەشیعری (کتێبی رۆشنایی)دا، کەساڵی 1998 بڵاویکردۆتەوە، وتویەتی:

خۆشەویستی

ئەلفو بێیەکی کۆنو نوێیە

-شێوازێکی نووسین-

* لەهەمان شیعردا دەڵێت:

خۆشەویستی راپەڕینێکە

دامرکانەوەی بۆ نییە

تەنیا بەراپەرینێکی تر نەبێت

-مەزدا-

<u>ئەنجام:</u>

* ئەوشیعرانەی بەنموونە هێناومانەوە تێکڕا بەر لەکۆ شیعرەکەی محەمەد کاکەڕەش نووسراونو بڵاوکراونەتەوە، چونکە ئەو لەساڵی 1999دا کۆ شیعرەکەی نووسیوەو بڵاویکردۆتەوە، کەچی ئەو شیعرانە لەساڵی (1985)ەوە بۆ ساڵی (1998) نووسراونو بڵاوکراونەتەوە.

*کۆشیعرەکەی محەمەد کاکەرەش لەگەڵ شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسو لەتیف هەڵمەتو کەژاڵ ئەحمەدو دڵۆپە خوێنەکەی قوبادی جەلی زادەدا جیاوازییەکی بچووکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە لای محەمەد کاکەڕەش شتەکان راستەوخۆ خۆیان قسەکانی خۆیان دەگێڕێنەوە، کەچی لای ئەو شاعیرانەی دیکە

قسەکان قسەی شتەکانن، بەڵام شاعیرەکان دەیانگێڕنەوە. لەگەڵ (چاو)ەکەی قوباددا جیاوازییان ئەوەیە، قوباد چاوەکەی لەسەرەوە نووسیوە.

* کۆشیعرەکەی محەمەد کاکەرەش، لەگەڵ شیعرەکانی سمکۆ محەمەدو موحسین ئەحمەد عومەردا هیچ جیاوازییەکیان نییە.

* وەك کۆ شیعر، منیش بەر لەمحەمەد کاکەرەش کۆ شیعرێکی لەو شێوەیەم لەئەدەبی کوردییدا بەچاو نەکەوتووە.

*لەکۆتاییدا:

هیوادارم ئەم نووسینە وەك هەوڵێکی بچووکو سەرەتایی لە پێناوی ئەوەی مافی کەس نەفەوتێت تەماشا بکرێتو هیچی دی.

تێبینی:

قسەکردن بەناوی شتەکانەوە لەئەدەبی جیهانییدا زۆرە، ئاشناترینیان بەئێمەی کورد، ئەوانەی رەسوڵ هەمزا تۆفن کە (سیخورمە)ش سوودی لێبینیوون، وەلێ لەبەرئەوەی قسەمان لەسەر ئەدەبو شیعری کوردی بوو، نموونەی جیهانیمان بەپێویست نەزانی.

* عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی–ش لەناملیکەی (الخنجر القامئ)دا کەساڵی 1987 بەزمانی عەرەبی بڵاویکردۆتەوە سێ شیعری لەو شێوەیەی نووسیوە، ئەمە نموونەیەکیانە:

–الغابە–

لی اشجار کپیرە

لکن افچلها

هی الشجره التی لن تمل

مصارعه الفقم والریح.

* بۆ ئەوەی خوێنەر شیعرەکانی محەمەد کاکەڕەشی بیربێتەوە، ئەم نموونەیە دەهێنینەوە:

ناڵە ناڵی جریووە شتێی کردم

گەر دەستێکم دەبوو

دەرگای هەموو قەفەسەکانم دەشکان

–قەفەسێك–

* ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە (2179)دا لە 2000/6/22

(کان) لەزمانی کوردییدا

وەڵامێك بۆ نامەکەی تەیب جەبار

لەژمارە(3407)و(3408)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێدا، (تەیب جەبار) بابەتێکی بەناونیشانی: ((نامەیەك بۆ شارەزایانی زمانی کوردی)) بڵاوکردۆتەوە، کەتیایدا قسەی لەسەر چەند لایەنێکی زمانی کوردی کردووە.

لەژمارە(3432)ی هەمان رۆژنامەشدا (تابان یاسین) وەڵامی ئەو بابەتەی داوەتەوەو گفتوگۆی چەند لایەنێکی ئەو نووسینەی کردووە.

منیش لێرەدا دەمەوێ (بەدیداری کراوی) چەند قسەیەك لەسەر مەسەلەی (کان) لەزمانی کوردییدا بکەن.

وەلێ بەرلەوەی بچمە نێو وردەکارییەکانی نوسینەکەمەوە، هەڵوێستەیەك لەسەر پەرەگرافێکی نووسینەکەی (تەیب جەبار) بەپێویست دەزانم: ((هیوادارم شارەزایانو پسپۆرانی زمانی کوردی نەڵێن کابرایەکی ئەندازیار چی هەقی بەسەر زمانەوە هەیە)).

من تاڕادەیەکی زۆر بڕوام بەپسپۆڕیو شارەزایی هەیەو پێشمولیە ناشێت مرۆڤ قسە لەمەسەلەیەکدا بکات کەخۆی پێوە ماندوو نەکردبێتو سەلیقەو شارەزاییەکی باشی تێدا پەیدا نەکردبێتو عەشقو خۆشەویستیەکی زۆری بۆ نەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشمولیە کە ناکرێت هەمیشە پسپۆڕیو شارەزایی لەبڕوانامەدا کورتبکرێتەوە، چونکە هێشتا خوێندن لەوڵاتی ئێمەدا نەگەیشتۆتە ئاستێکی مامناوەندیش نەك زۆر باش، نالی وتەنی تا ئەمڕۆش ((مەدرەسە مەحبەسەیە))و هەموومان حاڵی پەروەردەی وڵاتەکەی خۆمان دەزانین، هەر ئەمەش وایکردووە هەرگیز باشترین رۆشنبیرەکانی ئێمە باشترین خاوەن بڕوانامەکان نەبن– بێگومان ئەم قسەیە بەو مانایە ناکەم کە ئێمە خاوەن بڕوانامەی باشمان نییە، بەڵکو بەو مانایە دەیکەم کە ئەم حاڵەتە نەبووە بەدیاردەیەك– لەوانەیە هۆکاری سەرەکی لەم مەسەلەیەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە وەکو نەوال سەعداوی ئاماژەی بۆ کردووە ((لەم وڵاتانەی ئێمەدا خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیە نەك مەعریفە)).

بەداخەوە، زۆرێك لەخوێندکاران لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەکانیاندا، وەك چۆن ئیشیان بەکتێبەکانیان نامێنێتو بۆ خوێندنگاکانیان دەگێڕنەوە– ئیشیان بەو زانیاریانەش نامێنێت کە زۆرجار بێئەوەی تێیانگەیشتبن لەبەریانکردوون.

دەمەوێت بڵێم: گرنگ ئەوەنییە چی تەواو دەکەین، بەقەد ئەوەی گرنگی لەوەدایە چی بەرهەمدێنین، پێویستە بەرلەوەی لەناوو ناسنامەو بڕوانامە بکۆڵینەوە، چاومان لەسەر ئەوە بێت کێ باشیکرد دەستخۆشی لێبکەینو کێش خراپی کرد پێی بڵێین تۆ خراپت کرد.

* * *

دێمەسەر مەسەلەی (کان)و پاشگری کۆ لەزمانی کوردیدا

تەیب جەبار دەڵێت:

((زمانی عەرەبیو فارسی لەداڕشتنی رستەو بەکارهێنانی وشەدا زیاتر –کۆ– بەکاردەهێنن زمانی کوردیش زیاتر–تاك– بەکار ئەهێنێ.

مامۆستا گۆران دەڵێ:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لەباخچەی بەهار گوڵم چنیووە

هەموو رستەو وشەكانی ئەو شیعرە بەتاك بەكار هێنراون، كە دەڵێ –ئەستێرەم دیوە– واتا ئەستێرەكانم دیوە)).

ئەمەی تەیب جەبار دەیڵێت راستە، بەڵام وەكو چۆن ئەم بەكارهێنانە هەیە بەكارهێنانی دیكەش هەن، هەبوونی شتێك هەمیشە مانای نەبوونی شتێكی دیكە ناگەیەنێت.

راستە گۆران وتویەتی:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لەباخچەی بەهار گوڵم چنیووە

وەلێ هەر گۆران خۆیشی وتویەتی:

بەڵام منی شای گشت هەنگی هەردەی (بەهاران)
بۆ بینینم خۆیان ئەگرن رێی دەشت (نازداران)
سۆزی شمشاڵ ئەخەمەكار دەمی (ئێواران)

(نالی ) وتویەتی:

لەدووگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانیدا سپێدەی باخی(سێوان)
لەترسی تەلعەتت رۆژ هەروەكو شێت
بەروو زەردی هەڵاتو كەوتە (كێوان)

(مەولەوی) وتویەتی:

(ملان) (سەربەرزان) (كۆساران) (هەردان)
(بێشەرتان) جەداخ (وەفاتان) (مەردان)

(مەحوی) وتویەتی:

بڵاوەكی كردوە رۆیی كۆمەڵەی(یاران)و ئەهلی دڵ
لەشومی بەختە مەحوی ماوە بێ یارو رەفیق ئەمما

وەك دەبینین هەموو ئەو وشانەی خستوومانتە كەوانەوە بەكۆ بەكارهێنراون.

* * *

لەشوێنێكی دیكەی نووسینەكەیدا (تەیب جەبار) دەڵێت:

((بۆ بەكارهێنانی كۆ لەزمانی كوردیدا كەمتر –كان– وەك پاشگر بەكار ئەهێنێ... لەهەشتاكاندا –حسین عارف– وتارێكی لەرۆژنامەی هاوكارییدا نوسی لەسەر بەكارهێنانی كۆو پاشگری كان لەسەر شیعری شاعیرانی لاو تەنانەت ئەوەندە زمانی كوردیان سەقەت كردووە ناویانی نابوو شاعیرانی كان كان...))

سەرەتاو بەر لەهەرشت دەبێت بڵێم: وەك (تابان یاسین)یش لەوەڵامەكەیدا ئاماژەی بۆ كردووە لەزمانی كوردیدا (ان) نیشانەی كۆیە نەك (كان).

بەڵام پێویستە بپرسین: ئاخۆ ئەم (كان)ە چۆن دروستدەبێتو لەكوێوە دێت؟!

بێگومان (ە ك ە)لەزمانی كوردیدا نیشانەی ناساندنە، بۆ نمونە (پەپوولە) نەناسراوە، بیناسێنیت دەبێت بە (پەپوولەكە).

ئەم(کان)ەش هەر (ان)ی نیشانەی کۆیەکەیە، بەڵام (ك)ی نیشانەی ناساندنەکەی پێوە لکاوە

پەپوولەکە +ان = پەپوولەکان.

تێبینی:

لەبەرئەوەی لەم پرۆسەیەدا (پ ە پ وو ل ە ك ە+ان) دوو بزوێنی(ە،ا) کە هێڵمان بەژێردا کێشاون پێکەوە دێن، یەکەمیان فڕێ دەدرێتو (پ ە پ وو ل ە ك+ان) دەمێنێتەوە.

واتە: (پەپوولە) کەناوێکی نەناسراوە بیکەیت بەکۆ دەبێت بە (پەپوولان)

بەڵام (پەپوولەکە) کە ناوێکی ناسراوە دەبێت بە (پەپوولەکان)

هەر بەو جۆرە (گوڵ) دەبێت بە (گوڵان) .

واتە: (پەپوولە) کەناوێکی نەناسراوە بیکەیت بەکۆ دەبێت بە (پەپوولان)

بەڵام (پەپوولەکە) کە ناوێکی ناسراوە دەبێت بە (پەپوولەکان)

هەر بەو جۆرە (گوڵ) دەبێت بە(گوڵان) و(گوڵەکە) دەبێت بە (گوڵەکان).

(منداڵ) دەبێت بە (منداڵان)و (منداڵەکە) دەبێت بە (منداڵەکان).

(سێو) دەبێت بە (سێوان)و (سێوەکە) دەبێت بە (سێوەکان).

سەبارەت بەنووسینەکەی حسێن عارفیش، تێبینییەکەی تێبینییەکی وردو زیرەکانە بووە، بەڵام لەبەر ئەوەنا کە (کان) لەزمانی کوردییدا نییەو بەکاریگەری زمانی عەرەبی هاتۆتە نێو زمانەکەمانەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی شاعیرانی دوای گۆران بێشومارو زۆرجاریش پێویست نەبووە کە بەکاریانهێناوە، ئەمە لەکاتێکدا لەشیعری کلاسیکی کوردیو لەشیعری گۆرانیشدا (کان) زۆر بەکەمی بەکار هاتووە.

دەشێت بۆ ئەوەی قەبارەی ئەو بەکارهێنانە بێشومارەمان بۆ ئاشکرابێت کە حسێن عارفو تەیب جەباریش ئاماژەیان بۆ کردووە، بەراوردێك لەنێوان کۆی شیعرەکانی مەولەویو نالیو مەحویو گۆران لەلایەکو یەك تاقە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس لەلایەك، بکەین:

لەشیعری مەولەویدا (کان) بەهیچ جۆرێك بەکار نەهێنراوە.

لەشیعری نالیدا تەنها (6) جار بەکار هاتووە.

لەشیعری مەحویدا (5) جار بەکارهاتووە.

لەشیعری گۆرانیشدا تەنها (56) جار بەکار هاتووە، کە تێکڕای ئەم بەکارهێنانە (67) جار دەکات.

کەچی شێرکۆ بێکەس تەنها لەشیعری گینگڵدا (67) جار (کان)ی بەکار هێناوە، واتە یەك تاقە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس بەقەد هەموو شیعرەکانی نالیو مەولەویو مەحویو گۆران (کان)ی تێدا بەکار هاتووە، ئەمەش ئەو خاڵەیە کە وامانلێدەکات بڵێین ئەو تێبینییە وردو زیرەکانە بووە.

بەڵگەیەکی دیکەش لەسەر ئەوەی (کان) لەزمانی کوردییدا بوونی هەیە، ئەوەیە کە تەیب جەبار لەنووسینەکەی خۆیدا (35) جار (کان)ی بەکار هێناوە.

بیریشمە نووسینەکەی حسێن عارف کە هەشتاکان لەدژی (کان) نووسی بووی خۆی پڕبوو لە (کان)، هەر ئەو کاتە وەڵامێکیشم بۆ نووسیو بۆ هەمان ڕۆژنامەم ناردو ئاماژەم بەو هەموو(کان)ە کردبوو کە حسێن عارف بەکاری هێنابوون، بەڵام نووسینەکەی من بڵاونەکرایەوە، چونکە ئەوان لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودابوون، هەروەك لەگۆشەیەکی ڕۆژنامەکەدا بۆیانوسیبووم.

*ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە ( )

سەبارەت بەو نەتەوەیەی یەك شاعیری هەبێت

لە ژمارە (197)ی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا، عەتا قەرەداغی بابەتێکی بەناونیشانی ( ئەو نەتەوەیەی یەك شاعیری هەبێت) بلاوکردۆتەوە، تیایدا (باسی لاوازییەکی کردووە کەرۆحی نەوەکانی پێشووی کۆنترۆڵ کردووەو رۆحی دانیپێنانی لێسەندوونەتەوەو وا لەدنیا دەڕوانن کەدەرکەوتنی هەر دەنگو رەنگێکی جیاواز هێرشە بۆ سەر ئێستاو رابردووی ئەوان)، بەنموونەش دوو شاعیری دیاری گەلەکەمانی هێناوەتەوە، کە ئەوانیش شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەتن.

شێرکۆ بێکەس لەژمارە (198)ی هەمان رۆژنامەدا روونکردنەوەیەکی لەسەر نووسینەکەی عەتا قەرەداغی بلاوکردۆتەوە..

تیایدا دەڵێت: ((من بەشبەحاڵی خۆم رایدەگەینم کە لەهیچ نووسین و بۆنەو چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵمدا سازکرابێت رای لەو جۆرەم دەرنەبڕیوەو خۆم بەلوتکەی داهێنانی شیعری کوردی لەقەڵەم نەداوەو بەردەوامیش دەستخۆشیم لەکارە جوانەکانی نەوەی دوای خۆم کردووە)).

بەڵام لەتیف هەڵمەت لەژمارە (3)ی شیعرستاندا دەڵێت: ((من دوایین ئیمپراتۆری مەملەکەتی شیعرم و دوای من ئیمپراتۆریەتی شیعری هەڵدەوەشێتەوەو دەبێتە میرنشینی بچوك بچوك)).

مەسەلەی ستایشکردنی خۆو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی خەڵکانی دی، مەسەلەیەکی ناسك و گرنگەو باسکردن و ورووژاندنی (هەروەك عەتا قەرەداغی کردوویەتی) کارێکە هەم دەستخۆشی دەوێت و هەم پێویستی بەوەیە مرۆڤ بەشداری تێدا بکات.

بێگومان ئەم دیاردەیە هەر تایبەت نییە بەئەدەبی کوردی و هۆیەکەشی هەموو کاتێك بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ((کەنەوەی پێشوو دەرکەوتنی هەردەنگو رەنگێکی جیاواز بەهێرش بۆ سەر ئێستاو رابردووی خۆیان دەزانن))، بەڵکو هۆی دیکەش هەن.

بەبڕوای فرۆید، دوو بنەما هەڵسوکەوت و رەوشتەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن، یەکەم غەریزەی جنسی و دووەم حەزکردن لەمەزنێتی.

جون دیوی–ش وادەبینێت کە بەهێزترین پاڵنەرێك مرۆڤ بەرەو ئیشکردن ببات حەزکردنێتی لەوەی شتێك بێت شایانی باسکردن.

هەندێك جار مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئەو حەزەی فرۆیدو جۆن دیوی باسی دەکەن یان راستتر لەشکست خواردنییدا بەرامبەر ئەو حەزەی خۆی، نەك هەوڵی سڕینەوەی خەڵکانی دی، بەڵکو هەوڵی سڕینەوەی خۆی دەدات، جاروبار هەوڵی خۆکوشتن جۆرێکە لەم حاڵەتە.

زۆر دەگمەن شاعیرێك دەبینی نێرگسێتیی لەناخیدا بارگەی نەخستبێت. شاعیر هەیە بەڕادەیەك شەیدای خۆی دەبێت، وادەزانێت (کەسی دیکە) لەبوارەکەدا نییە ئەو نەبێت، یان ئەگەر هەشبێت لەسێبەرو پاشکۆی ئەودایە.

جەواهیری لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: من دوا لوتکەی شیعری عەرەبیم و دوای من لوتکە لەشیعری عەرەبیدا دروست نابێت.

ئاراگۆن لەبارەی بریتۆن–ەوە وتوویەتی: وا خۆی دەردەخست کەگوایە ئەو سنووری سوریالی کێشاوەو دوا رۆژی بۆ دیاریکردووە لەکاتێکدا تزارا یەکەم کەس بووە بەهرەی سوریالی تەقاندۆتەوە.

غادە ئەلسەلمان لەگێرانەوەی بەسەرهاتی کەسێکدا کەخۆی (بەخۆری شاعیران) ناوبردووە، دەڵێت: ئاخۆ کاممان کەرۆژێك لەرۆژان شیعرمان نووسیبێت، خۆمان بەخۆری شاعیران نەزانیووە؟

نێرگسێتیی شێوەو جۆری زۆرە، دیڤید غلمور دەڵێت: لۆرکا لەمەدرید فێری خوو رەوشتێك بوو، کەگالرۆس بەخوو رەوشتی رۆشنبیرانی چاپخانەی ناوبردووە، ئەویش قسەکردن بوو لەسەر کتابگەلێك کەلەراستییدا نەیخوێندونەتەوە، بەلام ویستویەتی وای پیشانبدات کەخوێندونیەوە. نێرگسێتی لای فیکتۆر هۆگۆ گەیشتۆتە رادەیەك، داوای ئەوە بکات: پاریس بەناوی ئەووەوە ناوبنێن.

تارکۆفسکی وتویەتی: زەوی بەقافیەی شیعرەکانی منەوە ماوە.

دەشێت ئەو هەلوێستەی لەتیف هەلمەت، کە لە شیعرستاندا دەربڕیوە بۆ نێرگسێتیی بگەرێتەوە، هەروەك دەشێت جۆرە هەوڵدانێك بێت بۆ سارێژ کردنی ئەو برینانەی کە (30) ساڵە هەندێك لەشاعیرانو رەخنەنووسانو خوێنەران، لەجەستەی لەتیف هەلمەتدا دروستی دەکەن، دووریش نییە بۆ شکاندنی بێدەنگیو دروستکردنی گفتوگۆ بێت.

بەرای من کەسێکی وەکو لەتیف هەلمەت کەخاوەنی یەکەمین دیوانە شیعری نوێخوازە لەقۆناغی دوای گۆراندا، کەسێك کەمن بڕوام وایە: وەك چۆن لە سەدەکانی رابردووی ئەوروپادا پیاوانی کەنیسە ئەو کەسانەیان دەسووتان کەبیروباوەڕی تازەیان بلاودەکردەوە، ئەگەر لای ئێمەش لەحەفتاکاندا لەسەر شیعری نوێ خەلك بسووتێنرایە، یەکەمین کەس لەتیف هەلمەتیان دەسووتاند.

کەسێکی وەکو لەتیف هەلمەت کەخاوەنی بەخششێکی زۆری دەقی داهێنەرانەیە، هیچ پێویستییەکی بەهەلوێستی لەو جۆرە نییە. چونکە بۆ شاعیر گرنگ ئەوە نییە چی لەبارەی شیعرەکانی خۆیەوە دەڵێت، بەلکو گرنگ ئەوەیە چیکردووە، چی لە شیعرەکانیدا دەڵێت. جیاوازییەك هەیە زۆرگرنگەو پێویستە هەمیشە لەبەرچاوبگیرێت، ئەویش ئەوەیە کەچارەنووسی شاعیر بە دەقەکانیەوە بەندە، نەك چارەنووسی دەقەکان بە شاعیرەوە بەندبن.

دەق بوونەوەرێکی سەربەخۆیە هۆکارەکانی مردنو ژیانی لەهەناوی خۆیدایە، بەهەزاران لێدوانو تەنزیرکردنو قسەی جۆراوجۆر ناتوانن دەقێك بەزیندوویی بهێڵنەوە، کەلەبناغەوە هۆکارەکانی مردن تیایدا لەهۆکارەکانی ژیان زۆرترین، هەروەك ناشتوانن دەقێك بمرێنن، کەهۆکارەکانی ژیان تیایدا لەهۆکارەکانی مردن زۆرترین.

وەك کەریم دەشتی دەپرسێت: (ئاگر بۆ بلێت من گەرمم؟).

کەچی سەیرەکە لەوەدایە بەزۆری ئەو شاعیرانە هەلوێستی وەك هەلوێستەکەی لەتیف هەلمەت دەنوێنن, کەپێویستیان پێی نییە، (هەروەك لەو نمونانەدا دەردەکەوێت کەپێشتر هێنامانەوە).

بەلام ئاخۆ دنیای نووسین هەر لەبناغەوە دنیایەکی سەیر نییە؟!

*رۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (201) 2000/5/1

هەر زیندانیکردنی شیعر، یان زیندانیکردنی شاعیریش؟!

((... پەتایەکیتر ئاسۆلێڵیی رەخنەگرەکانە، خۆیان بەڕاستی نازانن کە دەیانەوی بڵێنو چۆنی بڵێن))"1"

***

لەژمارە 352ی پاشکۆی ئـەدەبو هونـەری هەفتەنامـەی رێگـای کوردسـتاندا، سمکۆمحەمـەد نووسـینێکی بەناونیشانی (زیندانیکردنی شیعر لەچرپەی دڵدا) بڵاوکردۆتەوە.

هەندی شتی بە گشتی دەربارەی شیعرو هەندی شتیشی بە تایبەتی دەربارەی (چرپەی دڵ)وتووە,

من لێرەدا نامەوی لە بیروڕاکانی ئەو سـەبارەت بەشـیعرەکانی (چـرپەی دڵ) بـدوێمو بـەرگری لەشـیعرەکان بکەم.چونکە نەمەسەلەکە مەسەلەی دادگایە، نەئەو حاکمەو نە شیعرەکان تاوانبارنو نەمنیش پارێزەرم. !

ئەو شتانەی لەو نووسینەدا هاتوون بیروڕای سمکۆمحەمەدن، بەرلەوەی تەعبیر لە هەر شێک بکەن، تـەعبیر لە میزاجو تێگە یشتنو مەودای بیرکردنەوەی ئەو دەکەن.

ئەگەرچی ئەو مافی ئەوەی بەخۆی داوە ریو شوێن بۆ من دیاری بکاتو برێك ئامۆژگـاری کـردووم: ((دەبـوو تۆڕە

نەستاویەکانی –زمان– وەکو ئامرازێکی ئاخاوتنو چـالاك لەبەرچـاو بگـری، دەبـوو لـەڕووی –بابەتییـەوە– زیاتر رۆبچی بەناو حاڵەتە نهێنییەکاندا دەبوولەزمانی –نیتشەوە– سۆپەرمانیەتی زەردەشـت بـەبیری ئـەودا بێنی ئەوی خۆکوژ)).

بەلام من هەرگیز ئەو مافە بـەخۆم نـادەم کـە ئامۆژگـاری ئـەو بکـەم، چـونکە برمـام وایـە کـە لـە رەخنـەو نووسینی جدیو نوێدا، سەردەمی ئامۆژگاریو وەعزدادان بەسەرچووە.

پێدەچێت ئەم حاڵەتە تەنها لەئەدەبی کوردیو لای چەند کەسێکی کەم مابێت، ئەمەشیان بە هەرحاڵ...

ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە ئەو بیروڕاو بۆچوونە دژ بەیەکانەیە کە سمکۆ محەمەد لەگەڵ خۆیـدا، تێیـان کەوتووە.

ئەو لەناونیشانی نووسینەکەیەوە رەخنەی (زیندانیکردنی شیعر) لە من دەگرێت، کەسـەرنجێکی جوانیشـە، کەچی نووسینەکەی خۆی بە پێناسەکردنی شیعر دەستپێدەکات:

((شیعر نووسینەوەی خەوە. خەویش بەردەوام بـوونی چیمەنەکانە، رووت بونەوەیـە لەبـەر بـاران، بینـینی شتە خەفەکراوەکانەو ناساندنی دیمەنە جوانەکانی بەهەشتەو چارەنوسی نەسەبی قەرەجو گەشتی بێتخوب بەناو حەزەکانداو گەمەیە لەگەڵ غەریزە پەنهانیو حەسرەتاوییەکانی خود)).

ئاخۆ هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی شیعر هەوڵدان نییە بۆ زیندانیکردنی شیعر؟!

ئاخۆ ئەوەی هیچ گەورە نووسەرێکی ئەم دنیایە نـەیتوانی بێباکانـە دەسـتی بـۆ بـەرێتو یـەکلایی بکاتـەوە (مەبەستم پێناسەکردنی شـیعرە) دەشـێت سمکۆ محەمـەد ئـاوا بـە سـانایی دەسـتی بـۆ بـەرێتو یـەکلایی بکاتەوە؟!

یاخود ئەمە تەعبیرە لەوەی کە شـیعر بـەلای ئـەوەوە، وەك کـۆترێکی دەسـتەمۆ وایـە، دەتوانێـت زۆر بـە سانایی لەقەفەزی داویَ؟!

جگەلەوە، ئەولە زیندانی پێناسەکەیدا بۆ شیعر، باسی:

(خەوو شتە خەفەکراوەکانو حەزەکانو غەریزە پەنهانیو حەسرەتاوییەکانی خود) دەکات، کەچی دواتر دەڵێت:

((... جا سەرنج لێرەدا ئەوەیە شتی زاتی– خودی ناچێتە قاڵبی ئەدەبییەوە. راستە شیعر دەربڕێنێکی شتە پەنهانیەکانی خودە، بەڵام پەیامێکی جیهانبینیانەیە بۆ دەوروبەری شتەکان).

ئەم رایە جگە لەوەی لەگەڵ پێناسەکەی خۆیدا پێچەوانەیە، سەیرترین رایە، کە من تا ئێستا بەرچاوو گوێم کەوتبێت.

خۆئەگەر (شتی –زاتی– خودی، نەچێتە قاڵبی ئەدەبییەوە) زۆربەی هەرەزۆری شاعیرو نووسەرە مەزنەکانی جیهان رەنج بەخەسار دەبنو دەبێت هەوڵبدرێت لە جیاتی شاعیرو نووسەر ناوی دیکەیان بۆ بدۆزرێتەوە...!

ئەگەر بمەوێت لەم بارەیەوە نموونەی بۆ بهێنمەوە، دەبێت بانگهێشتی بکەم بۆ ئەوەی پێکەوە سەردانی یەکێك

لەکتێبخانە گشتییەکانی کوردستان بکەین..! لە شوێنێکی دیکەی نووسینەکەیدا هەوڵێکی جوان دەدات بۆئەوەی لە دەستی (روانگەییەکان) دەرمبهێنیتوو ئازادم بکات.

کەچی بەداخەوە لەکۆتاییدا، دەمداتە دەست نیتشەو خەیام:

((دەبوو لە زمانی نیتشەوە سۆپەرمانیەتی زەردەشت بە بیری ئەودا بێنی، ئەوی خۆکوژ، یان ئیجا وەرگرتین لە

چوارینەکانی خەیام)).

ئاخۆ ئەمە زیندانیکردنی شاعیر نییە؟!

من پێموایە وشەی دەبوو کە جۆرێك لە مەرج، یان ئەمری تێدایە، لە دنیای شیعردا، وشەیەکی رەزا قورسو نەگونجاوو ناشایستەیە..!

هەر لە درێژەی بۆچوونە دژ بە یەکەکانیدا، سمکۆ لە شوێنکی نووسینەکەیدا دەڵێت: ((...بەڵام دەبوو تۆڕە نەستاوییەکانی زمان وەکو ئامرازێکی ئاخاوتنوچالاك لەبەرچاو بگرێ بۆ شوناسکردنی شتە بەڵگە نەویستە کان)).

کەچی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: (چونکە نەمری دەق لە گرەوی ئەوە دایە کە چەند دەتوانێ پرسیار دروست

بکاو...).

ئاخۆ شتێك بەڵگەی نەوێت پرسیاری بۆ چییە؟*

لەجێگایەکی دیکەی نووسینەکەیدا، دەڵێت:

((... پێدەچێ رێگای بەخۆی نەدابێ ئەو سنوورانە بشکێنێ کە شیعر لەم چەند ساڵەی دواییدا شکاندویەتیو

پێی دەوترێ دەقی کراوە، ئەو دەقەی کە لە چەند جارێك زیاتر دەخوێندر ێتەوە)).

راستە لەم چەند ساڵەی دواییدا برێك سنوور شکێنراوان، نەك هەر ئەم ساڵانە بەڵکو لە هەموو سەردەمێکداو هەر سەردەمە بەگوێرەی خۆی هەوڵی سنوور شکاندن دراوەو دەدرێت ، بەڵام ئەگەر ئەو وابزانێت دەقی

کراوە، ئەو دەقەی لە چەند جارێك زیاتر دەخوێنرێتەوە تەنها بەرهەمی ئەم چەند ساڵەی دواییە ئەوا دووجار بە هەڵەدا دەچێت.

جارێکیان لەگەڵ مێژووی ئەدەبدا کەلای کوردو گەلانی دیکەش لە کۆنەوە دەقی وا هەبووە لە چەند جارێك زیاتر بخوێنرێتەوە، تەنانەت ئەفسانە کە یەکێکە لەبەرهەمە هەرە کۆنەکانی هزری مرۆڤ ، زۆرجار لە خوێندنەوەیەك زیاتر هەڵدەگرێت.

جاری دووەم لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە هەڵەوە، چونکە هەر خۆی خەیام بە نموونەی خوێندنەوەی جیاواز دەهێنێتەوە.

بێگومان من نامەوێت بڵێم کە دەقی کراوەی ئێستا هەمان دەقی کراوەی ساڵانی پێشترە، نەخێر، هەموو سەردەمێك بەرهەمی خۆی هەیە.

بەڵام لای من مەرج نییە هەر شیعرێك لە خوێندنەوەیەك زیاتری هەڵگرت، نەمربێتو هەر شیعرێکیش یەك خوێندنەوەی هەبوو مردووبێت.

هەر لەنالیو مەحویو مەولەوییەوە بیگرە تا دەگاتە گۆرانو هەردیو شێرکۆ بێکەسو لەتیف هە ڵمەتو عەبدلا پەشێوو قوبادی جەلیزادەو... هتد چەندان شیعریان هەیە لەیەك خوێندنەوە زیاتر هەڵناگرێت.

تەنانەت شاعیرێکی گەورەی وەکو نزارقبانی زۆر لە شیعرەکانی لەیەك خوێندنەوە زیاتر هەڵناگرن.

راستە فرە خوێندنەوەیی بۆ دەق شتێکی گەورەیە، بەڵام من پێموایە: نەفرە خوێندنەوەیی بەتەنها، دەق نەمر
دەکاتو نە یەك خوێندنەوەییش بەتەنها، دەق دەکوژێت.

لە هەردوو پرۆسەی نەمرکردنو کوشتنی دەقدا چەندان فاکتەری جیاجیا رۆڵ دەبینن.

هەستدەکەم ناکرێت دەق بۆ هیچ کام لەو فاکتەرانەی بەتەنها کورت بکرێتەوە.

ماوە بڵێم: فەرهاد پیرباڵ، وتەنی:

((مایەی کەیفخۆشییە ئەگەر بزانیت خەڵك کاتێکیان تەرخانکردووە بۆ بیرکردنەوەو قسەکردن لەبارەی تۆوە))(2)

من لەم رووەوە سوپاسی سمکۆمحەمەد دەکەم، کە بە شایانی ئەوەی زانیوم برێك کاتی خۆی بۆ من ، یان راستتر
بۆ نامیلکەکەم، تەرخان بکات.

بەڵام بەداخەوە لە هەندێك چەمكو زاراوەو دەستەواژەی نووسینەکەی حاڵی نەبووم، ئەگەرنا زیاتر کەیفخۆش
دەبووم.

لەوانەیە حاڵی نەبوونەکەشم پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە وەکو لەنووسینەکەی ئەودا ئاماژەی پێدراوە،
من دوورم لە سوودوەرکرتن لە کەلتوورو سروشتە ئێستاتیکییەکان..!!!

لەوانەشە پەیوەندی بەشتی ترەوە هەبێت..!!

---

"1" جارێکی تریش رەخنە / نووسینی: محەمەدکردۆ هەرێمی کوردستان ژمارە (123) 1999/3/23.

"2" مانفێستی دووەمی وێران /سپاییەکانی ناوڕەش /ڕەشاییەکانی ناو سپی /فەرهاد پیربال /هەولێر 1999 لاپەڕە (3).

*پاشکۆی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان. ژمارە (356) 1999/6/16

## ڕەخنە بۆنخۆشەکەو یەک دووقسە

لەژمارە (1897)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)و لە گۆشەی (بەتەنیشت سیاسەتەوە)، (ستران عەبدوڵڵا) نووسینێکی بەناونیشانی (ڕەخنەی بۆنخۆش) بڵاوکردۆتەوە.

بەبڕوای من لە هەر کۆمەڵگاو نێوەندێکدا، بەتایبەت نێوەندی ڕووناکبیریی، ڕەخنە بێبایەخ بکرێت، ئەو کۆمەڵگاو نێوەندە، بەخۆی بزانێت یان نا بەرەو لەناوبردنی خۆی هەنگاو دەهاوێژێت.

خەونی گۆڕان و پێشکەوتن، لە دنیایەکدا کە ڕەخنەی تیا بێبایەخ کرابێت، خەونێکە نەک بەدیهاتنی، بگرە نزیکبوونەوەش لە بەدیهاتنی ئەستەمە.

ستران عەبدوڵا لەشوێنێکی نووسینەکەیدا، دەڵێت:

(( لەنێو نێوەندی ئەدەبییشدا ئەوە هەیە کەهەموو ڕەخنەگرێك شاعیر، یان چیرۆکنووسێکی فاشیلە).

ئەم ڕایە کە لەبناغەدا، ڕای (گۆستاف فلوبیر)ەو (153) ساڵ پێش ئێستا لەنامەیەکدا بۆ (لویز کولبە)ی نووسیوە، تاڕادەیەکی زۆر ڕاستیی تێدایە، بەڵام بەو ڕەهاییە نییەو ناتوانین بڵێین (هەموو ڕەخنەگرێك شاعیر، یان چیرۆکنووسێکی فاشیلە)، چونکە گۆڕان و پێشکەوتنەکان، ئەوەندە گەورەو فراوان بوونەتەوە، زۆربەی هەرە زۆری بڕیارو بۆچوونە ڕەهاکانیان خستۆتە ژێر گومانی گەورەوە. ئەمە (ئەگەر) لەدنیای ئەدەبدا بڕیارو بۆچوونی ڕەها، ئەسڵەن بوونی هەبێت.

(دایل کارنگی) لەمبارەیەوە دەڵێت:

((من ئێستا باوەڕم بەهیچ کام لەوشتانە نەماوە کە بەر لە 20 ساڵ باوەڕم پێهەبوون، تەنها خشتەی لێکدان –جدول الضرب– نەبێت، تەنانەت مرۆڤ دوای ئەوەی تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین دەخوێنێتەوە، لەخشتەی لێکدانیش دەکەوێتەوە گومانەوەو ناتوانێت وەکو جاران لێی دڵنیابێت)).

لێرەدا بۆڕەتکردنەوەی ئەورایەی (گۆستاف فلوبێر) تەنها دوونموونە دێنمەوە..

یەکەم: (ت.س. ئیلیۆت) هەم شاعیرو هەم ڕەخنەگرێکی مەزن بوو.

دووەم: (ئەدۆنیس) نەك هەر عەرەب، بەڵکو شاعیرو ڕەخنەگرێکی گەورەی جیهانیشە..تەنانەت زۆرکەس ئەدۆنیس–ی ڕەخنەگریان لە ئەدۆنیس–ی شاعیر پێ مەزنترە.

ستران لەکۆتایی نووسینەکەیداو لە ڕەهەندێکی دیکەی ڕەخنەدا، نووسیوێتی:

((بە قسەیەکی هونەرمەندی گەورەی سوریا دورەید لەحام کۆتایی بە ڕەخنەی زمانی گوڵ دێنم.. لەحام، یان غەوار دەڵێت: ڕەخنە پێویستە، بەڵام بەچ زمانێ؟ کە ژنەکەم کراسێکی نوێ بەپاران دەداتو دوای تەواو بوون بەدڵم نەبێت، پێی ناڵێم کراسەکەت ناشرینە، بەڵکو دەڵێم: ئەوەی دوێنێت جوانتر بوو)).

له یەكێك لە پێناسە سادەكاندا، رەخنە بە (هونەری رادەربڕین) پێناسە كراوە، لەبەرئەوە چەند گرنگە ئەو كەسەی رەخنە لە شتێك دەگرێت، بزانێت چی دەڵێت، ئەوەندەش گرنگە كە بزانێت چۆنی دەڵێت.

لێرەدا ڕووداوێكم بیر دێتەوە، دەڵێن:

((خاوەنی كارگەیەك كە50 كرێكاری هەبوو، ڕۆژێك دوای ئەوەی دزی لێكرا بوو، كرێكارەكانی كۆكردەوەو پێی وتن:

ئێوە نیوەتان دزن.

بەم قسەیە هەر پەنجا كرێكارەكە تووڕەبوونو هەستیان بەجۆرێك لەئیهانە، كرد.

شەو، كابرای خاوەن كارگە بەخۆی وت:

باشە من بۆ وامكرد؟! بۆچی هەموویانم تووڕەكرد؟!

بۆسبەینێ جارێكی دی كرێكارەكانی كۆكردەوە، ئەمجارە پێی وتن:

ئێوە نیوەتان دەستتان پاكە.

ئەمجارە زۆر ئاسایی قسەكەیان لێوەرگرتو هیچیان تووڕەنەبوون)).

بێگومان 50 كەس ئەگەر نیوەیان دزبن، نیوەكەی دیكەیان دەستیان پاكە، ئەگەر نیوەیان دەستیان پاك بێت، نیوەكەی دیكەیان دزن.

هەردوو قسەكە یەك شتن، بەڵام وەك دەردەكەوێت، شێوازی دەربڕینەكەیان گۆڕانێكی گەورەیان بەسەردا، دەهێنێت.

دەمەوێت بڵێم..

دەشێت هەرچییەكمان بەپێویست زانی بیڵێین، بەڵام هەرگیز ناشێت شێوازی وتنەكەی فەرامۆش بكەین!!

*ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ. ژمارە (1902) 1999/7/13

## جارێكی تریش رەخنە

لەژمارە(120) ی ڕۆژی 1999/2/27ی ڕۆژنامەی (هەریمی كوردستان)و لەگۆشەی (قسەی خۆمان دەكەین)دا، سیامەند هادی نووسینێكی بەناو نیشانی (رەخنە یان فڕێدانی زاراوەو رستە) نووسیوەو تیایدا دەڵێت:

((ماوەیەكە كۆمەڵێك بەناو رەخنەگر دەبینین لەسەر هەر شاعیر، چیرۆكنووس، ڕۆمانووسێك دەنووسرێت، چەند زاراوەیەكی وەك تێپەڕاندن، سڕینەوە، فانتازیا، ئەفراندن..هتد زۆر بەئاسانی دەخرێتەڕوو یان هەندێكیان كاتێك لەسەر دەقێك دەنووسێت، پێی وایە كە ئەدەبی كوردی تاكو ئەم دەقە هیچی نەكردووەو پێویستە دوای ئەم دەقەش هیچ نەنووسرێت! ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەو زاراوەو رستانە بێ هیچ سەلماندنێك فڕێ دەدرێن. كەئەم دیاردەیە بەهیچ جۆرێك لەرەخنەی جیهانییو عەرەبییدا بەرچاو ناكەوێت، بەو پێیەی كەهیچیان پێنییە لەسەر دەقێك بیڵێن، دەكەونە پیرۆزكردنی)). بەڵێ ئەمە یەكێكە لەپەتەكانو رەخنەی كوردی بەدەست بڕێك پەتای دیكەشەوە دەناڵێنێت، كە پێمخۆشە لێرەدا

کورتو پوختو بەزمانێکی سادە ئاماژە بەهەندێکیان بدەم: یەکێك لەو پەتایانە سەرنەکەوتنە لەهەڵبژاردنی دەقدا، کەبەڕای من ئەمە دەبێتە هۆیەکی گەورەی سەرنەکەتنی رەخنەگر.

ئەمە وەکو ئەوە وایە پزیشکێك (بازیرەکیش بێت) هەوڵی ئەوە بدات جووڵەو بزووتنەوەو ژیان لەتەرمی مردوویەکدا بدۆزێتەوە.

هەندێجار دەقە هەڵبژێردراوەکە زیندووە، بەڵام ئەنوەر قادر وتەنی:

رەخنەگر سەرناکەوێتە سەر باڵەخانەی وشەکانیو لەخوارەوە بۆی دەڕوانێت. دەقەکە زیندووە بەڵام ئیشکردنەکەی ئەو تیایدا جۆرێکە لەکوشتنی دەقەکە.

لە (تاشکۆفەی سووری کراسێك)دا، کە کۆمەڵە شیعرێکی (ئەحمەدی شاملۆ ) یەو (ناسری حیسامی) وەریگێڕاوە، هاتووە: ((لە عەبید زاکانی دەگێڕنەوە کە کابرایەك پرسی: قیمە بەقاف بکرێ باشە یا بەغەین؟

وتی کاکی برا، لەقافو غەین گەڕێ، قیمە بەگۆشت بکرێ باشە)). زۆرجار قسەوباسی رەخنەگرەکانی ئێمەش لەسەر قافو غەینەکەیەو بەلای گۆشتەکەدا ناچن. کاتی خۆی ئەوەندەی قسە لەسەر (نالی)و (ناڵی) کرا نیو ئەوەندە قسە لەسەر داهێنانەکانی ئەو شاعیرە مەزنە نەکرا.

ئێستاش ئەو پەتایە لەجەستەی رەخنەی کوردییدا ماوەو جێیی نەهێشتووە. پەتایەکی دی ئاسۆلێڵیی هەندێ لە رەخنەگرەکانە، خۆیان بەڕاستی نازانن کە دەیانەوێت چی بڵێنو چۆنی بڵێن.

هەروەها هەندێ لەرەخنەگرەکان لە زۆربەی نووسینو قسەو باسەکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەرەخنەی کوردی نەیتوانیوە یارمەتی نەمرکردنی دەق بدات (ئەمەش تارادەیەکی زۆر راستە)، بەڵام ئەوان خۆیان هەوڵی ئەو نەمرکردنە نادەن.

ئەو گلەییەی کەدەبێت لەپێشدا لەخۆیانی بکەن، لەخەڵکی دیکەی دەکەن. هەندێکی دی لەرەخنەگرەکانمان

ئەوەی کە دەشێت بە دێرێك بیڵێن بە پەرەگرافێك دەیڵێنو ئەوەی کە دەشێت بە پەرەگرافێك بیڵێن بە لاپەرەیەك دەیڵێنو... بەم جۆرە خوێنەر تووشی بێزاریو سەرەخولێ دەکەن.

لەکۆتاییدا دەڵێم:

ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە دەست لەکوشتنی رەخنە هەڵبگرینو بەجدی بیر لەکوشتنی پەتاکانی رەخنە بکەینەوە؟

رێزو خۆشەویستیم بۆ رەخنەگرە بەتواناکان دەردەبڕمو هیوادارم وێنەیان زۆرتر بێت.

*رۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (123) 1999/3/23

## وەڵامێکی هێمن بۆ شاعیرێکی ئازیز

هاورێ، بۆچوونەکانتم لەسەر (چرپەی دڵ) پێگەیشتو زۆر بەدڵفراوانی وەرمگرتن، لەوەدا لەگەڵتم کەتۆ (چرپەی دڵ)ت، بەدڵ نییە، چونکە تۆ سەربەستیو ئەمەش مافێکە کەس ناتوانێ لێت بسەنێتەوە.. من بۆ

خۆم بڕوای تەواوم بەم وتەیە هەیە، کەناشزانم وتەی کێیە: ((جوانی دارستان لەوەدایە هەر باڵندەیە بەئارەزووی خۆی بخوێنێ))، من هەرگیز بەتەما نەبوومو ناشبم کەهەموو خەڵك منیان بەدڵبێت. تەنها بۆ نموونە دەڵێم: کامۆ جوتێك پێڵاوی لەشکسپیر پێ چاکتر بووە، شاملۆ (سوهراب)ی بەدڵ نییە.

لەوەدا لەگەڵت نیم کە سادەیی‌و ئاڵۆزی بۆ شیعر بکرێن بەپێوانە، چونکە شیعر هەیە سادەیەو مەزنیشە. دەشێت (نزار قەبانی) بە نموونە بهێنینەوە. شیعر هەیە ئاڵۆزەو جوانیش نییە، پێچەوانەی هەردوو حاڵەتەکەش هەر راستە، لای من هیچ شتێك پێوانە نییە بۆ شیعر جوانی نەبێت، وەك چۆن هەموو ئافرەتە جوانەکان جوانن‌و وەك دەڵێن: هەندێکیان تەنها خوایشیان یەکە، هەموو شیعرێکی جوانیش جوانە، ئیترسادە بێت یان ئاڵۆز، درێژبێت یان کورت، کێش‌و سەروای هەبێت یان نا، بەلای منەوە گرنگ نییە، ئەگەر تۆش پێت وابێت کەشیعر (هەر دەبێت) ئاڵۆزبێت‌و کێش‌و سەرواشی نەبێت، ئەوامن پێم وانییەو وشەی(هەر دەبێت) بەلای منەوە بۆ دەق جۆرێکە لەزیندانییکردنی شاعیرو باڵکردنی شیعرەکانی.

دەربارەی شێوەی چاپکردن‌و زاراوەی (نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ)، یان گیرفان، دیسان لەگەڵت نیم. چونکە لەبەر پێشکەوتوویی نییە کە کورد (نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ)ی نەبووە، (ژاپۆن) سەرچاوەی نامیلکەی بەرباخەڵە، خۆ ناشێت ئێمە لەژاپۆن پێشکەوتووتر بین‌و نەمانزانیبێت..؟!.

جگە لەوە نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ بۆ ئەدەبی کوردی شتێکی نوێیە، تۆش مادام خۆت بەنوێخواز دەزانیت هەق نییە رێگەی لێبگریت.

شێرکۆ بێکەس لەلاپەڕە 178ی (کازیوە)دا شانازی بەوەوە کردووە کە بۆ یەکەمینجار زاراوەی پۆستەرە شیعری بەکارهێناوەو نمونەی ئەو جۆرە شیعرانەی بڵاوکردۆتەوە.

ئەنوەر مەسیفی لەژمارە 42ی پاشکۆی ئەدەب–ی رۆژنامەی برایەتیدا شانازی بە داماڵینی شیعر لە خاڵبەندی دەکات. (ئەمە لەکاتێکدا، وەك سەباح رەنجدەر دەڵێت: لە –خواو شارە بچکۆلەکەمان–ی لەتیف هەڵمەتەوە خاڵبەندی لە شیعری کوردی داماڵراوە).

منیش لە (چرپەی دڵ)دا وتومە: (محەمەد کوردۆ) لە ساڵی 1991دا (خورپەی ناخ)ی بە چاپ گەیاندووە، کە یەکەمین نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ بووە لەئەدەبی کوردییدا. باشە من لەتۆ دەپرسم: بۆچی بۆ شێرکۆ بێکەس‌و ئەنوەر مەسیفی کەدوو شاعیری دیارو خاوەن ئەزمونن ئاساییە شانازی بە شتێکەوە بکەن کە ئەوان هێناویانەتە نێو شیعری کوردییەوە، یان پێیان وایە ئەوان هێناویانەتە نێو ئەو ئەدەبەوە، کەچی بۆ شاعیرێکی گەنج کە شێوازێکی نوێی لەجۆرو قەبارەی کتێب هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، نائاسییە ئاماژە بە کارێکی لەو جۆرەی خۆی بکات؟!

بۆچی ناشێت شاعیرێکی گەنج شانازی بەوەوە بکات کە یەکەمین کەس بووە بیری لەوە کردۆتەوە شیعر لە زیندانی کتێبخانە رزگار بکات‌و بیکاتە هاوڕێیەکی نزیکتر لە مرۆڤ؟ بۆچی رزگارکردنی شیعر لەسەروا کە بەر لە لەدایکبوونی من‌و تۆ هەڵی بۆدراوە، لای تۆ نوێخوازییەو دەشیکەیتە مەرج بۆ هەموو شیعرێکی نوێ، کەچی رزگارکردنی شیعر لە زیندانی کتێبخانە رەتدەکەیتەوە؟

هیوادارم واتێنەگەیت کەمن ئەمەبە شتێکی گەورە دەزانم، نەخێر من دەزانم ئەمە شتێکی بچووکە، بەڵام زۆر مایەی خۆشحاڵییە بۆ من، چونکە من خۆڵی خۆم بەزەعفەرانی تۆ ناگۆڕمەوە. کەپرێکی خۆم لەکۆشکێکی تۆ لاخۆشەویست ترە.. چونکە لەهەموو حاڵەتەکاندا زەعفەران‌و کۆشکەکەی تۆ، هی تۆن.

تۆ دەڵێیت زاراوەی نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ (مەقبول) نییە، بەڵام خۆی جوانییەکەی لەوەدایە کە مەقبول نییە. دەبوو تۆ مادام خۆت بە کەسێکی نوێخواز دەزانیت لەخەڵکی دی باشتر بتزانیبا کەهەموو نوێیەك لەسەرەتاوە مەقبول نییە.

هاوڕێ! هیوادارم خۆمان لەسەر بڕیاری سەرپێیی رانەهێنین، چونکە بەر لە ئێمە زۆر کەس ئەم گەمەو وازییانەیان کردووەو هیچیان لێ چنگ نەکەوتووە. باشتر وایە لەجێی قسەی سەرپێیی بەشیعری جوانتر ئەو شیعرانە رەتبکەینەوە کە بەلای ئێمەوە شیعری باش نین. ئەگینا لە ئەنجامدا ئەو وتە کوردیەمان بەسەردا دەسەپێت، کە دەڵێت: ((هەمیشە جامی بەتاڵ دەنگی لەجامی پڕ زۆرترە)).

حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: ((من جاران تەنها رەنگی رەش و سپیم دەبینی، بەڵام ژیان رەنگی دیکەشی تێدایە)). هیوادارم تۆش هیچ کاتێك لەبیرت نەچێت کە جگە لەرەنگەکانی تۆ رەنگی دیکەش هەن و زۆریشن.

شوبنهاوەر وتەنی: ((سنووری زانینی خۆت بەکۆتایی جیهان مەزانە، چونکە جیهان زۆر لەسنووری زانینی من و تۆ گەورەترە)).

هاوڕێ! تەقلید هەر تەقلیدە، چ تەقلیدی شیعری شێرکۆبێکەس و بەختیار عەلی و چ تەقلیدی شیعری لەتیف هەڵمەت و ئەحمەدی مەلاو چ تەقلیدی ع.ع. یوسف و ئەنوەر مەسیفی بکەیت، هەریەك ئەنجامت چنگ دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە تۆ دەقێکی تەقلیدییت بەرهەمهێناوە.

کاتێك واز لە تەقلیدکردنی شێرکۆ دەهێنیت و تەقلیدی بەختیار دەکەیت، وەکو ئەوە وایە لە خانوویەکی کرێ دەرچوویبیت و لەخانوویەکی دیکەی کرێدا نیشتەجێ بوویبیت، بێئەوەی توانیبێتت کوخێك، یان هیچ نەبێت کەپرێك بۆ خۆت دروستبکەیت!

لە کۆتاییدا دەڵێم: هیوادارم ئیدی شتەکان وەك خۆیان ببینین، چیدی کەم و کورتیی خەڵك بەکەم و کورتیی و کەموکورتیی خۆمان بەداهێنان نەزانین!!

*رۆژنامەی دەنگی میللەت. ژمارە (48) 1999/4/15

## بەشی چوارەم:

# وتارو ستوونی رۆژنامەوانیی

### روناکبیرو دۆخێکی نائاسایی روناکبیریی

ئەدۆنیس دەڵێت، ((هەر گەلێك ئامادەییەکی رووناکبیریی دروستکەر –خلاق–ی نەبێت، ناتوانێت ئامادەییەکی سیاسیی دروستکەری هەبێت، چونکە بەبێ رووناکبیرییەکی مەزن، سیاسەتێکی مەزن بوونی نییە)).

کێشەی ئێمە هەر ئەوە نییە کە بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانمان ناتوانن بڕوا بە راستییەکی لەم جۆرە بهێنن‌و بەهای راستەقینەی رووناکبیری‌و رۆڵی کاریگەری رووناکبیر بزانن.

بەڵکو کێشەی ئێمە ئەوەشە کە بەشێکی زۆر لەوانەی لە نێوەندی رووناکبیریماندا کار دەکەن، خۆشیان ناتوانن بڕوا بەوە بهێنن کە بەبێ رووناکبیرییەکی مەزن، هەبوونی سیاسەتێکی مەزن لە خەون دەچێت.

کێشەی ئێمە هەر ئەوە نییە کە زۆرجار سیاسییەکانمان موجامەلەی (هەندێك) قەڵەم یان (هەندێك) دەنگو دەستوپەنجە دەکەن، لەبەر ئەوە نییە بە راستی بڕوایان بە گەورەیی ئەو کەسانە یان کارەکانیان هێنابێت، بەڵکو لە پێناوی ئەوەیە ویژدانیان بکڕن‌و لە پەیامی راستەقینەی خۆیانیان دووربخەنەوە.

کێشەی ئێمە ئەوەشە کە لەدۆخێکی وادا زۆرمان رازیی دەبین‌و کەمێکمان زویر دەبین‌و کەمێکی لەو کەمەش کەمترمان قسە دەکەین.

ئەو زۆرەمان کە رازی دەبین، زۆرجار گۆرانی بۆ ئەو دۆخە دەڵێین‌و پاکانەیەکی بۆ دەکەین کە سیاسییەکان خۆیان ناتوانن پاکانەی ئاوای بۆ بکەن.

ئەو کەمەشمان کە زویر دەبین، دەچینەوەماڵی خۆمان‌و گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەین‌و نازانین ئەگەر ئەو کارەمان لە رووکاردا جۆرێك بێت لە نارەزایی لەو دۆخەی گۆڕەپانەکەی پێدا تێدەپەڕێت، لە قووڵاییدا جۆرێکە لە رازیبوون بە درێژەکێشانی ئەو دۆخەو تەسلیمکردنی گۆڕەپانەکەیە بەو کەسانەی ئەو دۆخەیان درووستکردووە.

ئەو کەمترەشمان کە قسە دەکەین لە زۆر باردا پەرتەوازەین‌و لەبەر ئەوەی ناتوانین کۆببینەوەو پێکەوە کار بکەین، برێك لە بەهای قسەکانمان لەدەست دەدەین.

من بڕواشم وایە بۆئەوەی دۆخێك بگۆڕین، نەك هەر ناتوانین لەدەرەوەی ئەو دۆخە بین، بگرە دەبێت زۆر بەقووڵیی لەناو ئەو دۆخەدا بین.

گۆڕین لە دەرەوەو لە دوورەوە، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، زۆر سەختە. لێرەوە دەبێت خەونێکی گەورەمان لە ئێستادا ئەوە بێت هەوڵبدەین بە هەموومان، لەگەڵ ئەو هەوڵە راستگۆیانەی کە لەدەرەوەو ناوەوەی نیشتمان لەئارادان، حورمەتێکی زیاتر بۆ رووناکبیرو بۆ رووناکبیریی فەراهەم بکەین.

ئەگینا درێژەکێشانی ئەم دۆخە نائاسییەو بێدەنگییکردن لێی بەرەو دۆخێکی ترسناکمان دەبات، کە مەترسی لەسەر هەموومان دەبێت.

* هەفتەنامەی پەیك. ژمارە(6) 2007/11/11

## وەڵام بۆ ئەنیتای ئازیز*

دەمەوی سەرەتا بەناوی ستاف گۆڤاری (هەنار)ەوە سوپاسێکی گەرمی تۆی خۆشەویستو ئازیزان کاروان کاکەسوورو ئاراس ئەمیر بکەم، کە ئەم پەیوەندییەی ئێمەو تۆی بەرێزیان دروستکرد. سوپاس بۆ هەستی گەرمت بەرامبەر بە(هەنار)و بە کوردو بە جوانییەکانی سروشتو زمانو هونەری کوردیی. سوپاس بۆنامە دڵنشینەکەتو بۆ تابلۆ جوانەکانت. ئازیزم تۆ نووسیبووت: ((...من کوردستانیشم هەر لەرێگای

سرووشتەوە ناسی..هەر زوو زانیم لەناو ئەو سرووشتە دڵگیرەدا نەتەوەیەکی گەورە هەیەو تێیدا ئاسوودە ناژی..هەر زوو زانیم هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەناو سرووشتی خۆی بکرێتە دەری...)). بەڵی سروشتی ئێمە زۆر دڵگیرە، بەڵام بەداخەوە دوژمنانمان کاریکیان پێکردووین لە خەیاڵدانی ئێمەدا دارەکانمان بزریکێنن و ئاوەکانمان بگرین و بەردەکانمان خوێن لە لێویان بچۆڕێتەوە. وایان لێکردووین، زاڵترین بۆن لەنێو سروشتی رازاوەی کوردستاندا، لای خۆمان، لە روح و زاکیرەو خەیاڵدانماندا، بۆنی خوێن بێت. ئێمە شاعیرێکمان هەیە دەڵێت: (( لەکەناری هەر جۆگەیەك و لەسەر هەر بستە زەمینێك و لەژێر هەر گەزە ئاسمانێکی ئەم وڵاتە، خوێنی سەربازێکی ونی ئێمە رێژراوە))[1]. گەرد بەگەردی ئەم وڵاتەی ئێمە خوێنی رۆڵە خێر لەخۆ نەدیوەکانمانی ئاوێتە کراوە. دوژمنانی ئێمە نەك هەر سروشت، بگرە ویستوویانە لەدنیاش بمانکەنە دەرەوە. راستە نەیانتوانیووە ئەو کارە بکەن، وەلی توانیویانە نەهێڵن ئێمەش وەکو هەر میللەتێکی دیکەی دنیا، بۆ خۆمان بەئارامیی لەناو سروشتی خۆمان و لەناو دنیادا بژین. ئەوان بەو کارەیان هەر ئێمەیان ماڵوێران نەکردووە، بەڵکو خۆشیان ماڵوێران کردووە. چونکە لەبری ئەوەی قوتابخانە، یان باخچە، یاخود یاریگایەك بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانی خۆیان دروست بکەن، زیندان و وێرانەو گۆڕستانیان بۆ ئێمەو بۆ منداڵەکانی ئێمە دروستکردووە. ئەوان هەر ئێمەیان بەزیندانەوە سەرقاڵ نەکردووە، مێژووی خۆشیان کردووە بە مێژوویەکی پڕ لە زیندان. دەمەوی بڵێم: ژیانی زیندانیی و زیندانەوان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بگرە لە هەندی رەهەندەوە ژیانی زیندانەوان لە ژیانی زیندانیی ناخۆشترە. زیندانیی لەژێر دەستی زیندانەواندا زیندانییەو زیندانەوان بەدیار زیندانییەوە زیندانییە. زیندانیی لەو دیوی زیندان و زیندانەوان لەم دیوی زیندانەوە زیندانییە. زیندانیی دەتوانێت تف لەو کەسە بکات کە زیندانی بۆ دروستکردووەو زیندانەوان دەبێت تف لەخۆی بکات. ئەمیان ئەو ژیانەی بەسەردا سەپێنراوەو ئەویان بەدەستی خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە. شاعیرێکی دیکەی ئێمە، لەشیعرێکی کورتدا زۆر جوان تەعبیری لە ماڵوێرانیی زیندانەوانەکان کردووە، ئەو شاعیرەمان دەڵێت: ((من لە نێو ژوورێکی تاکەکەسی و تاریکدا زیندانیم. دەلاقەیەکی بچوك لەسەر سینگی دەرگای داخراوی ئەو ژوورەیە. زیندانەوانەکەم جاروبار ئەو دەلاقەیە دەکاتەوە. کاتی بۆ یەکتری دەڕوانین ئەو تاریکی دەبینێت و من رووناکی دەبینم))[2]. بەڵی ئێمە چاومان لە رووناکیی و ئەوان چاویان لەتاریکیی بڕیووە. هیوادارین بگەڕێنەوە لای ژیانی خۆیان و دەست لەیەخەی ئێمە بەربدەن. ئێمە دەمانەوێت، لەنێو سروشتی دڵگیری وڵاتی خۆمانەوە دەستی پڕ لە (گوڵ)مان بۆ دنیا درێژ بکەین و لەگەڵ خەڵکانی وەکو تۆی ئازیزدا تەوقە بکەین. دەمانەوی ((کاتی چووینە بەر پەنجەرەی دنیا بەخوێنەوە نەچین))[3]. دەمانەوی لەبری ئەو شەڕەی بەزۆر بەسەرماندا سەپێنراوە، خەریکی شیعرنووسین و وێنەکێشان و مۆزیك ژەنین و گۆرانی چڕین و سەماو هەڵپەڕین بین. دەمانەوێت ئێمەش لەجوانکردنی دنیادا، پشکێکمان بەر بکەوێت. گرنگ ئەوە نییە ئەو پشکە گەورەیە یان بچووك، گرنگ ئەوەیە بەشداربین و بچینەوە ناو ئەو دنیایەی هەوڵیانداوە بە ناهەق بمانکەنە دەرەوە لێی. دووبارە سوپاستان دەکەین و هیوادارین دنیا لێوانلێو بێت لە مرۆڤی وەکو ئێوە. بەهیواین پەیوەندیمان بۆ هەمیشە بەردەوام بێت.

***

*– ئەنیتا، هونەرمەندێکی شێوەکاریی دانمارکییە، چەند کارێکی خۆیو نامەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤاری (هەنار) ناردووەو لە ژمارە (20)دا بڵاوبوونەتەوە. ئەم سەروتارە وەڵامی ئەو نامەیەیە.

1– مەبەست عەبدوڵا پەشێوو شیعری (سەربازی ون)ە.

2– مەبەست جەلالی مەلەکشاو شیعری (زیندانی)ە.

3– دەستەواژەیەکی (بەختیار عەلی)ە.

*گۆڤاری هەنار. ژمارە (21) ساڵی 2007

ئاخۆ محەمەد ئۆزۆن مرد، یان لە مردن پەڕییەوە؟

محەمەد ئۆزۆن، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێك لە رۆماننوسە گەورەو پڕ بەرهەمەکانی ئێمە بوو، کەچی بەداخەوە لەباشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، وەکو پێویست نەخوێنراوەتەوە.

بێگومان ئەمەش مایەی خەمو پەژارەیەکی زۆرە، نوسەرێکی گەورە، دوای پێشکەشکردنی 15 رۆمان، لەناو بەشێکی زۆر لە رۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیدا، نەخوێنرابێتەوە.

یەشار کەمال لەکاتی سەردانیدا لە نەخۆشخانەی دیاربەکر، بە ئۆزۆن–ی وتبوو: ((تۆ نووسەرێکی زۆر گرنگیت، رۆژێك دێت رەخنەگرەکان ئەمە ئاشکرا دەکەن. تۆ باڵایەکی ئەدەبیی بەرزی کوردیت، تۆ وەکو نوسەرێکی گەورە دەچیتە مێژووی کوردەوە، چونکە بە زمانی خۆیان مەینەتیو هیواکانیان دەنوسیتەوە، منیش کوردم، بەڵام تۆ لە ئێمە کوردتریت، چونکە تۆ لەکاتێکدا بە کوردی نوسییت، کە نەك نوسین، قسەکردنیش بەکوردی مرۆڤی بەرەو زیندان دەبرد)).

ئۆزۆن، ئامادە بوو خۆی بچێتە زیندانەوە، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بە زیندانیکردنی زمانی دایکی رازی بێت.

ئامادە بوو لە کۆشی گەرمی ئەو دایکە شیرینەی پێی دەڵێن کوردستان بێبەشبکرێتو ساڵانێکی زۆر لە دوورەوە خەونی پێوە ببینێت، بەڵام ئامادە نەبوو لە کۆشی پڕ لە میهری ئەو دایکەی پێی دەڵێن زمانی کوردی وازبهێنێت.

ئەو دەیزانی مەترسیی گەورەو راستەقینە بۆ لە ناوبردنی هەر نەتەوەیەك، بەقەد ئەوەی لە داگیرکردنی زمانەکەیدایە، لەداگیرکردنی نیشتمانەکەیدا نییە.

دەیزانی ئەو نەتەوانەی تیاچوون لەبەر ئەوە نەبوو نیشتمانەکەیان داگیرکرا، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو زمانەکەیان داگیرکرا.

ئەو زۆر باش لەوە گەیشتبوو کە نیشتمانی راستەقینەی نەتەوە زمانەکەیەتی.

دەیزانی نوسین بەکوردی، بۆ کورد خۆیو بۆ ئەوانەش کە هەوڵی سڕینەوەی دەدەن، چەند مانای گەورەو پڕ بەهای هەیە، لەبەر ئەوە ئامادەبوو کام باج سەختە بیدات، بەڵام واز لەو زمانە نەهێنێت.

چەند جوان بوو کە ئەم شەڕەشی لەسەر زمانی نەتەوەکەی دەکرد، بەڵام چاوپۆشیی لە هەندێك هەڵسوکەوتو شێوازی کارکردنی ئەو پێشمەرگانە نەدەکرد، کە ئامادەی گیانبازیی بوون، لەپێناوی ئەو زمانەدا، وەلی خەریکبوون بەرێگایەکدا دەڕۆیشتن کە بە بڕوای ئەو بە شوێنی مەبەستی نەدەگەیاندن.

ئەم نوسەرە چەند راستگۆ بوو کە هاوکات لەگەڵ رەخنەگرتن لە زوڵمو زۆری تورکەکان، رەخنەی لە هەڵەکانی کوردیش دەگرت.

ئەم نوسەرە کاتێك پزیشکەکانی سوید –کە لەوی دەژیا– پێیان وتبوو: (( تۆ تەنها سێ مانگی دی دەژیت))، یەکسەر بڕیاری گەڕانەوەی دابوو بۆ دیاربەکرو وتبووشی ((من بۆ ئەوە ناچمەوە لە دیاربەکر بمرم، بەڵکو بۆ ئەوە دەچمەوە لەوی بژیم)). ئەمەش دەشێت وەکو پەیامێکی سێ لایەنە تەماشا بکرێت:

یەکەم: ئێمە لەهەر کوێیەکی ئەم گۆی زەمینەدا بژین، هەر لەخەیاڵی نیشتمانی خۆماندایینو هێز نییە ئەم نیشتمانەمان لەبیر بباتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەی مردن بەر دەرگاشی پێگرتووین، ئێمە هەر دڵمان لای نیشتمانەکەمانەو هەر بەرەو ئامێزی گەرمی ئەو دەڕۆینەوە.

دووەم: وەکچۆن بە ژیانمانو لەگەرمەی ژیانماندا تەحەدای ئەو هەولانەمان کردووە کە ویستویانە بەناهەق ئەم نیشتمانە ئازیزەمان لێبدزنو لەبیرمانی ببنەوە، بە مردنیشمانو لەگەرمەی مردنیشماندا هەمان تەحەدای ئەو هەولانە دەکەینەوە.

سێیەم: ئێمە کاتێك لە ویژدانی نیشتماندا زیندووینو لەبەردەمی ئەودا سەربەرزینو بەدەستی خاڵییەوە ناچینەوە بۆ لای ئەو، مردنیشمان ژیانە.

ئێستا دەتوانین بپرسین: ئایا محەمەد ئۆزۆن مرد، یان لەمردن پەڕییەوەو بە نەمریی گەیشت؟ ئاخۆ راستی نەکرد کە وتی من دەچمەوە لە دیاربەکر دەژیم؟

ئەدی ژیان چۆن چۆنییە؟!

*هەفتەنامەی پەیك. ژمارە (5) 2007/11/4

## ئازادیی ئەوکاتەی مەرجی بۆ دادەنێین

نێوەندی رووناکبیریی ئێمە، وەکچۆن حاڵەتی جوانو دڵخۆشکەری وای تێدایە کە هیوا بە دوارۆژ لە گیانی مرۆڤەکاندا سەوزدەکات، بەهەمانشێوە حاڵەتی ناخۆشو خەمهێنەری واشی تێدایە کە مرۆڤەکان بێهیوادەکات.

من لێرەدا قسە لەسەر یەکێك لەو حاڵەتانە دەکەم:

شاعیرێکی ئێمە زیاتر لە چل ساڵە گۆرانی بۆ ئازادیی دەڵێتو شەڕ لە پێناوی ئازادییدا دەکاتو گیانی خۆشویستنی ئازادیی لە ئێمەدا بەهێزدەکات.

کەچی بەداخەوە، کاتێ ئازادیی بۆ خەڵکی دی فەراهەم دەکرێتو بەجۆرێك قسەی خۆیان دەکەن، کە ئەم شاعیرەمان پێی خۆش نییە، زویر دەبێت.

ئەمەش سەیرە چونکە ئازادیی مەرجی نییەو کە مەرجت بۆ دانا دەمرێت !

ئەوە ئازادیی نییە من بۆم هەبێت قسە بکەمو تۆ بۆت نەبێت قسە بکەیت، یان بۆت هەبێت لەسەر شتێك قسەبکەیتو بۆت نەبێت لەسەر شتێکی دی قسەبکەیت. ئازادیی ئەوەیە هەموومان بتوانین لەسەر هەموو شتەکان قسەبکەین.

ڤۆڵتێر ئامادەبوو لەسەر ئازادیی کەسێك کە قسەکانیشی بە دڵ نەبێت، خۆی بە کوشتبدات.

بەڕاستی مایەی خەمێکی قووڵە لەسەدەی بیستو یەکدا مرۆڤەکان ڕێگەیان پێنەدرێت بە ئازادیی قسەی دڵی خۆیان بکەن.

چونکە جوانیو درەوشانەوەی راستەقینەی ئازادیی ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئێمە لەو کەسانەی حەرام نەکەین وا قسەو بۆچوونەکانیانمان بەدڵ نییە.

ئازادیی ئەو کاتە جوان نییە کە تۆ گۆرانی بۆ من دەڵێیتو منیش بە گۆرانییەکەی تۆ بەختەوەر دەبمو هەوڵنادەم ئازادیی ئەو گۆرانی وتنەت لێتێکبدەم.

ئازادیی ئەو کاتە جوانە کە تۆ رەخنە لە من دەگریتو من شپرزە دەکەیتو تەنانەت تووڕەشمدەکەیت، بەڵام من ئەوەم بیرناچێتەوە کە مافی تۆ لە ئازادییدا مافێك نییە من پێمبەخشیبێت تا بیر لەوە بکەمەوە لێتبسێنمەوە.

ئاسایيە جۆری مامەڵەی تۆم لەگەڵ ئازادییدا بە دڵ نەبێت بەڵام ئاسایی نییە ئەمە بکەم بە بیانووی ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئازادیی تۆدا بکەم.

ناکرێت تۆ پەلاماری من بدەیتو من پەلاماری ئازادیی تۆ بدەم.

نووسین ناسنامەی راستەقینەی نووسەرە، من بۆم هەیە ناسنامەکەی تۆم بە دڵ نەبێت، بەڵام بۆم نییە مافی هەبوونی ناسنامە لە تۆ بسێنمەوە.

ئایا ئەوەی ئێمە دەینووسین هەموو خەڵك بە دڵیانە؟

ئاخۆ کەس نییە نووسینەکانی ئێمەی بەدڵ نەبێتو بەجۆرێك لە جۆرەکان نووسینێکی ئێمە بە هێرش بۆسەر خۆی بزانێت؟

بێگومان هەیە، چونکە وەکو وتراوە: ((خێری قەومێك شەڕی قەومێکی دیکەیە)).

باشە ئێمە ڕێگە بەو کەسە دەدەین کە نووسینێکمانی بەدڵ نییە مافی ئازادییمان لێبسێنێتەوە؟

دڵنیام ڕێگە نادەین.

دەی کەوایە بارێگە بە خۆشمان نەدەین ئەو مافە لەخەڵك بسێنینەوە.

من کاتی خۆی لە ستوونێکدا لە بارەی ئازادییو سانسۆرەوە، سوودم لە وتەیەکی ئیحسان عەبدولقەدوس وەرگرتبوو، کە پێموایە دەبێت لێرەشدا جارێکی دی هەمان وتە بەکاربهێنمەوە.

عەبدولقەدوس دەڵێت:

ئەگەر ئازادیی نەهامەتیی لێکەوتەوە، چارەسەری بە ئازادیی زیاتر دەکرێت !!

*گۆڤاری هەنار. ژمارە ( ) ساڵی 2007

## کەمبایەخکردنی بەرھەمی خەڵك

لەم نوسینەدا قسە لەسەر یەکێك لە دیاردە خەمھێنەرەکانی دیکەی نێوەندی رووناکبیریی خۆمان دەکەم، کە بەداخەوە زۆر بە ئاشکراو لەزۆر ئاستی جیاجیادا دەبینرێت. لای ھەندێك ئەدیبو نوسەرو ھونەرمەندی ئێمە گرێیەکی دەروونی ھەیە ناھێڵێت ھیچ شتێکی جوان ببینن، وایان لێدەکات ئەگەر بشیبینن، لەبری ئەوەی دان بەجوانییەکانییدا بنێن، ھەوڵی فەرامۆشکردنو کەمبەھاکردنی دەدەن.
ئەم گرێ دەروونییە مرۆڤ دووچاری حاڵەتێکی نائاسایيو ناسروشتیی دەکاتو دەیباتە دۆخێکەوە کە ھەموو گەورەییەکی خەڵك بە جۆرێك لە بچوککردنەوەی خۆی بزانێت. لێرەوە بەو ئاکامە دەگات کە وەکچۆن گەورەیی خەڵك دەتوانێت لە ئاشکراکردنو دەستنیشانکردنی بچوکیی ئەودا رۆڵی ھەبێت، بچوکیی ئەو خەڵکەش، بەھەمان شێوە، دەتوانێت لە دەرخستنو دەستنیشانکردنی گەورەیی ئەودا رۆڵی ھەبێت. ئەم ھەستە وا دەکات مرۆڤ لە بری ئەوەی لەناو خۆیدا وێڵی دووی گەورەیی بێت، لەناو خەڵکی دیکەدا بۆی دەگەڕێت. ئەمەش دەرئەنجامێکی مەترسیدارە چونکە تیایدا مرۆ لەخۆی دوور دەکەوێتەوەو ھەرگیز بە خۆی ناگاتو نابێت بەخۆی. رەنگە ئەم حاڵەتە بۆ ھەموو مرۆڤێك جێگەی مەترسیی بێت، وەلی بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو خەڵکانەی بەکاری داھێنانگەراوە سەرقاڵن لە ھەمووان زیاتر جێگەی مەترسییە. چونکە کاری ئەوان زیاتر لەزۆربەی خەڵکانی دی خۆبوونو گەیشتنە بەخۆ. ئەم گرێ دەروونییە ھەندێجار دەگاتە ئاستێك نوسەر یان ھونەرمەند یان شاعیرێك ھەوڵبدات بۆ ئەوەی لەنرخی کەسێکی دی کەمبکاتەوە، لەبەھای شتێك دەدات کە خۆی ساڵانێکی زۆر شەڕی لەسەر کردووە. من جارێکیان لە دیداری شاعیرێکدا، کە نزیکەی 30 ساڵ شەڕی لەسەر نوێخوازی کردبوو، رایەکی لەم جۆرەم بینيو زۆریشم بەلاوە سەیر بوو. ئەو شاعیرە کە لەسەر نوێخوازیی زۆرترین ئازار درابوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا لەسەر روانگە وتبووی: ((من تا ئێستا روانگەم نەبینیوە))، ئەمەش بەڕاستی زۆر سەیرەو لە دوو حاڵەت بەدەر نییە. یان بەجیدی نەیبینیووە یان ویستویەتی بەو شێوەیە لەنرخو بەھای روانگە کەمبکاتەوە. ھەردوو ئەم حاڵەتەش ناسرووشتيو مەترسیدارن. ئەگەر نەیبینیبێت چۆن دەتوانێت تێبپەڕێنێت؟ ھەر شتێك تا نەیناسین چۆن دەتوانین تەجاوزیی بکەین؟ تا نەزانین ئەو شتە چییە چۆن دەزانین ئێمە لەچیدا لەگەڵ ئەو جیاوازین؟ لە راستییدا بۆ ئەوەی شتێك دووبارە نەکەینەوە، دەبێت بەر لەھەر شەقاوێك ئەو شتە بناسینو بە خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی ئاشنا بین. چۆن دەبێت کەسێکی نوێخواز دوای زیاتر لە سی ساڵ ئاگای لە ھەوڵێکی نوێخوازیی وڵاتەکەی خۆی نەبێت؟ بێگومان لە حاڵێکدا ئەو ھەوڵەی بە دڵ نەبێتو ھەستبکات کە ئەو ھەوڵە ناتوانێت تینوێتی ئەو بۆ نوێخوازیی بشکێنێت، ئاساییە بۆچوونێکی نێگەتیفی لەسەر ھەبێت. وەلی ھەرگیز ئاسایی نییە نەیبینێتو نەیخوێنێتەوەو پێکھاتەو جیھانبینيیو تەکنیکی ئەو ھەوڵە نەناسێت! ئێمە ئەگەر ئەو ھەقە بەخۆمان بدەین دوای سی ساڵ، ئەوەندە نرخ بۆ ھەوڵێکی نوێخوازیی دانەنێین چەند سەعاتێکی کەم لەو ملیۆنان سەعاتانەی ژیانی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین کە زۆربەی ھەرە زۆریان لەگەڵ زرمو ھوڕی دۆمینەکانی چایخانەی (شەعبو مچکۆ)دا بەفیڕۆ دەچن، چۆن دەتوانین چاوەڕوانیی لەو گەنجانە بکەین کە لەسەردەمی ئینتەرنێتدا دەژین، چەند سەعاتێك لە کاتی خۆیان بۆ ئێمەو بۆ دەقەکانی ئێمە تەرخان

بکەن؟ کورتو کرمانج  پێویستە ڕێگە بەخۆمان نەدەین بە هیچ بیانوویەك کارو هەوڵو ماندووبوونی هیچ کەسێك کەمبایەخ بکەین، ئەمەش کارێکە لانیکەم دەبێت لەبەر خاتری ئەوەی خەڵکیش ماندووبوونی ئێمە کەمبایەخ نەکات، ئەنجامی نەدەین.

*گۆڤاری هەنار. ژمارە (22) ساڵی 2007

## وەکچۆن ناشیرینی زۆرە، جوانییش زۆرە

پێشتر باسی یەك دوانێك لەو دیاردانەمان کرد کە لە نێوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا هەنو مرۆ نیگەرانو خەمبار دەکەن.

لێرەدا ئاماژە بە سێ حاڵەت دەکەین کە مرۆ خۆشحاڵو کامەران دەکەن. من هەر لە ژیانی ڕۆژانەشدا هەمیشە بڕوام وابووە کە وەکچۆن ناشیرینی زۆرە، جوانییش زۆرە، وەکچۆن خەڵکی خراپ زۆرن، خەڵکی باشیش نەك هەر زۆرن، بگرە زۆرتریشن، ئەگینا مرۆ نەیدەتوانی درێژە بە ژیان بدات، وەلێ بەداخەوە هەمیشە خراپەکان دیارترو لەبەرچاوترن. لە نێوەندی ڕووناکبیرییشدا وەکچۆن دیاردەو حاڵەتی خەمهێن زۆرن، دیاردەو حاڵەتی دڵخۆشکەریش زۆرن، ئەگینا ئەو نێوەندەش نەیدەتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدات. من دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە سێ حاڵەت بکەم کە من بۆ خۆم دڵم پێیان خۆش بوو، هەستمکرد سێ حاڵەتی جوانن.

یەکەم: هەندرێن، لە ئیمێڵێکدا بۆی نووسیووم: ((ئەم وتارەت بۆ دەنێرم کە سەعات چوارو نیوی سەر لەبەیانی لە نووسینی بوومەتەوە)).

چەند جوانە مرۆیەکی هەڵهاتوو لە دۆزەخێك کە ناوی ئاسیایە، دوای گەیشتنی بە بەهەشتێك کە ناوی ئەورووپایە، لەبری ئەوەی وەکو زۆرینەی ئەو خەڵکانەی دی کە لەهەمان دۆزەخی ئەوەوە بەو بەهەشتە گەیشتوونو سەرقاڵی بەدەستهێنانی ئەو سامانو خۆشیو لەزەتانەن کە لە وڵاتی خۆیاندا بۆیان بەدەستنەهێنراوە، لەبری ئەوە تا سەعات چوارو نیوی سەر لە بەیانی بەدیار نوسینێکەوە دابنیشێتو وەك دایکێك کە بە قووڵی لەخەمی ئەوەدایە جێگەیەکی باش بۆ منداڵەکەی دابین بکات، لە خەمی ئەوەدا بێت جێگەی ڕاستەقینەی وشەکانی بدۆزێتەوەو لە شوێنەکانیان دڵنیابێتو پاشان بە ئاسوودەیی لێی بنووێت؟.

ئەم ڕوحەو ئەم پەرۆشییە بۆ نووسین وا دەکات مرۆڤ نووسینی خۆشبوێتو وەکو یەکێك لە کارە گەورەو گرنگەکانی مرۆڤایەتی تەماشای بکات.

دووەم: دلاوەر قەرەداخی–ش لە ئیمێڵێکدا بۆی نووسیووم: ((من هەمیشە وەك ئەو دایکەی کە تا بەردەمی ژووری عەمەلیات بەدوای منداڵەکەیدا دەڕوات، بەدوای شیعرەکانمەوەم)). چەند جوانە شاعیر بەو شێوەیە شیعرەکانی خۆی خۆشبوێتو خەمیان بخوات؟

من پێموایە وەکچۆن ئەگەر دایکەکان بەو ڕادەیەی کە هەیە دڵسۆزو خەمخۆری منداڵەکانیان نەبوونایە، گەورەکردنی منداڵ جۆرێك دەبوو لە مەحاڵ، بە هەمانشێوە هەر شاعیرێك بە ڕادەی دایکێك بۆ شیعرەکانی دڵسۆزو خەمخۆر نەبێت، گەورەکردنو لە خەمڕەخساندنی شیعرەکانی جۆرێك دەبێت لە مەحاڵ. بەبێ هەبوونی ئەم عەشقە جوانە دەقی جوان چۆن لەدایك دەبێت؟

سێیەم: لەو ماوانەی پێشوو لەگەڵ سەباح رەنجدەردا مشتومڕێکمان بوو، کەسمان لەقسەکانی ئەوی دیکەمان رازی نەبووین، بەڵام من نایشارمەوە یەکێك لەو رستانەی لەو مشتومڕەدا بە منی وت زۆر خۆشحاڵی کردمو هەستمکرد ئەوە ئاکارێکی بەرزو جوانو راستگۆییەکی راستەقینەیە لەگەڵ شیعرو نووسیندا. ئەو وتی ((من هەرچی لەسەر شیعری کوردی بە دەستم بکەوێت دەیخوێنمەوە)). چەند جوانە شاعیرێك بەو رادەیە شیعری نەتەوەکەی خۆی خۆشبوێت، هەرچی لەبارەوە بەدەست بگات بیخوێنێتەوە؟ هەر شاعیرێك ئەم کارە نەکات چۆن دەتوانێت دەقێکی جیاواز لەوانەی کە هەن بەرهەمبێنێت؟ جوانی ئەم کارەی رەنجدەر لەوەدایە کە ئەو لە کاتێکدا ئەمە دەکات زۆرێك لە شاعیرەکانی هاوسەردەمی ئەو جگە لەو شتانەی لەسەر شیعرەکانی خۆیان دەنووسرێن، هیچ شتێکی دی لەسەر هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد ناخوێننەوە.

*گۆڤاری هەنار. ژمارە (23) ساڵی 2007

## لەبارەی فیستیفاڵی گەلاوێژەوە

فیستیفاڵی گەلاوێژ بەهەموو کەموکورتییەکانییەوە یەکێك لەو چالاکییە گرنگانەیە، کە ساڵانە خوێنێکی دی دەرژێنێتە جەستەی بەشێك لە ئەدیبانو نوسەرانی ئێمە. پێموایە زۆربەمان لەسەر ئەم راستییە هاوڕاو تەباین.

بەڵام هەرگیز ئەم راستییە ناکاتە ئەوەی ئیدی هەمووومان هەر چاومان لە لەلایەنە جوانەکانی بێتو لایەنەکانی دیکەی فەرامۆش بکەین.

بەپێچەوانەوە مادام بەکارێکی باشی دەزانین دەبێت هەمیشە چاومان لەوە بێت هەوڵی باشترکردنی بدەین، بۆ ئەمەش ناچارینو هەر دەبێت رەخنە لە هەڵەو کەموکورتییەکانی بگرین.

بێگومان گوێمان لە گلەییو گازندەیەکی زۆر بوو، من وەکو خۆم هەندێ خاڵ هەن بۆ پێشخستنی فیستیفاڵ بە گرنگو پێویستیان دەزانم:

1- هەڵسەنگاندنی بابەتێکی ئەدەبی لەگەڵ بابەتێکی مێژوویی، یان سیاسیی، یان فکرییو فەلسەفییدا، کارێکی دژوارو سەختەو ناتوانرێت بەیەك پێوەرو لە روانگەی یەك لیژنەوە هەڵبسەنگێنرێن. لەبەر ئەوە باشتر وایە ئیدی ساڵانە فیستیفاڵ خۆی تەوەر دەستنیشان بکاتو هەر ساڵە بوارێك هەڵبژێرێتو تەرکیز بخاتە سەر کایەیەکی دیاریکراوو ئەو لیژنەیەش کەبۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکرێت خەڵکی ئەو بوارە بێتو ناچار نەکرێت بڕیار لەسەر بابەتێك بدات کە پەیوەندیی بەپسپۆڕێتی ئەووەوە نییە.

2- رێز له کاتو زەوقو پسپۆڕێتی خەڵك بگیرێتو ئەو بەرنامانەی کە بۆ رۆژانی فیستیفاڵ دادەنرێن، سوكو ئاسانو لەسەر قسەی هیچ کەسێك نەگۆڕدرێن. چونکە خەڵك هەیە بە هیوای بابەتێکەوە دەچێتە فیستیفاڵ کە لەبەرنامەی فیستیفاڵدا راگەیەندراوە، کەچی دەبینێت بابەتێکی دی پێشکەش دەکرێت، کە رەنگە ئەو حەزی پێنەکاتو ئامادە نەبێت سەعاتێك لەکاتی خۆی بۆ تەرخان بکات. پێویستە ئەو ئازادییە لە خەڵك نەسێنینەوە کە دەیەوێت گوێ لەچی بگرێتو گوێ لەچی نەگرێت. دەبێت ئەوەی بڕیار دەدات بۆ کام بابەت بچێتو بۆ کام بابەت نەچێت خۆی بێت نەك ئێمە.

3- بەبڕوای من بەخشینی یەك خەڵات بە دوو کەس پێکەوە، کارێکی نادروستەو باشتر وایە یەك یەکەمو یەك دووەمو یەك سێیەم هەبێت. چونکە هەرگیز ناشێت دوو بابەت لەسەدا سەد وەکو یەك بنو هیچ جیاوازییەکیان نەبێت. مرۆڤ کاتێك لەگەڵ کەسێکی دیکەدا خەڵاتێکی پێدەبەخشرێت یان هەستدەکات مافی ئەو کەسەی خواردووە، یان هەست دەکات ئەو کەسە مافی ئەمی خواردووە، ئەم دوو هەستەش هەردووکیان مایەی نیگەرانیو ئازارن بۆ مرۆڤ، لەراستییشدا یەکێکیان مافی ئەوەکەی دیکەیانی خواردووە. لەبەر ئەوە باشتر وایە ئەسڵەن رێگە نەدرێت کەس مافی کەس بخوات. ئەگەر مەسەلەکە رازیکردنو دڵخۆشکردنی دوو کەسە لەبری یەك کەس، دەتوانرێت کارێکی وابکرێت کە دڵخۆشکردنی کەسی دووەم لەسەر حیسابی کەسی یەکەم نەبێت، مەبەستم ئەوەیە بنکەی گەلاوێژ خۆی یان سەرپەرشتیاری فیستیفاڵ خەڵاتی ئەو کەسانەی دیکە بکەن، کە دەیانەوێت رازییان بکەنو دڵیان خۆشبکەن.

هەفتەنامەی پەیك. ژمارە (9) 2007/12/12

## دەلالەتەکانی یەکەمین رۆژنامەی کوردی

لەمێژووی هەموگەلو نەتەوەیەکدا جۆرەها سەرەوەری هەن.

دەرکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەبێ هیچ گومانێك یەکێك لەسەروەرییە هەرە مەزنەکانی نێو مێژووی ئێمەیە، جگە لەوەی دەشێت بەگشتیی رۆژنامە بەزمانی دووەمو بەچاوی سێیەمو بەدەسەڵاتی چوارەمو بەوەرزی پێنجەمو بەزۆرشتی دیکەش بزانرێت، رۆژنامەی کوردستان بڕێك دەلالەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

من لەم نووسینە کورتەدا بۆ ئەوەی شتگەلێك نەڵێمەوە کەزۆر جاری دیکە وتوومانن، بەکورتی ئاماژە بەچوار دەلالەتی یەکەمین رۆژنامەی کوردیی دەکەم:

یەکەم: مرۆڤ لەشەڕی بەرگریو مانەوەدا پێویستی بەزۆر هێزو پشتیوان دەبێت، ئەگەر بەر لەرۆژنامەی کوردستان جگە لەهەندێك شیعری مەزن، زیاتر دەستمان لەو شەڕانەدا بەکار هێنابێت، ئەوا دەتوانین بڵێین، ئەو رۆژنامەیە عەقڵ بوو بەکارمان هێنا. ئەگەر پێشتر جگە لەشیعر تەنها چیا دۆستی کورد بووبێت، رۆژنامەی کوردستان چیایەکی دیکەبوو میقداد بەدرخان بۆی خستینە پاڵ چیاکانمان.

دووەم: ئەگەر پێشتر خەونمان بەنەمرییەوە بینیبوو، رۆژنامەی کوردستان جیاواز لەوەی بەشیعر کردبوومان سەرەتایەکی باش بوو بۆ نەمرکردنی خەونەکانمان.

سێیەم: ئەگەر پێشتر هەمووشت تەنانەت قاموس-یشمان بەشیعر دانابوو ئەوا دەتوانین بڵێین رۆژنامەی کوردستان سەرەتای شۆڕشێکی باشی ( نووسینی پەخشانیی) بوو.

(نوسینی پەخشانیی)ش، هەم رزگارکردنی عەقڵی کوردیی بوو لەگەمارۆی کێشو سەروا، هەم رزگارکردنی شیعری کوردی بوو لەئیشگەلێك کەئیشی ئەو نەبوون.

چوارەم: ئەگەر پێشتر هەر ئەوەندەمان بۆکرابوو روحی نەتەوەکەمان کە -زمان-ەکەیەتی بپارێزین، رۆژنامەی کوردستان سەرەتای وەرچەرخانێکی باش بوو بۆ گەشەکردنی زمانەکان.

گەشەکردنی زمانیش بەنیسبەت نەتەوەیەکی وەکو ئێمەوە، کە لەبەردەمی هەڕەشەی لەناو چووندابوو ئامانجێکی مەزن بوو، کە نەدەکرا گوێی پێنەدرێت.

چونکە هەر نەتەوەیەك، با خاکو وڵاتەکەشی داگیرکراوبێت، هەتا زمان-ی داگیر نەکرێت نامرێت ! !

*رۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (386) 2001/4/22

## پەیکەرێکیش بۆ نالی

مرۆڤ وەکچۆن رۆژانە دیمەنی خەمهێن دەبینێتو پێوەی دەتلێتەوە، هەر ئاوهاش ئەگەرچی کەمترە (جاروبار ) ئیشی رۆحبزوێنی بەرچاو دەکەوێتو دڵی پێ دەکرێتەوە.

لەلاپەرە 8ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە (1758)دا هەواڵی شادکردنی رۆحی هەردوو شاعیری گەورەی کورد (سالموکوردی)م خوێندەوە.

کورد بەهۆی ئەو نەهامەتییانەوە کە هەمیشە لەگەڵیاندا ژیاوە، لە هەموو گەلانی دنیا زیاتر قەرزاری گەورە شاعیرەکانی خۆیەتی. زمان روحی نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەك زمانەکەی زیندوو بێت، خۆشی زیندوو دەبێت، ئەگەرچی خاکو وڵاتەکەشی داگیر کرابێت. شاعیرانی کورد هەمیشە قەڵای پۆڵایینی زمانی کوردی بوون. کورد شکستی گەورە گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهۆی شاعیرەکانەوە (بەتایبەتی لەدەورانی زوودا) زمانەکەی لەفەوتان رزگارکراوەو گەشەی پێدراوە. دوژمنانی کورد توانیویانە خاکو وڵاتی کوردان داگیر بکەن، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە زمانی کوردی بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، یەکێك لەگەورەترین رازەکانی مانەوەی کورد لەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە. شانازی گەورەش لەم بوارەدا بۆ گەورە شاعیرانی کورد دەگەڕێتەوە. کورد تا هەتایە قەرزاری شاعیرە مەزنەکانی خۆیەتیو هەرگیز ناشێت لەبیریان بکات. بەتایبەتی (سێکوچکە)ی شیعری بابان (نالیو سالمو کوردی)، چونکە ئەم سێ شاعیرە گەورەیە بەردی بناغەی (زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیی)ان داناوە. ئەم سێ شاعیرە گەورەیە شیعری کوردییان بردۆتەوە قۆناغێکی نوێوە. بەداخەوە حەزرەتی نالی، ئەو شاعیرەی کە شیعری خەڵکی لەنازکییدا بەشیعرەکانی ئەو نەدەگەیشت، گۆڕ غەریب بوو. قەدەر نەیهێشت سەیوان پێوەی شانازو

سەربەرز بێت. کەچی سالمو کوردی، ئەو دوو شاعیرەی دووری یەمەنیو یاقووت لەکەلامە شیرینەکانیان دەرباری، لەسینگی سەیواندا بێناز کەوتن. خەریك بوو گۆڕەکانیان ون دەبوون، بەڵام بەهیمەتو هەوڵی دڵسۆزان (کە بەهیوام هەمیشە نمونەیان زۆر بێت)، ئەم دوو گەوهەرە بەنرخە، لەفەوتان رزگار کران. من وەك کوردێكو وەکو ئەدەب دۆستێك بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پیرۆزباییو دەستخۆشی لە هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەم کە لەم کارەدا ئەرکیان کێشاوە.

لەکۆتاییشدا دەڵێم: خۆزگە بیر لەوەش دەکرایەوە کە لەشوێنێکی شایان بەخۆیدا پەیکەرێك بۆ حەزرەتی نالی دروستبکرایە!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ. ژمارە (1772) 1998/12/28

## لەیادی کامەران موکرییدا

پێشنیاز ناکەم پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێت

لەبیرمە بەر لەراپەرین، لەکۆڕێکدا کەبۆ یادی کامەران موکری شاعیر سازکرابوو، ئەستێرەی کچی وتی: ((شەوێکیان داوام لەباوکم کرد شیعرم بۆ بخوێنێتەوە، وتی: کچم نابێ رۆژبێتەوە؟!)).

دەشێت لێرەوە تێبگەین کەخەونی گەورەی موکری چیبووە، موکری لەگەڵ ئەوەشدا کەخاوەنی سەلیقەیەکی شیعریی باش بووە، لەوشاعیرانە بووە کەنەتەوە ئامانجی یەکەمو شیعر ئامانجی دووەمیانە.

وتویەتی: بۆئەوەی من بناسیت، دەبێت پرسیار لەکەلەپچە بکەیت، نەیوتووە پرسیار لەشیعر بکە.

یەکێك لەگەورەترین ئەو شانازییانەی بۆ موکری ماوەتەوە ئەوەبووە کە لەپشتی زۆرینەی شۆرشگێڕانی نەتەوەکەیەوە کێوێك لەشیعری ئەوهەبووە، ئەگەر وەکو پەشێو دەڵێت (لە کەناری هەر جۆگەیەکی ئەم نیشتیمانەدا گۆڕی سەربازێکی ون هەبێت)، لەدڵی زۆربەی سەربازە ونەکانیشدا کڵپەی شیعری کامەران موکری هەبووە.

رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین موکری زۆرترین کاریگەری لەسەر کۆنەستی شۆرشگێڕانی کورد هەبووە.

خەونی گەورەی موکری ئەوەبووە شەوی نەتەوەکەی کۆتایی بێتو رۆژی لێبێتەوە.

بەداخەوە ئەو رۆژەی نەبینی.

لەیادی 14 ساڵەی کۆچی دوایی ئەو شاعیرە شۆرشگێڕەدا، پێشنیاز ناکەم پەیکەرێکی بۆدروست بکرێت، بەڵکو پێشنیاز دەکەم پەیکەری خەونە گەورەکەی ئەو کەلەم رۆژبوونەوەیەی ئێستاماندا بەرجەستەبووە بپارێزرێت، چونکە یەکێك لەنەهامەتییە گەورەکانی ئێمە ئەوەیە:

ئەو شتانەی زۆر بە زەحمەت بەدەستیان دەهێنین، زۆر بەئاسانی لەدەستیان دەدەین..!

*رۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (310)2000/12/6

## ڕێزلێنانو ململانێی نەوەکان

بڕیاری ڕێزلێنان لەنووسەرانو هونەرمەندان، کە لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕۆژی 31\12\2002 پەسەندکرا، بڕیارێکی گرنگەو قسەوباسی زۆرهەڵدەگرێ.

شاعیرانی ئێمە بەتایبەتی لەدەورانی پێشوودا کەهێشتا ڕۆژنامەگەریو نووسینی پەخشانییمان گەشەیان نەکردبوو قەلأیەکی پتەوی پاراستنی زمانی کوردی بوون، کە لەوێوە خزمەتێکی گەورەیان بە پاراستنی نەتەوەکەمان کرد، چونکە نەتەوە باخاکوئاوو سامانەکەشی داگیرکرابێت تا زمانی پارێزراوبێت خۆشی پارێزراوە، دواهەناسەی نەتەوە لەگەڵ دواهەناسەی زمانەکەیدایە.

بەبڕوای نووسەرانێکی وەکو ڕۆسۆو ڤۆلتێرو مونتسکیو نەهامەتی ئەوکاتە دەستپێناکات کەدەمان چەوسێننەوە بەڵکو ئەوکاتە دەستپێدەکات کەهۆشیاری ئەوەمان نییە درك بەو چەوساندنەوەیە بکەین. نووسەرانو هونەرمەندانی ئێمە، هەریەك بەگوێرەی ڤۆناغی خۆیو لەسیاقی ئیشکردنی خۆیدا– بێگومان بەڕێژەو شێوازی جیاجیا– ئەو ڕۆڵەیان بینیووە. نووسەرانو هونەرمەندان دەتوانن ناسنامەی گەلو وڵاتەکانیان بن، زۆرجار بەرلەوەی پاشای وڵاتێك بناسین پاشای ئەدەبو هونەرەکەی دەناسین. بۆنموونە: زۆرمان بەر لەناسینی ڕەسول هەمزاتۆف نەماندەزانی وڵاتێك بەناوی داغستانو گەلێك بەناوی ئاڤار هەنو لەسەرئەم زەمینە دەژین. دیارە خەڵکیش هەن لەڕێگای خوێندنەوەی داستانێکی وەك مەموزینەوە، یان لەڕێگای بینینی فلیمی ڕێگاوە، یاخود لەڕێگای گوێبیستبوونی کۆنسێرتێکی کامکارەکانەوە زانیویانە میللەتێك هەیە بەناوی کوردو گەورەترین میللەتی بێدەوڵەتی سەرئەم زەمینەشە!! نووسەرانو هونەرمەندان دەتوانن سنوورو لەمپەرو دیوارو تەنانەت زەمەنەکانیش ببڕنو لەزۆربەی کاتو جێگاو شوێنەکاندا ئامادەیی کاریگەرانەیان هەبێت.

دەتوانن زەمینەی بیرکردنەوەی جیاوازو قبوڵکردنی یەکدی خۆشبکەنو سەردەستەی فرەڕەنگیو فرەدەنگی بنو ڕەقیب بن بەسەر دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگاوە. دەتوانن ڕۆحمان پاکژبکەنەوەو نەهێڵین لەمرۆڤبوونی خۆمان دووربکەوینەوە. دەتوانن لەزۆرینەی گۆڕانکاریو وەرچەرخانە مەزنەکاندا ڕۆڵی گەورەیان هەبێت، بۆیە دەرککردنی حکومەت بەڕۆڵی نوسەرانو هونەرمەندان، بێگومان داهێنەرەکەنیانو ڕێزنانی مادیو مەعنەوی لەو ڕۆڵە ئەگەرچی دواکەوتووەو دەبوو زووتر بکرایە، دەرککردنێکی دروستو پێویستە، چونکە بەڕاستی ئێستا ئێمە لەچرکەساتێکداین کەئیدی ناکرێت حکومەت (غادە ئەلسەمان وتەنی:

((تەنها کۆمپانیایەك بێت بۆ شاردنەوەی تەرمی داهێنەرانو ئەرکی خۆی لەیادکردنەوەی دوای مردنیاندا کورت بکاتەوە!)). بەبڕوای من بەشێکی زۆر لەگرنگی ئەم بڕیارە دەکەوێتە سەر میکانیزمی جێبەجێکردنەکەی، چونکە زۆر جار بڕیاری گرنگ دەردەکرێت، بەلأم دواتر لەکاتی جێبەجێکردندا بەئاقارێکی دیدا دەبرێت.

دەشێت بپرسین:

ئەو کەسانە کێن کە ئەرکی دەسنیشانکردنی داهێنەرانیان پێدەسپێرێتو پێوەرەکانیان بۆ داهێنان چین؟

بەجۆرو چۆنیەتیو ئەو رۆڵەی دەیگێرێت؟! خاڵێکیدی کە من بەگرنگی دەزانم بەتایبەت لەپێکهێنانی ئەو لیژنەیەدا کەساڵانە خەلآت بەداهێنەران دەبەخشێت مەسەلەی لەبەرچاوگرتنی نەوە جیاوازەکانە. چاکتر وایە ئەو لیژنەیە، یان ئەو کەسانەی راوێژیان پێدەکات لەهەموو نەوەکانیان تیدابێت، چونکە زۆر ئاساییە کە روانینو هەڵسەنگاندنی دوو نەوەی جیاواز بۆ داهێنان زۆر لەجیاوازی نەوەکان خۆیان زیاتربێت!

یەکێك لەلایەنە هەرە گەشەکانی دنیای داهێنان کە بەڵگەی زیندووبوونیەتی، ئەوەیە کە بەردەوام نەوەی نوێ پێوەرەکانی نەوەی کۆن دەشکێنێتو لە سووچو گۆشەی دیکەوە بۆشتەکان دەروانێت.

دەستخۆشی لەحکومەتی هەرێمو پیرۆزبای لەنووسەرانو هونەرمەندان دەکەمو بەهیوام میکانیزمی جێبەجێکردنی بریارەکە لەئاستی بریارەکەدابێتو بتوانێت هەم ئەو نائومێدییە بڕەوێنێتەوە کە هەندێك لەنووسەرانو هونەرمەندان دووچاری هاتوونو هەم خوێنێکی تازەش بزێنێتە گیانی داهێنان.

*ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە (319) 2003/1/9

## هەرزان فرۆشکردنی شیعر جۆرێکە لەتاوان

ناوەندی روناکبیریی ئێمەش وەك هەموو ناوەندە روناکبیریەکانی دیکەی جیهان، وەك چۆن دیاردەی جوانو دڵخۆشکەری زۆری تێدا بەرچاو دەکەوێت، هەر ئاوها دیاردەی دزێوو بێمانای زۆریشی تێدا بەدیدەکرێت. یەکێك لەو دیاردە دزێوانەی کە سەردەمانێکە لەنێوەندی روناکبیریی ئێمەدا دەبینرێت، بە جۆکەربوونی چەند ناوێکە، بۆ نموونە لەبواری شیعردا لەپراو هەر لەخۆوە چەند ناوێك کە بەدڵنیاییەوە زۆریان ناوە کاریگەرەکانی شیعری کوردی نین، دەبن بەجۆکەرو لە هەموو کۆڕەکاندا بەشداردەبن.

ئەم ناوانە لەفیستیڤاڵەکاندا میوانی فیستیڤاڵن، لەئاهەنگەکانی ئازادکردنی هەڵەبجەو هەورامانو کەرکوكو خانەقینو زۆربەی هەرە زۆری بۆنەکانی دیکەدا بەشدارنو شیعر دەخوێننەوە.

پێموایە هۆکارێکی گرنگی ئەم دیاردەیە کورتبینیو نەشارەزاییو تەمبەڵی ئەوکەسو لایانانەیە کە کۆڕەکان ڕێکدەخەنو بەرێوەیان دەبەن، لەوەدەچێت ئەم سەرپشتیاری کۆرانە چاویان زۆر کەم بڕیکاتو مەودای شارەزاییان لەشیعری کوردییدا زۆر کورت بێتو نەشیانەوێت خۆیان ماندووبکەنو بەدووی قەڵەمە جدییەکاندا بگەڕێنو بیانهێننە نێو کۆرەکانی خۆیانەوە، بەڵکو ئاسانترین ناوو خۆشدەسترین شاعیرو نزیکترین بنکە، یان دەزگا، هەڵبژێرنو زۆرترینی ئەوانەی لەو بنکەیە دەوامدەکەن، یان لەو دەزگایە کۆدەبنەوە بانگهێشت بکەنو بێئەوەی پێویست بەگەڕانو کارت ناردنو تەلەفۆنێکی زۆر بکات، کۆیان بکەنەوەو کۆرەکە پێبکهێننو پێشیان وابێ کۆرێکی زۆر سەرکوتوویان پێشکەشی خەڵك کردووە، چونکە

توانیویانە کەسانێك بهێنن شیعر بخوێننەوە، کە زۆرینەی دەزگاوولایەنەکانی دیکەش هەرئەوان داوەتی شیعرخوێندنەوە دەکەن.

ئەم ناوە بەجۆکەربووانە لەزۆربەی ئەو بۆنەو یادانەشدا کەرۆژنامەکان رێپۆرتاژیان لەسەر ئامادە دەکەن و لاپەڕەیان بۆتەرخان دەکەن بەشدارن و قسەیان هەیەو ناشێت ئەوان لەبیربکرێن.

دەمەوێت لێرەدا بڵێم: ئەگەر یەکجار پێویست بێت ئەوکەس و لایەن و دەزگایانەی کۆڕە شیعرییەکان رێکدەخەن، بەخۆیاندا بچنەوەو هەوڵبدەن خۆیان و کۆڕەکانیان لەو دیاردە دزێوە رزگاربکەن، ئەوا چەند جارێك لەسەر ئەو شاعیرانەی کە بەکاڵی و بەکوڵاویی و بەبرژاوی خۆیان پێشکەشی خەڵك دەکەن پێویستە بەخۆیاندا بچنەوەو ئەوەندە خۆشدەستانەو بێباکانە ئامادەیی بێقەیدوشەرت بۆ بەشداریکردن لەکۆڕە جیاجیاکاندا دەرنەبڕن و کارێك نەکەن کە وتیان کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە هەیە، یەکسەرو پێشئەوەی ناوی کەس ئاشکرابکرێت خەڵك بزانن ئەوانەی بەشدارن کێن و کێ نین. پێویستە ئەوناوە بەجۆکەربوانەر بیریان نەچێت ئەوان هەرچەند گەورەو بەتواناش بن، کە واش نین، تەنها ئەوان لەنێوەندەکەدا نین و خوێنەرو گوێگرەکانیش تەنها خوێنەرو گوێگری ئەوان نین.

جگە لەوە، پێویستە بیریان نەچێت کە هەرزانفرۆشکردنی شیعر جۆرێکە لەتاوان!!

*رێبازی ئەدەبو هونەر. ژمارە (302) 2003/10/28

## خۆزگە ئەوان کەمو

## ئەمان زۆر دەبوون

پێموایە کەس لاریی لەوە نییە کە یەکێك لەنیشانە هەرە زیندووەکانی هەر رۆشنبیرییەك (رەخنە)یە، بەڵام پێویستە بپرسین: کام رەخنە..؟!

بەداخەوە لەدنیای رۆشنبیریی ئێمەدا، لای (هەندێك) رەخنە بووە بەشاباشکردنی بیرو شاباشکردنی قسەی نازانستییو بێبناغە.

ئەو (هەند)ە، زۆر بەئاسانی بەرهەمو رەنجو ماندووبوونی خەڵك رەتدەکەنەوە، هۆی ئەمەش، بەلای منەوە، بۆ دوو راستی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ئەو کەسانە، نە رۆشنبیرییەکی گەورەو نەسەلیقەیەکی پاکژیان نییە.

دووەم: وەك پێویست نرخی بیروڕاکانی خۆیان و نرخی بەرهەمی خەڵکی دیکەش نازانن.

ئەمە وەك (هەند)، وەك (گشت)یش لەدنیای رۆشنبیریی ئێمەدا(هاندان) زۆرکەمە، ئێمە بە شێوەیەکی گشتیی چاوی بینینی کەمو کورتییەکانمان تیژو چاوی بینینی جوانییەکانمان کزە (ئەگەر کوێر نەبێت..!)

لای ئێمە، دەیان کاری جوان، یەك دەستگوشینی گەرموگوڕی بەدوادا نایەت. کەچی یەك درز لەکارێکدا دەیان رەخنەی نازانستییو بێبناغە دەوروژێنێت. پار لە چاوپێکەوتنێکی (محەمەدی حەمە باقی)دا، کەگۆڤاری (رامان) لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، شتێك زۆر سەرنجی راکێشام:

لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو نەوەیەی ئێستا چالاکی رۆشنبیریی دەنوێنێت، محەمەدی حەمە باقی دەڵێت:

– دەستەیەك لەوانە بەردەوام گۆڤارێكی فكریی خۆیانم بۆدەنێرن بەناوی(رەهەند)، من ئەو تەقەلا فكرییانە زۆر بەجیدی دەزانمو نامەم بۆ یەكێكیان نووسیی‌و تێیدا نووسیبووم: لەباتی ئەوەی دەستتان بگوشم دەستتان ماچ دەكەم.

ئەمسالێش لە چاوپێكەوتنێكی (كەریم دەشتی)دا، كەدیسان گۆڤاری(رامان) ئەنجامیداوە، برگەیەك زۆر رایگرتم، كەریم دەشتی لەباسكردنی ئەو چامانەدا كەدەكرێت بە نوێو رەسەن بژمێردرێن، باسی چامەیەكی (مەهدی سالح مەجید) دەكات، كەشاعیرێكی گەنجە.

بەلای منەوە ئەودوو رایە چەند گوزارشت لەگەورەیی برادەرانی گۆڤاری (رەهەند)و بەتوانایی(مەهدی سالح مەجید) دەكەن، دوو ئەوەندە گوزارشت لەگەورەیی‌و راستگۆیی (محەمەدی حەمە باقی‌و كەریم دەشتی) دەكەن.

بەلام ئاخۆ چەند سال جارێك بیروڕایەكی لەم جۆرەمان بەرچاو دەكەوێت؟! خۆزگە نموونەی ئەوان، مەبەستم ئەو –هەند–یە، كە لە سەرەتاوە باسمكرد، تادەهات كەم دەبوون‌و نمونەی ئەمانیش، مەبەستم –محەمەدی حەمە باقی‌و كەریم دەشتی–یە تادەهات زۆر دەبوون!.

تێبینی:

چاوپێكەوتنەكەی (محەمەدی حەمە باقی) لەژمارەی (24)ی گۆڤاری (رامان)و چاوپێكەوتنەكەی (كەریم دەشتی) لە ژمارە(35)دا بلاوكراونەتەوە.

*ئاسۆی رۆشنبیری، پاشكۆی رۆژنامەی دەنگی میللەت. ژمارە (2) 1999/8/1

# لەتیف هەڵمەت

## ئەوپیاوەی رەنگی وشەو كتێبی گرتووە

لەمێژووی هەموو میللەتێكدا شاعیرو نووسەری چاكو دلسۆز هەن‌و زۆریشن، بەلام هەمیشە ئەو شاعیرو نوسەرانەی كە بۆیەكجاریی ماڵەكانیان دەبەنە نێو وشەو كتێبەوەو بە رادەیەك عاشق‌و سەودازەدەی نوسین دەبن كەرەنگی وشەو كتێب دەگرن، زۆركەم‌و دەگمەنن، ئەمانە ئەگەر لەو جیهانەیان دووربخەیتەوە دەمرن.

ئەمجۆرە خاوەن قەڵەمانە ئامادەن بەدەروێشانەترین شێوەو لەسادەترین ژیاندا بژین‌و كەمترین دەسكەوتی مادییان هەبێت، بەلام بەمەرجێك دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسێت زۆرترین‌و جوانترین شیعرو نووسن پێشكەشی خوێنەرەكانیان بكەن. چونكە ئەمانە دلداری لەگەڵ وشەو شیعرو كتێب‌و تەنانەت خوێنەرەكانیشیاندا دەكەن.

هەمیشە ماڵەكانیان بەكتێب‌و گۆڤارو رۆژنامەو شیعرو نووسین‌و مەرەكەب‌و جوانی‌و سادەیی سیخناخن.

لەنێوەندی رووناكبیریی ئێمەدا لەتیف هەڵمەت یەكێك لە دیارترین‌و بەبرشترینی ئەو خاوەن قەڵەمانەیە.

ئەم پیاوە، وەك شاعیر، هیچ گومانو دوودڵییەك لەوەدا نییە کەشیعری کوردی دەتوانێت زۆرترین شانازیی پێوەبکات، لەپێشەنگە دیارەکانی شیعری نوێی کوردیی دوای (گۆران)ەو رۆڵو جێگاو کاریگەریی یەکەمین دیوانی، (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لەتازەکردنەوەی شیعری کوردییدا روونو ئاشکرایەو بەرهەمە جوانەکانی دواتریشی توانیویانە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندتر بکەنو زۆرترین مشتومڕو زۆرترین رەخنەگر لەخۆیان کۆبکەنەوە.

هەڵمەت جگە لەشیعر، زیاتر لەچارەکە سەدەیەك کاری رۆژنامەنووسیی کردووە وەرگێڕێکی بەسەلیقەو چالاکەو خاوەنی چەندین چیرۆکو شانۆگەرییەو خوێندنەوەی بۆ زۆرکتێبو نامیلکەی شیعریی کردووەو بایەخێکی باشیشی بەئەدەبی منداڵان داوەو لەم بوارەدا خەڵاتێکی جیهانیشیی بەدستهێناوە.

هەڵمەت تائێستا (34) کتێبی جیاجیای بەکتێبخانەی کوردی بەخشیوە، کە دواهەمینیان کتێبی (شیعر –خەنافس – تەنوورەی مینیجۆب)ە، کە کتێبێکی قەبارە گەورەی (403) لاپەڕەییەو لەسەرئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندووەو هەوڵییداوە ئەزموونێکی (30بۆ 35 ) ساڵی تیاچڕبکاتەوەو بەخوێنەرانی ببەخشێت.

ئەم کتێبە چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر شیعرو چیرۆکوشانۆو راگەیاندنو کەلەپورو زانستو دەروونزانیو دیاردەی کۆمەڵیەتیو سۆفیگەریو شتی دی لەخۆگرتووە.

پیرۆزەو بەهیوای سەرکەوتنی زیاتری هەڵمەتین.

*رێبازی ئەدەبو هونەر. ژمارە (28) 2003/9/30

## سانسۆرو ئازادی

مێژووی سانسۆر بۆسەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، سانسۆر بەجلوبەرگی جیاجیاو بە بیانووی جیاواز جیاوازەوە، وەك کۆسپێك لەبەردەم رۆشنبیراندا قووت کراوەتەوە.

هەندێجار سانسۆر گەیشتۆتە رادەیەك، لەیەك کاتدا مایەی پێکەنینو گریانیش بووە. بۆنمونە وەك لەنوسینێکی خیری منصوردا هاتووە:

(( لە سەردەمی ستالیندا، جدانۆف بڕیاریداوە هەر کتێبێك باس لە خۆشەویستی بکات تەنها دوو نوسخەی لێ چاپ بکرێت، یەکێکیان بۆشاعیرەکەو ئەوی دیکە بۆدڵدارەکەی.

ئەمەش بەبیانووی ئەوەی کە لە سەردەمی سەختی ئایدۆلۆژیادا، خۆشەویستی بەتەنها بەش ناکات...

بوڵام وەك کازانۆفا دەڵێت: ((جدانوف رۆیشت، وەلێ هەموو ئەوکتێبانەی قەدەغە کردبوون مانەوەو تادوای هەموو نەوەکانی جدانۆفیش دەمێننەوە)).

لای خۆشمان لە زووەوە کورد سەختترین شێوەی سانسۆری لەسەربووە، تەنانەت زمانەکەشی لێ قەدەغەکراوە.

ئێستا لەکوردستاندا لەدوای راپەڕینو لەگەڵ هەستکردن بەئازادییەکی تا رادەیەك باشدا، جارو بار لێرەو لەوێ، هەست بەجۆرە سانسۆرێك دەکرێت.

من دەمەوی لێرەدا بپرسم:

*ئاخۆ پاساو بۆ هەبوونی سانسۆر ماوە؟

*ئاخۆ ئازادیی ترسناکە یان ترسان لەئازادیی؟

*ئاخۆ ئیحەسان عەبدولقەدوس باشی بۆ نەچووە کەدەڵێت:

((ئەگەرئازادی مەترسی لێبکەوێتەوە، چارەسەری بەئازادی زیاتر دەکرێت؟!)).

*رۆژنامەی ئالآی ئازادی. ژمارە (382) 2000/9/17

رەخنەی کوردی

لەنێوان گواستنەوەو نووسیندا

لەدنیای ئەدەبی کوردییدا بەگشتیو بواری رەخنە بەتایبەتی، برێك قەڵەم هەن، (کە قەڵەمی ناسراوو بەناو بانگیشیان تێدایە)، وەختێ نووسینەکان دەخوێنێتەوە هەستدەکەی بابەتێکی وەرگێردراوت خوێندۆتەوە، نەك نووسینێکی کوردیی.

ئەمەش دیاردەیەکە، لەسەروەستانو گفتووگۆ هەڵدەگرێ.

وەك (پۆل ڤالیری) دەڵێ:

((شێر بریتییە لەو مەڕو بەرخانەی کە دەیانخوات)).

رووناکبیریی هەموو نووسەرێکیش، جگە لەئەزموونی ژیانی خۆی، لەخوێندنەوەی بەرهەمی خەڵکانی دییەوە، دروست دەبێت.

بەلآم خاڵێك هەیە زۆر گرنگە:

تۆ خۆت لەناو خەڵکدا، یان خەڵك لەناو خۆتدا، دەتوێنێتەوە ؟!

گاندی وتویەتی:

((من دەرگاو پەنجەرەکانی ژوورەکەم بۆ هەموو –با–یەك دەکەمەوە، بەلآم رێگە بەهیچ –با–یەك نادەم سەقفی ژوورەکەم هەڵتەکێنێ)).

مایەی نیگەرانییە ئەو برە قەڵەمەی نێو دنیای رەخنەی کوردی هەندێکیان هەرلە بناغەوە (سەقف)یان نەبووەو هەندێکیشیان نەیانتوانیوە سەقفەکانیان بپارێزن !

قەڵەم هەیە دوای ساڵانێکی زۆر لەنوسینو بلآوکردنەوە، تائێستا نەیتوانیوە دەقێك هەڵبسەنگێنێت.

چونکە لەراستییدا ئیشی ئەو (گواستنەوە)یە، نەك (نووسین)، پێویستە جیاوازیی لەنێوانی نووسینو گواستینەوەدا، بکرێت.

هەقە ئەو قەڵەمانە لەسەر بەرهەمەکانیان بنووسن:

وەرگێڕان، یان ئامادەکردنی: (فلآن).

نەك نووسینی (فلآن).

*رۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (149) 1999/9/25

## بۆ لە بیروڕای جیاواز دەسڵەمینەوە؟!

برادەرێـك، كەلێپرسـراوی لاپـەڕەی –ئـەدەب–ی یـەكێك لەرۆژنامـە ئازیزەكـانی كوردسـتانە، لـەوەڵامی چـاوپێكەوتنێكی فەیلەسـوفی نەمسـاوی(تۆماس برنهـاد)دا، كـەمن وەرمگێڕابـوو، وتـی لەبەرئـەوەی تۆمـاس برنهاد زۆر رەشبینە، ئەو بابەتە بڵاوناكەینەوە.

وتم: بەڵام، من واتێدەگەم كە وەرگێڕان بەرلەوەی بۆ تەئیدكردنی خەڵك بێت بۆتێگەیشتنە لەخەڵك.

جگە لەوە موحاسبەكردنی فەیلەسوفێكی وەكو برنهارد لەلایەن كەسـانی وەكـو مـنو تـۆوە كارێكـە زۆر مایەی پێكەنینە.

من پێشموانیە رۆژنامەیەكی زیندوو هەبێت، تەنها ئەو شتانە بڵاوبكاتەوە كـە لەگـەڵ بیروبـاوەڕی خۆیـدا دەگونجێن. مەگەر نابینی زۆربەی هەرەزۆری رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەكان دەنووسن:

(جگـە لەسـەروتار هـەموو بابەتـەكانی دی گوزارشـت لـە بـیروڕای خاوەنـەكانیان دەكـەن)، مەگـەر ئـەم سەردەمە سەردەمی بیروڕای جیاواز نییە؟!

بەهەرحاڵ..

مشتو مڕێكی زۆرمان كردو بێسوود بوو.

دوای یەك دوو مانگ نوسینێكی ئەو برادەرەم خوێندەوە، لەجێگایەكدا دەڵێت:

(یەكێك لەخاڵە لاوازەكانی ئەدەبی كوردیی، قەبوڵنەكردنی رەخنەیە، قەبوڵنـەكردنی بـیروڕای جیـاوازیی یەكترییە).

ئەمەش بەنسبەت منەوە مایەی پرسیارێكی لەمجۆرە بوو:

ئاخۆ ئەو برادەرە كامیانی بەڕاستە؟

ئاوات دەخوازم، قبوڵنـەكردنی بـیروڕای فەیلەسـوفێكی وەكـو (برنهـاد)ی بەگاڵتـە بووبێـتو قبـوڵكردنی بیروڕای جیاوازی یەكتری، بەراست بێت!

*رۆژنامەی هەرێمی كوردستان. ژمارە (195) 2000/4/10

## بەشی پێنجەم:

# دیدارو چاوپێكەوتن

# لـە وڵاتێکـدا کوشـتنی مرۆڤـەکان ئاسـایی بێـت، چـۆن کوشتنی وشەکان ئاسایی نابێت؟

ئامادەکردنی: ئیدریس عەلی

رونکردنەوە: خوێنەر خۆشەویست ئەمەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، تەوەرێك بوو لەسەر رەخنە، کـە ئیـدریس عەلی بۆ گۆڤاری ئایندەی ئامادەکردبوو.

ئەو کەسانەی لەو تەوەرەدا بەشدار بوون: رەفیـق سـابیرو عەبـدوڵا تـاهیر بـەرزنجیو ئـارام کاکـەی فـەلاحو غەفور ساڵحو من.

ئەم تەوەرە لـە ژمـارە 75 ی گۆڤـاری ئاینـدەدا بڵاوکراوەتـەوەو من لێـرەدا تـەنها پرسـیارەکانی ئاینـدەو وەڵامەکانی خۆمم نوسیوەتەوە.

***

پرسیار: بەشداربنەکردنی رەخنە لەپرۆسـەی ئەدەبییـدا کاریگـەری نێگـەتیفی لەسـەر رەوتـی گەشـەکردنی ئەدەبییمان داناوە.. بەو مانایەی لە غیابی رەخنەی جیدیدا تێکستی ئەدەبی جوانو کرچو کاڵ لە تەرازووی یەك ئاستدا پێوانە دەکرێنو دەخرێنە دەخرێنـە بـەر تیشـکی خوێندنەوەوە...بـەدەر لـەو بابـەتو نوسـینە سازشکارانەی کە لە رابردوو و ئێستادا کراون، ئایا ئێمە ژانرێکمان هەیە بە ناوی رەخنەوە؟

ئەگەر هەمانە کامەیەو لە چ ئاستێکدایە؟

یاخود ئەگەر ئێمە خاوەنی ژانرێکین بە ناوی رەخنەی ئەدەبییەوە تا چەند توانراوە ئاوڕ لە دەقە نەمرەکان بدرێتەوەو جیاکارییەك لە نێوان دەقی باشو خراپدا بکرێت؟

وەڵام: بـەبروای مـن بـۆ تێگەیشـتن لەهـەر شـتێك پێویسـتمان بـە تێگەیشـتن لـە باکگراونـدو فاکتـەرە کاریگەرەکانی ناو ئەو شتەو چوار دەوری ئەو شتە دەبێت.

پێویستە بپرسین ئاخۆ ئێمە خەڵکانێکی ئاساین؟

سیستمێکمان هەیە ژیانمان رێکبخات؟

مێژوویەکمان هەیە خۆمان پاڵەوانی خاوەن ئیرادەی بین؟

ئیرادەیەکمان هەیە ئینتیمامان بۆ نیشتیمانو بۆ خۆمان بەهێز بکات؟

ئێمە تا ئێستاش دەوڵەتێکمان نییە لە ئامێزی خۆیدا گەرممان بکاتەوە !

ئاینێکمان نییه لەدەوری خۆی کۆمان بکاتەوە !
من بیرمە ساڵی 1993 لە شاری تەبرێز، لە ئێران، برادەرێکم ناسیو پێنج شەش رۆژێك بەیەکەوە بووین ، ئەو برادەرە لە ماوەی ئەو پێنج شەش رۆژەدا چەند جارێك بە حەسرەتەوە دەیوت: ((کورد بەدبەختە، بزانە لەم شارە گەورەیەدا کوردێك دەبینی بۆ دوو شت نەهاتبێت:کارگەری، یان نەخۆشی؟)).
من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەڵی کورد بەدبەختەو نەك هەر بە تەنها رەخنە، بە دەگمەن شتێکی هەیە لە شتی خەڵك بچێت.
ئێمە هەموو شتێکمان شێواوە، کە من پێموایە ئەمەش پەیوەندی قووڵی بە مێژووی ئێمەوە هەیە کە مێژوویەکی شێواوە.
ئێمە کەوتوینەتە نێوان کۆمەڵێك دەوڵەتی دژ بە یەكو دژ بە ئێمە، کە جگە لەوەی هەر جارەو بە بیانوویەکەوە خاكو ئاویان داگیرکردووین، شەڕو ئاشتیشیان لە نێوانی خۆیاندا لەسەر حسابی ئێمە بووە.
کە شەڕیانکردووە تۆپەکانیان کەوتوونەتە نێو ماڵی ئێمەوەو کە ئاشتیشیانکردووە لەسەر تەرمی ئێمە کردوویانە.
وەزعی ناوخۆشمان لە وەزعمان لەگەڵ دوژمنەکانمان باشتر نەبووە.
ئێمە خەڵك کەناڵی ئاسمانیمان بۆ دادەمەزرێنێتو خۆمان تالآنی دەکەین!!
من بە تەحەداوە دەڵێم رۆژ نییە لەم وڵاتەی ئێمەدا مرۆڤێك یان زیاتر نەکوژرێتو کەسیش نییە بە جیدی بە شوێنی ئەو هەموو خوێنە بەناحەق رژاوانەدا بڕواتو کار بۆ راگرتنیان بکات.
لە وڵاتێکدا کوشتنی مرۆڤەکان ئاسایی بێت، چۆن کوشتنی وشەکان ئاسایی نابێت؟
لە کۆمەڵگایەکدا بێدەنگیکردن لە سەربڕینی دایكو خوشکەکانو ئەتککردنی ژنەکانو لە چاڵخستنی براکان (یوسفەکان) دڵێك دانەخورپێنێت، چۆن چۆنی بێدەنگیکردن لە شیعرێکی شیرین، یان چیرۆکێکی نازەنین، یاخود رۆمانێکی دڵنشین، دڵەکان دادەخورپێنێت؟
بە راستی ئێمە لە ناو سەرگەردانییەکی گەورەدا دەژین، کە رەخنەی ئەدەبیشمان لەو سەرگەردانییە بەدەر نییە.
رەخنەکانیشمان لە شەقامو جادەکانمان دەچن.
جگە لەهەموو ئەو شتانە، هۆیەکی دی کە رەخنەی ئێمە رەخنەیەکی لاوازە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مێژووی رەخنە لای ئێمە سەرباری ئەوەی مێژوویەکی کەمو کورتە، مێژوویەکی دەسبەتاڵیشە.
زۆرێك لەو کارانەی بە ناوی رەخنەوە بە ئێمە فرۆشراون، جگە لە باسکردنی ژیانی خاوەن دەقو دروستکردنی ئەفسانەو بەسەرهات بۆ خاوەن دەقو جگە لەلێکدانەوەی کۆمەڵێك وشەو گێڕانەوەیەکی دیکەی دەق بە زمانێکی دی کە بەدەگمەن نەبێت نەگەیشتۆتە ئاستی زمانی دەقەکە، شتێکی دیکە نەبووە.
مێژووی پچڕپچڕی رۆژنامەگەرییشمان هۆکارێکی دیکەی لاوازی رەخنەکانمانە. چونکە رۆژنامەو گۆڤارەکان، بە باشو بە خراپ، کاریگەریی بەسەر رەخنەوە جێدەهێڵن.
نەبوونی چاپخانەو بازاڕێکی گەرمی کتێبیش، دوو هۆکاری دیکەن.
ئێمە تا ئێستاش چوار چاپخانەی زۆر باشو پێشکەوتوومان نییە.
تا ئێستاش کتێبێك 500 نوسخەی لێچاپدەکرێتو دەشمێنێتەوە.

سەرباری هەموو ئەم نەهامەتییانەش نووسەری ئێمە، مەگەر بەدەگمەن، خۆی بۆ کارەکەی تەرخان ناکاتو دڵداری لەگەڵ کارەکەیدا ناکات.

کوا ئێمە چەند کەسمان هەیە کاری یەکەمو سەرەکیی رەخنە بێتو نازناوی رەخنەگریی بە هیچ نازناوێکی دی نەگۆڕێتەوە؟

ئیدی لە دۆخێکی وادا رەخنەش وەزعی لەوە باشتر نابێت کە هەیە.

***

لە راستیدا، من بڕوام بە هیچ چارەسەرێکی ئامادەکراو بۆ هیچ کێشەو قەیرانێك نییە.

هەر کێشە یان قەیرانێك کە دروستدەبێت، چەندین هۆکارو هێزو فاکتەری جیا جیا کاری تێدەکەنو وەختێکیشیان دەوێت تا ئەو کێشە یان قەیرانە دەخەملێنن.

کارابوونی رەخنە شتێك نییە بە بڕیار یان بە پێشنیاز دەستەبەر بکرێت، بەڵکو وەکو چۆن دروستبوونی قەیرانی رەخنە پەیوەستە بە چەندین هۆکارو فاکتەری دیکەوە، چارەسەریشی بەهەمان شێوە پەیوەستە بە چەندین هۆکارو فاکتەری دیکەوە.

یەکێك لەو شتانەی کە رەنگە هەنگاوێکی باش لە چارەسەری ئەم قەیرانە نزیکمان بکاتەوە، گێڕانەوەی حورمەتە بۆ خودی مرۆڤەکانو پاشان بۆ بەرهەمەکانیان، کە هەم دەقو هەم رەخنەش لەو بەرهەمانەی مرۆڤن.

ئێستا ئێمە لە ناو پاشاگەردانییەکی گەورەدا دەژینو بەداخەوە لە بری ئەو سککەی شەمەندەفەرەی لە ناو خەونەکانی ئەحمەد موختار بەگی جافدا دەچووە شاخی هەورامانەوە، نەمانتوانیووە رێگاوبانە سەرەکییەکانی ناو شارەکانمان چاکبکەین، نەمانتوانیووە کۆڵانی گەڕەکەکانی ناو شار قیرتاو بکەین.

ئاخر شاخی هەورامان لە کوێو کۆڵانێکی سەرکارێز، یان سەرشەقام، یان بەکرەجۆ لە کوێ؟

سککەی شەمەندەفەر لە کوێو قیرتاوکردنی کۆڵانێك لە کوێ؟

بەبڕوای من تا خۆمان لە ناو ئەم دۆخە ترسناکەدا بین حاڵی رەخنەو حاڵی هیچ بوارو کایەو چالاکییەکمان لە ئاستی پێویستدا نابێت.

جگە لەم دۆخە گشتییە، وەکو تاکیش ئەو دڵسۆزییو پەرۆشییو عەشقەی بۆ هەر کارێکی جیدی پێویستە، لای ئێمە یان هەر نییە، یان لاوازە.

ئێمە خەڵکمان هەیە دە دیوانی بە وردی نەخوێندۆتەوە، کەچی قسە لەسەر تێکڕای شیعری کوردیی دەکات.

خەڵکمان هەیە جگە لە زمانی کوردی یەك زمانی دی نازانێت، کەچی هەوڵدەدات ئاستی شیعری کوردی لە ناو شیعری جیهاندا دەستنیشانبکات.

رەخنەگریشمان هەیە هەوڵی باشدەدات، کەچی لە ناو هەوڵە باشەکەیدا لە پڕ بۆچوونێکی سەیر دەردەبڕێت، کە مرۆڤ دووچاری حەپەساندەکات.

بۆ نموونە: لەو ماوانەی پێشوودا وتاری یەکێك لە رەخنەگرەکانی خۆمانم لەسەر نالی خوێندەوە، کە رەخنەگرێکی باشیشە، کەچی لە شوێنیکدا نوسیبووی: (( لە رێگەی کێشی عەرووزەوە کە تا ئەو ساتە بۆ زمانی کوردی تاقی نەببوەوە دژی کێشی برگەیی کە تا ئەو کاتە ببوە بنێشتە خۆشە، هەڵساو –مەبەستی

نالییە– پێشانیدا زمانی کوردی نەك تەنیا ئەو توانایەی هەیە بەڵکو خۆی گوتەنی ئەتوانی موڵکی ئەوانیش داگیر بکا)).

ئەمەش بە راستی سەیرە رەخنەگرێك لە بارەی شیعری کوردییەوە بنووسێتو نەزانێت کە یەکەمین شیعری ئێمە –ئەوەی مابێتەوەو نەفەوتابێتو بە دەستی ئێمە گەیشتبێت– کە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانییە، بە کێشی عەرووز نوسراوە.

جگە لەویش شیعرەکانی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی، بە داستانی مەمو زینیشەوە، بەکێشی عەرووز نووسراون.

من نازانم کوان ئەو شیعرە کوردیانەی بەر لە نالی بە کێشی برگە نووسراون؟

کەیو لە کوێو لای کام شاعیرانەی کورد کێشی برگە بووە بە بنێشتە خۆشە؟

ئەوەی هەیەو نییە ئەو شیعرانەن کە بەشێوەزاری هەورامیی نووسراونو ئەوانیش زۆربەی هەرە زۆریان دوای نالی نوسراون.

شانازیی گەورەی نالی لەوەدا نییە کە بە کێشی عەرووز شیعری نووسیووە، چونکە ئەوە شتێکی باو بووەو بە کاریگەریی ئیسلامو شیعری عەرەبیو فارسیو تورکی، کە نالی خەونی بەوەوە بینیووە بە دیوان هەرسێکیان بگرێت، ئەو کێشە بۆلای شاعیرانی وەکو بابا تاهیرو مەلای جزیریو خانیو پاشان بۆ لای نالییش پەڕیووەتەوە.

هەمووومان دەزانین کێشی عەرووز کێشێکی عەرەبییەو بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەوە چۆتە ناو شیعری فارسیو تورکیو کوردییشەوە.

سەرچاوەی خوێندنو رۆشنبیریی نالییش، هەم وەك مەلایەكو هەم وەك شاعیرێك، بە پلەی یەك زمانی عەرەبیو فارسیو تارادەیەکیش تورکی بووە.

ئەمەش وا دەکات پەنابردنی نالی بۆ کێشی عەرووز کارێکی زۆر لە ئاسایی ئاساییتر بێت.

شانازیی گەورەی نالی، جگە لەوەی وەکو شاعیر یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی ئێمە، بۆ ئەو زمانە یەکگرتووە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ سالمو کوردیدا، پێکەوە درووستیانکردو شاعیرانی دواتریش پەرەیان پێداو دەوڵەمەندیان کردو ئەوەتا ئێستا منو تۆش پێیدەنووسین.

من لێرەوە دەمەوێت بڵێم:

ئەم بێدەربەستییە لە دەربڕینی هەندی بۆچووندا، کە وردبوونەوەیان تێدا نییە، هۆکارێکی دیکەی ئەو دۆخە خراپەی رەخنەیەو بۆ رزگاربوون لەو دۆخە پێویستمان بە دوورکەوتنە لەمجۆرە بیروڕاو بۆچوونانە هەیە.

رەنگە بایەخدانی زیاتری رۆژنامەو گۆڤارو ئەو دەزگایانەش کە کتێب چاپدەکەن، بە رەخنە، هۆکارێکی دیکەی باش بێت بۆ رزگاربوون لەو دۆخە قەیراناوییەی کە رەخنەی ئێمەی تیادەژی.

دەشێت سازدانی فیستیڤاڵی تایبەت بە رەخنەو تەرخانکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنیی تایبەت بە رەخنەو خەڵاتکردنی رەخنەگرە باشەکانو ئاوڕدانەوە لە کارە جیدیەکانیان، کە زۆر کەمیشنو ئەرکێکی زۆریشیان ناوێت، دیسان هۆکارگەلێکی دیکەی باشبنو یارمەتی دەربازبوونی رەخنە لەو دۆخە بدەن.

***

ئـەوە راسـتەو دیسـان هـەر پەیوەنـدی بـەو شـتانەوە هەیـە کـە لـە وەڵامـی پرسـیارەکانی پێشـوودا روونمانکردنەوە.

وەلی حەز دەکەم بزانیت ئەوە هەر دەقی جوانو ناشیرین نییـە کەتێکـەڵاوی یـەکتر بـوونو کـەس نییـە لـە یەکیان جیابکاتەوە.

رەخنە خۆشی بەهەمان دەرد دەچێتو کەس نییە یان راستتر زۆر کەمن ئەوانەی کە رەخنەی بـاشو خـراپ لە یەکدی جیادەکەنەوە.

من پێشتریش پێموتی ئێمە هەموومان بە شاعیرو بە چیرۆکنووسو بە رۆماننووسو بە شـانۆنامەنووسو بـە رەخنەگرو بە هەمووماتەوە لە ناو سەرگەردانییەکی گەورەدا دەژین.

رۆژگـارو سـاڵگارو هـەوڵو مانـدووبوونو دڵسـۆزییو راسـتگۆییو ئازایەتییـەکی زۆرمـان دەوێـت تـاکو لـەم سەرگەردانییە دەرباز دەبین.

***

خۆی لە راستییدا گەنج، یان ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای ئەزموونی شیعرنووسـیندان، درەنگـتر رووناکییـان دەخرێتەسەرو دنیاکەیان ئاشکرادەکرێت.

لێرەدا مەبەستم ئەو شاعیرانەیە کە بە راستی خاوەنی دنیای خۆیانو دوای ئاپۆرەو دەهۆڵو زوڕنای خەڵك نەکەوتوون.

ئیدی ئەو دنیایە تا چـەند گەورەیـە، یـان بچـوکە، تـا چـەند لەگـەڵ ئێمـەدا یەکدەگرێتـەوە، یـان تـا چـەند لەگەڵماندا پێچەوانە دێتەوە، کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە دنیای تایبەتی ئەو شاعیرە خـۆی بێـتو بـە راسـتی خۆشی بوێتو ئینتیمایەکی راستەقینەی بۆی هەبێت.

مـن لـە بۆنەیـەکی دیکەشـدا وتوومـە: کوخێـك کـە بەڕاسـتی هـی شـاعیرێك خـۆی بێـتو بـە نـاوی ئـەوەوە بناسرێتەوە، لە گەورەترین کۆشکێك باشترە کە هی ئەو نەبێتو بە ناوی خەڵکی دیکەوە بناسرێتەوە.

خۆڵی خۆی لە زەعفەرانی خەڵك، بۆ ئەو گرنگترە.

ئێمە بە راستی لە نێو گەنجەکاندا شاعیری لەو جۆرەمان کەمە.

قەدەری ئەو کەمەش هەمیشە وابووە، کە پاش ساڵانێکی زۆر لە نووسین، ئینجا خوێندراونەتەوەو قسـەیان لەسەرکراوەو هەوڵی ئاشکراکردنی دنیاکانیان دراوە.

هەندێجار ئەسڵەن هەر نەخوێندراونەتەوەو رەخنە توخنیان نەکەوتووە.

من دەتوانم لێرەدا یەك نمونەت بـدەمی: لـە سـاڵی 1973دا گۆڤـاری بـەیان ژمارەیـەکی خـۆی بـۆ شـیعری گەنجەکانی ئەو کاتە تەرخانکردووە.

یەکێك لەو شیعرانەی لەو ژمارەیەدا بڵاوبۆتەوە شیعرێکی سەلام محەمەدە، کە ئەو کاتـە تەمـەنی 19 سـاڵ بووە.

ئەو شیعرە تا ئێستاش یەکێك لە جوانترین قەسیدەکانی ئێمەیـە، کەچـی 34 سـاڵی بەسـەردا تێپـەڕیووەو جگە لەوەی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، هەر لە ناو ئەو ژمارەیەدا شـتێکی لەسـەر هـەموو شـیعرەکان نوسیووەو چەند قسەیەکی لەسەر ئەو شیعرەش کردووە، تا ئێستا، ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، کە زۆریشم مەبەست بووە ئاگام لێبێت، بە یەك تاقەدێڕیش باسی ئەو شیعرە نەکراوە.

ئاوڕنەدانەوە لە شاعیری گەنج جگە لەوەی پەیوەندی بە نەبوونی روحی هاندانەوە هەیە، پەیوەندیشی بە لوتبەرزی هەندێك لە رەخنەگرەكانەوە هەیە.
هەروەها تەمبەڵیی رەخنەگریش هۆكارێكی دیكەی ئەو دیاردەیەیە، لەبری ئەوەی خۆی ماندووبكات و هەوڵێكی زۆر بدات تاكو دنیای شاعیرێكی تازە ئاشكرا دەكات، دەست بۆ شاعیرێك دەبات كە خۆماندووكردنی ناوێت.
پەیوەندی بە جورئەتیشەوە هەیە، چونكە بەڕاستی نووسین لەسەر شاعیرێك كە هێشتا نازانرێت رادەی پێشوازیی خوێنەر لە شیعری ئەو تا چەندە، گرانترو سەختترە وەك لە نووسین لەسەر شاعیرێك كە رادەی پێشوازیی خوێنەر لە شیعری ئەو ئاشكراو لەبەرچاوە.
***
رەنگە زۆر زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم هەموو جۆرە رەخنەیەك هەبووە.
وەلی بە دڵنیاییەوە كەمترینودەگمەنترین جۆری رەخنە لە مێژووی رەخنەی ئێمەدا، ئەو جۆرەیان بووە كە پشتی بە تیۆرەكانی رەخنە بەستووەو مەنهەجیەتی كاری رەخنەی لەبەرچاوگرتووە.
زۆرترینی ئەو نووسینانەی دی كە بەناوی رەخنەوە بڵاوكراونەتەوە، پەیوەندییان بە جۆرەها ئیعتیباراتی وەكو برادەرێتی و دەستەگەریی و ناوچەگەریی و ئایدیۆلۆژیای هاوبەش و زۆر شتی دیكەوە هەبووە.
كاتی خۆی شێركۆ بێكەس وتبووی: تۆ پێم بڵێ كی لەسەر كێی نووسیووە، من پێتدەڵێم چۆنی نووسیووە.
بە داخەوە، ئەم قسەیە بۆ ئێستاش هەر راستە.
***
تێبینی: لەڕاستییدا ئەو پرسیارانەی لای من بوون و من وەڵامم دانەوە ئەم پرسیارانە نەبوون كە ئێستا لێرەدا نوسراونەتەوەو لە ئایندەشدا بڵاوبونەتەوە.
ئەوانەی من وەڵامم دانەوە چوار پێنج پرسیاری دیكە بوون، كە لەم پرسیارانەوە نزیك بوون وەلی ئەمانە نەبوون، لەبەر ئەوە هەست بەجۆرێك دابڕان لە نێوان پرسیارو وەڵامەكاندا دەكرێت.
نازانم پرسیارەكان بۆچی گۆڕانیان بەسەردا هات؟

*گۆڤاری ئایندە. ژمارە (75) ساڵی 2007

دیدار لەگەڵ ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ

# عەشق جوانترین گەمەی خۆخەڵەتاندنە كە مرۆڤ تاقیكردبێتەوە

ئامادەکردنی: ڕێزە حوسێن

محەمەد کوردۆ ساڵی (1971) لەچەمچەماڵ هاتۆتە دنیاوە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییەو لەساڵی (1984)ەوە دەنووسێتو یەکەمین شیعری لەساڵی (1988) بەناوی (شەوو هۆنراوەو دڵی عاشقێ) لەپاشکۆی عیراقدا بڵاوکردۆتەوە، ساڵی 1991 (خورپەی ناخ)ی بەچاپگەیاندووە کەلەئەدەبی کوردیدا یەکەمین ناملیکەی شیعری بەرباخەڵ بووە.

ساڵی 1992 لەگەڵ سیروان ڕەحیمو فایەق نامۆ یوسف لەتیفدا کتێبێکیان بەناوی (هۆرەی قەلا)ەوە بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی (1999) (چرپەی دڵ)ی بەچاپ گەیاندووە کەدیسان ناملیکەی شیعری بەرباخەڵە.

* محەمەد کوردۆ چۆن لەعەشق دەڕوانێت، چ پێناسەیەکی هەیە بۆی؟

– ژیان لەوەتەی هەیە نارێکیو بێمانایی بەرهەمدێنێ، تەماشاکە هەموو ئەوەی تۆی کۆی دەکەیتەوە، ئەو لەچاوتروکانێکا بڵاوی دەکاتەوە ئەوەی تۆ بونیادی دەنێیت ئەو دەیڕوخێنێت، سەری ئەو سەری هەموو ڕێگاکان دەچێتەوە لای مردن. مرۆ گەردێکی بچووکە لەنێو دنیایەك هێزی گەورەو وێرانکەردا، مشتێ چڵوچێوە لەنێو جیهانێکی گەورەی نارێكو بێمانادا، مرۆ گیاندارێکی ناسكو حەپەساوە، لەهەموو لایەکەوە بەمەترسی دەورەدراوە، بەبڕوای من عەشق باشترین ڕێگەیە بۆ لەبیربردنەوەی ئەو مەترسیونارێکیو بێماناییانە، بەکورتی عەشق جوانترین گەمەی خۆخەڵەتاندنە کەمرۆ تاقیکردبێتەوە هەروەها کۆنترینیانە، مرۆ بەرلەهەموو شتەکانی دی عەشقی تاقیکردۆتەوە، لەوە دەچێ سروشت هەر لەئەزەلەوە مرڤەکانی بەعەشق بارگاوی کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بەژیان بدەن، وەك چۆن دەرهێنەرێك لەکاتی ئامادەکردنی فیلمێکدا لەگەڵ ئەوەش کەبڕیاری کوشتنی پاڵەوانەکەی داوە، حیلەی خۆرزگارکردنو بەرگە گرتنیشی فێردەکات، بۆ ئەوەی فیلمەکە بەر لەوادەی خۆی تەواو نەبێت.

* تۆ لەشیعرێکدا دەڵێی (خەم سەری مرۆڤە خەمبارەکان دەڕوتێنێتەوەو پایز سەری دارەکان) بۆچی خەم سەری مرۆ دەڕوتێنێتەوە؟

– خەمەکان هەر سەری مرۆڤەکان ناڕوتێننەوە، سەریشیان دەخۆن!، بەڵام هەندێك خەم هەن شیرینن، هەندێکیان جۆرێك لەجوانیو نازەنینییان تێدایە..

بۆنموونە خەمەکانی عەشق زۆرجار لەگەڵ ئەوپەڕی سەختیشیاندا جوانیو شیرینی خۆیان هەیە!

*لەشیعرێکدا بەئافرەتت وتووە (گەرسۆزی تۆ نەبوا ئەم ژینە بێ مانگو ئەستێرەو خۆر ئەبوو)، ئاخۆ هەموو جوانییەکی ئافرەت دەبێتە هەوێنی شیعر؟ یان بابڵێین، هەموو جوانییەکی ئافرەت سەرنجی پیاو رادەکێشێ؟

–نەخێر هەموو جوانییەك نابێتە هەوێنی شیعر، بەڵکو زۆرجار لەنێو هەزاران ژندا کەدەشێت زۆریشیان جوانبن، یەکێکیان سەرنجت رادەکێشێتو دەتوانێت ئەندامە نووستووەکانی دڵو رۆحو جەستەت بەئاگابێنێتەوەو زاکیرەت داگیر بکاتو بتخاتە سەر هەوای خەوبینینو نووسینو گۆرانی وتن، هەر بۆ نموونە جار هەیە من لەپیاسەیەکی ئێوارانی شەقامی ئۆرزدیدا دەیان جوان دەبینم، بەڵام کەدەچمەوە ماڵەوە یەکێك لەو جوانانە لەزاکیرەمدا ماوەتەوە، یان راستر زاکیرەی داگیرکردووم، بەواتایەکی دی هەر جوانە شێوەی کەمەندکێشکردنی خۆی هەیەو هەیە جوانیەکەی زیاتر روحییە، مەبەستم ئەوەیە راتدەکێشێت، بەڵام ئارەزووی جنست کەمتر تیا دەوروژێنێت، هەیە جوانییەکەی جەستییە، هەشە هەردووکیانە، ئەگەر ئەم مەسەلەیە وردتربکەینەوە دەتوانین بڵێین، ژن بۆ خۆی دنیایەیکی بچکۆلەیە، پیاویش هەمان شت، لەم دنیا بچکۆلەیەدا دەیان ئەندامی بچووك بچووکو جیاجیا هەن، هەندێجار روودەدات یەکێك لەو ئەندامە بچووکانە سەرنجت رادەکێشێت، بۆ نموونە لەوانەیە کەسێك هەبێت دەستو پەنجەی شەیدات بکات، کەسێکی دی لارو لەنجەی، یان کەسێك هەبێت جۆری سڵاوکردنەکەیو کەسێکی دی شێوازی تووڕەبوونەکەی بەلاتەوە جوانو مایەی سەرنجڕاکێشان بێت، بەڵام ئەوەی بەتەواوی داگیرت دەکاتو دەتخاتە سەرهەوای خەوبینینو شیعر نووسینو گۆرانیوتنو داتدەگیرسێنێت، ئەوە حاڵەتێکی دیکەو جیاوازو تایبەتە، کەدەشێت لەم حاڵەتەیاندا کەسەکە زۆرترین ئەو ئەندامانەی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە، کەتۆ حەزی پێدەکەیت، ئەمەیانە کە مرۆڤ دەتەقێنێتەوەو دەبێتە هەوێنی شیعرو ژیانو زۆر شتی دیکەش.

* ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (3316) لە 2004/3/11

چاوپێکەوتن لەگەڵ رادیۆی نەوا

# کاتێك کتێبێکی باش بڵاودەبێتەوەو کەس قسەیەکی لەسەر ناکات، واتە حاڵەتێکی نائاسایی بوونی هەیە

ئامادەکردنی: سالّح بێچار

پێشکەشکردنی: نیان مەحمود

خۆشەویستان محەمەد کوردۆی شاعیر میوانی ئەمجارەی بەرنامەی نەوای ئەدەبە.

کوردۆ سالّی1971 لەدایکبووەو ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووەو لەسالّی (1984)ەوە دەستی بەنووسین کردووەو یەکەمین شیعری لەسالّی1988دا بەناوی (شەوو هۆنراوەو دلّی عاشقێك) لەپاشکۆی عیاقدا بلاّوکردۆتەوە کە ئەو کاتە تەمەنی 17 سالّ بووە.

یەکەم دیوانی کە یەکەمین نامیلکەی شیعری بەر باخەڵ بووە لەئەدەبی کوردیدا، سالّی 1991 بەناوی خورپەی ناخ بلاّوبۆتەوە.

لەسالّی 1993–ەوە وەکو رۆژنامەنووسو بەرەسمی لەرۆژنامەی هەرێم دامەزراوەو لەچەند رۆژنامەو گۆڤارێکدا کاریکردووەو لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەردەوام بەرهەمی بلاّوکردۆتەوەو ئێستا جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (هەنار)ە کەگۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی، هونەری، رووناکبیرییە.

کتێبە چاپکراوەکانی کوردۆ جگە لە خورپەی ناخ کەئاماژەمان بۆ کرد، بریتین لە:

*هۆرەی قەلاّ، بەرهەمی هاوبەش 1992 سلێمانی

*چرپەی دڵ، شیعر، 1999 سلێمانی

*ئەفسانەی پایز، شیعر ، 2000سلێمانی

*چرپەی ناخ، شیعر، 2001 سلێمانی

*ژنێك دەمرێو پیاوێك بەچراوە نایە، شیعر 2005 سلێمانی

*گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێکۆڵینەوە، 2006 سلێمانی

جێی ئاماژە بۆ کردنە کە ئەم کتێبەی دواییان سێ لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەزمونی شاعیران لەتیف هەڵمەتو شێرکۆ بێکەس، کەدوان لەو لێکۆڵینەوانە لەدوو ڤێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەلاّتی دووەمیان پێبەخشراوە.

کوردۆ کۆمەڵێك شیعری تازەو بڵاونەکراوەی هەیە کەبەنیازە لەمساڵدا بیانخاتە بەردیدی خوێنەران.

نەوا: کاك کوردۆ دەمەوێ بەوە دەستپێبکەم کە لەسەر ئاستی جیهان چەند شاعیر هەیە، ئەوەندەش پێناسە بۆ شیعر هەیە، پێناسەی محەمەد کوردۆ بۆ شیعر چییە؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ پێناسەی زۆر بۆ شیعر کراون، بەڵام لەراستیدا شیعر پێناسەی نییە، رەنگە ئەوانە کۆمەڵێك هەوڵ بن بەو مەبەستەی هەر کەسە بیەوێت شیعر لەشتێکدا، یان راستر لەو بڕوایەدا کە خۆی هەیەتی بەرامبەر بەشیعر، کورت بکاتەوە.

وەلێ لەراستیدا شیعر هەمیشە گاڵتە بەپێناسەکان دەکات.

تۆ هەر پێناسەیەکی دەکەیت ئەو لەدەرەوەی ئەو پێناسەیە بوونی هەیەو لەژیانو گەشەکردندایە.

من وەکو خۆم پێموانییە بتوانین شیعر لەناو هیچ چوارچێوەیەکدا بەند بکەین، لەبەرئەوە من پێناسەیەکی دیاریکرام بۆ شیعر نییە.

نەوا: باشە ئەگەر شیعر بوونەوەرێك بێتو دەنگی تۆ ببیستێت، تۆ لەم بەرنامەیەوە چی پێدەڵێیت؟

محەمەد کوردۆ: پێی دەڵێم ئەگەر تۆ نەبوویتایە نەهامەتییەکان زۆر لەئێستا خراپتر ئێمەیان دەهاڕی.

پێی دەڵێم تۆ نەبویتایە دنیا زۆر لەئێستا ناشرینتر دەبوو.

ئەگەر بەشێك لەجوانی لەدنیادا ماوە، بۆ من بە پلەی یەکەم بەبۆنەی شیعرەوەیە، مانەوەی ئەو جوانیانە پەیوەندی قووڵی بەئەدەبەوە هەیە بەگشتی، بەتایبەتی شیعر.

نەوا: بەبڕوای خۆت تۆو شیعر کامتان غەدرتان لەکامتان کردووە؟

محەمەد کوردۆ: بەدڵنیاییەوە من غەدرم لەو کردووە، ئەو فریشتەیەکی میهرەبانە، میهرەبانیمان لەگەڵ دەنوێنێت، بەڵام غەدرمان لێناکات.

وەلێ ئێمە زۆرجار غەدر لەو دەکەینو ناتوانین مافی خۆی بدەینێ.

نەوا: دەکرێت بڵێین بۆ؟

محەمەد کوردۆ: ئەوە پەیوەندی بەتوانای کەسەکانەوە هەیە، شیعر هونەرێکە زۆر لەوە گەورەترو گرانترە کەئێمە وێنای دەکەین، لای ئێمە بەشێوەیەکی گشتیی ئەو بڕوایە هەیە کەشیعر هونەرێکی ئاسانە، هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی خەڵکی ئێمە بەشیعر دەست پێدەکەن، بەڵام لەڕاستییدا ئەگەر شیعر گرانترین هونەری نووسین نەبێت، یەکێك لەگرانترین هونەرەکانی نووسینە.

شیعر لەرووکاردا وای خۆی پیشاندەدات کەئاسان دەستەمۆ دەکرێت، بەڵام وانییە، لە زۆر حاڵەتدا کەشیعرێك دەبینین وا دەزانین ئێمەش دەتوانین وابنووسین، کەچی ناتوانین.

هەر بۆیە زۆرجار غەدری لێدەکەینو ناتوانین مافی خۆی بدەینێ.

نەوا: بەبڕوای زۆر لەشاعیرانی بەئەزموون شیعری چاكو خراپ نییە، ئەوەندەی شیعری زیندوو مردوو هەیە، بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

محەمەد کوردۆ: بەبڕوای منیش هەردوو جۆر لەنووسین هەیە، دوو جۆر لەدەق هەیە، ئیدی ناوی باشو خراپیان لێدەنێیت، یان ناوی مردوو زیندوویان لێدەنێت، رەنگە ئەوەیان جیاوازییەکی زۆر گەورەی نەبێت.

بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین شیعر بکەین بەدوو بەشەوە: شیعری باشو شیعری خراپ، شیعری مردوو شیعری زیندوو، پێموایە لەناو ئەو دووبەشەدا پۆلێنکارییەکانی دی نرخێکی زۆر گەورەیان نییە، ناو لێنانەکانی دی رەنگە زۆر پێویست نەبن.

نەوا: لەهەموو سەردەمەکاندا، بەبەراورد لەگەڵ کایەو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا ئەدەبی نووسراوی کوردیی لەشیعردا دەوڵەمەندترە، تۆ وەك شاعیرێك ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

محەمەد کوردۆ: بێگومان هۆکاری زۆرە، بەڵام بەبڕوای من دیارترین هۆکار، پەیوەندی بەنەبوونی کیانێکی کوردییەوە هەیە.

کورد، کیانێکی سەربەخۆی نەبووە، تا ئەو دامو دەزگایانەی دەتوانن پەرە بەنووسینی پەخشان بدەن، دابمەزرێنێت، بۆ نموونە رۆژنامە کەیەکێك لەو دەزگا گرنگانەیە دەتوانێت ئەدەبی نووسراوی پەخشانیی زیاتر لەشیعر پەرە پێبدات، لای کورد بەهۆی ئەوەوە کە خاوەنی کیانێکی خۆی نەبووە، درەنگ پەیدابووە، تەنانەت یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەوڵاتی میسرو لەدەرەوەی کوردستان دەرچووە، ئەمە هۆکارێکی گەورەیە لەوەی کەکورد نەیتوانیووە ئەدەبی نووسراوی پەخشانیی پەرە پێبدات. لەبەرئەوەش کەکورد دەزگای بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی ئەدەبی نووسراوی پەخشانیی نەبووە، هەوڵیداوە ئەم کەلێنە بەشیعر پڕ بکاتەوە، چونکە شیعر ئاسانتر گەیشتۆتە خەڵكو خەڵك توانیویانە لەبەرەی بکەنو لەیادەوەریی خۆیاندا هەڵیبگرن.

تەنانەت ئەو سەردەمانە (فەرهەنگ)یش بەشیعری هۆنراوەتەوە.

واتە بەلای منەوە گەورەترین هۆکاری ئەوەی کەشیعر لەمێژووی ئێمەدا ژانرێکی زاڵتربووە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەئێمە دەوڵەتێکمان نەبووە ئەو دامو دەزگایانە دابمەزرێنێت کەدەتوانن پەرە بەنووسینی پەخشانی بدەنو لەو رێگایەشەوە خزمەتێکی باشتری زمان بکەن کەروحی نەتەوەیە.

بۆیە ئێمە ناچار بووین ئەو بۆشاییە بەشیعر پڕبکەینەوە.

جگە لەوەش کورد بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەوە کەتێیدا ژیاوەو بەردەوام لەشەڕو ململانێدا بووەو خاکەکەی داگیرکراوەو هەمیشە لەشەڕی رزگارکردنیدا بووە، شیعری بەچەکێکی کاریگەر زانیوە کەئاسانتر بەخەڵك گەیشتووەو راستەوخۆتر لەگەڵ هەستەکانیاندا دوواوەو جۆشی داونو بۆ شۆڕشو بەرەنگاربوونەوەی دوژمن ئامادەی کردوون.

بێگومان هۆکاری دیکەش هەن، وەلێ لەوانەیە لێرەدا کات نەبێت یان پێویست نەکات بچینە نێو زۆر وردەکاریی دیکەوە.

نەوا: زۆر لەشاعیران بێتاقەتن لەنووسینگەلێك کەبەناوی شیعرەوە دەنووسرێنو دەخوێندرێنەوەو بەشداری کۆڕو فێستیڤاڵیشیان پێدەکرێت، بەڵام شیعرش نین، هۆکاری ئەم پاشاگەردانییە چییە بەلای تۆوە؟

محەمەد کوردۆ: ئەمەش دیسان هۆکاری زۆرە، بەڵام گەورەترینیان بەلای منەوە پەیوەندی بەو گۆڕانەوە هەیە کەلەدوای راپەڕینەوە درووست بووە، ئەو ئازادییەی ئێستا هەیەو لەهەندێ حاڵەتدا لەئازادی تێدەپەڕێتو دەگاتە بەرەڵڵایی، پێشتر نەبووە، بەر لەو ئازادییە، پەنگخواردنەوەیەکی گەورە هەبووە کەدوای ئەو ئازادییە تەقیوەتەوە، ئەگینا لەهەموو سەردەمەکاندا نووسینی خراپ هەبووە وەلێ جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەو سەردەمانە نووسینەکان بەئاسانی بەخەڵك نەگەیشتوون.

ئـەو سـەردەمانە لەبەرئـەوەی هۆکـانی بڵاوکردنـەوە کـەمتربوون، شـتە خراپـەکانیش کـەمتر خـەڵکیان بێتاقەت کردووە.

ئێستا لەبەرئەوەی هۆکاری بڵاوکردنەوە وەك رۆژنامەو گۆڤـارو سـایتی ئـەلکترۆنیو تەلـەفزیۆنو رادیـۆو کۆڕو کۆبوونەوەو فێستڤاڵ زۆرترن، دەرفەتێکی زۆرتر بۆشتەکان رەخساوە.

بەڵام بەدڵنیاییەوە لەو سەردەمانەو لەئێستاو لەهەموو کاتێکدا شـتە خراپـەکان زۆرتربـوونو زۆرتـرن و زۆرتردەبن.

پێموایە مێژووی ئەدەبیاتی هەموو جیهانیش وابێتو بەرهـەمی خـراپ هەمیشـە لەبەرهـەمی بـاش زۆرتـر بێت، وەلێ لەدوا ئاکامدا ئەوەی دەمێنێتەوە بەرهەمە باشەکانە.

نەوا: کاك کوردۆ پێتوانییە نەبوونی رەخنەگری ئـەکادیمی هۆکـارێکی گـرنگ بێـت بـۆ دروسـتبوونی ئـاوا قەیرانێك؟

محەمـەد کـوردۆ: بـەڵێ بەدڵنیاییـەوە ئـەوەش هۆکـارێکی سـەرەکییە، مـن وتم هۆکـار زۆرن، وەلـێ دیارترینیان ئەو گۆڕانەیە کەلەدوای راپەڕینەوە روویداوە.

ئەگینا رەخنەی ئێمە رەخنەیەکی زۆر هەژارە، چەندین دیوان، چـەندین رۆمـان، چـەندین کتـێبی دیکـە بڵاودەبنەوە، کەس شتێکیان لەبارەوە ناڵێت.

بێگومان ئەوشتانەی بڵاودەبنـەوە زۆریـان خـراپن، بـەڵام هەمیشـە شـتی باشیشـیان تێدایـە، کـاتێکیش کتێبێکی باش بڵاودەبێتەوەو دەچێتە کتێبخانەوەو کەس قسەیەکی لەسەرناکات، واتە حاڵـەتێکی نائاسـایی بوونی هەیە.

حاڵەتێکی ناتەندرووستی لەئارادایە.

ئەگینا پێویستە هەموو کتێبێکی باش قسەی لەسەر بکرێتو بخوێنرێتەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین بەدڵنیاییەوە نەبوونی رەخنە، یان راستتر ئامادەیی لاوازی رەخنە هۆکـارێکی کاریگەری دیکەیە لەهەبوونی ئەو پاشاگەردانییەدا.

نەوا: ئەوەندەی ئێمە خوێنەرانی شیعری کوردۆ ئاگادارین گرنگیدانێکی تایبەتیت هەیە بۆ هـایکۆ یـاخود بۆ شیعریی هایکۆیی، بەبڕوای خۆت توانیوتە لەو فەزا سـنووردارەی هـایکۆدا گوزارشـتی تـەواو لـەو بابەتـە بکەی کە مەبەستتە؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ وەکو خۆم هەستدەکەم توانیومە بەشێك لەو شـتانە بڵـێم، هەسـتدەکەم توانیومـە بەسادەییو بەڕەوانی ئەو شتانە بڵێم.

وەلێ قسەی کۆتایی لای خوێنەرەو ئەو دەزانێت ئەو شتانە باش وتراون یان خراپ وتـراون، گەیشـتوون یان نەگەیشتوون؟!

نەوا: بەڵام من رای تۆم پرسی؟

محەمەد کوردۆ: من رای خۆم وت، بەڵام رای گرنگو بایەخدار لای خوێنەرە.

نەوا: کاك کوردۆ لەخوێندنەوەی تەواوی شیعرەکانی تـۆدا هەسـت بـەجۆرە ونبوونێـك دەکرێـت لـەنێوان نووسینی هایکۆو شیعری نوێو جۆرێك لەستایلی کلاسیکیدا، ئاخۆ ئـەم شـێوازە لای تـۆ بـەردەوام دەبێـت، یاخود دواجار یەکێك لەو ستایلانە هەڵدەبژێریت؟

محەمەد کوردۆ: ئەوەی لای من گرنگ بێت ئەوەیە راستگۆیانە گوزراشت لەو هەستە بکەم کەهەمە، ئیدی بەر لە نووسین کێشەم نییە چۆن دەنووسم، من بڕیارم نەداوە چۆن بنووسم.

کاتێك هەستدەکەم خەمێك یان خەونێکم هەیەو دەتوانم بەشێوازی کلاسیکی دەریببڕم، بەشێوازێکی کلاسیکی دەری دەبڕم.

کاتێك هەستدەکەم دەتوانم لەشیعری کورتدا بەرجەستەی بکەم، لەشیعری کورتدا بەرجەستەی دەکەم، واتە پێشوەخت لای من بڕیارێك لەبارەی شێوازی نووسینی شیعرەوە بوونی نییە.

شیعر لای من وەك منداڵێك کەکەس نازانێت چۆن دروست دەبێت، دێتە بوون.

نەوا: کەواتە ئەم شێوازە هەر بەردەوام دەبێت؟

محەمەد کوردۆ: رەنگە هەر بەردەوام بێت.

نەوا: بەڕای تۆ وەك شاعیرێك کە ئەزموونێکت هەیە لەگەڵ هایکۆدا، مەرج و رەگەزەکانی هایکۆ چین؟

محەمەد کوردۆ: من ئێرە بەدەرفەتێکی خراپ نازانم بۆ ئەوەی هەڵەیەك راستبکەمەوە کە لەنێوەندی رووناکبیری ئێمە زۆر بڵاوە، هایکۆ بەمانای هایکۆ لەشیعری کوردییدا بوونی نییە، هایکۆ شیعرێکی ژاپۆنییە هەندێ مەرجی زۆر تایبەتی هەیە، کەتا ئەم چرکە ساتە لای ئێمە شیعرێك نییە هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بێت.

دیارترین مەرجی هایکۆ ئەوەیە هەر شیعرێك لەسێ دێڕ پێکبێت، نەزیاتر بێت و نەکەمتر ، ئەم سێ دێڕەش بڕگەکانیان دیاریکراوە.

دەبێت دێڕی یەکەم پێنج بڕگەو دێڕی دووەم حەوت بڕگەو دێڕی سێیەمیش دیسان پێنج بڕگە بێت.

واتە هەموو شیعرێکی هایکۆ لەحەڤدە بڕگە پێکدێت، کەئەمە هەرگیز لەشیعری کورییدا بوونی نییە، ئەم زاراوەیە یان ئەو ناولێنانە لەشیعری کوردییدا بەهەڵە رۆیشتووە، راستە وشەی هایکۆ خۆی لەبنەڕەتدا واتای (گۆرانی کورت) دەگەیەنێت، بەڵام وەك وتمان کۆمەڵێك مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە، کەچی لای ئێمە بەهەموو شیعرێکی کورت دەوترێت هایکۆ.

بەڵام وەك ئاماژەمان پێکرد لەراستییدا هایکۆ شیعرێکی ژاپۆنییەو لەشیعری تانکا جیابۆتەوە کەتانکا شیعرێکی حەوت دێڕییەو ئەم سێ دێڕەی لێجیابۆتەوەو ناوی هایکۆی لێنراوە.

بەم مانایە هایکۆ لەشیعری کوردییدا بوونی نییە.

نەوا: بەم مانایە بوونی نییە، بەڵام ئەم ناوەی لێنراوە.؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ ئەم ناوەی لێنراوە، بەڵام من وەکو خۆم هەرگیز ئەم ناوەم بەکارنەهێناوە، چونکە ئەو بنەمایانەی لەشیعری هایکۆدا هەن لای ئێمە بوونیان نییە.

نەوا: ئەی دەکرێت ئەوەی ناوی هایکۆی لێنراوە، ناوێکی تایبەتی هەبێت لەئەدەبی کوردییدا؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ ناو زۆرە، پۆستەرە شیعر وتراوە، مایکۆ شیعر وتراوە، میناتۆرە شیعر وتراوە، شیعری کورت وتراوە، بەڵام من پێموایە ناونان بەو رادەیە ئاسان نییە کەلای ئێمە وێنا دەکرێت.

رەنگە نەتوانین ئەو جۆرە لەشیعر لەناوێکدا قەتیس بکەین، ئەمە دەکەوێتە سەر شاعیرەکە، بۆ نموونە کاتی خۆی شێرکۆبێکەس لەدیوانی کازیوەدا ناوی (پۆستەر)ی بەکارهێناوە، کەیەمجار بووە، لەشیعری کوردیدا ئەوناوە بەکاربرێت.

من وەکو شیعرە کورتەکانی خۆشم، ئەوانەی لە (خورپەی ناخ)دا بڵاوبوونەوە، زایر ڕۆژبەیانی ناوی مایکرۆ شیعرو میناتۆرە شیعری لێناون.

واتە چەند ناوێك هەن بەڵام ڕەنگە هیچ ناوێك دوا ناو نەبێت.

نەوا: باشە کاك کوردۆ جگە لەشیعر لەکام بواری تری ئەدەبیدا هەوڵتان هەیە؟

محەمەد کوردۆ: من لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا هەوڵم هەیە، لەساڵی 1993دا یەکەمین ڕەخنەی ئەدەبیم لەسەر دەقێکی هێمن موکریانی نووسیوە، مەبەستم قەسیدەی (ئێوارە پایز)ە، دواتریش چەند ڕەخنەو لێکۆڵینەوەیەکم هەبووە.

ناوبەناو وتاری ئەدەبیشم نووسیووەو لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تائێستا کارم کردووەو بەردەوامیشم تیایدا.

نەوا: تا ئێستا شیعرتان بۆ هیچ زمانێکی تر وەرگێردراوە؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ چەند شیعرێکم بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، بەتایبەت لەلایەن شاعیری داهێنەر لەتیف هەڵمەتەوە.

نەوا: ئەی لەزمانی ترەوە شیعرتان وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی؟

محەمەد کوردۆ: بەڵێ من ساڵانێکی زۆرە ناوبەناو لەزمانی عەرەبییەوە شیعرم بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، بەتایبەت شیعرەکانی ئەدۆنیسو فازڵ ئەلعەزاویو محەمەد ئەلماغوتو عەدنان ئەلسائغو چەند شاعیرێکی دی.

زۆر شیعری شاعیرانی جیهانیشم وەرگێڕاوە، بەڵام لەرشێی زمانی عەرەبییەوە.

ئەوشیعرانەی وەرمگێڕاون زۆربەیانم بڵاوکردوونەتەوەو کۆمەڵێکیان کەشیعری فازڵ ئەلعەزاوین هێشتا بڵاوم نەکردوونەتەوە، حەزدەکەم لەدیوانێکی سەربەخۆدا چاپیان بکەم، چونکە ئەو شیعرانە ئەزموونێکی زۆر ناوازەو جیاوازن‌و پێموایە ناسینیان بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا زۆر پێویست بێت.

نەوا: ئایا کوردۆی شاعیر جگە لەزمانی کوردیی بەچ زمانێکی تر دەخوێنێتەوە.

محەمەد کوردۆ:من جگە لە زمانی کوردیی زمانی عەرەبیی دەزانم‌و زیاتریش بەزمانی عەرەبیی دەخوێنمەوە.

نەوا: ئەی بەزمانی عەرەبیی دەنووسێت؟

محەمەد کوردۆ: نا.. من تەنها بەزمانی کوردیی دەنووسم، بەڵام زیاتر بەعەرەبیی دەخوێنمەوە چونکە خۆت دەزانی کتێبخانەی کوردی هەژارە، بەتایبەت بۆ لێکۆڵینەوە، بۆ کەسێك لەبواری لێکۆڵینەوەدا کاربکات، پێویستی بەزۆر سەرچاوە دەبێت کەبەزمانی کوردی نین، یان زۆر کەمن.

نەوا: هەر لەبەر ئەمەیە یان چێژێکی تایبەتیش لەزمانی عەرەبیی دەبینیت؟

محەمەد کوردۆ: بەدڵنیاییەوە چێژێکی تایبەتیشی لێدەبینم، چونکە وەك دەڵێن زمانی عەرەبی زمانی بەلاغەیە.

بەڵام جگە لەو چێژە وەکو پێویستییەکیش دەبێت بەعەرەبی بخوێنمەوە، چونکە بێگومان هیچ ئەدیبێك یان هیچ ڕووناکبیرێك ناتوانێت، وەکو پێویست، بەیەك زمان پەرە بەتواناکانی خۆی بداتو ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت.

یەك زمان بۆ هیچ ڕووناكبیرێك بەس نییە، ڕەنگە بۆ كەسێكی (ئاسایی)ش یەك زمان بەس نەبێت، نەك بۆ كەسێك كەخۆی لەبواری زماندا كار دەكات، كارێك دەكات پەیوەندی قووڵی بەزمانەكانەوە هەیە.

تۆ بۆناسینی دنیا، بۆ تێگەیشتن لەخەڵك، بۆ زانینی بیركردنەوەی دیكە، دەبێت بەلای كەمەوە زمانێكی دیكە بزانیت.

یەك زمان بەشی ڕووناكبیرێك ناكات.

نەورۆزی 2007

دیدار لەگەڵ كوردستان نیوز

# من حەزم لە سادەییە چونكە هیچ بوارێكی بۆ خۆشاردنەوە تێدا نییە!

ئا: ڕێبوار مەحمود

شاعیری قسەخۆشو خاوەن وشەی جوان (محەمەد كوردۆ) لەساڵی 1984 ەوە دەنوسێت و یەكەم هۆنراوەی لە ساڵی 1988دا لەپاشكۆی عێراق بە ناونیشانی (شەوو هۆنراوەو دڵی ئاشقێك) بڵاوبۆتەوە و دواتر لەڕۆژنامەی هاوكاریوگۆڤاری بەیانو گۆڤاری كارواندا شیعری خۆی بڵاو كردۆتەوە. لەدوای ڕاپەرینیشەوە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكاندا بەرهەمی بڵاوكردۆتەوە. زیاتر هۆنراوەی سەربەست دەنوسێت، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری كلاسیكیشی نوسیوە. لەساڵی( 1993) ەوە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی دەنوسێت، دووجار، لەدوو لێكۆڵینەوەی ئەدەبیدا كەیەكەمیان لەسەر ئەزموونی شیعریی شێركۆ بێكەس و دووەمیان لەسەر ئەزموونی شیعریی لەتیف هەڵمەت بووە، خەڵاتی دووەمی فێستڤاڵی گەلاوێژی

وەرگرتـووە، خـاوەنی چـەندین نامیلکـەی شـیعری بلاّوکراوەیـە. لـە هەڤپەیڤینێکـدا چـەند پرسـیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێزی کردو بەخۆشحاڵییەوە وەلاّمی داینەوە ..

*زۆرتـرین هۆنراوەکانـت هـەر ئەشـق و ئەوینـە، ئـەی بوارەکـانی دیکـەی ژیـان ڕەنگیـان نەداوەتـەوە لـە دەقەکانتدا؟

محەمەد کوردۆ: لایەنەکانی دیکەی ژیانیش کەم و زۆر لە دەقی مندا بوونیـان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی لای مـن جەوهەر بێت بەپلەی یەکەم خۆشەویستییە، بەشێکی زۆر لەشتەکانی دیکەی ژیان لای من ڕۆتیـنن‌و نـاتوانن وەکو خۆشەویستی لە هەموو کات و سەردەمەکاندا زیندوێتی خۆیان بپارێزن و منیش بەڕاستی نەمویستووە ڕۆتین لە شیعرەکانمدا رووبەرێکی گەورە داگیر بکات، هەر کەسە لەژیاندا شتیك دەکات بە ئامـانج و خـەونی گەورەی خۆی، یان راستتر شتێك ئەو بەرەو خۆی پەلکێش دەکات‌و خەیاڵو بیرکردنـەوەی بـەڕەنگی خـۆی رەنگ دەکات. من هەمیشـە ویسـتومە لەگـەڵ خـۆم راسـتگۆبم‌و زیـاتر بایـەخ بـەوە بـدەم کـە بـە جەوهـەرو ئامانجی گەورەی خۆمی دەزانم، لەبەرئەوە زۆرترین هۆنراوەی من قسەکردنە لـە خۆشەویسـتی. ئـەگینا زۆر شتی دیکەش لە شیعری مندا هەبووەو هەیـەو دەبێـت، وەلـێ بێگومـان هەمیشـە خۆشەویسـتی گـەورەترین رووبەری بەرکەوتووە.

* تاچەند بڕوات بە عەشق هەیە؟

محەمەد کوردۆ: تاسەر ئێسقان بڕوام بە عەشق‌و خۆشەویستی هەیە، لەم بارەیەوە زۆرجار وتەیـەکی –نـزار قەببانی–م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت: ((خۆشەویستی تاکە کاری باشی ئێمەیە)) .خۆشم بەردەوام دەڵێم: ئەگەر دڵ پێشەوایەتی مرۆڤی بکردایـە، ئێسـتا ئێمـە لەدنیایـەکی جـوانترو هێمـنترو نـازەنینتردا دەبـووین. بەشێکی زۆر لەنەهامەتییەکانی ئێمە لەپشتگوێخستن‌و سەرکوتکردنی دڵمانەوە سەرچـاوەی گرتـووە، ئێمـە زۆرجـار دوای هـەموو شـتێك دەکـەوین دڵـی خۆمـان نـەبێت، ئێمـە بێئـەوەی بـەخۆمان بـزانین لەشـەڕێکی سەرسەختانەداین لەگەڵ دڵی خۆماندا، ئێمـە ئازایـەتی ئـەوەمان تیانییـە دڵـی خۆمـان ئـازاد بکـەین، داوای ئازادی بۆ خۆمان دەکەین‌و ناوێرین دڵمـان ئـازاد بکـەین. کوشـتنی لـەزەت‌و شـەڕکردن لەگـەڵ لەزەتـەکانی ژیاندا (کە بێگومان خۆشەویستی لە دیارترینیانە)، لە کۆنەستی ئێمەدا رووبـەرێکی گـەورەی داگیرکـردووەو ئێمەی بە دۆخێکی نائاسیی وا گەیاندووە کـە نـەك لێـی پەشـیمان نـین‌و ئامـادەنین رۆژێـك لـە رۆژان داوای لێبووردن لەدڵی خۆمان بکەین، بگرە لەزەت لەو شەڕکردنە وەردەگرین.

لـەزەتی گـەورەی ئێمـە لـە کوشـتنی لـە زەتـە گەورەکانماندایـە، کەخۆشەویسـتی لەپێشـەوەی هەموویانـدا دەوەستێت.

* چۆن لەگەڵ هۆنراوەی سەربەستدا هۆنراوەی کلاسیکی دەنوسیت؟

محەمەد کوردۆ: من بڕوام بەڕاستگۆیی تـەواو هەیـە لەگـەڵ هەسـتەکانی خۆمـدا، ئەوکاتـەی هەسـت دەکـەم خەونێکم یان ئازارێکم باشتر لەشـیعرێکی کلاسـیکیدا بەرجەسـتە دەبێـت زوڵـم لـەو هەسـتەی خـۆم ناکـەم‌و

شیعرەکەم لەسەر شێوازی کلاسیکی دەنوسم. بڕوام وایە دەتوانین لە دەقێکی کلاسیکیشدا جوانی پێشکەشی خوێنەر بکەین.

*پەیام و گوزارشتی تۆ لەشیعرەکانتدا وەك ئەوە وایە خۆت کەسێکی زۆر سادە بیت، ئایا وایە؟
محەمەد کوردۆ: من خۆم نازانم تاچەند وایە، بەڵام پێمخۆشە هەم خۆمو هەم شیعرەکانیشم لە ئاو سادەترین، بڕوایشم وایە دەربڕین بەسادەیی زۆر لەدەربڕین بەئاڵۆزی گرانگترو زەحمەترە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئاڵۆزیی هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی (بێ قسەیی) ئێمە، بەڵام سادەیی هەرگیز هیچ بوارێکی بۆ خۆشاردنەوە تێدا نییە، بەڵکو ئەو شوێنە راستەقینەیەیە کە ئێمە وەك خۆمانو بەبێ شەرمکردنو بەبێ ترسو بەبێ خۆشاردنەوەو بەبێ خۆماکیاژکردن دەخاتە بەردەمی دنیا..

*تاچەند لیریك یاخود بڵێین شیعری گۆرانی لای کوردۆ بایەخی هەیە؟
محەمەد کوردۆ: باسەرەتا ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە کە شیعری لیریکیو شیعری گۆرانی بەیەك شت ناو دەبات ،لەڕاستیدا شیعری لیریکی بەوشیعرە دەوترێت کەزیاتر پەیوەندی بە عاتیفەو دڵەوە هەیەو زۆرتر لەناو خۆشەویستیدا کار دەکات، ئەمە هەرگیز مەرج نییە شیعرێك بێت بۆ گۆرانی بشێت، بەم مانایە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی من شیعری لیریکین، بەڵام چەند دانەیەکیان نەبێت ئەوەکانی دی بۆ گۆرانی نابن، بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت هەموو شیعرێکی جوان لای من بایەخدارە، ئیدی ئەو شیعرە بۆ گۆرانی نوسرابێت یان بۆ هەر مەبەستێکی دی، بەلامەوە کێشەیەك نییە. واتە من بڕوام بەشیعری گۆرانی هەیە کاتێك جوانی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. شیعرێکی گۆرانی کە جوان بێت لای من بایەخی لە هیچ شیعرێکی دیکە کەمتر نیە، بەڵام بێگومان شیعری گۆرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە کەلای ئێمە شاعیری تایبەت بەم بوارە (یان کەزۆر بایەخ بەم بوارە بدات) کەمو دەگمەنە. ئەوەی ئێرانییەکان پێیدەڵێن (ترانە سرا) کە مەبەست لێی ئەو شاعیرەیە بەتایبەت شیعر بۆ گۆرانی دەنوسێت لای ئێمە ئەگەر نەڵێم نییە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە پێتبڵێم کە زۆر زۆر کەمە.

ساڵی 2007

دیدار لەگەڵ کەرکوکی ئەمڕۆ

# شیعر دەبێ دیکتاتۆرانە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکات

ئامادەکردنی: عەبدوڵا مەحمود

سەبارەت بەپێناسەو ڕۆڵی شیعرو ماهیەتی شیعر، باس و خواسی زۆر کراوەو ڕەنگە تا زەمەنێکی دوورودرێژیش ئیشکالیەتەکانی ئەو چەمکانە گۆڕانکاریی بەردەوامیان تێدا ڕووبدات، لەوبارەیەوە کەرکوکی ئەمڕۆ بەپێویستی زانی کورتە دیدارێك لەگەڵ محەمەد کوردۆی شاعیردا سازبکات کە لەشیعری ئەمڕۆی کوردیدا ناوێکی دیارە.. سەبارەت بەوەی کەشیعری ئەمڕۆی کوردی لەکوێی مەعریفە، یان فەلسەفەی جیهانیدایە، محەمەدکوردۆ دەڵێت:

ئەم پرسیارە بەم شێوەیە ئیشکالیاتی زۆر دروست دەکات، پێویستە بپرسین مەبەستمان لەوەی شیعری کوردی لەکوێی مەعریفە یان فەلسەفەی جیهانیادایە چیە؟

ئاخۆ ئەگەر شیعری کوردی ڕووبەرێکی کەمو بچوکی لەجیهانی مەعریفەو فەلسەفە بەرکەوت، ئەمە واتای چی دەگەیەنێتو دەلالەت لەچی دەکات؟

ئاخۆ ئەوە مەرجێکی گفتوگۆ هەڵنەگرە کەشیعر هەردەبێت مەعریفەو فەلسەفەی لەپشتەوە بێت؟

من دەمەوێت سەرەتا بڵێم: ئەگەر لەمەعریفە مەبەستمان ئەوکۆپێکهاتەیەی بەرهەمی مرۆڤ بێت کەهەموو کایەکان دەگرێتەوەو تێکڕای ئەزموونە مرۆییەکان پێکیانهێناوە، ئەگەر مەعریفە بەو مانا گشتگیرە بەکاربهێنین ئەوا پێموایە شیعری کوردی وەکو زۆرینەی نەتەوەکانی دیکەی سەرئەم گۆی زەمینە ڕووبەرێکی ئاسایی لەو جیهانە بەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر لەمەعریفە مەبەستمان کایەیەکی تایبەت بێت، ئەوکاتە پیوێست دەکات پرسیارەکەمان ڕوونتر بخەینە ڕوو.

بۆ نمونە مەعریفە بەو مانایەی پۆل ریکۆر کەپێیوایە: ((ناشێ بەر لەڕووخاندنو هەڵوەشاندنەوەی شتێك قسەی لەسەر بکەین)), بەو مانایە کەتا شتێك نەڕوخێنین ناتوانین شتێك بنیات بنێین, لەشیعری کوردیدا ڕەنگدانەوەی زۆرکەمە شیعری کوردی شیعرێکە هەوڵدانەکانی بۆ تێکدانەوەی شێك زیاتر پەیوەندییان بەدلگەرمییەکی کاتیو ڕووکەشەوە هەیەو کەمتر ڕوانینێکی قووڵی پڕ مەعریفەو هەڵتەکێنەریان لەپشتەوەیە.

پرسیارەکانی شیعری کوردی پرسیارگەلێکن زیاتر سۆز دەورووژێنن و کەمتر سەرنجیان لەسەر هزرە.

شاعیری کورد ئەوەندەی هەڵوەدای گۆڕینی حاڵەتی ڕوحیو ویژدانی خوێنەرەکانێتی ئەوەندە هەڵوەدای گۆڕینی بوونی خوێنەرەکانی نییە لەنێو ئەم گەردوونو سەرزەمینەدا.

ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەدوو خاڵی جەوهەرییەوە هەبێت:

یەکەمیان: کورد بۆ خۆی وەکو نەتەوە لەبواری هزرو فەلسەفەدا یەکێك لەهەژارترین نەتەوەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینەیەو مێژووی کورد مێژوویەکە، وەك بەختیار عەلی دەڵێت: ((مەحکومە بەوەی مێژووەکانی دیکە چارەنووسی دیاری بکەن، مێژوویەکە تەنها یەك هۆشمەندیی بەرهەمهێناوە کەئەویش هۆشمەندی قەبیلەیە بەپاڵپشتی جیهانبینیەکی ئاینی)).

دووەمیان: بەشێکی زۆر لەشاعیرانی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ زیاتر شیعریان وەکو ئامرازێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەو مەترسیانە بەکارهێناوە کەکورد بەدرێژایی مێژووی خۆی لەبەر ڕەحمەتیاندابووە، ئەمەش وایکردووە شاعیرەکان لەبری ئەوەی هەوڵبدەن تادێت قوڵتر بنووسن، هەوڵیانداوە تادێت سادەتر بنووسنو زیاتر چاویان لەسەر زمانێکی دەربڕین بێت کە دەتوانێت زۆرترین خەڵك لە دەوری دۆزی نەتەوەو نیشتیمانەکەیان کۆ بکاتەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش کەوتمان ئاخۆ شیعر هەردەبێت مەعریفەو فەلسەفەی لەپشتەوە بێت، پێویستیمان بەنزیکبوونەوە لەپێناسەیەك بۆ شیعر دەبێت، کەدەشێت ئەویش بەرەو ئیشکالێکی

گەورەترمان بەرێت، چونكە هەمیشە بیرورای جیاواز لەسەر پێناسەو شوناسو تایبەتمەندییە دیارەكانی شیعر هەبووەو هەیەو دەبێت.

بۆ نمونە سەنگی مەحەك بۆ شیعر لای یۆنانییەكان بەتایبەت ئەرستۆ, موحاكات بووە، لای عەرەب سالآنێكی زۆر كێشو سەروابووە، (( الشعر كلام موزون ومقفا))، لای مالارمێ وشە بووە، ((شیعر بە وشە دروست دەكرێت نەك بەهزر))، لای كۆهین هەڵخلیسكان (الانزیاح)، لای جاكسۆن (التماپل)ە، لای جیرار جینێتو كریستینا ئاوێزانبوونی دەقەكانە، لای بارتو ئیكۆ كراوەیی دەقەكانەو هتد...

من بۆ خۆم شیعرێتیی بەسەنگی مەحەكی شیعر دەزانم، پێموایە دەستبردن بۆ هەرشتێك هەرچەن گرنگ بێت بەشیعركردنی ئەوشتە زۆر لەوە گرنگترە.

شیعر هیچ رێگایەكی دیكەی نییە ئەوە نەبێت دیكتاتۆرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتەكاندا بكاتو هەوڵبدات هەموویان لەخۆیدا بتوێنێتەوە.

چونكە پێویستە شیعر بەرلەوەی هەرشتێك بێت شیعر بێت.

لێرەوە دەتوانم بڵێم: شیعری كوردی بەبەراورد لەگەڵ ژانرەكانی دیكەی ئەدەبدا، توانیویەتی شوێنێكی زۆر باشتر بۆ خۆی دابین بكات.

***

*هەن دەڵێن فلانم وەك شاعیرێك قبوڵە، بەلآم وەك روشنبیرێك نا، ئاخۆ رەهەندەكانی نێوان شاعیرێتیو رۆشنبیربوون چین؟ لەوەلآمی ئەم رپسیارەدا محەمەد كوردۆ دەڵێت:

دەشێت كەسێك شاعیرێكی باش بێتو رۆشنبیرێكی باش نەبێت، بەلآم ئەمە هەم حاڵەتێكی تایبەتە, هەم ناگاتە ئاستی داهێنانو هەم ناشتوانێت بەردەوام بێت.

چونكە وەك وتمان شیعر ناچارە پەیوەندی بەهەموو شتەكانەوە هەبێتو ناچاریشە پەیوەندییەكەی دیكتاتۆرانەبێت، بۆ ئەوەش كە پەیوەندیت بەشتێكەوە هەبێت پێویست دەكات بیناسیت، ناسینیش بەبێ رۆشنبیربوون بەئەنجام ناگاتو ناكامڵ دەبێت.

بێگومان روشنبیربوون بەتەنها بەس نییە بۆ شاعیربوون، چونكە ئەگەر وابوایە هەموو رۆشنبیرە مەزنەكان شاعیری مەزن دەبوون، وەلێ مەرجێكی زۆر سەرەكیو گرنگو بایەخدارە.

چونكە جگە لەوەی بەبێ هەبوونی باكگراوندێكی رۆشنبیریی گەورە ناتوانرێت دەقی گەورە بەرهەم بهێنرێت، داهێنانیش بۆخۆی، ئەگەر ئەومافە بەخۆمان بدەین زۆركورتو زۆر سادەی بكەینەوە، بریتیە لەدۆزینەوەی رێگای تازەو جیاوازو نەدۆزراوە.

باشە كەسێك كەخاوەنی رۆشنبیرییەكی ئەوەندە گەورە نەبێت یارمەتی ئەوەی بدات رێگاكان بناسێت چۆن دەتوانێت رێگای تازە بدۆزێتەوە؟!

یان لانی كەم چۆن دەتوانێت رێگایەكی باش هەڵبژێرێت؟!

دەمەوێت بڵێم رەهەندەكانی نێوان شاعیربوونو رۆشنبیربوون رەهەندگەلێكی قووڵو فرەئاستنو پەیوەندی توندو تۆڵیان پێكەوە هەیە.

بۆیە مەرجە هەموو شاعیرێكی باش هەوڵبدات رۆشنبیرێكی باش بێت.

*هەفتەنامەی كەركوكی ئەمرۆ. ژمارە (61) نیسانی 2005

# شاعیرانی حەفتا، یان شاعیری حەفتاکان، چەند هەنگاوێك ئەدەبی کوردییان بەرەو پێشەوە برد

ئامادەکردنی: جەژنی عیزەدین

پ/ شیعری کوردی لەدوای راپەڕینەوە چۆن دەبینی؟

و/ لەدوای راپەڕینەوە، وادەزانم هیچ شاعیرێك ئەوەی بلاوی کردۆتەوە هەموو ئەوە نییە کەپێیەتی، چونکە لەچاپدانی کتێب زۆر زۆر سەختو دژوار بووە، نە بەچاپ دەگەیەنرێت، نە دەفرۆشرێت، لەبلاوکراوەکانیشدا گیروگرفتی دیارهەن، لەوانە شیعر بەچاوی سیاسییەوە تەماشادەکرێتو بریاری بلاوکردنەوەو نەکردنەوەی لەتەرازووی بەرژەوەندی سیاسییدا دەپێورێت:

ئەم شیعرە باسی پێشمەرگە دەکات چاکە، ئەوشیعرەیان باسی کچو ماچو خۆشەویستی دەکات خراپە، فلان دۆستی خۆمان نییە شیعرەکەی بۆ بلاومەکەنەوە، فیسار برای شەهیدە بۆی بلاوبکەنەوە، سەیرە ئێمە بۆ جوانکردنی ژیان شەهید دەکرێین کەچی پاداشتمان شێواندنی یەکێك لە بەرهەمە جوانەکانی ژیانە، کەئەویش ئەدەبە.

ئێمە شتەکان تێکەلاودەکەین.

من بڕوام وایە: کورد نەتەوەیەکی زیندووە، دەبێت بەرهەمی زیندووشی هەبێت، بەلام بۆپێشاندانی پێویستمان بەهەلێکی زیندووی هەمەلایەنەی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو دەروونیو... هتد هەیە..

پ/ رات بەرامبەر شاعیرانی حەفتا؟

و/ شاعیرانی حەفتا، یان شاعیری حەفتاکان، ئەدەبی کوردییان چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە برد، زۆر رێگای دووریان بۆ شاعیرانی دوای خۆیان نزیك کردەوە، زۆر تەلیسمیان شکاند.

گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر ئەدەبو خوێنەری کورددا هێنا، ئەوان مەغدووربوونو مەغدورن.

کاتی خۆی قسەی سوكو ناشیرینیان زۆر پێوتراوە، تانەو تەشەری ناخۆشیان لێدراوە، جارێکیان لەتیف هەلمەت باسی ئەوەی دەکرد کە میزیان بەسەر یەکەم دیوانیدا کردووە.

تائێستا شتێکی شایان بەخۆیان لەسەر نەنووسراوە، ئاوڕی پێویستیان لێنەدراوەتەوە. شاعیرانی حەفتا بەلای منەوە شایانی زۆرترین رێزو خۆشەویستیین. بێگومان مەبەستم ئەوە نییە وەکو ئەوان بنوسین، مەبەستم ئەوەیە شتەکان وەکو خۆیان ببینینو نکۆلی لەرۆڵو گەورەییان نەکەین، ئێمە بەبچووککردنەوەی

ئەوان "کەمەحاڵیشە" گەورە نابین، بەلاساییکردنەوەشیان بە هیچ ناگەین، دەبێت لەیەك کاتدا ڕێزی ئەوانیش بگرینو هەوڵیش بدەین بۆ ئەوەی خۆمان بینو ئەوان نەبین.

پ/ دەربارەی ئەو ڕەخنەگرانەی شتی ناشیرین بەدەقو بەنووسەرەکەی دەڵێن چیدەڵێی؟

و/ ئەگەر دەق چاکبێت، ناکرێت شتی خراپی پێبوترێت، ئەگەر خراپیش بێت پێویست ناکات لەسەری بنوسرێت.

سینیکادەڵێت: ((تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ترس بخاتە دڵی خەڵکەوەو سەلامەتی ناخی خۆشی بپارێزێت)).

وابزانم کەسیش بەناشیرینکردنی خەڵکی دیکە جوان نابێت.

جگە لەوەش ئێمە بەخۆشەویستیو ڕێزگرتنی یەکتری گەورە دەبین نەك بەپێچەوانەوە، ئەدەبیش شتێکی جوانە چ پێویست دەکات شتی ناشیرینی پێ بفرۆشین؟!

پ/ شیعر چییە؟

و/ عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعرێکدا دەڵێت:

((نیشتمانم نووشتەیەکە

عومری هەزاران ساڵ ئەبێ

کە نووح بۆی کردم پێی وتم

ئاگاداربە نەکرێتەوە

کەکرایەوە بەتاڵ ئەبێ)).

شیعریش وەکو ئەو نووشتەیە وایە، بیکەیتەوە بەتاڵ دەبێت، من هەوڵ نادەم شیعر بەتاڵ بکەمەوە.

پ/ خورپەی ناخ کە یەکەمین نامیلکەی چاپکراوی تۆیەو لە شێوەی نامیلکەی گیرفان، یان بەرباخەڵدا چاپکراوە، چی لەبارەوە دەڵێت؟

و/ خورپەی ناخ وەکو یەکەمین نامیلکەی چاپکراوی من، یەکێك بوو لەو خەونانەی کە زۆر دڵم پێی خۆش بوو، هەروەها بۆ ئەبەد دڵم پێی خۆشە. لەبارەی جۆری چاپکردنەکەشیەوە کە بۆ بەرباخەڵ یان گیرفانە، دەتوانم بڵێم بۆ ئەوەی باخەڵی کورد هەر بەتەنها جێگەی پارە نەبێت، خورپەی ناخ کتێبخانەکانی جێهێشتووەو لەگیرفانی خوێنەرەکانیدا نیشتۆتەوە.

پ/ دەڵێن هەموو شیعرەکانی جیهان برسیەکیان بۆ تێر ناکرێت، تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟

و/ ڕاستە هەموو شیعرەکانی جیهان برسیەکیان بۆ تێر ناکرێت، بەڵام هەموو نانەکانی جیهانیش دڵی دڵشکاوێکیان بۆ ناردێتەوە، برینێکیان بۆ ساڕێژ ناکرێت، ئاخر خۆ مرۆڤ ئاژەڵ نییە هەتا هەموو حیسابێکی لەگەڵ (ورگ)دا، بێت.

پ/ زیاتر بەرهەمەکانت بۆ کام ڕۆژنامە دەنێریت؟

و/ شیعرم بۆ زۆربەی ڕۆژنامەکان ناردووە، بەڵام هەموویان بڵاویانناکەنەوە، بەرهەمی بڵاونەکراوە وەکو پیاوی نامۆو بێ ماڵ وایە، کێ زیاتر ڕێزی لێبگرێت زۆرتر میوانداریی ئەو دەکا*ڕۆژنامەی برایەتی. ژمارە (1734) 1993/9/3

## بەشی شەشەم:

# دنیای کتێب

## لەبارەی (تەمی سەرخەرەند)ەوە

نامەیەك بۆ شێرزاد حەسەن

کازانزاکی دەڵێت:

جارێکیان ژنێکی دراوسێمان بە دایکمی وت: ئەم کوڕەی تۆ هەمیشە تەماشای ئاسمان دەکات، پێدەچێت کەسێکی غەیبزانی لێدەربچێت! دایکم وتی: نا نا دڵنیابە ڕۆژگار سەرنجەکانی پێخوار دەکاتەوە!

بەڕێزم (تەمی سەرخەرەند)م خوێندەوە، بەڵام من وەك ئەو خوێنەرەی کە وتت یەخەی گرتووم، پێت ناڵێم: بۆچی ناهێڵیت ئەو دوو مناڵە قوڕبەسەرە بۆیەك بن؟!

چونکە دەزانم تۆ ناتەوێت وەکو حیکایەتەکەی نەنکت بە درۆیەکی گەورە ڕێی پاڵەوانەکەت گوڵڕێژ بکەیتو یەکەمین کەسێك کە بینێریتە پیرییەوەو بە شانازییەوە ماچی بکات، خانمە چکۆلەی دولبەری بێت.

من دەزانم ئەوە تۆ نیت کە ناهێڵیت ئەو دوومناڵە قوڕ بەسەرە بۆ یەك بن، ئەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە وەك چۆن ڕێگا نادات سەرەتای خۆشەویستیو پەیوەندییەکان ئاساییو سروشتیی بن، ڕێگەش نادات کۆتایی ئەو خۆشەویستیو پەیوەندییانە ئاساییو سروشتیی بن، من دەزانم تۆ ناتەوێت لە ناو دۆزەخێکدا کە بۆنی گۆشتو ئێسقان ئاسمانیشی پڕ کردووە، دووچاری وەهمی بەهەشتێکمان بکەیت کە پڕە لە بۆنی گوڵو گوڵزار، بەڵکو تۆ دەتوێت وامانلێبکەیت باشتر هەست بەو دۆزەخە بکەینو ڕوونتر گڕو کڵپەو دووکەڵەکەی ببینین، کە ئەمەش بۆخۆی یەکێك لەخاڵە هەرە جەوهەرییەکانی نووسینە، چونکە شتێك کە نەیناسین چۆن دەتوانین بیکوژین،

یان بیگۆڕین؟!

بەڕێزم! من دەمەوێت پێتبڵێم تۆ لەم کارەتدا زۆر جوان ئیشت لەسەر کاریگەری حیکایەتەکان لەسەر مرۆڤ کردووە، کە بەزۆریی لە نەنکە پیرەکانماندا بەرجەستە دەبن، ئەو نەنکانەی زۆر جار ((عیشقێکی دۆڕاو وایان لێدەکات بە چێژو تاسوقێکی زۆرەوە حیکایەتەکانی عیشقو ئەوین بە ڕەوانیو وەك دەفتەر لە سینگیاندا هەڵبگرن)).

ئەو نەنکانەی بە حیکایەتەکانیان پڕمان دەکەن لە خەونی بە پێغەمبەربوونو بە فەرهادبوونو بە پاڵەوانبوونو بە قسەو ئامۆژگارییەکانیشیان بە تاڵمان دەکەنەوە لەو خەونانەو بەم شێوەیە دووچاری دنیایەکی نارێكو پڕ لە پارادۆکسو دوو فاقییمان دەکەن.

ئەوەتا نەنکی پاڵەوانەکەمان دوای ئەوەی لە ڕێگای حیکایەتە خۆشەکانیەوە خەونی بە فەرهادبوون لە پاڵەوانەکەماندا سەوز دەکاتو وایلێدەکات بڵێت: ((منیش بە قەد فەرهادی ناو حیکایەتەکەی تۆ شیرینم خۆشدەوێتو دەشتوانم وەك ئەو بێستون کون بکەم))، پێی دەڵێت:

(رۆڵە شیرینەکەم تۆ زۆر لەوە چکۆڵەتری خۆت بە فەرهاد بزانیت)، ئەم قسانە ئەگەرچی بەبەرائەتەوە دەکرێن، وەلی لەو بەردانە دەچن –کە وەکو سوهرابی سپێهری دەڵێت– ((ئێمە بە گاڵتە دەمانگرتنە بۆقەکان، بەڵام ئەوان بە راستی دەمردن!)).

تۆ لەم کارەتدا جگە لەوەی پشتت لە جنس کردووەوەو رووت کردۆتە عەشقێکی پاکیزەیی، گەمەی (کوشتنی باوك)یشت بە شێوازێکی جوانو جیاواز لە جارەکانی دی، بەرجەستە کردووە.

لە میاندا لە یەك دوو دەستەواژەی تیژتێپەڕدا وێنەیەکی ناشیرینی باوکمان دەدەیتێ:

((باوکم بۆ مەرگی بەرخەکەی گریا کەچی بۆ نەخۆشیو سەفەری من نەگریا، باوکم دەیوت حەیفە لە من بووە، باوکم فەلاقەی دەکردم، باوکم لە هیچە کەلەیی دەبوو بە شەپازلە دەمو لووتی لە خۆڵی رێگاکە دەچەقاندم)).. ئەم وێنانەی باوکمان دەدەیتێو ئیدی دەیکوژی، وەلێ کوشتن بە مانا باوەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی کە ئیتر فەرامۆشی دەکەیتو لە مەملەکەتی رۆمانەکەت دەیهاویتە دەرەوە!

تۆ دەتەوێت لەم رێگەیەوە پێمانبڵێیت: پێویستە کوشتنی راستەقینەی باوکە ناشیرینەکان لە کتێبەکانەوە دەستپێبکەین، چونکە مانەوە بۆ ژیانی پڕ لە ژاوەژاوی سەر زەوی نییە، مانەوە بۆ دنیای نێو کتێبەکانە.

ئەگەر ئێمە لەدەرەوە باوکە ناشیرینەکانمان کوشتو لە نێو کتێبەکاندا وازمان لێهێنان بژینو بمێننەوەو درێژە بە بڵاوکردنەوەی ناشیرینەکانی خۆیان بدەنو بەسەر ئێمەو نەوەکانی دوای ئێمەدا بیسەپێنن، یانی هیچمان نەکرد.

بەلای منەوە ئەم گواستنەوەی کوشتنی باوکە لە دەرەوە بۆ نێو کتێبەکان یەکێك لەگەمە جوانەکانی ئەم رۆمانەت بوو.

تۆ لەم کارەتدا کە بەردەوام لە رێگای نەنکەوە بە فەرهاد دەڵێیت شیرینی خۆت دەدۆزیتەوەو لە ئاکامیشدا نایدۆزیتەوە،

پێمان دەڵێیت:

لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا شیرینەکانی خۆمان کە لە بەردەستماندان دەکوژرێنو بە هیوای شیرین گەلێکی دیکەمان دەکەن کە هەرگیز نایەن!

خۆرە هەڵهاتووەکانمان ئاوا دەکەنو ئەو چێژو خۆشیو بەختەوەرییەمان لێتێکدەدەن کە لەو خۆرەوە پێمان دەگاتو دەمانخەنە نێو چاوەڕوانی مانگێکەوە کە هەرگیز هەڵنایەت.

دووچاری چاوەڕوانییەکی کوشندەمان دەکەنو لەدوا ئاکامیشدا گاڵتەمان پێدەکەن.

ئاخۆ هۆکاری ئەوەی کە هەمیشەو بەردەوام ئێمە چاوەڕوانی شتێکینو نایەت، ئەو نەفرەتەی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشانە نییە؟

پێمان دەڵێیت: زۆرینەمان مەحکومین بەوەی منالگەلێکی دەرکراوبین لە دنیاو کەس فرمێسکەکانمان نەبینێتو کۆڵانەکانیش خیانەتمان لێبکەنو هیچیان نەمانبەنەوە بەر دەرگای ماڵی دڵدارەکانمان!

پێماندەڵێیت: ئێمە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشە بە جەستەماندا، ژیانێك دەگوزەرێنین کە ئەگەر دواجار ئاوڕێکی وردی لێبدەینەوە جگە لە هەندێ سەرکێشیکردنی خەفەکراوو هەندێك خەونی کوێرکراوو چەندین شکستو نەهامەتیو گریانو چاوەڕوانی کەڵەکەبوو بەولاوە، شتێکی ئەوتۆی تێدا نابینین.

لەوانەش گرنگتر پێمان دەڵێیت:

دەبێت ئیدی لەو وەهمە رزگاربین کە پێمانوابێ تەنها رەمزە گەورەکان دەتوانن ئیحای یاخی بوونمان بدەنێ، بەڵکو دەشێت (بزنێکی شێت!!) فێرمان بکات لە راستە رێیەکان لابدەینو بێباكو کەللەشەق بینو شەرم لە هیچ شوانێك نەکەینو چڵەگیا حەرامەکان بخۆین!

دەبێ ئیدی لەو وەهمە دەربازبین کە پێمان وابێت تەنها لە رێگای پاڵەوانو کێشەو دۆزی گەورەوە دەتوانین دەقی جوان بخولقێنین، بەڵکو دەشێت غەمگینترین منالی کۆڵانە خۆڵاوییەکانی دنیا پاڵەوانی رۆمانەکانمان بێت!!

*گۆڤاری هەنار. ژمارە ( )

# داهێنان بەبێ عەشقو سووتان مەحاڵە

## گەشتێك بەکتێبی بەرجەستەکردن لەشێوازەکانی شانۆیێ نۆژەندا

هەندێجار مرۆڤ لەنێو ئەو هەموو کتێبو نامیلکەو بڵاوکراوانەدا کە بەلێشاو دەخرێنە بازاڕەوە دووچاری جۆرێك لەنائومێدیو دڵساردیی دەبێتو هەست دەکات لەرۆژێك نزیك دەبێتەوە کەتیایدا دووکەڵی شتەخراپەکان پشکۆی شتە باشو جوانەکانیش لەچاوان دەشارێتەوە.

هەست دەکات ئیدی ئاسان نییە بتوانێت دەستبخاتە سەر داهێنانەکانو کاتی خۆی بەشتە زیادەو خراپو نەشیاوەکانەوە نەکوژێت، لەم کاتانەدا خوێندنەوەو نمایشکردنو گفتوگۆی کتێبە باشەکان دەبێت بەئەرکێکی گرنگو هاوبەشی هەمووان.

لەم روانگەیەوەو بەو هیوایەی سەرنجی خوێنەران بۆ یەکێك لەکتێبە جوانو نایابەکانی ئەمڕۆی کتێبخانەی کوردی رابکێشم، بەپێویستم زانی رۆشنایی بخەمەسەر کتێبی (بەرجەستەکردن لەشێوازەکانی شانۆی نۆژەندا) کە هونەرمەندی شانۆکار سیروان رەحیم نووسیویەتیو دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لەچاپێکی جوانو بەرگێکی قەشەنگو بەقەبارەیەکی ناوەندیی (110) لاپەرەییو بەتیراژی (350) دانە بەچاپی گەیاندووە.

ئەم کتێبە کە لەحەوت بەشو پاشکۆی وێنەکانو نووسینێکی بەختیار عەلی کەدەربارەی کتێبەکەی نووسیووە پێکهاتووە، بەرهەمی گەشتو گەڕانو خەوبینینی رۆژگارێکی تەمەنی نووسەرە، تیایدا باس لەو گەشتانەی هونەرو فڕینی ئەفسووناویی ژێر پەڵەهەورانی جوانیو بینینی ئەو بەرهەمە پڕ لەداهێنانو جوانییانە کراوە کەبینیان هاوکات نووسەری کتێبەکەی خەمگینو شادومان کردووە، شادومانیی لەپای ئاشنابوون بەئافراندنو جوانکاریی ئەو دنیای داهێنانەی کە هەر لەناو کتێباندا شتی دەربارە خوێندوونەوە، خەمگینیش بۆ رێگای هونەریو بۆ هونەرمەندانی گەلەکەی کە لە تەماشاکردنو سوودبینینی ئەو جوانکارییانە بێبەشو بێبەرین.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە گەشتگەلێکی هونەرییو تێبینیگەلێکی تایبەتن لەسەر چەند کارێکی شانۆییو ئـەو لێگـەڕانو ڕێپورتـاژە مەیدانیانـەن کـە لەتـەك دەرهێنـەرانی شـانۆگەرییەکانو شـێوازە تایبەتیەکانـدا ئەنجامیداون.

نووسەر لەبەرایی کتێبەکەیدا دەڵێت:

((جارێکیان لەئیتالیا بەڕێگادا بەرەو هۆڵی پرۆڤە دەڕۆیشتین، یەکێك لەئەکتەرەکان کەژن بوو، وتی:

دەرهێنەر پێی گوتم، فرمێسکی شادی دەڕێژم کە توانیومانە ئەو هەموو خەڵکە جیاوازە کۆبکەینەوە کە هەریەکەو سەر بەنەوەیەکی جودان.

بەڕاستی یەکێك لەئەرکەکانی گرنگی شانۆ کۆکردنەوەو لەیەکحاڵیبوونە.

پاشان ژنەئەکتەرەکە گوتی:

ئەوەی بۆمان بکرێت بۆ بەرهـەمهێنانی کـاری شـانۆیی دەیکـەین، ئـیتر نـازانم بـەم کارەمـان دەتیـوانین جیهان بگۆڕین یانا؟

رەنگبێ ئەوەندەی گۆڕینی جیهان، بیرکردنەوە لەگۆڕینەکەشی گرنگبێت_ل12)).

پاشان باس لەشانۆگەری ئۆبلۆمۆف دەکات کە بەرهـەمی شـانۆی فـەرمی پۆنتـە دێـراو لـە دەرهێنـانی رۆبێرتۆ باچی بـووەو تیایـدا هەوڵدراوە نەخشـەی دەرهێنـانو پلانـی شـانۆگەرییەکە بـەجۆرێك بەرجەسـتە بکرێت کـە بگاتـە ئاسـتی جێهیشـتنی زمـانی ئیتـالیش، کـە شـانۆگەرییەکە بـەزمانی ئیتـالی بـووە_ ئـەوان ویستویانە زمانی جەسـتە زاڵتربـێ لـەزمانی وشـەو ئاخـاوتنی ئاسـایی، چـونکە دەکـرێ نووزەیـەك جێگـەی وشەیەك بگرێتەوەو هەناسەیەك جێگەی دەنگێکی پڕ هاوار پڕبکاتەوە.

دواترو لەدرێژەی نووسینەکەیدا نووسەر باس لەگروپێکی بۆلیڤیایی دەکات کەجۆرە کەرنەڤاڵێکیان هەیە تیایدا نمایشکارانی بەشدار لەو کەرنەڤاڵەدا ناوەندێکی لاکێشەیی دەکەن بەسەکۆی نیشاندانی سەماکانیانو خەڵکەکەش لەملاولای نمایشکاران کۆدەبنەوەو هەردوولای لاکێشەکە پێکدەهێنن.

بۆ ئەم گروپە زۆر گرنگە کە بینەر لەجۆری دانیشتنەکەیان خۆشحاڵبێت.

دەبێ تەماشاوان ئامادەبوونێك کە وەکو خۆی مەبەستێتی ئامادە دەبێت.

هەر لەبەرئەوەشە ئەوان بەزۆری کارەکانی خۆیان لەسەر شانۆی ئاسایی پێشکەش ناکەنو هەوڵـدەدەن زۆرتر لەجەماوەر نزیك ببنەوە.

لای ئـەمان تـەکنیکی جووڵـەو جەسـتە تـەکنیکی شـانۆی هـەژارە، ئـەو شـێوازەی کـە کرۆتۆفسـکی سازمانکارو ناونیشانی رەسەنیەتی.

ئەمان لەهەموو بەرجەستەکردنەکانیاندا پشت بەتواناو تەکنیکی لەشی ئەکتەر دەبەستن.

ئەکتەر دەبێو ناچارە بەئامرازی کەمو بچوکەوە شتی زۆر گەورە پێشکەش بکات.

بەڕاستیش ئەکتەر دەبێ جەستەیەکی فرە رەهەند شك ببات تاکو بتوانێ بەسەر هەموو ئـەو کۆسـپانەدا زاڵ بێت کە لەئەنجامی دواکەوتن لەتەکنیکی ئەوروپا دێتە رێیان.

کاری ئەمان بریتیە لەدەقی کاریگەر، بەرجەسـتەکردنی لـەبارو پێشـوازی گـەرمی بینـەر، دیـارە هـەموو ئەمانەش پشت ئەسـتوورن بەشـادەماری سـەرجەم پرۆسـەی بەرجەسـتەکردنی شـانۆ، شـادەماریش دیـارە ئەکتەرە.

ئەکتەر کۆڵەکەی پتەوو راگری یەکەمی بنمیچی کارەکەیە، ئەمان وای بۆ دەچن کە لەبنەڕەتدا شانۆ پێکگەیشتنێکە لەنێوان ئەکتەرو جەماوەردا.

ئەکتەرەکانی ئەم گروپە هاوکات خاوەنی جەستەی نەرمو شل، دەنگی لەبار،

توانای سەماکردنو زۆرانبازیی، ژەنینی مۆزیك، ئەکرۆپاتو شتگەلی دیکەشن، ئەگەر کارە شانۆییەکە بیخوازێت.

شانۆگەری (پاشان بادێت) یەکێکی دیکەیە لەو شانۆ گەریانەی کەسەرنجی سیروان رەحمیی راکێشاوەو بۆماوەیەك لای خۆی رایگرتووە، ئەم شانۆگەرییە کە لەدەرهێنانی رۆبیرتۆ رۆمێیەو نۆ ئەکتەری ژنو پیاو رۆڵی تیا دەبینن و بەنەوەی سێهەم ناوزەد دەکرێن و هیچیان تەمەنیان لەحەفتا ساڵ کەمترنییە.

وەك نووسەر دەڵێت.

سەرباری جوانیو پرچڕێژیی خۆی، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە دەکرێ وەکو نموونەی توانای بێ سنووری مرۆڤ ئاماژەی پێبکرێت، مرۆڤێك کە دەکرێ تاکو لەژیاندا بێت، چاوەڕوانی بەرهەمو داهێنانی لێبکرێت.

ئەم کتێبە حیکایەتی زۆرێك لەو هونەرمەندە شەیدایانە دەگێڕێتەوە کە لەپێناوی هونەردا _ تەنانەت وڵاتەکانیشیان جێدەهێڵنو بەدەستی خاڵییەوە، بەڵام بەگەورەترین زەخیرەی دەنگو جەستەوە پەرە بەکاری شانۆییو داهێنانە جوانەکان دەدەن.

لەم بوارەدا باس لەشانۆی هەژارو ژیرزی کرۆتۆفیسکیو شاگردەکانی کراوە کەچۆنو بەچ عەشقێکی دەروێشانەو بەچ کەرەستەگەلێکی سادەوەو لەچ هەلومەرجێکی ژیاندا کە پێیخۆشحاڵ نین کاری دژوار دەکەنو مرۆ دووچاری حەپەسانو سەرسامبوون دەکەن. باس لەوە کراوە کەچۆن دوای مردنی ژیرزی کرۆفۆتۆسکی راهێنەری جەستە، شاگردەکانی بە رێبەریی تۆمای ریچاردس بەردەوام دەبنو ناهێڵن ئاگردانەکەی خامۆش بێتو ناهێڵن دەرگای ماڵەکەی دابخرێت، مەبەست مەڵبەندی کارەکەیەتی ( work center) کەلەوێدا هەم کاری کردووەو هەم ژیاوە.

لەبەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باس لەشانۆی سیاسیو ژودیت مالینا کراوە، کە ژودیت مالینا کچی دایکێکی جولەکەی ئەڵمانی بووەو دایکی لەبەرئەوەی نەیتوانیوە ببێت بەشانۆکار بڕیاری داوە ئەگەر کچی ببێت هانی بدات بۆ ئەوەی ببێتە شانۆکارێکی گەورە.

دایكو کچ بڕیاری خۆیان دەبەنە سەرو ژودیت دەبێت بەیەکێك لەشانۆکارەکانی ناسراو لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا.

دوای ئەوەی ماڵی ژودیت ئەڵمانیا جێدەهێڵنو دەچنە ئەمریکاو لەوێ شانۆکاری گەورەو رێبەری شانۆی سیاسی ئاروین بسکاتۆر مەڵبەندی کاری دراماتیك (dramatic workshop) دەکاتەوە، ژودیت دەبێت بەیەکێك لەشاکردەکانی ئەو فێرگەیە. ژودیت سەرەتا وەکو ئەکتەر دەچێتە ئەو فێرگەیە، بەڵام دواتر بەبسکاتۆر دەڵێت: من هاتم ببم بەئەکتەر کەچی ئێستا بڕیارم گۆڕیوەو دەمەوێ بەشی دەرهێنان بخوێنمو ببم بەدەرهێنەر. بسکاتۆر پێی سەیر دەبێت، دەڵێت: بەڵام تۆ شوو دەکەیتو هەرچی کاری شانۆیی هەیە لەبیرت دەچێتەوە.

ژوديت هەر لەنووسينگكەی بسكاتۆردا دەستدەكات بەگريانو لەسـەر بڕيارەكـەی خـۆی سـوور دەبێـتو دوای ئەوە بسكاتۆر دەستدەخاتە سەرشانیو پێیـدەڵێ: باشـە ئازيزەكـەم كورسـی دەرهێنـان بكـە، بـەڵام دووبارەی دەكەمەوە كەهەمووێت لەبير دەچێتەوە.

وەلـێ ژوديـت كورسـی دەرهێنـان تـەواودەكاتو نـەك هـەر وازنـاهێنێ بـەڵكو دەبێتـە درێژەپێـدەری ڕێبازەكەی بسكاتۆرو دەبێتە دەرهێنەرێكی گەورەو خاوەن كاريگەری تايبەت.

لەو قۆناغەدا ژوديت دەيەوێ شانۆ ببێتە جێگرەوەيەك بۆ سياسەت. پاشان هونەرمەندی شانۆو شێوەكار ژوليان بێك دەناسێتو پێكـەوە بڕيـار دەدەن شـانۆی ژيـان دابمـەزرێنن، ئەمـە لەسـاڵی1947دا دەبێـتو تائێستاش ژوديت بە وزەيەكی گەورەوە رابەرايەتی ئەو شانۆيە دەكات كەيەكێكە لەناونيشانەكانی رەسەنی شانۆی جيهانی.

شانۆی ژيان جگە لـەو بايەخـە زۆرەی بـەئازادیو گەيشـتنی مرۆڤـەكان بەيەكدیو دروسـتكرنی متمانـە لەنێوان مرۆڤەكانی دەدات، پێيوايە دەبێت لەمنداڵەوە دەستپێبكرێتو بڕوا بەوە بهێنرێت كەسازكردنی ئـەو شتەی ئامانجی ئەوانە كاری كردەيە نەك مەحاڵ، جگە لەوانە بايـەخێكی زۆريـش بەبينـەر دەداتو دەيـەوێ لەتەكياندا بەشداربێت.

ئەمان لەگەڵ بينەردا كارەكە تەواو دەكەنو پێيانوايە بەبێ بەشداريكردنی بينەر كارەكە ناتەواو دەبێت.

دەڵێن: بۆ نموونە كەسێك شتێكی بۆ گوتن هەبێت، خاوەن هەستێكی شيرين بێـت، تـۆ دەتـوانی كارێـك بكەيت ئەو مرۆڤە شتێك بكات. يان بتوانی شتێكی لێدەربكەيت.

بێگومـان بيرتۆڵـد برێخـتو ئـاروين بسـكاتۆر پێشـتر توانيويانـە شـانۆی سياسـيی نـوێ بدۆزنـەوەو بەپێچـەوانەی ستانلافسـكييەوە تواندنـەوە لـەڕۆڵو خـۆ لـەبيركردنی ئەكتـەريان وەلانـاوە، ئـەمرۆش لەسەردەستی ژوديتو هاوكارانی پەرە بەو شێوازی كاركردنە دەدرێت.

ژوديت دەڵێ: بسكاتۆر دەيويسـت لـەكاتی پێشكەشـكردنی نمايشـدا هـەموو بينـەرێك مێزێكـی بچووكی لەبەردەستدا بێت، بەقەڵەمو كاغەزێكەوە خـۆی سـەرقاڵ بكـاتو لەپڕێكدا كەشـەكە بشـڵەقێنێ، بـەجۆرێك كەهەموو نيگاكان بۆسەر خۆی بدزێتو بڵێت، من پرسيارێكم هەيـە، كـە ئەكتـەر بـواری نـەدا پرسـيارەكەی بكات، ئەمجارەيان رابێتو بڵێت: تكايە من گوتم پرسيارێكم هەيە !

شانۆی ژيان بەردەوام هەوڵی بەرجەستەكردنی ئەو خەونەی بسكاتۆر دەدات.

(30)سـاڵ زيـاترە كـار بـۆ ئامانجێك دەكـەم: (چ لەگـەڵ بينـەردا بكرێتوچـۆن هەڵسـوكەوتی لەتەكدا بەرجەستەبكرێت). ئەم خەياڵە بەربڵاوەی شـانۆی ژيـان زۆر لەگـەڵ شـێوازەكانی شـانۆی ژيـان زۆر لەگـەڵ شێوازەكانی شانۆی كۆنو باو جوداية. لەشـانۆی كـۆنو بـاودا بينـەر وەكـو منـاڵ وايـە، دەتـوانێ فێربێـت، دەتوانێ گوهدار بێت، دەتوانێ تەماشا بكات، بەڵام ناتوانێ قسان بكات، ناتوانێ بپرسێ، پرسـيار بەهـەموو چەمكە فراوانەكانی خۆيەوە نائامادەيە.

لەم بارەيەوە ژوديت دەربارەی شانۆيی بەهەشت (paradies) كەساڵی 1968 بەجەسـتەيان كـردووە دەڵێ: (هەمووان ئەكتەرەكانو بينەرانيش ڕژاينە سەر شەقامەكان. پۆليس هاتنو ئێمەيان گـرت بەراسـتی كارێ:ی تەواو جياوازو تايبەتبوو، پۆليس ناراستەوخۆو بەبێ ويستی خۆيان بەشدارەيان لەبەرجەستەكردنی كارەكەمانـدا كـرد، باشـم لـەبيرە دەسـتم لەكەلەبچـەدابوو بەپۆليسـێكم گـوت: ئێسـتا پـەردەی دووەم

لەشانۆگەریەکەمان پێشکەش دەکەین رۆڵی منو تۆش بەم شێوەیەیە من رۆڵی گیراوێك تۆش رۆڵی پۆلیسێك دەبینی. باشە؟ پۆلیسەکە بەدەنگی بەرزی پڕ هاوار ئەم رۆڵەی رەتکردەوەو گوتی: نەخێر، من لەشانۆگەری تۆدا هیچ رۆڵێك یاری ناکەم، وەڵامم دایەوەو گوتم ئافەرین زۆر باش رۆڵەت یاری دەکەیت.

ئەمجارەیان کەللەی بوو، بۆچ؟ بۆ چ ئەوەندە تووڕە دەبێت کەمن پێی دەڵێم تۆ لەشانۆدا رۆڵێك یاری دەکەین؟ لەبەرئەوەی کۆنترۆڵ لەدەستی ئەوی پۆلیس دەترازێ.. لەشانۆگەری بەهەشتدا ئێمە لەنگەری هێزمان گۆڕی.. بەراستی ئێمە رۆڵی کەسانێکی دەست بەسەرمان بەرجەستەکردو ئەوانیش بەراستی رۆڵی پۆلیسیان بەرجەستەکرد، بەڵام لەچوارچێوەی پلانو نەخشەی شانۆدا.

لەم کتێبەدا بەخەونو خۆزگەو خولیای هونەرمەند گەلێکی وەکو ژودیت مالینای رابەری شانۆی سیاسیو بەڕێوبەرو دەرهێنەری شانۆی ژیان ئاشنا دەبیت، کەپەنجا ساڵە بەهیوای ئەوەیە باری ئابووریو شانۆکەیان باش بێتو باش نابێتو کۆڵیش نادات، بەخەڵکانێك ئاشنادەبێت کەدەساڵ بەکارێکەوە سەرقاڵدەبنو پەلەی لێناکەن.

یەکێکی دی لەباسە سەرینجراکێشەکانی کتێبی (بەرجەسیتەکردن لەشێوازەکانی شانۆی نۆژەندا) دەربارەی شانۆی رۆژنامەوانە، کەژنە شانۆکاری ئانێت هینەمان بەڕێوەی دەباتو هەرخۆشی ناوی (شانۆی رۆژنامەوان)ی لێناوە. لەم شانۆیەدا دەق بەمانا باوەکەی هیچ بوونێکینییە، شتێك کەناوی دەقی شانۆی بێت نابینرێ. لای ئەمان دەقیش توخمێکە وەکو توخمەکانی دیکەی بەرجەسیتەکردنو لەلایەن بەشدارانی بەرهەمەکەوە دەئافرێندرێت.

ئەمان بەر لەهەرشت دێنو لەخۆیان دەپرسن بابەتەکانی رۆژەڤ چین؟ چ شێك سەرنجراکێشەو دەبێت بەمایەی مشتومڕ، یان وتووێژی گەرم بەرپادەکات؟ پاشان ئەکتەرەکانو دەرهێنەریش دەچن لەگەڵ کەسدا کەپەیوەندییان بەبابەتەکەی ئەمانەوە هەبێت یان شارەزابن تیایدا، رێپۆرتاژی رۆژنامەوانی دەکەن، پاشان لەکوێ ئەو رێپۆرتاژانە دەقێکی شانۆی کەپڕ بەپێستی شانۆی رژنامەوان بێت، دادەڕێژنو دەست بەپرۆڤە دەکەن. ئەم دەقە دروست توخمێك دەبێت لەتوخمەکانی بەرجەستەکردنو بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بەرلەوەی نموونەی شانۆی رۆژنامەوان بهێنینەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کەئەم شانۆیە بەشێکە لەشانۆی شاراوەو ناوەندەکەی لەشاری ڤۆلتێرای وڵاتی ئیتاڵیایەو ئانێت هینەمان دەرهێنەرو بەڕێوبەرێتی.

نووسەری ئەم کتێبە (بەرجەسیتەکردن لەشێوازەکانی شانۆی نۆژەندا) شانۆی کوردستانی دوور، وەك نموونەی شانۆی رۆژنامەوان دەهێنێتەوەو دەڵێت: رۆژی 3ی گولان_ی 1999، لەنمایشێکی تایبەتدا کە بۆ ئێمە پێشکەشکرا بۆ جاری یەکەم شانۆگەری کوردستانی دووە_مم بینی. کە لەدەرهێنانی ئانێت هینەمانەوە بۆ خۆیشی هاوشانی جانی گالاستەریو داریوس رۆڵی تیا دەبینێ.

کوردستانی دوور، کەباس لەنەهامەتیەکانی کورد دەکات، بەشێوەیەکی زۆرجوانو پڕ باندۆر کۆتایی پێدەهێنرێ.

دوای ئەوەی لەدەرەوە دەنگە دەنگێك هۆڵی شانۆکە دەهەژێنێ، ئەکتەرەکان دەچنە دەرەوە، کەدێنەوە دوا قسەی ژنە ئەکتەرەکە ئەمەیە:

ببورین ناتوانین درێژە بەپێشکەشکردنی شانۆ گەرییەکەمان بدەین. پۆلیسی تورك بەردەرگەیان لێگرتین‌و دەڵێن پێشکەشکردنی هەموو شتێك بەزمانی کوردی قەدەغەیە. بۆیە ناچارین شانۆگەریەکەمان لێرەدا بوەستێنین، بەڵام بۆ ئەوەی کاتەکەی ئێوە بەفیڕۆنەچیٚ، ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا درێژە بەدیدارو یەکتیربینین بدەین، بەباشی دەزانین بانگهێشتتان بکەین بۆ چاخواردنەوە.

هەموو خەڵکەکە لەڕووبەری هۆڵەکەدا کۆدەبنەوە.ئەکتەرەکان چایی دەبەخشینەوە.

بەڕاستی جوانترین دیمەن‌و کاریگەرترین تابلۆی کوردستانی دوور ئەم دیمەنی چا خواردنەوەیەیە ریتواڵێکە کەجۆرێکی نویٚ لەبەشدرایی بینەر بەرجەسیتەدەکات. پاشان تادرەنگانێك گفتوگۆی گەرم لەسەر کارەکەو رەوشی کوردان لەو رووبەرەدا درێژە دەکێشێت.

یەکێکی دی لەو شانۆ گەرییانەی کەتوانیویەتی سەرنجی (سیروان رەحیم) بۆ خۆی بدزێت شانۆگەری (سەبری ئەیوب)ە کە دووەم بەرهەمی شانۆی رۆژنامەوانە باس لە بەسەرهاتی کۆچبەران‌و پەنابەرانی کورد دەکات.

دوا دیمەنی ئەم کارە دیمەنی گرتن‌و هەژاندنی گەورەی کارەکەیە، هەڵپەرکێی کچان‌و کوڕانی دڵخۆشی بەهارێکی تەڕە بەدەم مۆزیکی کامکارانەوە. بەڵام هێرشی کیمیابارانی عیراقی هەڵپەڕکێکە خەڵتانی خوێن دەکات‌و سەرەتای کارەساتێکی گەورە لەکۆتایی شانۆگەرییەکەوە بەرجەستە دەکرێت.

لەپای ئەوەدا کە بینەر هۆڵی شانۆکە وەها جێبهێڵێت کەهەستکردن بەکارەساتێك لەگەڵ خۆیدا بباتە دەرەوەو تادەمێکی درێژ ئەو کارەساتە بیهەژێنێت. ئەوانەی شانۆگەری (سەبری ئەیوب)یان بینی وەك خۆیان دەیانووت:

تێڕوانینی ئەوان بەر لەشانۆ گەرییەکەو دوای شانۆ گەرییەکە دوو تیڕوانینی زۆر جودان بۆ کوردو کێشە سیاسیەکەی. تەنانەت دوای ئەم شانۆ گەریانەی شانۆی شاراوە لەسەر کورد مامۆستایەکی  مێژوودەڵیٚ:

بەڕاستی من ئەمرۆ شەرمدەکەم کەمامۆستای مێژووم‌و هیچ شتێك لەبارەی روشی کوردەوە نازانم لەدرێژەی قسەو باسەکانیدا لەسەر شانۆی رۆژنامەوان‌و عەشقی ئەوشانۆکارانە بۆ ئیشەکەیان، نووسەری ئەم کتێبە، باس لەشانۆی پەیژەی هەژاری دەکات کەچۆن لەپێناوی بەرهەمهێنانیدا ئەو شانۆکارانە سەرەتا نزیکەی دە رۆژ لەوێسگەی شەمەندەفەری رۆما دەمێننەوەو لەویٚ دەژین شەوو رۆژ لەویٚ لەگەڵ هەژاران‌و پەنابەرانی وێستگەکەدا ژیان بەسەر دەبەن. بێپارەو بێخۆراك رێك وەکو لانەوازانی وێستگەکە دەژین، دواتر دەچنە هیندستان‌و چەندین شارو شارۆچکەی هەژارنشین بەسەردەکەنەوە. لەویٚ ژیانێکی شپرزەو ماندوو دەبینن، پێشتریش چ لەکوردستان‌و چ لەناو کوردەکانی ئەوروپادا ئاشنایەتیان  لەسەر کۆمەڵگەی کوردی پەیدا کردووە.

عەشقی ئەم هونەرمەندانە بۆ ئیشەکەیان وایان لێدەکات بۆ ئەوەی بتوانن بەجوانی کێشەی کورد بەرجەستە بکەن خۆیان فێری هەڵپەڕکیٚ‌و گۆرانی کوردی دەکەن‌و هەوڵ دەدەن فەرهەنگ‌و دیرۆکی کوردیش بناسن.

ئەوان دەڵێن: مرۆڤی کورد تاڕادەیەك خۆی راست رادەگرێت. دیارە شانازی بەخۆیەوە دەکات‌و لەهەڵسوکەوتیدا سەربەرزە. لەکاتی قسە کردنیشدا دەست دەجولێنێت‌و ئاماژەی پێدەکات. ئەوان بەلایەنەوە گرنگ بووە کە مرۆڤی کورد چۆن قسەدەکات بۆ خۆیان ببینن.

ئەم کتێبەی سیروان رەحیم وەك بەختیار عەلی دەڵێ (بەنیگای یەکێکەوە نووسراوە کەدواجار خەڵوەتی شانۆو خەڵوەتی دەروێشان وەك یەك تەماشا دەکات).

هیوادارم نموونەی ئەم کتێبانە زۆرتربن، چونکە بەڕاستی پێویستمان بەهەوڵگەلێك هەیەکە جارێکی دیو بەزمانی تازەی ئەم سەردەمە پێمان بڵێن:

مەحاڵە مرۆڤ بەبێ عەشقو خولیاو سووتانی بەردەوام بۆ کارەکەی بتوانێ شتی تازەی هەبێو خۆی پێش بخاتو پەرە بەداهێنانەکانی بدات.

*ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە (2993) 2003/2/20

## شیعرو تەئویل

### خوێندنەوەیەك بۆ شیعری ئەدۆنیس

شیعرو تەئویل کتێبێکی 138 لاپەڕەیی عەبدولعەزیز بومسهولییە، ساڵی 998 لە (ئەفریقیا الشرق بڵاوکراوەتەوە.

تیایدا نووسەر خوێندنەوەیەکی هێرمۆنێتیکی بۆ شیعری ئەدۆنیس کردووە کە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، جگە لەوە گفتوگۆیەکی ئەدۆنیسی لەخۆگرتووە کە نووسەری کتێبەکە لەگەڵیدا سازیداوە.

من لەم خوێندنەوەیەدا مەبەستمە زیاتر رووناکی بخەمە سەر گفتوگۆکە.

***

نووسەری کتێبی (شیعرو تەئویل) گرنگیی پرۆژەی ئەدۆنیسیی لەدوو خالیدا کۆدەکاتەوە:

یەکەم: رزگاربوون لەدەسەڵاتی کلتوور، نەك کلتوور خۆی وەك بەرهەمهێنانێکی داهێنەر، هەروەها رزگاربوون لەو رەها میتافیزیکیەی کە لەنموونەیەکی ئامادەدا بەرجەستە بووەو یاسای عەموودیی شیعری (بۆموحاکاتو دووبارە بەرهەمهێنانەوە) سەپاندووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەدۆنیس شیعرییەتێکی کراوەی لەفەزای ئازادییدا دروستکردووەو ئەزموونگەریی وەك کردەیەکی شیعریی پیادەکردووە کە رێگا بۆ دنیایەکی دینامیکی بەردەوام جوڵاو خۆشدەکاتو کۆتاییەکانی بێسنوورن.

دووەم: بەرهەمهێنانی شیعرییەتێك کە نەك تەنها دەمامكو هێماو ئاماژە بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو دەسکەوتێکی دیکەی دەخاتە سەر کە ئەویش پیادەکردنی تەئویلە.

بێگومان دەشێت هەموو دەقێکی شیعریی تەئویل بکرێت، بە مانا ملکەچە بۆ تەئویل، بەڵام لای ئەدۆنیس خودی شیعر تەئیولکەرو تەئویلکراویشە.

ئەدۆنیس موغامەرەی خوێندنەوە (بەمانا سەرتاپاگیرییەکەی بۆ خودو شوێنو کلتوورو مێژوو) دەستپێدەکات، تا لەوێوە بچێتە نێو رێگاکانی تێگەیشتنی قووڵی (بوون)ەوە.

ئەم تێگەیشتنە بەمانای داواکردنی یەقین نییە، وەك لای فەیلەسووفەکانی عەقڵ دەبینرێت بەڵکو هەموو یەقینێك دەکاتە بابەتی پرسیاری زمان، لەبەرئەوە تەئویل دەبێتە بناغەی پەیوەندی لەنێوان بوونەوەرو بووندا.

لەم کتێبەدا (شیعرو تـەئویل) زیاتر قسە لەسـەر دوو بەرهـەمی سـەرەکی لـەپرۆژەی ئـەدۆنیس کـراوە کەئەوانیش ((ابجديه پانيه و الكتاب)ن، چونکە تیایاندا گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا (بەو سیفەتەی کـە زمـانێکی دەلالەتکـەرە لەسـەر بـوون) هێنراوەتـەوە، تیایانـدا شـاعیر گـوێ لـەو شـتانە دەگرێت کـەوتراون، پاشـان سـەرلەنوێ تـەئویلیان دەکـات، خوێندنـەوەی ئـەدۆنیس بـۆ مێـژوو، خوێندنەوەیـەکی ئـەکادیمیی نییـە بـۆ کەلتوور، وەك لای (الجابري)و (تيزين)و (مروه)و (خنفي)و خەڵکی دیکە دەبینرێن.

ئەو پرسیارانەی ئـەدۆنیس دەیانخاتـە روو بـەدوای هێڵـی پەیوەنـدیی لەگـەڵ ئـەو رووداوانـەی مێـژوودا ناگەڕێن کەعەقڵیەتی (یەقین/دەسەڵات) نووسیونیەوە، ئەو رووداوانەی کردەوەیان بۆ نموونەیەکی بێجووڵەو رووداویـان بـۆ وێنەیـەکو یـەك نامـا گۆڕیـووەو پاشـان پیرۆزییـان لـەخۆگرتووە، بـەوجۆرە زۆر رووداویـان بێتەفسیر هێشتۆتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێکیان بەبیانووی ئەوەی دەستدانن لەپیرۆزیو شـەرعیەتی سیاسیی‌و ئایینی بێدەنگیيان لێکراوە، کاری سەرەکیی شاعیر دروستکردنەوەی ئەو گوتـارە لەبیرکراوانەیـە کەکردەوەکانی سڕینەوە وێرانیان کردوون‌و چینە کەڵەکەبووەکانی لەبیرچوونەوەش دایانپۆشیوون.

لای ئـەدۆنیس مێـژوو لەخۆیـدا گۆڕەپـانێکی سـەربەخۆ نییـە، بـەڵکو دەبێتـە شـتێکی قابیـل بـۆ بـڕینی شیعریی.

***

لە گفتوگۆکەدا کە لەسەرەتاوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد ئـەدۆنیس لـەوەڵامی ئـەم پرسیارەدا، ((ئایا شـیعر لەکێشەدا نییە؟)) دەڵێت:

بەدڵنیاییـەوە لەئاسـتی بڵاوبوونـەوەو خوێندنـەوەدا شـیعر رووبـەڕووی کێشـە دەبێتـەوە، بـەڵام ئەمـە مەسەلەیەکی شیعریی نییـە، بـەڵکو ئەمـە کێشـەی خوێنـەرو خوێندنەوەیـە، ئەمـە کێشـەیەکی رووناکبیری گشتییە، شیعر کێشەی نییە، چونکە خـۆی یەکـەمین کێشـەیە، شـیعر بناغـەی یەکەمـە کەتیایـداو لـەڕێگای ئەوەوەو بەپشت بەستن بەو (بوون)و پەیوەندیمان بەبوونەوە دەبینین.

بەتایبەت کاتێك زانسـتەکان توانـای پرسـیارکردنیان نامێنێـت‌و نـازانن چـی دەربـارەی جیهـان‌و کێشـە خودییەکانی مرۆڤ بڵێن، شیعر دێتەگۆ.

شـیعر (بەهـەمان شـێوەی خۆشەویسـتی) بـەردەوام ئێسـتاتیکای بوونمـان بـۆ ئاشـکرا ناکـات، بـەڵکو مەعریفیەتی ئەم بوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەبەرئەوە لەهەندێك باروودۆخدا شیعر لەسەر ئاستی رووکەش‌و بڵاوبوونەوە زیانی بەردەکەوێت، بەڵام بەردەوام لەسەر ئاستی قووڵیی‌و گشتگیریی قازانج دەکات..

لەم ئاستەدا ناشێت داهێنان بگاتە کۆتایی، چونکە مانای ئەوە کۆتایی مرۆڤ دەگەیەنێت، کە هـەبووبێت وەك مرۆڤ، بەمانایەك لەماناکان دەبێت داهێنەر بێت.

***

ئەدۆنیس دەربارەی دەقی کراوە، دەڵێت:

بەراستی من زیادکردنی وشەی کراوە بۆ سەر دەق بەپێویست نـازانم، چـونکە کاتێـك دەڵـێین (دەقێکـی شیعریی) ئەوە بەزەرووڕەت دەقێکی کراوەو فرەیە.

دەق بەردەوام شەپۆلدارە، بۆئەوەی لێی نزیك بیتەوە ناچار دەبیت خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکەیت.

***

بەبۆچوونی ئەدۆنیس پێویست دەكات چاو بەتێگەیشتنماندا بۆ (وێنە) بگێڕینەوە؟ وێنە راچڵەكاندنێكی زمانەوانی نییە، بەڵكو كانیەكی (وجودی، كیانی)یە، لەبەرئەوە ناشێت شیعرێكی مەزن بەبێ وێنە بوونی هەبێت، وێنە بناغەی هەموو شیعرێكی مەزنە.

***

بەبڕوای ئەدۆنیس ئەگەر گۆڕانكارییەكی بناغەیی لەئەزموونی شیعریی عەرەبییدا هەبێت، تەنها لەپەیدابوونی قەسیدەی پەخشانو دەرچوون لەكێشی خەلیلی كۆن بەرجەستە نابێت، بەڵكو یەكەمین گۆڕانكاری راستەقینە بۆ تێگەیشتنمان لەشیعر دەگەڕێتەوە، كەبێگومان ئێمە وەك پێشینی خۆمان بۆی ناڕوانین.

دووەم: گۆڕانكارییەكی دیكە ئەوەیە كەئێستا رێسا ئامادەكراوەكان بناغەنینو شاعیر لەوانەوە نایەت بۆ ئەوەی چی دەوێت بیلێت، بەم مانایە پێوانەو رێسای پێشوەخت نەماوە، هەروەك چۆن شیعر نەماوە، بەڵكو شاعیرو خودێتی ئەزموون هەیە.

سێیەم: كاتێك دەڵێین شیعری ئەمڕۆی عەرەبی، لەوێوە نایڵێین كەبوونێكی هەیە لەسەر خودی خۆی وەستاوە، بەڵكو بەپشتبەستن بەئەزموونی شاعیرگەلێكی دیاریكراو ئەو دەستەواژەیە بەكاردەهێنین، لەو ئەزموونە لێكجیاو پێكەوە بووانەوە دەڵێین شاعیرگەلێك هەن، كەواتە شاعیرو ئەزموونو خودێتیی شاعیرەكە بناغەن، بەپێچەوانەی جارانەوە كەبنەماو رێساكان بناغەبوونو پاشان تەماشای شاعیر دەكرا تا چ پلەیەك لەگەڵیاندا گونجاوە، یان تا چ پلەیەك لەگەڵیاندا جیاوازە.

خاڵێكی گرنگی دی لەسەر ئاستی فۆرم ئەوەیە كە كۆی ئەزموونی شیعریی عەرەبی هێڵئامێزە، وەلێ شتێكی جیاواز بۆ نموونە لای (النفری)و (المصری) و نووسراوە سۆفیگەرییەكانو خودی (دەقی قورئانی)ش دەبینرێت، ئەمڕۆ لای هەندێك شاعیری عەرەب هێڵئامێزیی كۆتایی هاتووە، قەسیدە بووە بەعەموودیو تۆڕئامێز.

***

لە وەڵامی پرسیارێكی نووسەری ئەم كتێبەدا (شیعرو تەئویل) كەدەڵێت: ((شاعیری چیك سكاسیل پێیوایە: قەسیدە لەشوێنێكدا، بەشاراوەیی، بوونی هەیەو شاعیر شتێك ناكات جگە لەئاشكراكردنی نەبێت، ئاخۆ دروستكاری سەرەكی شاعیر ئاشكراكردن یان بنیاتنانو دروستكردنە؟)).

ئەدۆنیس دەڵێت:

ئەم قسانە ئەگەر لەسیاقی خۆیان دابڕێن مەبەست ناگەیەنن، پێموایە ئێمە هیچمان شتێك لە نەبوو داناهێنین، بەڵكو جیاوازیی و داهێنان لەپێداگرتن لەسەر لایەنێك، بێ لایەنێكی دیكەو لەسیاقدایە.

كەسێك وەكو بابەت شتێكی تازەی نەنووسیوە، بەڵام وەك چۆن سیاقەكەی لەبیردەكرێت ئەوەش لەبیردەكرێت كەنووسەر لەقوڵاییدا دەیلێت، ئێمە لەسیاقو لەجیاوازیی ناكۆڵینەوە.

بۆرخیس دەڵێت: ((لەوێدا نووسەر نییە، بەڵكو یەك كتێب هەیە لەوەتەی هەین بەبەردەوام دەینووسینەوە..))

هەروەها تێوری مردنی نووسەر هەیە، قورئان وەكو دەقێكی كتابیو نووسین (لەوێوە كە نووسینەوەی هەموو شتەكانی پێش خۆیەتی، لەسیاقێكی تازەدا) دەقێكە نووسەری تێدا نییە، هەروەها تەوراتیش كە

تیایدا دەقگەلێك دەدۆزیتەوە سەرتاپا لە ئەفسانەی کۆنەوە وەرگیراوە،بەلام گرنگ سیاقەکەیەتی نەك خودی بابەتەکە.

نموونەیەکی دی: سۆفیگەریی پێش ئەوەی 20 ساڵێك بەر لەئێستا من قسەی لەسەر بکەم، تەنها دەقگەلێکی دینی بوو، بەجۆرێك تەماشا دەکرا کە کۆمەلێك دەقی دەروێشییەو پەیوەندی بەئەدەبەوە نییە، بەلام دەقی سۆفیگەریی ئەمڕۆ بووە بەدەقێکی ئەدەبیی و لەلایەنە ئایینییەکەی بەتاڵکراوەتەوەو چۆتە سیاقی زمانێکی شیعرییەوە، ئەمە جۆرێکە لەنووسینەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بابەتێکی کۆن.

***

سەبارەت بەئاستی رۆمانو شیعری عەرەبی، ئەدۆنیس دەڵێت:

رۆمانی عەرەبی–تائێستا– بەنیسبەت شیعرەوە لەسەرەتاکانی یەکەمیدایەو بەهیچ جۆرێك پێکەوە ناپێورێن، چونکە دەسکەوتی شیعری عەرەبیی دەسکەوتێکی گەردونیی مەزنە، سنووری عەرەبایەتی تێپەڕاندووە، بەلام پێموانییە دەسکەوتی رۆمانمان گەیشتبێتە ئەو ئاستە.

---------------

بڕینی شیعریی: الاختراق الشعری

هێڵئامێز: الخیگیە.

تۆڕئامێز: شبکی

*گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژمارە ( )

سوهراب، باڵندەی کۆچەر

سوهراب پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندیی، لە کاشانەوە بەرەو تاران دەڕوات، بۆ ئەوەی لە فەزایەکی بەرینترو گونجاوتردا زانستو هونەر بدۆزێتەوە.

جارێکیان لە پشووی هاویندا دەگەڕێتەوە کاشان،(پەری دوختی) خوشکی داوای ناونیشانی لێدەکات، بۆ ئەوەی نامەی بۆ بنێرێت، لە وەڵامدا دەڵێت: ((لەسەر زەرفەکە بنووسە دونیای سوهرابی سپەهری، دەگاتە دەستم)).

*** 

سوهراب شاعیرو نیگارکێشی مەزنی ئێران، لە 15ی حوزەیرانی ساڵی 1928دا، لای نیوەڕۆ لە کاشان هاتۆتە دنیاوە.

کوڕی خێزانێك بووە کە یەکێك لە نەریتەکانی ئەو خێزانە کتێب خوێندنەوە بووە.

سەرەڕای ئەوەی مەنوچەهری برا گەورەی کتێبخانەیەکی 9 هەزار کتێبیی هەبووە کە زۆربەیان لەسەر راو پێشنیازی سوهراب کڕاون، کتێبی ڕۆمانی قەبارە ئەستوورو چەند بەرگییان لە کتێبفرۆشێك بەکرێ وەرگرتووەو دوای نانی شێوان کتێب خوێندنەوەی بە کۆمەڵ دەستی پێکردووە. سەرەتا دایکیان، کە وەك پەری دوختی خوشکی سوهراب دەڵێیت: ((لە وانەیە تەنها کارمەندی ژن بووبێت لەو سەردەمەی دەوڵەت لە شارە کەماندا))، بەدەنگی بەرز کتێبی بۆ خوێندوونەتەوە، پاشان سوهرابو منداڵەکانی دی بەنۆرەو بەدەنگی بەرز دەستیان بە خوێندنەوە کردووەو ئەوانی دی گوێیان گرتووە.

سوهراب هەر لە منداڵییەوە خەونو خەیاڵی سەیری هەبووە، بۆ نمونە: زۆر جاران لە خەوندا فڕیووە، تەنانەت بۆ پیادەکردنی خەونەکانی جارێکیان لەگەڵ منداڵگەلێکی دیکەدا بڕیاریان داوە بە پەڕەشووت خۆیان هەڵداوێن. بۆ ئەم مەبەستە چادرێکیان هێناوەو ستوونێکیان خستۆتە نێوەندیو لە هەرچوار لاوە تیرە داریان پێوە لکاندووە.

زۆر جاریش لاقی دارینەی بۆ خۆی درووستکردووە کە بەوە توانیویەتی هەنگاوی درێژتر بهاوێتو لە بەرزی یەك مەترەوە، شتەکان ببێنێت.

هەر بەمنداڵییش لە جیاتی بولبولو کەناری کوندەپەپوویەکی لە قەفەس کردووە.

سوهراب لە دوایین ساڵی زانکۆدا کە یەکەمین کتێبی خۆی بەنێوی (رەنگی مەرگ) چاپکردووە، چۆتە سەر هەرکارێك پاش ماوەیەکی کورت وەلای ناوەو ئاوهای پاکانە بۆ کردووە: ((کاری سەرەکیی من دانانی شیعرو تابلۆکێشانەو ناتوانم چیدیان رەگەڵ بخەم)).

ئەم شاعیرو نیگارکێشە مەزنە، ئەگەرچی بەهۆی ئەوەوە کە راوکردن ئارەزوویەکی دیکەی بنەماڵەکەیان بووە، لە منداڵییدا بەتیرو کەوانو تەپکە چۆلەکەو کوڕەی گرتووەو سەردەمانێکیش بەگەورەیی هەموو رۆژی هەینییەك لەگەڵ مامەکانییدا چۆتە راوی کۆترو قومری، بەڵام دواتر زۆر جاران دۆستو ئاشنایانی ئەویان لە کەناری جۆگەیەك یان حەوزێکی ئاو بینیوە، یان بە چیلکە دارێك یان گەڵایەکی بەدەستەوە گرتووەو خەریکی رزگار کردنی مێروو یاخود پەپوولە بووە.

تەنانەت ساڵێکیان کە پشووی هاوینە بووە، کوللە هێرشی بۆ دەشتەکانی دەوروبەری کاشان بردووە. بۆ ئەم مەبەستە سوهراب بەنێوی سەرپەرشتیاری دەستەی قەڵاچۆکردنی کوللەوە بۆ ئەو دەشتانە دەنێرن، کە دەگەڕێتەوە لێیدەپرسن:

–چۆن لەگەڵ کوللەکاندا دەجەنگایت؟

دەڵێت: ((ڕێ ڕۆشتنم زۆر بەزەحمەت بوو، چونكە جگە لە كوللە چیدی بەسەر زەوییەوە دیار نەبوو، منیش دەمویست جۆرێ ڕێبكەم كوللە لە ژێر پێمدا نەپلیشێتەوە)).

* **

سوهراب جگە لەوەی بەمنداڵیی (وەك خۆی دەڵێت): لە قوتابخانە سەری هەڵنەبڕیووە، لە ماڵێدا بزۆز، لە قوتابخانە ترساوە، لەماڵەوە ترساندوونی.

بەگەورەییش كەسێكی شەرمن بووەو هەمیشە بانگهێشتی ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی بۆ چاوپێكەوتن ڕەتكردۆتەوە. ڕۆژی كردنەوەی پێشانگاكانی ئامادە نەبووە، وتویەتی: ((ئەوانە دێنە بینینی كارەكانم بەمن كارێكیان نیە)).

زۆر جاران داخوازیی ئەوەی لێكراوە ڕەزامەندی پێشان بدا فلیمێك لەسەر ژیانی بەرهەمبهێنن، ڕازی نەبووە. تەنانەت هەندێجار (سێكچ)ەكانیان بردووەو نەیانهێناوەتەوە، لەشەرمان داوای گەڕانەوەی نەكردووە.

***

سوهراب شارەزاییەكی باشی لەزمانی فەرەنسیو ئینگلیزییدا هەبووەو بڕێك شیعری ژاپۆنی لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی وەرگێڕاوە.

شیعرەكانی جگە لە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیو عەرەبی، بۆ توركیو ئیسپانیو سویدیش وەگێڕدراون.

ئەم شاعیرو نیگاركێشە مەزنەی ئێران بەدوای شوێنەواری هونەرە بەرجەستەكانو كەلتورو فەلسەفەی وڵاتانی دیكەدا گەشتی بۆ زۆر شوێنی ئەم جیهانە كردووە، لەوانە پاریس، لەندەن، نیویۆرك، ڕۆما، ژاپۆن... هتد.

* * *

سوهراب جگە لەلایەنی خوداییو پیرۆزیی، قورئان–ی بەیەكێك لە بەنرخترین شارەكانی ئەدەبی جیهانیی داناوە.

مەولەوی بەگەورەترین شاعیرو عارف مێژووی ڕۆژهەڵات زانیوەو كوشتەی شیعرە پڕ خرۆشەكانی دیوانی (شمس) بووە.

هەروەها بە چاوی پڕ بایەخو سەرسووڕمانەوە بۆ غەزەلیاتەكانی حافزی شیرازی ڕوانیوە. لە یەكێك لە دوایین ڕۆژەكانی عومریدا كە لە نێو نوێنی نەخۆشییدا بووە كاتێك دەربارەی مەنسووری حەلاج دواوە، پەری دوختی ڕاسپاردووە كە هەر دەبێت كتێبی (تزكرە الاولیاو)ی شێخی عەتار بخوێنێتەوە، كە باس لە حاڵو كەراماتی عیرفانییە ناودارەكان دەكات.

* * *

*لە قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو)دا، ئەم نیوە بەیتە:

(كوشتنی شاعیرێكی خەمگین بەدەستی گوڵی سۆڵ)

سەرەتا بەمجۆرە بووە:

(کوشتنی شاعیرێکی خەمگین بەدەستی گوڵی سوور)، کاتێك (هەشت کتێب) کەوتۆتە ژێر چاپەوە، پێویست بووە هەموو کتێبێك بە تەواوی پاکسازییەوە بە ژێر سانسۆردا تێبپەڕێت، سوهراب گوتوویەتی:

((ئەگەر زۆر گۆڕانکارییم پێبکەن ئەوا لە چاپکردنی چاوپۆشی دەکەم.

سەرەنجام پێی ڕاگەیاندراوە لەبری وشەی (گوڵی سوور– گل سرخ) کەڵك لە گوڵی سۆڵ، یان سەهۆڵ– گل یخ) وەربگرێت.

چونکە لەو سەردەمەدا (خسرو گل سرخی) شاعیری کۆمەنیستی دژ بەشا لەزینداندا بووەو لەوە ترساون ئەو وشەیە لە فیکرو خەیاڵی خەڵکییدا جێگیر ببێت.

سوهراب گۆڕانکارییەکەی قبوڵ کردووە، چونکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ سەر شیعرەکە نەبووە، بەڵام گاڵتەی بەکەم عەقڵیی بەرپرسەکان کردووەو وتویەتی:

((شیعر لە پشتی دەریاکانەوە گومانی زێتر دروستدەکات)).

*سوهراب دەربارەی نیوە بەیتی: (تابتەوێ خۆر، تابتەوێ پەیوند، تابتەوێ، لەبەرگرتنەوە) وتوویەتی: وشەی لەبەرگرتنەوە پێشنیازی فەروغی فرخزاد بوو، هەرچەندە بەدڵم نەبوو، بەڵام بەخاتری ئەو وەك خۆی هێشتمەوە.

* * *

سوهراب دوای ئەوەی دووچاری (شێرپەنجەی خوێن) دەبێت، بۆ چارەسەر لەگەڵ پەری دوختی خوشکییدا دەچێتە لە ندەنیش بەڵام سوودی نابێت. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بەماوەیەکی کورت، دووبارە دەگوێزرێتەوە نەخۆشخانەو ئیدی ناگەڕێتەوە ماڵەوە، لەو ماوەیەی کە لە نەخۆشخانەدا دەبێت، کیژۆڵەیەکی نازدار هەموو ڕۆژێك بەچەپکە گوڵێکی سوورەوە دەچێتە سەردانی، بەڵام بەهۆی نالەباری حاڵی سوهرابەوە، بێئەوەی ببینێت نەخۆشخانەکەی جێهێشتووە.

ڕۆژێکیان لەگەڵ دواساتەکانی سوهرابدا دیارنابێت، کەسو کاری سوهراب زۆر بۆی نیگەران دەبن، پاشان ڕۆژی دوایی دەچییتو دەڵێت:

((دوێکە لە بۆ گوڵاڵە سورە چوومە پێدەشتەکانی لای کەرەج، بەداخەوە مانشێنەکەم لی خەرابوو، ئیدی بۆم نەکرا بێم، بمبەخش)).

سەعات شەشی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی مانگی (گوڵان) ساڵی1980 ڕۆحی سوهراب لەزیندانی سینەی ڕزگاری دەبێتو لە زیارەتگای مەشهەدی ئەردەهاڵ بەخاك دەسپێرێت.

لە ڕێورەسمی حەوتەمین شەوی مردنی ئەو خۆشەویستەدا، کەس و کاریوکۆمەڵی لە دۆستان لەسەر گۆڕەکەی کۆدەبنەوە.

سەرتاپای گۆڕەکەی بەخونچەی گوڵەباخی گەش دادەپۆشرێتو دۆستەکانیشی بە گوڵاڵە سوورە گۆڕەکەی گوڵباران دەکەن.

پاشان (ڕچمانی) کێلی گۆڕەکەی ئامادە دەکاتو بە خەتێکی جوان ئەم شیعرەی سوهراب خۆی بەسەرەوە دەنووسێت:

((ئەگەر بەشوێن مندا دێن هێدیو لەسەرخۆ وەرن، نەوەك درزبدا چینی ناسکی تەنیایی من)).

* * *

خوێنەری خۆشەویست!
ئەم شتانەو دەیەها وردەکاری دیکەی ژیانی سوهراب سپەهەری، لە کتێبی (سوهراب باڵندەی کۆچەر)دا دەخوێنێتەوە.
کە (پەری دوختی سپەهری) خوشکی سوهراب، نووسیویەتی‌و نەوزاد ئەحمەد کردوویەتی بە کوردی.
حسین سۆران پێشەکی بۆ نوسیوەو ئەرکی لە چاپدانیشی لە ئەستۆگرتووە.
تێبینی:
من تەنها نمایشی دەقە کوردییەکەی ئەم کتێبەم کردووە، دەشێت فارسییزانەکان لە رووی چۆنیەتی وەرگێڕا نەکەیەوە، چ بەباش چ بەخراپ، قسەی خۆیان هەبێت‌و بیکەن.
*گۆڤاری ئایندە. ژمارە (18) 2001

## یادەوەریی جەستە

(یادەوەریی جەستە) رۆمانێکی (404) لاپەڕەیی شاعیرو نووسەری جەزائیری (ئەحلام مستەغانمی)یە، ئەم چاپەی کە لەبەردەستی مندایە چاپی هەشتەمیەتی‌و ساڵی 1998-دار ئەلئاداب-ی بەیروت بڵاویکردۆتەوە.
بەشی دووەمی ئەم رۆمانە بەناوی (ئاژاوەی هەستەکان)وەیە، بەهیوام لەدەرفەتێکی دیکەدا بەسەری بکەمەوەو بەو خوێنەرانەی، کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، تائێستا نەیانتوانیوە بیخوێننەوە، ئاشنا بکەم.
* * *
لەم رۆمانەدا، گێڕەرەوە کە پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکەیەو ناوی (خالید)ە، دوای خۆپێشاندانەکانی 1945ی جەزائیر دژ بە داگیرکەرانی فەرەنسا کە قەسەنتینەو سەتین ودەوروپشتی ئەو دووشارە یەکەمین (عەرەبون)ی شۆڕش دەدەن‌و هەزارانیان شەهید دەبێت‌و دەیان هەزاریشیان زیندانی دەکرێت، ئەمیش (پاڵەوانی رۆمانەکە) دەگیرێت، بەڵام لەبەر کەمیی تەمەنی کە (15) ساڵ دەبێت، ئازاد دەکرێت.
لەوێ لە زیندانی (ئەلکدیا) یەکەمین ژوانی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ (سەی تاهیر) دەبەستێت. 10ساڵ پاش ئەو رووداوە، (سەی تاهیر)و چەند کەسێکی دیکە بەشاراوەیی دەچنە چیاو یەکەمین شانەی چەکدارانە پێکدەهێنن، لە ئەزموونێکی تێکۆشانی چەکدارانە لەگەڵ (سەی تاهیر)دا پێکدەگەنەوە.
خالید دەڵێت: ((من کەیەك برای لە خۆم بچوکترم هەبوو بەناوی حەسان، دایکم مردو باوکم ژنی دیکەی هێنا. 3 مانگ بوو من هەتیو کەوتبووم- چونکە راستیان وتووە مرۆڤ بەمردنی باوکی هەتیو نابێت، بەڵام بەمردنی دایکی هەتیو دەکەوێت- شۆڕش پێی نایە ساڵی دووهەمینەوە، لەو کاتانەدا نیشتمان سیماکانی دایکایەتی لەخۆگرت‌و حەنانێکی زۆری پێبەخشیم. فەرەنسیەکان کە 3ساڵ ئەشکەنجەی (سەی تاهیر)یان دابوو، دەیانزانی چ پیاوێکە، بەڵام نەیاندەزانی تۆڵەیان لێدەکاتەوە.
سەی تاهیر لەوانە نەبوو کەچاوەڕوانی مردن دەکەن، بەڵکو خۆی بەرەو پیری مردن دەچوو)).
خالید هێدی هێدی متمانەی سەی تاهیرو شۆڕش بەدەستدەهێنێت، دوای 2ساڵ دەگاتە پلەی (مولازم)و لەشەڕێکدا لەناوچەی (باتنە) دوو فیشەك لەباڵی چەپی دەداتو بەنیازی چارەسەرکردنی بۆ سنووری تونس-ی دەنێرن، چونکە بنکەی خەلفیی شۆڕش لەوێ دەبێت.

سەی تاهیر ئەدرەسی ژنو تاقە کچەکەی‌و هەندێك پارە دەخاتە گیرفانی خالیدەوەو پێی دەڵێت: بەدایە بڵێ بەو پارەیە دیارییەك بۆ کچە بچووکەکە بکڕێت. ناوێکیش بەخالید دەڵێت کە لە کچەکەی بنێت‌و لەجیاتی ئەم ماچی بکات‌و لە(دار ئەلبەلەدیە)ش تۆماری بکات.

خالید کە بۆ یەکەمینجار لە چرکەساتی خوێنبەربوون‌و لەنێوانی ژیان‌و مردنا ئەو ناوە دەبیستێت، وەك پابەندبوونی پەیامبەرێك بەراسپێرییەکەوە کە دەترسێت لەدەستی بچێت، بەپیتەکانی ئەو ناوەوە پابەند دەبێت.

خالید دوای ئەوەی دەگاتە تونس لەلایەن پزیشکێکی یوگسیلافییەوە باڵی دەبڕێتەوەو هەستدەکات جارێکی دیکەش هەتیو دەکەوێتەوە.

پزیشکەکە پێشنیازی نووسین‌و وێنەکێشان بۆ خالید دەکات کەخۆی پێوە سەرقاڵ بکات، خالید وێنەکێشان هەڵدەبژێرێت.

پزیشکەکە دەڵێت: ((وێنەکێشان دەتوانێت لەگەڵ دەوروبەردا ئاشنات بکاتەوە، چونکە تۆ ئیستا روانینت بۆ ژیان گۆڕاوەو بەیەك دەست مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت، کام شتت زۆر خۆشدەوێت‌و هەست دەکەیت زیاد لە دڵتەوە نزیکە، وێنەی ئەو شتە بکێشە)).

هێشتا مانگێك بەسەر برینەوەی دەستیی تێناپەڕێت، خالید وێنەی پردێکی شاری قەسەنتینە دەکێشێت‌و ناوی(حەنین)ی لێدەنێت‌و لەژێریا تونس 1957 دەنووسێت‌و بۆ یەکەمینجار ئیمزای خۆی لەسەر تابلۆ دەکات، هەروەك چۆن لەپایزی هەمان ساڵدا بۆ یەکەمین جار ئیمزای خۆی لەژێر ناوی (حەیات) و مێژووی لەدایکبوونیدا دەکات، کە لە (دار ئەلبەلەدیە) لەسەر راسپاردەی (سەی تاهیر)ی باوکی ناوی تۆمار کردووە.

* * *

دوایین دیداری خالیدو سەی تاهیر لەساڵی 1960و لە تونس دەبێت، کە دەچێت تا گرنگترین رووداو لەژیانییدا بەسەر بکاتەوە کە ئەویش بینینی (ناسر)ی منداڵی دووەمیەتی.

چەند مانگێك دوای ئەوە سەی تاهیر بێئەوەی بتوانێت بۆ دووەمجار کوڕەکەی ببینێتەوە شەهید دەبێت.

سەی تاهیر بەپاکی‌و لە نزیکبوونەوەی سەربەخۆبوونی جەزائیردا دەمرێت‌و شتێك لەدەستیدا نابێت جگە لە چەکەکەی، شتێك لەگیرفانیدا نابێت جگە لەکاغەزگەلێکی بێ نرخ، شتێك لەسەر شانەکانی نابێت جگە لەنیشانەی شەهیدبوون.

بکوژانی 6 سەعات گەمارۆی دەدەن‌و بۆردوومانی خەستی دەکەن، وەك بەڵگە بۆ سەرکەوتنە گەورەکەیان بڵاوبکەنەوەو بیسەلمێنن یەکێك لەو تێکدەرانەیان کوشتووە کە فەرەنسا سوێندی لەناوبردنیانی خواردووە. ئاخۆ بەڕاستی مردنی ئەو پیاوە سادەیە دەبێتە سەرکەوتن بۆ هێزێکی گەورە، کە دوای چەند مانگێك جەزائیر بەتەواوی لەدەست دەدات؟

بەوشێوەیە سەی تاهیر لەهاوینی 1960 دا بێئەوەی چێژ لە سەرکەوتن ببینێت‌و لەبەری سەرکەوتن بخوات، شەهید دەبێت.

* * *

خالید كه دواجار لەسالّی 1962 دا دوای سەربەخۆبوونی جەزائیر حەیات دەبینێتو ئیدی دەچێتە فەرەنساو لەوێ دەگیرسێتەوە، سالّی 1981 لە پاریس پێشانگایەکی شێوەکاریی دەکاتەوە.

حەیات، لەگەلّ کچێکی ئامۆزایدا کە کچی سەی شەریف–ی مامیەتیو باوکی لە بالیۆزخانەی جەزائیر لە فەرەنسا ئیش دەکات، دەچنە تەماشای پێشانگاکە.

خالید هەستدەکات لە یەکەمین سەرنجەوە، بەلّکو بەر لە یەکەمین سەرنجیش خۆشی دەوێت، پێیوایە شتێك لەودا هەیەو ئەم دەیناسێت، شتێك بەرەو سیمای ئەو (کە خالید پێشوەخت خۆشی دەوێت) رایدەکێشێت، وەك ئەوەی رۆژێ لەرۆژان ئافرەتێکی خۆشویستبێتو لەو چووبێت، یان لە ئەزەلەوە ئامادەیی ئەوەی تیا بووبێت ئافرەتێکی خۆشبووێت کە رێك لەم بچێت.

حەیات، لەبەردەمی تابلۆی (حەنین)دا هەلّوێستەیەك دەکات.

دوای ئەوەی خۆیانی پێدەناسێننو خۆشحالّیی خۆیان دەردەبڕن کە هونەرمەندێکی جەزائیریی لەو ئاستەدا دەبینن، حەیات بەلّێنی پێدەدات کە رۆژی دووشەممە سەر لە پێشانگاکەی بداتەوە، بەلاّم لەبەرئەوەی سەی شەریف–ی مامی لەو رۆژەدا دەچێتە پێشانگاکە (کە تاقە کەسایەتییەکی جەزائیرییە خالید بانگهێشتی کردبێت)، حەیات رۆژی دواتر سەر دەداتەوە.

پەیوەندی نێوان خالیدو حەیات چ بەتەلەفۆنو چ بەیەکتر بینین پەرە دەسێنێت، حەیات دەلّێت: ((دایە زوهرە– دایکی سەی تاهیرو نەنکی حەیات– کە باسی باوکمی بۆ دەکردم زۆر باسی تۆشی دەکرد، لەوە دەچوو زۆری خۆشبوێیت، لەوێوە من حەزم بە بینینو ناسینی تۆ دەکرد)).

خالید پرسیاری دایە زوهرەی لێدەکاتو ئەویش شتگەلێکی زۆری بۆ دەگێڕێتەوە، لەوانە دەلّێت: ((دایە زەهرە لە رۆژی سەربەخۆبوونی جەزائیردا بەجۆرێك گریا کە هەرگیز ئاوها نەگریابوو پرسیم: دایە بۆچی دەگریت، ئەوەتا جەزائیر بەسەربەخۆیی گەیشت؟!

وتی: من لە رابردوودا چاوەڕوانی سەربەخۆیی بووم بۆ ئەوەی تاهیرم بۆ بگەڕێتەوە، ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت کە ئیدی چاوەروانی شتێك ناکەم)).

پاشان دەلّێت: 4 سالّ بەر لە ئێستا دایە زوهرە مردو ناسرو دایکم چونە پایتەختومنیش بەدووی خوێندندا بەرەو پاریس هاتم.

دواتر حەیات باسی نووسین بۆخالید دەکات، دەلّێت:

دوو سالّ بەر لەئێستا یەکەمین رۆمانی خۆم بلاّوکردۆتەوە، کاتێك رۆمانەکە بۆ خالید دەهێنێت، هیچی لەسەر نانووسێت، دەلّێت:

ئێمە پێشکەش بۆ خەلّکی نەناس دەنووسین ئەوانەی خۆشمان دەوێن، جێگایان تەنها لە یەکەم لاپەڕەی سپی کتێبەکانماندا نییە، بەلّکو لەنێو هەموو لاپەڕەکاندان.

پەیوەندییان رۆژ دوای رۆژ پەرە دەسێنێت، خالید دەلّێت:

تۆ منت بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانە خۆشدەوێت کە نایانزانیت (بەتایبەت لەبارەی باوکتەوە)، منیش تۆم بۆ ئەوە خۆشدەوێت ئەو شتانەم لەیاد ببەیتەوە کە دەیانزانم.

* * *

رۆژێکیان خالید باسی شاعیرێکی فەلەستینی بۆ حەیات دەکات، دەلّێت:

زیاد خەلیل، کە دوو دیوانی چاپکراوی هەیە، لە جەزائیر مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، لەگەڵ کچێکی خوێندکاری خۆیدا حەزیان لەیەك کردبوو، هاتە سەر ئەوەی مارەی بکات، کەچی لەپڕ بڕیاریدا بۆ کاری گیانبەخشیی (فدائی) بەرەو بەیروت بچێت.

زۆر هەوڵم لەگەڵ دا نەڕوات‌و خۆشەویستەکەی جێنەهێڵێت، کەچی وتی:

نامەوێت ئەو فەڵەستینە دەربەدەرەی لە ناخمدایە بیکوژم، دوایی هیچ شتێك بۆ من نرخی نابێت.

نامەوێت پەیوەندی بە ئافرەتێکەوە بکەم، یان تیایدا بژیم، من کاتێك بەختەوەری دەبێتە مانەوەی ناچاری لێیدەترسم، هەندێك زیندان هەن بۆ شاعیران دروست نەکراون.

خالید دەڵێت:

ئەو شاعیرە فەڵستینییە گەورەترین گۆڕانکاریی لە ژیانی مندا دروستکرد، تەنانەت هۆی هاتنیشم لە جەزائیرەوە بۆ فەرەنسا ئەو بوو...

دوای سەربەخۆبوون من لێپرسراوی چاپ‌و بڵاوکردنەوەبووم، وردە وردە لە رۆشنبیرێکەوە دەبووم بە پۆلیسێکی بێزراو، سیخوڕییم لەسەر خاڵ‌و وشە دەکرد، وشەیەکم لێرە فڕێدەداو وشەیەکی دیکە لەوێ.

رۆژێکیان بانگی زیادم کرد بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبهێنم کە هەندێك وشە لە دیوانەکەی لاببەین‌و دەستکاری هەندێکی دیکەشیان بکەین.

هەرگیز ئەو سەرنجەی لەبیرناکەم، تەماشایەکی قۆڵە بڕاوەکەمی کردو وتی:

– گەورەم قەسیدەکانم مەبڕەوە..بۆم بگەڕێنەوە لەبەیروت چاپیان دەکەم.

تووڕە بووم خەریکبوو هەڵسم‌و شەپازللەیەکی لێبدەم.. نازانم چی بوو نەیهێشت، ناسنامە فەڵەستینیەکەی؟ یان ئازایەتییەکەی کە بەر لەو هیچ نووسەرێك بە ئازایەتییەکی ئاوهاوە رووبەڕووم نەبووبۆوە؟ یان بلیمەتیەکەی بوو لە بواری شیعردا؟

دیوانەکەی جوانترین شیعری ئەو سەردەمە بێنرخە بوو، کە خوێندبێتمەوە. من لەناخمدا بڕوام بەوە هەبوو کە شاعیران وەکو پێغەمبەران هەمیشە لەسەر حەقن.

ئەو شاعیرە بە ئاگای هێنامەوە کە من هەر بەرهەمێك دێتە بەردەستم، وەکو خۆم– کە دەستێکم بڕاوەتەوە– دەیشێوێنم.

پێموت: وشە بەوشە، وەکو خۆی بۆت بڵاودەکەمەوە.

ئەو هەڵوێستەم جۆرێك لە پیاوەتی تیادا بوو، ئەو پیاوەتیەی کە هیچ فەرمانبەرێك ناتوانێت بێئەوەی موغامەرە بە کورسیەکەیەوە بکات، هەیبێت...

چونکە فەرمانبەر لە کۆتاییدا پیاوێکە پیاوەتی خۆی بە کورسی گۆڕیوەتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی دیوانەکە بڕێك سەرئێشەم بۆ دروستبوو، هەستمکرد ساختەو ناڕاستگۆییەك هەیە ناتوانم بەرگەی بگرم.

چی واملێدەکات رژێمێکی خوێناویی پیس رسوا نەکەم؟

تا ئێستاش بەناوی خۆڕاگریی‌و یەکپارچەیی ریزەکانمانەوە بێدەنگی لە تاوانەکانی دەکەین!

دواتر لەگەڵ زیاددا بووین بەدوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکدی.

جارێکیان خالید بە حەیات دەڵێت: وێنەیەکت دەکێشم، حەیات دەڵێت:

نەکەی، دوایی ئاشکرا دەبیت، چونکە بێگومان وێنەی کەسێك ناکێشین کە خۆشمان نەوێت.

خالید بە عەشقەوە وێنەی قەسەنتینە دەکێشێتو بە بڕواوە پێیوایە وێنەی حەیات-ی کێشاوە.

پێی دەڵێت: تۆ شاریت، تۆ ئافرەت نیت هەرکاتێك وێنەی (قەسەنتینە)م کێشابێت، وێنەی تۆم کێشاوە.. وەلیّ حەیات دوای ئەوەی دەچێتە ماڵیو سەرلە شوێنی وێنە کێشانەکەی دەداتو تابلۆکەی قەسەنتینە دەبینێت، دەڵێت:

من پێم باشتر بوو وێنەی خۆمت بکێشایە نەك ئەم پردەی قەسەنتینە، چونکە هەر ئافرەتێك کە وێنەکێشێك دەناسیّ، بە نهێنی خەون بەوەوە دەبینێت نەمریی بکاتو وێنەی خۆی بکێشێت، نەك شارەکەی.

حەیات داوا لە خالید دەکات ئەگەر بکرێت وێنەیەکی بکێشێت، بەلاّم ئیمزای خۆی لەسەر نەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك یادگار لای خۆی هەڵیبگرێت.

خالید دەڵێت:

-سەیرە ! هەن تەنها ئیمزام دەکڕنو تابلۆکانیان ناوێم، کەچی تۆ تابلۆکەمت بەبیّ ئیمزا دەوێت.

جارێکی دیکەش ئەوەم بۆ ئاشکرابوو کە تۆ نوسخەیەکی بێکەمو زیادی نیشتمانێکیت، رۆژێکیان سیماکانیم کێشا، بەلاّم خەڵکانی دی ئیمزای خۆیان لە ژێر سەرکەوتنەکانی منەوە دانا.

هەمیشە ئیمزاگەلێکی ئامادە بۆ ئەم جۆرە بۆنانە هەن.

لەئەزەلەوە بەردەوام خەڵکێك هەن مێژوو دەنووسنەوەو خەڵکێکیش هەن ئیمزای دەکەن، لەبەرئەوە من رقم لەو تابلۆیانە دەبێتەوە کە ئامادەن بۆ تەزویرکردن.

بەر لە رۆیشتن حەیات هەردوو دیوانەکەی شاعیری فەڵەستینی زیاد خلیل لە نێو کتێبەکانی خالید دەردەهێنێتو مۆڵەتی بردنیان، بۆ خوێندنەوە، وەردەگرێت.. کە دەیەوێت بڕوات، خالید ماچێکی گەرمو گوڕو لەپڕیی دەکاتو بە تاقە دەستەکەی بە خۆیەوەی دەنووسێنێتو دەیکاتە بەشێك لە خۆی.

هەستدەکات لەسەر لێوی، لەیەك کاتدا، هەم لەدایکبووەو هەم مردووە، پێیوایە بەو ماچە پیاوێکی کوشتووەو پیاوێکی دیکەی ژیاندۆتەوە.

دەڵێت:

-چۆن توانیم دوای ئەوە هەست بە پەشیمانیی نەکەمو لەبەرامبەر یادی سەی تاهیردا شەرمەزار نەبم؟ کە من ئەو رۆژە بە مەفهومی ئەخلاقیی بۆ خیانەت، یەکەمین خیانەتم کرد.

نا بەلاّم من هیچم لە دڵدا نەبوو خۆشەویستی نەبێت.

نازانم کیّ بوو، وتی: (پەشیمانی هەڵەی دووەمە کە دەیکەین).

من هیچ رووبەرێکی دیکە -ئەگەر چی بچوکیش بیّ- لە دڵمدا نەبوو کە بشێت جگە لە خۆشەویستی شتێکی دیکە دزەی بۆ بکات.

* * *

حەیات بەگشتێکی دوو مانگیی دەچێتەوە بۆ جەزائیر، خالید بۆ ئەوەی خۆی لەو دوورییە رزگاربکات، جگە لەوەی لەگەلْ کاتریندا یەك دەبینن -کەژنێکی فەرەنسییەو خالید جارێك وێنەیەکی کێشاوەو لەوەوە بووە بە هاوڕێی- یازدە تابلۆی پردەکانی قەسەنتینەش دەکێشێت، لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

—دەمەوێت قەسەنتینە بەرد بە بەرد، پرد بەپرد، گەڕەك بەگەڕەك رازی بکەم، وەك چۆن عاشقێك لەشی ئافرەتێك رازی دەکات کە ئیدی هی ئەو نابێت.

خالید چاوەڕوانی هتنەوەی حەیات دەکات، نامەیەکی لەزیاد خەلیل—ەوە بۆ دێت، تیایدا دەڵێت: ((بەنیازم بێم بۆپاریس)).

حەیات دێتەوەو خالید بە تەلەفۆن پێی دەڵێت:

– سبەینێ وەرە بۆ ئەو چێشتخانەیەی نانمان لێخوارد، شتێکی چاوەڕواننەکراویشم پێیە بۆت.

حەیات دەڵێت:

– تابلۆکەمە، وانییە؟

خالید دەڵێت:

—نەخێر شاعیرە.

لەگەڵ زیاددا یەك دەبینن‌و بەجۆرێك گفتوگۆ گەرم دەکەن خالیدیان لەبیر دەچێتەوە.

حەیات بەزیاد دەڵێت:

– دوا دیوانتم خۆشدەوێت، هەندێك کۆپلەی تیابوو ئەوەندە خوێندمنەوە لەبەرمکردن.

دوای ئەوە حەیات کۆپلە شیعرێکی زیاد دەڵێت‌و زیاد بۆی تەواو دەکات، خالید هەستدەکات ئیدی لەو چرکەساتەوە حەیات دەبێتە دڵی هەردووکیان —خالیدو زیاد—.

هێدی هێدی خالید وای لێدێت ئەگەر زیاد خۆی بگۆڕێت, دەڵێت ئەوە بۆنی هاتنی حەیاتی کردووە وا دەزانێت دابنیشێت بۆ نووسین بۆحەیات دەنووسێت، ئەگەر ماڵیش جێبهێڵێت ئەوە لەگەڵ حەیاتدا ژوانی هەیە.

خالید گەشتێکی 10 رۆژەیی بەرەو غەرناتە دەکەوێتەبەر، زیادو حەیات بەتەنها جێدەهێڵێت، لەدڵی خۆیدا دەڵێت:

– تۆ بڵێی زیاد، کە بەنسبەت منەوە عومرێکی نهێنیی بوە بۆ عومرێکی دیکە، خیانەتم لێبکات؟.

بیری دەکەوێتەوە کە خۆشی خیانەتی لە سەی تاهیر کردووە کە رۆژێك لەرۆژان پێشەواو هاوڕێی بووە، دەپرسێت: کەواتە کاممان زیاتر خائینین؟

غیرەیەکی زۆر لەزیاد دەکات‌و شتی سەیر سەیری لەبارەی ئەوو حەیات—ەوە بەخەیاڵدا دێت.

کە دەگەڕێتەوە پاریس‌و بە ئامادەبوونی زیاد، حەیات پێی دەڵێت:

– خۆزگەم خواست منیش لەگەڵت بوومایە، ئاخۆ غەرناتە تا ئەو رادەیە جوانە؟

ئاخۆسەردانی خانووەکەی گارسیا لۆرکات کرد لە خوانتا فاکیروس.

خالید هەر لە خۆیەوە دیمەنی فیلمێکی بیردەکەوێتەوە لەسەر ژیانی لۆرکا کە رۆژێك لە رۆژان بینیویەتی.

دەڵێت: دەزانی لۆرکا چۆن مرد؟

– لەسێدارەیان دا؟

– نا.. بردیانە سارایەکی فراوان‌و پێیانوت: برۆ.

ئەو دەڕۆی، لەپشتەوە دایانە بەر فیشەك، کەوت‌و مرد، بێئەوەی تێبگات چی لێرووداوە.

ئەمە خەمناكترین بەشی مردنەكەیەتی، لۆركا لە مردن نەترسا، تەوەقوعی دەكرد، ئەو بەپێ (وەك چۆن بۆ ژوانی هاوڕێیەك دەچین) بەرەو لای مردن دەچوو، بەلأم قینی لەوە بوو لەپشتەوە پێكایان.

خالید هەستدەكات زیاد ئەو قسانە وەك گوللە بۆ سەرسینگی خۆی تەماشا دەكات، بەلأم هیچ نالێت.

زیاد دەگەڕێتەوە بۆ لبنانو تەلەفۆنەكانی حەیات بۆ خالید كەمدەبنەوە، لەپێشدا هەفتەی یەك جارو پاشان دوو هەفتە جارێكو پاشتر زۆر بە دەگمەن تەلەفۆنی بۆ دەكات. دوای ئەوە بەیەكجاریی بێدەنگ دەبێت.

8 مانگ بەسەر گەڕانەوەی زیاددا، بۆ لوبنان، تێدەپەڕێت، خالید لە ڕێگای ڕۆژنامەوە هەواڵی كوژرانی زیاد دەبیستێت.

زیاد، بەرلەوەی بڕوات جانتایەك لای خالید جێدەهێڵێت، خالید دوای خەیاڵاتێكی زۆرو پاش هەفتەیەك، بۆ ئەوەی لەو گومانە رزگار بێت كە لە حەیاتو زیادی پەیدا كردووە. بڕیار دەدات جانتاكە بكاتەوەو بیپشكنێت.

نوسخەیەكی ڕۆمانەكەی حەیات لە جانتاكەدا دەدۆزێتەوە، بیری دەكەوێتەوە كە حەیات كاتی خۆی وتوویەتی: پێشكەشكردن بۆ ئەوانە نییە كە خۆشماندەوێن، ئەوان لە هەموو لاپەڕەكاندا بوونیان هەیە، نەك تەنها لاپەڕەی یەكەم. تەماشای لاپەڕەی یەكەم دەكات پێشكەشكردنی لێنەنووسراوە.

* * *

دوای ماوەیەك دابڕان، ڕۆژێك سەی شەریف–ی مامی حەیات تەلەفۆن بۆ خالید دەكات، پێیدەڵێت:

– بەبۆنەی شووكردنی برازاكەمەوە، كچەكەی سەی تاهیر ، بانگهێشتت دەكەم بۆ قەسەنتینە، لەگەڵ منداو لەسەر حسابی من دێیت، ئەو كچە كچی تۆشە، دەبێت لەبەر خاتری باوكی بێیتو لەو ڕۆژەدا لە جیاتی باوكی لەتەنیشتی منەوە رابوەستێت.

–داوتانە بەكێ؟

–(سەی....) جارێكیان لە ماڵی ئێمە بینیت، نازانم تۆ رات چییە دەربارەی؟ بەلأم پێموایە لەگەڵ ئەو شتانەشدا كە لەبارەیەوە دەوترێن، پیاوێكی باشە.

خالید لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

پیاوێكی باش.. ئاخۆ بەڕاستی باشێتی یەكەمین خاسیەتی دیاری ئەوە؟ من زیاتر لەپیاوێكی باش دەزانم كە دەشیا یەكێكیان ببوایە بە هاوسەری..

بەلأم (سەی...) لەوە زیاترە، ئەو پیاوی سەفەقاتی نهێنیو روكاری پێشەوەیە، ئەو پیاوی دراوی قورسو كارو چالاكی قورسە، ئەو پیاوی سەربازو ئایندەیە، ئاخۆ دوای ئەمانە گرنگە باش بێت یان نا؟.

(سەی...) ژنێكی دیكەی هەیەو لە تەمەنی حەیات دایە، بەلأم لەو ولأتەدا ناتوانرێت ڕێگە لە پیاوێك بگیرێت كە ئەستێرەیەك لەسەر شانی زیاد دەكات، ژنێكیش لەماڵەوە زیاد نەكات.

خالید ئەو ڕۆژە بە جۆرێك رقی لە حەیات دەبێتەوە كە پێشتر رقی وای نەناسیوە، دەپرسێت:

– ئاخۆ ژنانیش، بەڕاستی وەكو گەلان وان، هەمیشە هەست بەئیغراو جۆرە لاوازییەك دەكەن لەبەردەم جلوبەرگی سەربازییدا؟

ڕۆژی دواتر حەیات خۆی تەلەفۆن بۆ خالید دەکات، دەڵێت:

– ئاگام لێبوو مامم قسەی لەگەڵ کردیت، پێمخۆشبوو کە ڕێگریت لە ئیشەکەمان نەکرد، بەڵام دەبێت هەر بێیت بۆ قەسەنتینە.

– تێناگەم ئێوە بۆچی لەسەر هاتنی من سوورن؟

– نازانم مامم مەبەستی چییە، ئەو کەیفی خۆیەتی... بەڵام پێموایە دەبێت بەدوای کۆتاییەکدا بگەڕێین بۆ چیرۆکەکەمان کەمترین ژان–ی هەبێت...با قەسەنتینە دیدارو دابڕانمان بێت پێکەوە، پێویست بەئازاری زیاتر ناکات.

* * *

دوای دەساڵ لەدابڕان خالید بەسەر پەنجەی بریندا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتو تابلۆی (حەنین) کە 25ساڵ لەگەڵیدا ژیاوە، بەدیاری بۆ شاییەکەی حەیات دەباتەوە.

خالید دەڵێت:

"ئاخۆ شارەکەم کە بەوردی لە پەساپۆرتەکەم دەڕوانێت، بەڵام بیری نییە لە خۆم بڕوانێت، دەمناسێتەوە؟ جارێکیان لەژنە عەرەبێکی لادێ نیشنیان پرسی خۆشەویسترین منداڵت لای خۆت کامیانە؟ وتی: ئەوەیان کە دیار نییە تا دێتەوە، ئەوەیان کە نەخۆشە تاچاك دەبێتەوە، ئەوەیان کەمناڵە تا گەورە دەبێت.

من ئەو نادیارەی قەسەنتینەم کە نەگەڕاومەتەوە، ئەو نەخۆشەیم کە چاك نەبوومەتەوە، ئەو مناڵەیم کە گەورە نەبووم، بەڵام قەسەنتینە قسەی ئەو ژنە عەرەبەی نەبیستووە".

* * *

حەسان–ی برای خالید کە مامۆستای زمانی عەرەبییەو 6منداڵو ژنێکی بەناوی عتیقەوە هەیە، هەم دەستکەوتو هەم خەونەکانیشی سنووردارن.

ئاخۆ مامۆستایەکی زمانی عەرەبی خەون بەچییەوە ببینێت کە ڕۆژەکانی بەشیکردنەوەی دەقی ئەدەبیو وەرگێڕانەوەی ژیانی شاعیرانو نووسەرانی کۆنو ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانیو داڕشتنی خوێندکارانەوە بەسەر دەباتو کات، یاخود ئازایەتی ئەوەی نییە ڕووداوەکانی بەردەمی شیبکاتەوەو ئەو هەڵە گەورانەی (کە بە بەر چاوییەوە، بە ناوی هەندێك وشەوە کە لەپڕ لە زمانەوە دەرچوون بۆ ئەوەی بچنە فەرهەنگی موزایەداتو دروشمەکانەوە) ڕاست بکاتەوە.

حەسان ناوێرێت خەون ببینێت، یان ڕاستتر خەون بەوەوە دەبینێت کەسێك بدۆزێتەوە، بۆی تێبکەوێت سەلاجەییەکی تازەی بۆ دەستەبەر بکاتو هیچی دیکە.

خالید دەڵێت:

"کاتێ بەم ئاواتە سادەو قورسەی –حەسان–م زانی خەمبار بوومو بۆم دەرکەوت کە ئێمە تەنها لەئەورووپاو فەرەنسا جێنەماوین، وەك من بۆی دەچووم، وابوایە ئاسایی بوو، ئێمە لەو حاڵەی خۆشمان کەبەر لە نیو سەدەو زیاتریش، لەژێر دەستی داگیرکەردا تیایدا بووین، جێماوین.

ئەو کاتە ئاواتەکانمان جوانترو خەونەکانمان گەورەتر بوون، ئەو کاتە ئێمە نیشتمانێك بووین، لەگەڵ هەموو بڵاوکردنەوەیەکی دەنگوباسدا خەونمان بۆ گەلانی دنیا دەنارد!".

حەسان دەڵێت:

"ئێمە بووین بەمیللەتی مێرووله، بەدوای نان و کونێکدا دەگەڕێین، لەگەڵ منداڵەکانماندا، خۆمانی تێدا حەشار بدەین، خەڵکی رەسەنی ئەم شارە وایانلێهاتووە لەشایی‌و پرسەدا نەبێت، سەری لێنادەنەوە. تەنها ناسری کوڕی سەی تاهیر نەبێت بڕیاری کۆچێکی پێچەوانەی داوەو لە قەسەنتینە دەمێنێتەوە".

حەسان لەسەر قسەکردن بۆ خالید، بەردەوام دەبێت، دەڵێت:

"دوو ساڵە گەڕاومەتەوە بۆ نوێژ کردن، ئایا دەتوانیت لەبەردەم ئەوهەموو زوڵم‌و کارە ناشیرینانەدا، بەبێ ئیمان خۆت رابگریت؟

تەنها خواپەرستی توانای خۆ ڕاگریت دەداتێ. هەموو خەڵك گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامە، لەوانەیە گەنجەکان لە هەمووان زیاتر بن، چونکە لەم وڵاتەدا قوربانی یەکەم ئەوانن، تەنانەت ناسر لەو کاتەوە گەڕاوەتەوە قەسەنتینە نوێژ دەکات".

* * *

خالید یەك ڕۆژ بەر لەشاییەکەی حەیات سەردانی ئەو گۆڕستانە دەکات کەدایکی تێدا نێژراوە، لەخۆی دەپرسێت:

"بۆچی قاچەکانم بە تایبەت لەو ڕۆژەدا، بەتایبەت لەشەوی شاییەکەی تۆدا، بۆ لای دایکمیان بردم؟

ئاخۆ تەنها بۆ ئەوە چووم سەردانی بکەم، یان بۆ ئەوەی ئافرەتێکی دیکە لە تەنیشتیەوە بنێژم، کە ڕۆژێك لە

ڕۆژان وامزانی دایکمە؟".

* * *

دوای ئەوەی حەسان بەتەلەفۆن بەخالید دەڵێت: "ناسر بۆ شایی خوشکەکەی نایەت، بڕوای بەو شووکردنە نییە، لەبەر ئەوە من دوا دەکەوم، هەوڵدەدەم پەشیمانی بکەمەوە".

خالید هەست بە خۆشحاڵی دەکات، چونکە کەسێك بێئەوەی پێبزانێت هاوبەشیی ئەو خەمەی دەکات‌و لەگەڵ ئەودا دژی ئەو هاوسەرێتییە دەوەستێت، بەڵام بەشێوازی خۆی. لەو عینادییەوە سەی تاهیری بیردەکەوێتەوە، ئەو پیاوەی چەند مانگێك بەر لەسەربەخۆبوونی جەزائیر شەهید کرا.

ئەمجارە هەست بەجۆرە پەژارەیەك دەکات، چونکە هیچ کام لەوانەی حەیات–یان خۆشویستووە ئامادەی شاییەکەی نابن، هەموو ئەوانەی حەیات خۆشییان بووە لەم خۆشیەی ئەودا ئامادە نابن: سەی تاهیرو زیادو ناسریش.

* * *

حەسان باسی بارودۆخی وڵات بۆ خالید دەکات، دەڵێت:

"خەڵك فێربوون بۆ هێنانەوەی کاغەزێك، یان داواکاردنی شوقەیەك، یان مۆڵەت وەرگرتن بۆ دوکانێك، کچ یان ژن خوشکی خۆیان بۆ فەرمانگەکان دەنێرن، دەشزانن لەو شوێنانە کەس بەبێ بەرامبەر شتێکیان ناداتێ!

خەڵکە سادەکە بۆ خۆیان دراوێکی دیکەیان بۆ مامەڵە پێکردن دروستکردووەو پێویستەکانی خۆیانی پێ مەیسەر دەکەن: ئافرەتێك بێنەو هەرچیت دەوێت وەریبگرە!

هەر ئافرەتێك بە نووسینگەیەکی حیزبیدا تێبپەڕێت، دەتوانێت شوقەیەك، یان خزمەتگوزارییەکی دیکە بەدەستبهێنێت. بێگومان هەموو خەڵکیش ئەدرەس‌و ناوی ئەوانە دەزانن کە بەیەکسانی شوقەو خزمەتگوزاریی دیکە بەسەر ژنان‌و دروشم بەسەر گەلدا دابەشدەکەن!

بەر لەچەند مانگێك بەنیازی بینینی هاوڕێیەك، کە لە حزبدا کاردەکات، بەرەو پایتەخت چووم، بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات‌و لەوانەوتنەوە رزگارم بکات، بیهێنە بەرچاوی خۆت تەنانەت دەرگاوانەکەش خۆی بە قسەکردنەوە لەگەڵ منداً ماندوو نەکرد، من بێهوودە باسی ئەوەم بۆ دەکرد کەلە بۆئەو مەبەستە هاتووم.

تەنها ژنان لەو شوێنانەدا شایستەی بایەخ پێدانن، کاتێك بێزاری خۆم بۆ کاکی فەڕاش دەردەبڕی، بەجۆرێك لە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە:

– زۆربەی ئەو ژنانەی سەردانی ئێرە دەکەن، تێکۆشەرن‌و لەکۆمەڵەو یەکێتییە حزبیەکاندا ئیشدەکەن.

خەریکبوو لێی بپرسم: بەڕوونی پێمبڵێ، بەکام –ئەندام–ی جەستەیان تێکۆشاون؟!

* * *

ڕۆژی شاییەکە، خالید سەی مستەفا دەبینێت کە لە پاریس ویستویەتی تابلۆیەکی بکڕێت، بەڵام ئەم پێی نەفرۆشتووە، سەی مستەفا لەدوای ئەو دیدارەوە بووە بە وەزیر. خالید پرسیاری گوزەرانی دەکات، ئەو دەڵێت: "لەناوکێشەدا ون بووین".

بەجۆرێك گلەیی دەکات، هەر هاوولاتیەکی هەژار گوێی لێبێت بەزەیی پیادێتەوە.

خالید وتەیەکی دیگۆل–ی بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت:

"وەزیر مافی ئەوەی نییە گلەیی بکات، چونکە کەس ناچاری نەکردووە، وەزیربێت".

هاوڕێیەکی حەسان–ی برای دەبینێت کە ئەویش مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، لەپڕ کراوە بەباڵوێزو لەولاتێکی عەرەبی دانراوە.

سەی حوسێن دەبینێت کە ئەو دەمەی خالید بەڕێوبەری دامەزراوەیەکی روناکبیری بووە، لەشەوو ڕۆژێکدا، دوای ئەوەی بۆنی (لەناوەوە) دەرچووە (لەدەرەوە) کردوویانە بەباڵوێز. لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "ئای ناسر چەند لەسەر هەق بوو کە بۆ ئەم کەرنەڤاڵە نەهات.

ئاخۆ هێشتا لەو مزگەوتەدا نوێژ دەکات بۆ ئەوەی نەیانبینێت؟ ئاخۆ نوێژی ئەو یان سەرخۆشبوونی من شتێك دەگۆڕن؟

ئای ناسر! کوڕم واز لە نوێژکردن بێنە، ئێستا ئەوانیش نوێژ دەکەن‌و جلوبەرگی خواپەرستی دەپۆشن".

تا کات زیاتر بەرەو شەو دەچێت ئەوان گۆرانی‌و هەڵپەڕکێ گەرمتر دەکەن‌و ئەم زیاتر خەمگین دەبێت، دەڵێت:

"لەم سەعاتە درەنگەی ئازاردا، دان بەوەدا دەنێم کە هێشتا خۆشمدەوێت‌و هەر بۆ منیشە. تەحەدای هەمووان دەکەم، کەس وەك من بەبێ بەرامبەر ئەوی خۆشنەویستووە.

خەمگینی من بۆ ئەو جلوبەرگەی بەریەتی.

چەند دەست نەخشاندویانەو چەند ژن نۆرەیان لەسەر گرتووە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ یەك پیاو هەڵیبداتـەوە، چۆنی بوێت ئاوها فڕێی بداتە سەر کورسییەك، وەك ئەوەی زاکیرەمان نەبووبێت، وەك ئـەوەی نیشـتمانمان نەبوو بێت.

ئاخۆ قەدەری نیشتمانەکان ئەوەیە چەند نەوەیەك بە هەموویان ئامادەیبکەن، بۆ ئـەوەی بـۆ یـەك پیـاو بێت؟!".

لەوکاتەدا زیادی بیر دەکەوێتەوەو لەبەر خۆیەوە لەحەیات دەپرسێت:

"ئاخۆ مندالێت بۆ منو مێینەتیت بۆ ئەو جێهێشت؟

ئاخۆ ئەوەی لەم شەوەدا زیاتر ئازارم دەدات ئەوەیـە کـەبزانم بـە گومـان زوڵـم لـە زیـاد کـردووە، ئـەو مردووەو چێژی لێنەبینیووی، لە کۆتاییشدا لە شەوێکی وەك ئەم شەودا ئەو شایستە ترە بە تۆ؟

یان تەنها ئەوە ئازارم دەدات کە تۆ شارێکی ( وەك هەموو شارە عەرەبیەکان) سـەرباز بـەزۆر (فـەتح)ی کردوویت؟:.

ڕۆژێك دوای شـاییەکە، سـەی شـەریف بانگهێشـتی خالیـد دەکـات بـۆ نـان خـواردنو ئـەویش دەیـەوێت بڕواتەوە بۆ فەرەنسا.

سەی شەریف بەتەلەفۆن پێی دەڵێت: "باشە وەرە لای ئێمەو دیاری خۆت پێشکەشی بـووكو زاوا بکـەو ئینجا بڕۆرەوە".

جارێکی دی پێیـەکانی بـۆ لای (حـەیات)ی دەبەنـەوە، جلـە ڕەشـەکەی لەبـەر دەکاتـەوەو ئـەو تابلۆیـە هەڵدەگرێت کەڕۆژێك ئەو لەبەردەمیدا وەستاو بووە هۆی هەموو ئەو شتانەی دوای ئەوە بەسەری هاتن.

لەگەڵ حەسان-ی برایدا دەڕۆن، بەلاَم ئاگای لە هیچ شتێك نامێنێت نە سەی شەریفو نە ئەو خەڵکـەی لەوێن و نەنانخواردن...

لەدوا چرکەساتەکانی خۆشەویستی حەیاتدا دەژی، هیچی بەلاوە مەبەست نییە تەنها ئەوە نەبێت لەیەك کاتـدا حــەیات ببینێــتو لێشــی ڕزگــار ببێــت، بــەلاَم لــە خۆشەویســتیەکەی دەترســێت، دەترســێت خۆشەویسـتیەکەی جـارێکی دیکـە لـە خۆڵەمێشـەکەیەوە گڕبگرێتـەوە، چـونکە خۆشەویسـتی گـەورە لـە چرکەساتەکانی مردنیشدا ترسێنەرە، لەکاتی گیانەلاَشدا ترسناکە.

حـەیات دێـتو ئـەم دوو ماچـی بەریئانـەی دەکـات، پیرۆزبـایی شـووکردنەکەی لێـدەکاتو تابلۆکـەی پێدەبەخشێتو لێیدەپرسێت:

- پردت خۆشدەوێت؟

- بەڵێ خۆشمدەوێت!

بەو دوو وشەیە بەختەوەرییەکی زۆر بە خالید دەبەخشێت، بەدوا ئاماژەی خۆشەویستی تێدەگات.

بەرلـەوەی بـلاَوە بکـەن، زاوا ژمـارەی تەلـەفۆنی مالـەوەو نووسینگەکەشـی دەداتـە خالیـد. خالیـد هەستدەکات لەژێر ناوو ژمارەی تەلەفۆنێکی نوێدا حەیات لە دڵییەوە دەچێتە گیرفـانی، بـەلاَم بڕیـار دەدات بیدڕێنێتو فڕێی بداتو هەر لە قەسەنتینە کۆتایی بە هەموو شتێك بهێنێت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ حەیات تەلەفۆنی بۆ دەکات:

-ویستم سوپاست بکەم بۆ تابلۆکەت، بەختەوەرییەکی پێبەخشیم چاوەڕوانم نەدەکرد.

–من هیچم پێنەبەخشیوویت.. تابلۆیەکم بۆ گەڕانیتەوە کە 25 ساڵە بۆ تۆ ئامادەکراوە، ئەوە دیاری قەدەری منو تۆیە کە ڕۆژێك لەڕۆژان یەکتریان بڕی، بەڵام من دیارییەکی دیکەم هەیە بۆ تۆ، پێموایە پێی سەرسام دەبیت، ڕۆژێك پێشکەشتی دەکەم.

–چیم پێشکەش دەکەیت؟

–شتێکی چاوەڕوان نەکراو.. باوای دابنێین ئاسکێك.

–ئەوە ناونیشانی کتێبە؟

–دەزانم.. چونکە کتێبێکت پێشکەش دەکەم، کاتێ کچێکمان خۆشدەوێت ناوی خۆمانی پێدەبەخشین، کاتێ ژنێکمان خۆشدەوێت منداڵێکی پێدەبەخشین، کاتێکیش نووسەرێکمان خۆشدەوێت کتێبێکی پێدەبەخشین...

ڕۆمانێکت بۆ دەنووسم.

–خالید.. خۆشم دەوێی.. دەزانی؟

–....

خالید شتێك بڵێ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

–چونکە ئیدی شۆستەی گوڵەکان وەڵام ناداتەوە.

–ئایا مەبەستت ئەوەیە کە ئیتر خۆشت ناوێم؟

–هیچ مەبەستێکی دیاریکراوم نییە، ئەوە ناونیشانی ڕۆمانێکی دیکەی هەمان نووسەرە.

دوای ئەو قسانە تەلەفۆن دادەخەنەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك لێکدادەبڕێن.

خالید لەبەرخۆیەوە قسە لەگەڵ حەیات دەکات:

"ئەو ڕۆژەی قەسەنتینەم لەناخی خۆمدا کوشت، تۆشم کوشت. لەکۆتاییدا هیچ نەبوون یەك ئافرەت نەبێت.

من تەقسەکانی تۆ لەکوشتندا وەردەگرمو بڕیاریشم داوە لە کتێبێکدا بتنێژمو هیچی دی..

هەندێك تەرم هەن پێویست دەکات لەدڵماندا نەیانهێڵینەوە، چونکە خۆشەویستیش دوای مردن بۆنێکی ناخۆشی هەیە، بەتایبەت کاتێك ڕەهەندی تاوان لە خۆدەگرێت.

تێبینی بکە من لەم کتێبەدا یەك جاریش ناوم نەهێناویت، بڕیارمداوە ئاوەها بەبێ ناو بتهێڵمەوە.

باوای دابنێین تۆ ژنێکی ناوت حەیات بووە، یان هەر ناوێکی دی، ئاخۆ بەڕاستی ناوت بایەخێکی هەیە؟

تەنها ناوی شەهیدەکان شایستەی تەزویر کردن نییە، چونکە ماف ئەوەیان لەسەرمانە بە تەواوی ناویان بهێنن.

وەك ئەم نیشتمانەش ماف ئەوەی لەسەرمان هەیە ئەو کەسانەی بۆ ڕسوابکەین کە خیانەتیان لێکردووەو سەروەری خۆیان لەسەر وێرانەی ئەوو سامانیان لەسەر قوڕبەسەری ئەو بنیاتناوە. بەتایبەت کە کسێك نییە

لێیان بپرسێتەوە! دەزانم ڕەخنەگرانێك – کە مومارەسەی ڕەخنە وەك قەرەبووی شتگەلێکی دی دەکەن–دەڵێن:

ئەم کتێبە ڕۆمان نییە بەڵکو ورێنەی پیاوێکە کە زانیاری لەسەر پێوەرەکانی ئەدەب نییە.

پێشوەخت لەنەزانیو رقم بۆ پێوەرەکانیان دڵنیایان دەکەمەوە، من هیچ پێوەرێکم نییە پێوەری ئازار نەبێت، هیچ ئاواتیشم نییە ئەوە نەبێت تۆ دووچاری حەپەسان بکەمو لەو چرکەساتەدا کەلە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبیتەوە بتگرێتم.

ئەدەب تەنها لە برین-ەوە لەدیکدەبێت، با هەموو ئەوانەی بە عەقڵەوە خۆشیان ویستی، -بەبێ ئەوەی خۆێنیان لەبەر بڕوا کێشو هاوسەنگییان لەدەستبدەن-، دۆزەخ جێگەیان بێت!".

خالید دەگەڕێتەوە فەرەنسا، لەڕۆژێکی ئۆکتۆبەری 1988دا، عەتیقەی ژنی حەسان بە تەلەفۆن هەواڵی کوژرانی حەسان-ی پێڕادەگەیەنێت.

خالید دوای ئەوەی بۆی روونەبێتەوە کە حەسان بەهیوای رزگاربوون لەوانەوتنەوەو بۆ دامەزراندن لە دەزگایەکی راگەیاندندا سەردانی پایتەختی کردووەو بووە بەگوللەی وێڵەوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

"چەند خەمگینە تەرمەکەی کە ئیستا لە سەلاجەی مردووەکاندا چاوەڕوانم دەکات بیناسمەوەو بۆ قەسەنتینەی ببەمەوە.. ئا ئەوەتا -جارێکی دیکە- ئەوە قەسەنتینەیە.

ئەو دایکە زاڵمەی سەرەی لەکوڕەکانی گرتووە، ئەو دایکەی سوێندی خواردووە بۆ لای خۆیمان بگەڕێنێتەوە، ئەگەرچی وەکو -تەرم- یش بێت.

ئا ئەوەتا، لەو چرکە ساتەدا کە وامانزانی چاك بووینەتەوە لێیو سیلەی رەحممان لەگەڵیدا پچڕاندووە، روخاندمانیو پێکەوە بۆ لای خۆی گەڕاندینیەوە.

ئیدی نەحەسان بەرەو پایتەخت دەڕواتو جێی دەهێڵێتو نەمنیش دەتوانم لە مرۆ بەدواوە، لێی هەڵبێم.

ئا ئەوەتا پێکەوە بۆ لای دەگەڕێینەوە.

یەکێکمان لە تابوتداو ئەوی دیکەشمان بریتیە لە پارچەکانی پیاوێك.

ئای زۆربا!

ئەو ئافرەتەی کە خۆشمدەویست شووی کرد، ئەو تۆی خۆشدەویست، من دەمویست بیکەمە نوسخەیەکی خۆم، کەچی ئەو کردمی بە نوسخەیەکی تۆ.

زیاد-یش مرد.. ئەو هاوڕێیەی کە کاسێتی مۆسیقای تیودراکیس-ی کڕی بوو، چونکە لەوانەیە ئەویش لە پێناوی حەیاتدا تۆی خۆشویستبێ، لەوانەشە چاوەڕوانی رۆژێکی ئاوهای بۆ من کردبێتو لەسەر رێبازی خۆی هەموو وردەکارییەکانی خەمی داهاتووی ئامادە کردبێت.

حەسان-یش مرد.. براکەم، ئەوەی کە زۆر بایەخی بە گریكو خواکانی یۆنان نەدەدا. ئەو تەنها یەك خواو هەندێك کاسێتی مۆسیقای کۆنی هەبوو.

مردو خۆشەویستی نەبوو، جگە لە الفرڤانیو ئوم کەلسومو دەنگی عەبدولباست عەبدولسەمەد. هیچ خەونێکیشی نەبوو جگە لە پەساپۆرتێك بۆ حەجو سەلاجەیەك بۆماڵەوە نەبێت.

ئەوەتا بەم دواییە نیوەی خەنەکانی بەدی هات، ئەوەتا نیشتمان سەلاجەیەکی پێشکەشکردووە، کەتیایدا-وەك عادەتی خۆی- بە هێمنی چاوەڕوانم دەکات، تا ئەمجارە بەدوا مەنزڵگای بسپێرم.

ئای.. زۆربا!

زیاد مردو ئا ئەوەتا حەسان-یش بەغەدر دەمرێت.

ئای ئەگەر دەتزانی ئەی هاوڕێم هیچیان شایستەی مردن نەبوون، حەسان پاکبوو وەکو جیوە، پاکبوو تاڕادەی ساویلکەیی، تەنانەت دەترسا خەون ببینێت، کەدەستی کرد بەخەون بینین کوشتیان!

زیاد-یش ئای لە هەندێ شتدا لە تۆ دەچوو، ئەگەر بتبینیایە پێدەکەنی، ئەگەر گوێت لێبوایە کە قسەی دەکرد، کفری دەکرد، نەفرەتی دەکرد، دەگریا، سەرخۆش دەبوو، ئەگەر بتناسیایە بەخەمی ئەوانەوە ئەم شەو سەمایەکت دەکرد کە پێشتر نەتکردووە.

پێمبڵێ تۆ کە لە تورکەکانت کوشتو ئەوانیش زۆریان لە هاوڕێکانی تۆ کوشت، ئاخۆ جیاوازی لەنێوان بکوژاندا هەیە؟

سەی تاهیر لەسەر دەستی فەرنسییەکان مردو زیاد لەسەر دەستی ئیسرائیل مردو ئەوەتا حەسان-یش ئەمڕۆ، لەسەر دەستی جەزائیرییەکان دەمرێت.

ئاخۆ لە شەهیدبووندا پلە هەیە؟

ئەی چۆنە ئەگەر نیشتمان بکوژو کوژراویش بێت پێکەوە؟ چەند شاری عەرەبی بە (کوشتارگا بە کۆمەڵەکان)یەوە چووە ناو مێژووەوەو تا ئیستاش بەسەر گۆڕستانە نهێنییەکاندا داخراوە؟

چەند شاری عەرەبی، خەڵکەکەی بەر لەوەی ببنە هاوڵاتی شەهیدبوون؟

ئەو خەڵکانە لە کوێ دابنێین؟ لەخانەی قوربانیانی مێژوو یان لەخانەی شەهیداندا؟

ئەی ناوی ئەو مردنەی کەبە خەنجەرێکی عەرەبی ئەنجامدەدرێت، چی دەبێت؟".

خالید بەرلەوەی بۆ جەزائیر بگەڕێتەوەو حەسان بنێژێو بەیەکجاری لای منداڵەکانی حەسان بمێنێتەوە، بەتەلەفۆن بانگی کاترین (ئەو کچە فەڕەنسییەی بەهۆی تابلۆیەکی بەریئەوە پەیوەندییەکی نا بەریئی لەگەڵدا دروستکرد) دەکاتو هەموو تابلۆکانی خۆی پێدەبەخشێت.

کاترین دەڵێت: دەترسم رۆژێك پەشیمان ببیتەوەو حەز لەبینینی یەکێك لەتابلۆکانت بکەیت.

خالید دەڵێت: لەوانەیە ئەوە رووبدات، چونکە ئێمە لەهەموو حاڵەتەکاندا پەشیمانی بۆ شتێك دەکێشین.

* * *

خالید لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ جەزائیر، قسەیەکی حەیات-ی بیر دەکەوێتەوە:

"خۆشەویستی ئەوە بوو لەنێوانماندا روویدا.. ئەدەبیش هەموو ئەوەیە کە رووی نەدا".

"بەڵێ، بەڵام لەنێوان ئەوەی ڕوویداو ئەوەی ڕووی نەدا، شتگەلێکی دیکە روویدا کە پەیوەندی نە بە خۆشەویستیو نە بە ئەدەبەوە نییە..

ئێمە سەرەنجام، لەهەردوو حاڵەکەدا هیچ دروست ناکەین وشە نەبێت، بەتەنها نیشتمان رووداوەکان دروست دەکاتو چۆنی بوێت دەماننوسێتەوە...

لەزەمەنێکدا کە هەناسەدان قەدەغە بوو، نیشتمانم جێهێشتو ئەوەتا بەحەپەساوی لە زەمەنێکی دیکەدا کە گەڕان تیایدا قەدەغەیە، دەگەڕێمەوە.

ئەمجارە کە بەتەنیا رووبەرووی فرۆکەخانەی ئەو شارە پرسەبارە دەبمەوە، قسەیەکی حەسان-م بیر دەکەوێتەوە کە 6 ساڵ بەرلە ئیستا کردیو بەبێ هۆکارێکی ئاشکرا هەڵوێستەی پێکردم، حەسان وتی: "قەسەنتینە لە خەڵکە رەسەنەکەی خاڵی بووە، خەڵکەکەی وایان لێهاتووە لەشاییو پرسەدا نەبێت سەردانی ناکەن".

ئەوەتا دەبمەوە کوڕی شەرعی ئەم شارە، کە دووجار بەنابەدڵی هێناومیەوە، جارێکیان بۆ شایی‌و ئاهەنگی حەیات‌و جارێکیش بۆ پرسەو ناشتنی براکەم، ئاخۆ جیاوازی نێوانیان چییە؟

لەڕاستیدا براکەم مرد، وەك چۆن خۆم لە کاتی ئەو شاییەوە مردم.

خەونەکانمان ئێمەیان کوشت.

ئەو لەبەر ئەوەی دووچاری پەتای خەونی بەتاڵی گەورە هاتبوو، منیش لەبەر ئەوەی وەهمەکەمم جێهێشت‌و بۆ یەکجاری پرسەی خەونەکانمم پۆشی!".

## تێبینی

پاڵەوانی دووەمی ڕۆمانەکە، کە کچی سەی تاهیرو خۆشەویستی خالیدە، لەڕاستیدا ناوی (احلام)ە، هەروەك لەلاپەڕە(37)دا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کراوە: "بین ألف الّلم ومیم المتعە کان اسمك. تشگرە حاو الحرقە...کاسم التحزیر...کیف لم احرز هژا الاسم المفرد– الجمع. کاسم هژا الوگن، وأدرك منژ البدو ان الجمع خلق دائماً لیقتسم".

بەڵام خالید لای خۆیەوە بۆ خۆی ناوی (حەیات)ی لێدەنێت، بۆ ئەوەی بەناوێك بانگی بکات هیچ پیاوێك بەو ناوە بانگی نەکردبێت.

*گۆڤاری ئایندە. ژمارە ( 27) ساڵی 2001

## دوو ڕووـی حەوا

دوو ڕووـی حەوا (وجهان لحواو) کتێبێکی 183 لاپەڕەیی قەبارە گەورەیە، جگە لە ڕۆمانی (وجهان لحواو) کە ئێمە لێرەدا کورتەیەکی پوختمان لێ ئامادەکردووە، چیرۆکێکی دیکەشی بەناوی (هوائی) لە خۆگرتووە. هەردوو چیرۆکەکە بەرهەمی (ئاماریتا برتیام)ن، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆماننوس‌و شاعیرەکانی سەدەی بیستەمی هیندستان.

(سلیمان الحلیفی) لەزمانی ئینگلیزییەوە کردوویە بەعەرەبی‌و (عامر الزهیر) پێداچۆتەوە.

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە کە (326) هەمین کتێبی زنجیرەی داهێنانە جیهانیەکانە، لەساڵی 2000دا لەلایەن( ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ڕۆشنبیری‌و هونەرو ئەدەب–ی کوەیتی)یەوە بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانی (وجهان لحواو) کە (153) لاپەڕەی کتێبەکەی داگیرکردووە، لە 19 بەش پێکهاتووە. ئەم ڕۆمانە باس لەژیانی ژنێك دەکات بە ناوی (ئەنیتا) کە ژنێکی مێرداری عاشق‌و سەرگەردانە، تەمەنی تێکەڵەیەکە لە خەیاڵ‌و ورێنەو خەون‌و واقیع، لەگەڵ ئەنیتایەکی دیکەدا کەلە ناخیدا دەژی لەگێرمەو کێشەدایە.

جارێکیان لە ئاهەنگێکدا لە دواوە پیاوێك دەبینێت، ماوەیەك لەپشتی ورد دەبێتەوە، داوا لەپیاوەکە دەکرێت گۆرانی بڵێت، شیعرێکی کورت دەخوێنێتەوە، ناوی پیاوەکە (ساجار)ە.

ئەنیتا گاز لە لێوەکانی خۆی دەگرێت تا دڵنیابێت خەون نابینێت.

لەوکاتەوە هەروەختێك ئەنیتای یەکەم لە تەنیشتی پیاوەکەیەوە دابنیشێت، ئەنیتاکەی دی دەچێتە لای ساجار.

ئێوارەیەك ئەنیتا، ساجارو هاوڕێکانی بانگهێشت دەکات، پێشنیازدەکرێت هەر کەسە بەچەند زمان دەتوانێت ناوی ئەنیتا بنووسێت.

یەکێك ناوی ئەنیتا بەهەردوو زمانی ئەردیو ئینگلیزی دەنووسێت، یەکێکی دی بە چوارو دوانیان بە پێنج زمان دەینووسن، لەکۆتاییدا نۆرەی ساجار دێت، دەڵێت:

"من هیچ زمانێك نازانم"، پاشان بە هێمنی دەڵێت:" کوا دڵ زمانی هەیە؟".

دوای ئەوەی ساجارو هاوڕێکانی دەڕۆن لەگەڵ ئەنیتاکەی دیدا مشتومڕ دەستپێدەکاتەوە، ئێوارەیەك کە هێشتا پیاوەکەی ئەنیتا نەگەڕاوەتەوە، لەدەرگا دەدەن.

کارەکەرەکە دەڵێت: پیاوێك هاتووە تۆ ببینێ.

—بۆ پێت نەوت خاوەن ماڵ نەگەڕاوەتەوە

—پرسیاری تۆ دەکات نەك ئەو.

—من؟

—ناوی پێوتم بەڵام بیرم چوو.

—برۆ جارێکی دی لێیبپرسەوە

کارەکەرەکە دێتەوە، دەڵێت: ساجار.

ئەنیتا هەناسەی سواردەبێت، هەستدەکات کۆمەڵێك حەبی خەوی خواردووە، هۆشی لای خۆی نامینێت، ئەنیتاکەی دی چالاکتر قژی دادەهێنێتو دەچێتە ژووری پێشوازیکردن: "ئەو رۆژە بەهەڵە قەڵەمەکەم لەگەڵ خۆم برد" ساجار وادەڵێتو قەڵەمەکەی بۆ درێژدەکات.

"لەوانەیە ئەو قەڵەمە ویستبێتی شیعرێك بنووسێت، لەبەر ئەوە لەگەڵ تۆدا هاتووە، وازی لێبێنە باوەکو خۆی دەیەوێت بمێنێتەوە".

"لەڕاستیدا منیش لەبەرئەوە زوو نەمهێنایەوە شیعرم پێدەنووسی".

"من خۆم لەهەموو ژیانمدا هیچ شتێکم نەنووسیووە، بەڵام شانازی دەکەم کەبەلای کەمەوە، لە دنیادا شیعرێك بە مەرەکەبی قەڵەمەکەی من نووسراوە".

"کەواتە شووشەیەك مەرەکەبم بدەرێ، هەر کاتێك شیعرم نووسی بەکاری دەهێنم".

هەموو وشەکان لەسەر لێوی رەق هەڵدێن، ئەگەر کەسێك هەبێت رێکیان بخاتەوە، ئەمە لەسەر لێوی ئەنیتا دەخوێنێتەوە:

"نامەوێ وەك ژن بمێنمەوە، دەمەوێ ببمە شوشەیەك مەرەکەب".

ساجار دەڕوات لەوکاتەوە ئەنیتا دەبێتە جگەرەیەکی داگیرساو، ساجار دایدەگیرسێنێت بەڵام نایکێشێت. ئەنیتا هەستدەکات ئەو دووکەڵەی بۆ دەرەوەی ژیانی بەرزدەبێتەوە لەگەڵ هەناسەی ساجاردا تێکەڵ نابێت، بڵاوبوونەوەی لەبادا دەبێتە جۆرێك لە بێهوودەیی. لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕۆژەوە جۆرێك لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەنیتاکەی دیدا پەیدادەبێت.

* * *

رۆژێـك ئـەنیتاو پیاوەكـەی دۆسـتێكیان بەڕێدەخـەن، لەوێسـتگەی شـەمەندەفەر، سـاجار دەبینێـت جانتایەكی جلوبەرگی بەدەستەوەیە، هەستدەكات دڵۆپ دڵۆپ هەرچی هێـزی هەیـە دەچـنە نـاو جانتاكـەی ساجارەوە، بەجۆرێك لەجانتاكە وردەبێتەوە دەڵێی لێی دەپاڕێتەوە، كەهەنـدێك هێـزی بداتـەوە تـابتوانێ لەگەڵ ساجاردا قسەبكات.

ساجار دەڵێت: "من بەم شەمەندەفەرە بەرەو كالكتا دەڕۆم، لەوێ ئیشم دۆزیوەتەوە".

"تۆ ئاوا دووردەكەویتەوە بێ ئەوەی بە من بڵێیت؟!".

"شەو هاتم بۆماڵتان، گڵۆپەكان كوژابوونەوە، وتم دیارە خەوتوون".

ئەو شەوە ئەنیتا لەگەڵ مێردەكەیدا دەخەوێت، بەڵام نـازانێ كوێیـەو لەگـەڵ كێدا خـەوتووە. هـەر ئـەو شەوە سكیشی پڕدەبێت. دوای ئەوەی منداڵەكەی دەبێت گلەیی لە خۆی دەكات:

"من چۆن دایكێكم، كاتێك دەمەوێ بەر لە مردن كوڕەكەم لـە ئـامێزبگرم، لەبەرئـەوە نییـە كـە كوڕمـەو دایكیم، بەڵكو لەبەر ئەوەیە سیمای ئەو سیمای ساجارو چاوی ئەو چاوی ساجارو لێوی ئەو لێـوی سـاجارم بیردێنێتەوە".

* * *

دوای ئەوەی كوڕەكەی گەورە دەبێـتو دەچـێتە قوتابخانـە، ئـەنیتا ئیشـێك دەدۆزێتـەوەو دەسـت بـە ئیشدەكات.

رۆژێكیان بەڕێكەوت ساجار دەبینێت، لەگەڵیا دەڕوات بۆ سەر ئیشەكەیو مۆڵەت وەردەگرێت.

بەدەم رۆیشتنەوە ساجار دەڵێت: "هەموو شتەكان وەكو خەون دێنە پێشچاوم".

"قەت بڕوام نەدەكرد لەگەڵ تۆدا بەم شەقامەدا تێبپەڕم".

پێكەوە دەچن بۆ ئوتێل.

—بێگومان ژنت هێناوە؟

— نەخێر

—بۆ؟

— ئەو ژنەی من ویستم بیهێنم شووی بەیەكێكی دی كرد، كێ هەیە من بیهێنم؟

ساجار بەدەم قسەكردنەوە دەست بۆ قۆپچەی كراسەكەی ئەنیتا دەبات، تا بیكاتەوە، ئەنیتا ناهێڵێت.

ساجار بێئەوەی لەسەری بڕوات لەسەر جێگاكە هەڵدەستێو دەڕواتە لای پەنجەرەكە، پاشان دەیباتەوە بۆ ماڵەوە.

كـە لـە تەكسیەكە دادەبـەزێت، بـانگی سـاجار دەكـات، بـەڵام سـاجار وەڵامـی نـاداتـەوە. "چـیم كـرد، بەدرێژایی ژیانم چاوەڕوانی ئەو دەستانە بووم، كەچی ئێسـتا بـە بـەتاڵی دووریـان دەخـەمـەوە، ئێسـتا ئـەم لەشە چ سوودێكی بۆ من هەیە؟ ئاخۆ ئەمەیە پێی دەڵێن پاكی؟".

"بمبورە ساجار، ئەمجارە لێم ببورەو لەگەڵ خۆتا بمبە".

دوای بڕێک پیشخواردنەوە دەچێتە دەرەوە تەکسیەك رادەگرێت بچێ بۆ لای ساجار، پەشیمان دەبێتەوە،

تەلەفۆن بۆ ئوتێلەکە دەکات، دەڵێن ساجار ڕۆیشتووە.

لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "رەتکردنەوەکەمی بە بێزارییەکی زۆرەوە وەرگرت، پێویست بوو بزانێت ژن بەغەریزە حەز بەرەتکردنەوە دەکات، دەیتوانی ناچارم بکات خۆمی بەدەستەوە بدەم– ماف خۆی بوو.. لەهەموو حاڵێکدا من موڵکی ئەوم.. رەنگی چۆن زەرد هەڵگەڕا؟ هەمووی گوناهی من بوو کبریائیم برینداد کرد.. زۆری لێنەکردم..لێم نابوورێت.. بەڵکو بەدرێژایی ژیانم تۆڵەم لێدەکاتەوە".

بەهەر حاڵێك دەبێت ئەدرەسی ساجار پەیدا دەکاتو نامەیەکی کورتی بۆ دەنووسێت، بەو هیوایەی ئەگەر ئەدرەسەکەی راست بێت نامەی دیکەی بۆ بنێرێت، بەڵام وەڵامی نابێت.

بڕیار دەدات داوای جیابوونەوە لە پیاوەکەی بکات، پیاوەکەی دەحەپەسێت..

ئەنیتا دەڵێت من هیچ گلەییەکم لە تۆ نییە، بەڵام ناتوانم لەگەڵ تۆدا بژیم، دەمەوێ تەنیابم.

پیاوەکەی دەپرسێت: ئەی بۆ کوێ دەچیت؟

"نازانم، لێرە هەستدەکەم بێئەوەی ژیان تاقی بکەمەوە دەمرم، لە مردن ناترسم، بەڵام دەمەوێت چەن رۆژێك بەرلەمردن هەست بە ژیان بکەم".

* * *

ئەنیتا باسی ساجار بۆ پیاوەکەی دەکاتو راستیەکانی پێدەڵێت.

رۆژێك ئەنیتا (رامپال)ی هاورێی ساجار دەبینێت– کە جارێکیان ئەدرەسی ساجاری لێوەرگرتووە– پرسیاری ساجاری لێدەکات، دەڵێت: "زۆر ئاگام لێنەماوە، بەڵام دوای ئەوەی هاتەوە بۆ دەلهیو یەك دوو رۆژمایەوە– کە لەوانەیە تۆشی بینیبێت– تووشی نەخۆشیو شڵەژانێکی دەروونی گەورە بوو..یەك دوو مانگێك بەر لە ئێستا کەسێك لە کالکتاوە هات وتی حاڵی ساجار زۆر خراپە".

* * *

ئەنیتا بە پیاوەکەی دەڵێت: "بەڵگەنامەی خوێندنی کوڕەکەم –رەمی– وەردەگرمو لەگەڵ خۆمدا دەیبەم، چووم بۆ هەر شوێنێك لەوێ دەیخەمە بەر خوێندن".

پیاوەکەی وەڵام ناداتەوەو دەڕوات.

کە ئەنیتا داوای بەڵگەنامەی خوێندنی کوڕەکەی دەکات نایدەنێ. دەڵێن: "بەڵگەنامە بەبێ رەزامەندی باوك نادرێت، باوکی (رەشمی) ئەم بەیانییە هاتووە پێیوتووین بەڵگەنامەی ئەو بە هیچ کەسێك نەدەین".

* * *

ئێستا دوو شت ماون ئاسوودەیی بە ئەنیتا ببەخشن، یەکەم کوڕەکەی، دووەم: کتێب.

لەگەڵ کوڕەکەیدا بەنامە یەکتر بەسەردەکەنەوە.

* * *

جارێکیان هونەرمەندێك بە ناوی ئیقبال پێشانگایەکی شێوەکاری دەکاتەوە، ئەنیتا دەچێتە پێشانگاکەو وێنەیەك زۆر سەرنجی رادەکێشێت.

لەگەڵ خاوەنی پێشانگاکەدا گفتوگۆیەکی کورت دەکەن، ئەنیتا دەڵێت: "سبەی یان دوو سبەی دێمەوە"، ئیقبال زۆری پێخۆش دەبێت، ئەنیتا لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "چەن بەختەوەرن ئەو کەسانەی کە تەنانەت بە بەڵێنە

بچووکەکانی ژیانیش دڵیان خۆشە".

ئەنیتا رۆژی دواتر دەچێتەوە بۆ پێشانگاکە، پاش ئەوەی برێك قسەو باس دەکەن، بە ئیقبال دەڵێت:"ڕۆژێکی دیکەش دێمەوە".

* * *

دوای نانی بەیانیان بە زۆری ئەنیتا سەردانی کتێبخانەی گشتیی دەکات کە چەند دەقیقەیەك لەنووسینگەکەیەوە دوورە.

لەبلاْوکراوەیەکی هەفتانەدا وێنەی ساجارو کچێکی بەرچاو دەکەوێت کە لە ژێریدا نووسراوە:

"ئەم جۆرە هاوڕێیەتیانە بەرەو هاوسەرێتی دەچن".

بەپەژارەیەکی زۆرەوە دەڵێت: "ئای تاقە گوناهێك چ سزایەکی بێمانای هەیە"، لێوی خۆی دەگەزێتو بەچپە دەڵێت: "هەموو کەسێك هەڵەکانی خۆی بە بچووکو سزای بەرامبەرەکەی بەگەورە دەزانێت، هەر کەسێك پاڵ بە بەختی خۆیەوە بنێت شایانی ئەم جۆرە سزایەیە، کێ لەکاتێکدا بەخت لەبەر دەرگای بێت دەریدەکات، من وام کرد، خوا چەندین جار لەگوناه دەبوورێت، ئای ساجار تۆ یەك جار نابووریت". لەکتێبخانەکە دێتە دەرەوە، دەست دەکات بەگریان، دەڵێت جوان نییە لەم شەقامەدا بگریم، بڕیار دەدات بچێ بۆ قەتابخانە بۆ لای کوڕەکەی،

بیری دەکەوێتەوە مانگی یەکجار زیاتر رێی پێنادەن بیبینێت، خۆزگە دەخوازێت بچێتە ئەو ئوتێلەو ئەو ژوورەو سەر ئەو جێگایەی کەتیایدا ساجاری لێ زویر بوو. لە کۆتاییدا بەرەو لای ئیقبال دەچێت.

"دەزانی بۆچی هاتم؟ شوێنێکم دەست نەکەوت بۆ گریان!".

دوای هەندێك قسەو باس ئەنیتا چیرۆکی ساجار بۆ ئیقبال دەگێڕێتەوە، ئیقبال دەڵێت:

"بۆچی هەموو شتەکانت بە ساجار نەوت؟".

ئەنیتا دەڵێت: "خۆشەویستی هەموو شتێك دەکات، بەلاْم ناتوانێ قسە بکات!".

ئیقبال بەتەلەفۆن بەئەنیتا دەڵێت: ئەگەر ئەمڕۆ کاتت هەبێت دێم بۆ نووسیگە بۆ لات.

ئەنیتا دەڵێت: باشە.

دەکەوێتە چاوەڕوانییەوە: "ئەم جۆرە چاوەڕوانیانەم پێخۆشە، هەمیشە چاوەڕوانی لە ژیانمدا هەبووە، بەلاْم بەجۆرێکی دی.. من فێرم کۆشك لە لم دروستبکەم، ئەمە کۆشکێکی دیکەیە بنیاتی دەنێم، بەلاْم لێرە بەلای کەمەوە یەکێك هەیە، لە هەلگرتنی لمەکەدا یارمەتیم بدات، هەرچی ئەوێ بوو خۆم بە تەنها قورساییەکانم هەڵدەگرت". ئیقبال دێتو پێکەوە دەچنە دەرەوەو لە چێشتخانەیەك نان دەخۆن. سەری هەندێك قسە بۆ یەکدی دەدرکێنن.

ئەنیتا دەڵێت: "لە تەنیاییمدا پێویستیەکی زۆرم بە کەسێك هەبوو، تۆ نازانی چیت داومەتێ، تەنیایی شتێکی زۆر بێمانەیە".

ئیقبال کاغەزێك پێشانی ئەنیتا دەدات کە تیایدا بەڕەسمی بۆ شوێنێکی دوور بانگهێشتکراوە بۆ ئیشکردن.

ئەنیتا دەشڵەژێ‌و ڕۆیشتنەکەی ساجاری بیردەکەوێتەوە، هەڵدەستێ بەڕوات ئیقبال دەکەوێتە دووی‌و لێی دەپاڕێتەوەو پێی دەڵێت:

"ناڕۆم.. ناتوانم بڕۆم".

ئەنیتا گوێ بۆ ئەو دەنگە شلدەکات کە بەدرێژایی ژیانی چاوەڕوانی بووە: "ناتوانم بۆ هیچ شوێنێك بڕۆم، ناتوانم جێتبهێڵم".

ئەوەتا ئەمڕۆ لەسەر ئەم زەوییە بە گوێی خۆی ئەو وشانە دەبیستێت.

* * *

ئیقبال بە ئەنیتا دەڵێت: "ئەوەی لەم جیهانەدا بۆی وێڵبووم دۆزیمەوە".

ئەنیتا دەڵێت: "بەلاّم بێئەوەی جیهان ببینیت، باشە ئیقبال بڕۆ جارێ جیهان ببینە، ئەگەر شوێنێك توانی زاڵبێت بەسەرتا، لەوێ بمێنەوە.. ئەگەر نەبوو وەرەوە بۆلای من، تۆ چەند داوابکەی چاوەڕوانت دەکەم".

ئیقبال هەڵدەستێ‌و بەناو ژوورەکەدا خولێك دەخوات، پاشان دەوەستێت‌و دەڵێت:

"ئەوەتا هەموو جیهان گەڕام هیچم ناوێ ئەنیتا نەبێت".

ئیقبال بەر لەوەی بڕوات دەڵێت: "ئەنیتا من ئێستا دەڕۆم‌و بەدرێژایی ژیانم چاوەڕوانت دەکەم، دەتوانیت ئەمڕۆ یان بەیانی یان دوای چەن ساڵێك بێیت. بەلاّم هەرکاتێك ئەوە ڕوویدا، بەجۆرێك وەرە لەوە بچێت بۆ ماڵی خۆت دەچیت".

ئیقبال دوای ئەوەی کلیلێك دەخاتە چنگی ئەنیتاوە، دەڵێت:

"ئەمە کلیلی ژوورەکەتە، پێویستت بەوە نییە لەدەرگا بدەیت، دەبێت بە ماڵی خۆتی بزانیت". بەر لە هەڵهاتنی ڕۆژ ئەنیتا هەڵدەستێ گڵۆپ هەڵدەکات‌و دەست بەنامە نووسین دەکات: "ساجار! من وا بەدووڕیانی ژیانم گەیشتووم، ڕێگایەکی نوێ هەیە بەرەو پێچاوپێچی جۆراو جۆرم دەبات، نازانم ڕوو لە کامیان دەکەم. بەلاّم شتێك بە تۆ دەڵێم پێموایە هەموو ڕێگاکان دەگەنە لای تۆ.. ئەمڕۆ کەسێك لەسەری یەکێك لەو ڕێگایانە بانگم دەکات، دەنگ لەهیچ ڕێگایەکی دیکەوە نایەت، لەبەر ئەوە بەو ڕێگایەدا دەڕۆم.. ڕەنگە گران بێت کەسێك لەوە تێبگات کە من تۆم خۆشدەوێت‌و ئیقبالیشم خۆشدەوێت، بەلاّم من خۆم ئاوهای تێدەگەم:

خۆشەویستم بۆ تۆ وەك خۆشەویستی بۆ ئاسمان وایە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت نکوڵیی لێبکات، بەلاّم بۆ ئەوەی مرۆڤ لەژێر ئاسماندا بژی ناچارە خانوویەکی هەبێت، خۆشەویستیم بۆ ئیقبال وەك ئەو خانووە وایە کە پێویستم بە دیوارەکانێتی بمپارێزێ، کەسێك نییە نکوڵی لەوە بکات کە خانوو پێویستە، هەروەك نکوڵییش لەوە ناکرێت کە ئاسمان هەموو شتەکان لەخۆ دەگرێت، لەناوەوەو لەدەرەوەی خانوو مرۆڤ هەر لە ژێر ئاسماندا دەمێنێتەوە.

ساجار! من کەئەم نامەیە دەنووسم دەزانم بۆ تۆی نانێرم‌و تۆش نایخوێنیتەوە کەچی هەر دەینووسم".

لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "تەنها تۆ ئەدرەست نییە"، وادەڵێتو لێوی دەگەزێتو نامەکە پارچە پارچە دەکات.

پاشان نامەیەك بۆ کوڕەکەیو یەکێکیدی بۆ مێردەکەی دەنووسێت، لەنامەی کوڕەکەیدا دەڵێت: "هەمیشە چاوەڕوانتم، بۆ هەر شوێنێك بچیت چاوەڕوانتم، تا گەورە دەبیتو لەسەر پێی خۆت دەوەستیت".

لەنامەی پیاوەکەشیدا دەنووسێت: "یەك تۆزقاڵ گلەییم لە تۆ نییە، بەڵکو ئازاری ئەوە دەکێشم کە توانای ئەوەم نەبوو نرخی پیاوێکی خانەدانی وەکو تۆ بزانم، گەر بتەوێ دەتوانیت لەڕێگای یاساوە پەلکێشم بکەیت، بەڵام ئەوە تەنها پەلکێشکردن دەبێتو بەس، ئەگەر وازم لێبهێنی بۆ خۆم بژیم منەتبارت دەبم، ئەگەر ناوبەناو کوڕەکەمانم بۆ بنێری..." چاوەکانی پڕ دەبن لەفرمێسكو ناتوانێت نامەکە تەواو بکات، بەنیوە ناچڵ لەسەر مێزەکە جێیدەهێڵێت.

* * *

لەگەڵ یەکەمین تیشکی بەیانیدا، ئەنیتا بەخەبەر دێتو دەبینێت ئیقبال لە تەنیشتییەوە راکشاوە "نیتی" ئیقبال چاو دەکاتەوەو پەنجەکانی ئەنیتا دەخاتە سەر لێوی‌و دەڵێت:

—ئا خۆ شەو نەترسابووی؟

لەگەڵ پرسیارکەدا دەستەکانی ماچدەکات.

—کەمێك.

—ئەی دوای ئەوە ؟

—هیچی دی. تۆ خەوتی‌و من نەمتوانی بخەوم.

—لەوانەیە تا ماوەیەك نەتوانم ئاسوودەییت بۆ دەستەبەر بکەم، من لەسەر ژیانی بێئەزیەت راهاتووم‌و تۆش لەسەر جۆری ئەو کارانەی دوێنێ پێی هەستای رانەهاتوویت.

—دوێنێ؟!

—بەڵێ، سڕینەوەی ژوورەکە، چێشتلێنان‌و شتنی قاپ‌و قاچاخەکان، هەمووشی بەتەنها خوت.

—بەڵام تۆ باسی ئەوەت نەکرد کە من لەشم پێشکەشی هەمان ئەو پیاوە کرد کە ژەمە خواردنەکەشم پێشکەشکرد، بەنیسبەت ژنەوە هیچ ئاسوودەییەك لەوە گەورەتر نییە خەونەکانی پێچەوانەی قسەکانی نەبن.

— نیتی، پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەم‌و هەموو شتێکی خۆشی دنیات بۆ دەکڕم..

—ئارەزووی خۆشیەکانی دنیا ناکەم، ئیقبال! تەنها ئەگەر..

—بەڵێ ئەنیتا ویستت بڵێی چی؟

—ئەگەر تەنها بەڕەشمی کوڕم شادبم.

—لە ئێستا بەدواوە گەورە دەبێتو دێت بۆ لامان.

—ئایا وادەکات؟

چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسك:

—ئایا بەڕاستی وادەکات؟.

—بێگومان وا دەکات.

—تا هەتایە لای تۆ دەمێنمەوەو چاوەڕوانی دەکەم، پێکەوە چاوەڕوانی دەکەین.

—بەڵێ نیتی، هەردووکمان پێکەوە چاوەڕوانی دەکەین.

* * *

پاش ئەوەی ئەنیتاو ئیقبال دواشەو لە ماڵی (رام بالی) هاوڕێی ساجار دەمێننەوە کە لە پێناوی ساجاردا پێشوازی لەئەنیتا کردووەو ئێستاش لە پێناوی ئەنیتادا پێشوازی لە ئیقبال دەکات، پاش ئەوە ئەنیتاو ئیقبال بەرەو شارێکی دی باردەکەنو دەڕۆن، دوای ماوەیەك ئیقبال نەخۆشدەکەوێت، ئەنیتا زۆری پێوە ماندوودەبێت,

ئیقبال بەدەم گریانەوە دەڵێت:

—بۆچی ئەوەندە خۆشت دەوێم؟

—ژن کاتێ بە هەموو تواناکانی خۆشەویستی دەکات، لەسەر هیچ شتێکی دیکە نامێنێتەوە.

—ئەوە بۆچی سروشتی پیاویش وەك سروشتی ژن نییە؟

—بۆچی ئیقبال تۆ منت خۆشناوێت؟

—نیتی، ئەوە حەقیقەتە کە خۆشم دەوێیت، بەلاَم ئەوەش حەقیقەتە کە بە تەواوی خۆشم ناوێیت.

—چۆن؟.

—ئێستا چاوم دەنووقێنمو بیر لە کەسێکی دیکەی نێو خەیاڵم دەکەمەوە.

—کێیە؟!

—کچێکە هێشتا نەمبینیووە. نازانم لە وێنەی هەیە یان نا، بەلاَم تا ئەو پەڕی خەیاڵم کچێکی بچووكو جوانە.

—ئیقبال من ئەوەم پێوتیتو ئاگادارم کردیتەوە کە لە تۆ گەورەترمو بەشی تاڤی گەنجێتیت ناکەم.

—لەوانەیە تۆ لەسەر هەق بووبیت، بەلاَم ئەو کاتە نەمتوانی ئەو بۆچوونەت ببینم.

—باشە چی وات لێدەکات خەمباربیت ساڵەهات لەبەردەمدا ماوە، بەدڵنیاییەوە دەستت بە ئارەزووە سۆزدارییەکانت دەگات.

— ئەی چی لە تۆ بکەم ؟

—من؟ هیچ.

—لەماڵو لەئیشو لەمنداڵەکەشم کردی...

—هیچ شتێکم لەم دنیایەدا نییە منداڵەکەم نەبێت، ئەویش تا ئێستا زیندووە، هەر کاتێك پێویستی بە من بێت دەگەمە لای...

ئەنیتا دوای ئەوەی بۆی ڕووندەبێتەوە ئیقبال ئیشی بەو نەماوە دەیەوێت بڕوات.

—بڕۆ بۆ لای ساجار ئەو لە من باشتر دەبێت.

—تو خوا ئیقبال وازم لێبهێنە، دەڕۆم، بۆ شوێنێك، هەر شوێنێك بێت، دەڕۆم".

* * *

ئەنیتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەی کوڕەکەی لێیە، خەمی تەنها ئەوەیە کوڕەکەی زیندووبێت.

دەچێت بۆماڵی (رام بالی). هەست بەسەر ئێشەیەکی توند دەکات رام بالی دەیەوێت پزیشکی بۆ بهێنێت، دەڵێت: پێوست ناکات.

شەو دەخەوێت، بەیانی رام بالی کاغەزێك لەتەنیشتیەوە دەبینێت، لێی نووسراوە: پێکەکەت بەتەنیا بخۆرەوە، ئەگەرچی تامی وەکو فرمیسك‌و خوێنی خۆشت وابێت، پیرۆزی ژیان بە تینوێتییەوە بەستراوە، چونکە بەبێ تینوێتی دڵت جگە لەکەناری دەریایەکی مردوو چیدی نابێت، نە سروودو نە شەپۆل نابینی.

بالی دەترسێت ئەنیتا هەوڵی خۆکوشتنی دابێت.

ئەنیتا دەڵێت: "نەخێر بالی، ئەگەر بە نیازی ژەهرخواردن بومایە، بۆ ماڵی تۆ نەدەهاتم، تۆ تووشی هیچ کێشەیەك ناکەم".

ئەنیتا جارێکی دی بێتاقەت دەبێتەوە، بالی دەیەوێت پزیشکی بۆ بهێنێت ئەو داوای ڕەشمی کوڕی دەکات.

پاشان دەڵێت: "گوێم لێبگرە بالی، ئەگەر مردم، ئەگەر ئیقبالت بینی پێی بڵێ لێی زویر نیم، چونکە ئەو هەندێك لە رۆژەکانی خۆی بەمن بەخشی.

من هیچم بۆ ئەو نەکرد، هەرچی ڕوویدا لە بەرژەوەندی من بوو، لەبەرئەوە هیچ داوایەکم لەو نییە".

دوای ئەوە ئەنیتا ئاگای لەوە نامێنێت کە بالی کەی هەستاوەو رۆیشتووە.

* * *

دوای ماوەیەکی زۆر بالی دێتەوە، ئەنیتا پرسیاری رەشمی لێدەکات، دەڵێت: بەڕێوەیە.

دەنگی پێی کەسێك دێت، ئەنیتا بە پەرۆشەوە تەماشای دەرگاکە دەکات: "رەشمی".

"وابزانم پزیشکە".

بالی هەڵدەسێت‌و بەرەو دەرگاکە دەچێت، لەوێوە بانگی ئەنیتا دەکات: "ئەوە کوڕەکەت هات ئەنیتا! تەماشای بکە چەند گەورە بووە!".

"رەشمی!"

"دایە!"

رەشمی لە تەنیشتییەوە دادەنیشێت‌و سەری دەخاتە سەر سینگی.

دەرگا دەکرێتەوە، ئەمجارە پزیشکە، دوای ئەوەی رەشمی‌و ئەنیتا لێك جیادەکاتەوە، بەوردی فەحسی ئەنیتا دەکات. پاشان رام بالی جیادەکاتەوەو پێی دەڵێت: "درەنگ بانگی پزیشکتان کردووە، ئەمە حاڵەتی خوێنبەربوونە".

"ئایا بۆ نەخۆشخانەی ببەین؟".

"تا ئێستا ئاگای لە خۆیەتی، بەڵام دوای چەند دەقیقەیەکی دی وانابێت، بەهەر ڕێگایەك بێت بیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام کاتێك دەگاتە ئەوێ...."

بالی بەترسەوە چاوەکانی دەنووقێنێت.

"نزیکەی سەعاتێك بەر لە رۆژ هەڵهاتن تووشی خوێنبەربوونی دەماغ بووە".

کاتێك بالی‌و پزیشکەکە دێنەوە بۆلای ئەنیتا، ئەو بەسەرنجێکی قووڵی پڕ پرسیار تەماشای رەشمی دەکات.

"هاتی؟"

ئەنیتا لەسەرنجدان بەردەوام دەبێت، دووجار زەردەخەنە دەکەونە سەر لێوەکانی:

بەهاتنی ئێوە بەختەوەرم، دەستم بەهەردووکتان گەیشت، تۆو رەشمی ..

رام بالی بە نیگەرانییەوە دەست بۆ رەشمی درێژدەکاتو دەپرسێت: –ئەنیتا! ئەمە کێیە؟

ئەنیتا بە سەرنجێکی سەیر وەلأم دەداتەوە، وەك بلێت: –بۆچی بڕواناکەی من بەختەوەرم؟.

بالی جارێکی دیکە دەست بۆ رەشمی درێژدەکاتەوەو دەپرسێت: –ئایا ناسیتەوە؟!

–بەڵێ ناسیمەوە، ساجارە.

عەرەقی مردن دەنیشێتە سەر برۆکانی ئەنیتاو دلۆپەکانی بەنێو چاوانیدا بلأودەبنەوە.

دوا تروسکەی چاوەکانی لەوە دەچێت بڵێ: "تاکو ئافرەتێك بەدووی حەقیقەتی ژیاندا بگەڕێتو نەتوانێت کوڕەکەیو خۆشەویستەکەی مسۆگەر بکات، چارەنووسی وەکو چارەنووسی من دەبێت".

*گۆڤاری ئاینده. ژمارە (23) ساڵی 2001

## بەشی حەوتەم:

# تایبەت

## شێخ کەریم مەملەکەتی شیعرو عەشق بوو

بەزەردەخەنەی خونچەی لالێوت
شیرین تر ئەبێ ڕوومەتی سێوت
حەزی لێئەکەم ئەخورێ بەلێوم
پێی ئەژێتەوە گیانی پەشێوم
ئەگەر کەرەمکەی لەبەر خاترم
گازێکی نەرمی بەلێو لێگرم
داساکێ دڵی ورکنو شێتم
وەك دنیایەکت پێبەخشیبێتم
سوپاست ئەکەم هەتا هەتایە
ئەوەی سەخی بێت حەبیبی خوایە

ڕەسول هەمزاتۆف دەڵێت: ((جارێکیان شاعیرێکی گەنج شیعرێکی پیشانی باوکم دا، باوکم پێیوت شیعرەکەت جوانەو وردەکاری باشی تێدایە، شیعرەکەت لەماڵێك دەچێت کە جگە لە ئاگر هەموو شتێکی تێدابێت، قاپو قاچاخو گۆشتیش ئامادەیە، کەچی ئاگر نییە، بێگومان کە ئاگریش نەبوو گۆشتەکە نابرژێنرێتو شتەکانی دیکەش بێسوود دەمێننەوە)).

بەلاَم شیعرەکانی شێخ کەریم کە یەکێك لە شاعیرە میللییە دەستڕەنگینەکانی ئێمە بوو، هەمیشە ئاگریان تێدابوو، ئاگری نێو شیعرەکانی ئەو بریتی بوو لە گەرمو گوڕی هەستەکانیو ئەو ڕاستگۆییەی لە دەربڕینی هەستەکانییدا هەیبوو، ئەو هەتا تەنیاییو تاسەو سووتان ئۆقرەیان لەبەر نەبڕیایەو پڕپڕیان نەکردایە لە هەستی گەرمو گوڕ، دەستی بۆ قەڵەم نەدەبردو شیعری نەدەنووسی.

ئەو لەو شاعیرانە نەبوو کە پێشوەخت بڕیار دەدەن شیعر بنووسنو چۆنیشی بنووسن.

بەڵگەی ئەم قسانەشمان ئەو هەموو هەستە پڕ لە سۆزو سوتانەی نێو شیعرەکانێتی، ئەو ئاهو حەسرەتو دوکەڵی هەناسانەیە کە لە شیعرەکانییەوە بەرز دەبنەوەو خوێنەر دەخەنە نێو فەزایەکی پڕ لە حەپەسانەوە.

دیوانەکەی شێخ کەریم دنیایەکە شیرین وەك مەقامەکانی عەلی مەردان، بۆنخۆش وەکو مێخەکبەنی ملی ئەسپە ژنەکانی گەرمیان، دیوانەکەی ئاسمانێکە شینو فراوانو بەرین، هەر کەسێك بەوردی بیخوێنێتەوە دەکەوێتە سەر هەوای هەڵفڕین.

شێخ کەریم شاعیرێکی بەسەلیقەو عاشقێکی مەزن بوو، ڕەنگە بۆ ئێرە گونجاو بێت، بیرەوەرییەکی خۆم لەگەڵ ئەودا بگێڕمەوە:

جارێکیان باسی عەشقمان کرد، ئەو وتی: من بەسەرهاتێکم بۆ خۆم کردووە بەسەرمەشق، وتی دەڵێن عاشقێکی وێنەکێش هەبووە زۆر شەیداو سەودازەدەی کچێك بووە، ڕۆژێکیان لەقەد دارێك وێنەی کچەکەی دروستکردووەو لەژێر دارەکەشدا لەسەر تاوێرەبەردێك وێنەی خۆی هەڵکۆڵیوە، لێیان پرسیووە: ئەوە بۆچی وێنەکان بەیەکەوە ناکێشیت؟

لە وەڵامدا وتویەتی:

بۆ ئەوەی ڕێبواران کاتێ دێنە ژێر ئەم دارە، پێ بەسەری مندا بنێن، ئەوسا تەماشای ئەوبکەن!

کورد لە کۆنەوە وتوویەتی: ((هەر شیوێکیان بە بایەك سپاردووە))، شێخ کەریم بایەکی فێنك بوو شیوی شیعرو خۆشەویستی پێسپێردرا بوو، ئەو تەنهاو تەنها بۆ شیعرو بۆ عەشق هاتبووە دنیاوە، هەر ئەوانیشی لەپاش بەجێما.

پەیامی ئەو شیعرو عەشقی ڕاستەقینە بوو، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگایەکدا دەژیا هەمووشتێکی تێدا حەڵاڵ بوو خۆشەویستی نەبێت، کۆمەڵگایەك بەخوێنڕێژو جەلادەکانیان دەوت ئازاو بە عاشقەکانیان دەوت شێت.

بەڵێ بەلێکدانەوەی ئەوان شێخ کەریم شێت بوو، بەڵام خۆزگە هەموومان وەکو ئەو شێت بونایەو لەبری ئەو هەموو شەڕانگێزییو ئاڵۆزیو تووڕەییەی لە خۆماندا هەڵمانگرتووە، بڕێك لەو پاکیو سادەییو جوانییەی ئەومان لە ناخدا بوایە. شێخ کەریم کاتێ کەفوکوڵی دڵە عاشقەکەی زۆری بۆ دەهێناو کۆمەڵگا نەخۆشەکەی بە لێشاو کۆسپو بەربەستی بۆ درووست دەکردو بە هەموو هێزی خۆیەوە هەوڵی سەرکوتکردنی دەدا، ناچار شاعیرانە بە دنیای ناخی خۆیدا دەچووە خوارەوەو لەگەڵ دڵی خۆیدا دەدوا:

بگری دەی بگری دڵی مناڵم

سەرو گوێ شکاو ڕووتەی بێ باڵم

لەبەر تۆ بەدەم دەردو ئێشەوە

خەڵکم کرد بەدۆست چوومە پێشەوە

دۆستێکم نەدی وەکو دڵسۆزێ

بتکاتە باوەش بێدەنگبی تۆزێ

بگری دەی بگری کوڕی کڵۆڵم

زیاتر تەنگیکە دەروونی چۆڵم

ئاشنایەك دەستی بۆ نەهاوردیت

لای هەرکەس دامنایت هەر دەریکردیت

بگری دەی بگری لەداخی بەختم

چڕنووکی لێدە برینی سەختم

ژان بخرۆشێنە بەپەلو پۆتا

زوخاو برژێنە بەبانی خۆتا

چنگ لە جەرگمدەو هەلا هەلای کە

لە ڕیشەو ڕەگا تەفرو تونای کە
وڕکم لێبگرە بکڕوزێرەوە
قۆچ لەسینگمدەو تیا بتلێرەوە
بگری دەی بگری ئارامم بەرە
با ئاگر بگرم وەکو کۆتەرە
رزگاربین لەدەس سوپاسی درۆ
تۆی جوانە مەرگو منی ڕەنجەڕۆ

بەڵێ شیخ کەریم هەموو ژیانی خۆی لەنێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا بەسەربرد، کە زۆرترین کۆتو بەندی لە دەستو پێی عاشقەکان دەئالآنو بە هەزران بیانوو هەوڵی لێککردنی دڵەکانی دەدا، ئەو هەموو تەمەنی خۆی لە سووتاندا بەسەر بردو کەمردیش بوخچەیەکی نەکراوە بوو، بەدڵێکی پڕ لەتاسەوە مرد، خەونەکانی بردە ژێر گڵەوە.

لە ژیانیدا هەمیشە لە ململانێ دابوو لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵآیەتیەکان، ئەو پەیوەندیانەی کە تاڕادەیەکی زۆر شێوێنرا بوون.. زۆر جار مرۆڤ بەدەستی هەستە پەنهانەکانی خۆیەوە گیر دەخواتو نازانێت چی بکات. ئەو هەستانەی خۆی لێدەبێتە بارو بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

لە کوردەواریدا دەڵێن: ((ئەگەر خەوێکی ناخۆشت بینی بۆ جۆگەلە ئاوێکی بگێڕەوە)).. زانا دەروونزانەکانیش دەڵێن: ((ئەگەر شتێك لەدڵتدا پەنگی خواردەوەو کەس نەبوو بۆی باسبکەیت بۆ ئاوێنەیەکی باسبکە، یان بینوسەو پاشان بیدڕێنە))، بێگومان لەو کارانە باشتر ئەوەیە مرۆڤ دڵسۆزێکی هەبێت دڵی لا بکاتەوەو موعاناتەکانی خۆی لا باس بکاتو کەمێك باری سەر شانی سوك ببێت، وەلێ هەندێجار ئەو کەسەمان دەستناکەوێت، ئەوەتا شێخ کەریم کەسێك بەدی ناکات کە خۆشەویستی بەلایەوە تاوان نەبێت، کەسێك بتوانێت هەموو ڕۆژێك هەواڵی ئازیزی پێبڵێت، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ شیعر دەباتو رازو نیازەکانی لەشیعردا بەرجەستە دەکات. نەبوونی ئەو کەسەو بێمتمانەیی کەسەکان لەگەڵ یەکدا پەیوەندی بە شێواوی بارودۆخە کۆمەڵآیەتییەکانەوە هەیە، کە هەموومان ئازار دەداتو هەر یەکەمان بەجۆرێك کاردانەوەمان لەبەرامبەری دەبێت.

ئەوەتا شێخ کەریم لە شیعرێکدا دەڵێت:
چیبکەم هیچ کەسێك نییە بوێرم لێی نەترسم
هەموو ڕۆژێ هەواڵی تۆی بەرزی لێبپرسم
گڕپەی دووری وا بەناو دەروونی زامارمەوە
ئەبێ کەی بێ ئەو ڕۆژەی تۆ بێی بە هاوارمەوە
دەس دەیتە باڵم لەڕای سەربەرزیو پاکیتەوە
خۆم بئاڵێنمە بالآی ئالآی ڕوناکیتەوە
نۆرەی شادی بێتەوە هەناوی سووتاومەوە
ناوی پیرۆزی جوانیت بنێمە سەرچاومەوە
***

ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شێواوانە وا لە مرۆڤ دەکەن هەندێجار نەك بڕوای بە کەسێك نەبێت کە باسی دڵدارەکەی خۆی لا بگێڕێتەوە، بگرە بڕوای بەدڵدارەکەی خۆشی نامێنێت، تەنانەت وایلێدێت خۆی بەدێوانەو شێتو ناحاڵیی دەزانێت:

شەم شەمی چیتە دێوانە شێتە

تۆ بۆی ئەسووتێیت ئەو رقی لێتە

سوتانی ناهەق رووخانی بێکەڵك

نرخت ناداتێ لەبەرچاوی خەڵك

خاكو خۆڵەکەت بڕژێ لەو رێیە

پێشێلی ئەکەن کێ دەربەس کێیە؟

بەڵێ شێخ کەریم ئەو هەستانەشی لا درووست دەبێتو تاڕادەیەکی زۆریش لە نائومێدیی نزیك دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری عەشق بێت. لە دوا ساڵەکانی ژیانییدا تەمەن دەیخاتە دوای خەڵکەوەو لەقەلەقی پێدەخات، بەڵام ناتوانێت دڵی پیر بکات:

لەدوای خەڵکەوە لەقە لەقمانە

دڵمان پیر نابێ ئێمەش هەقمانە

شێخ کەریم لەوە گەورە تربوو، کە ئێمە بتوانین لەکۆڕێکی ئاوهادا حەقی خۆی پێبدەین.

هەڵدەگرێت زۆر کۆڕو نوسینو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەداخەوە ئەم دەرفەتەی ئێمە لەوە خێراترو بچوکترە بتوانین تیایدا قسەی باشتر لەسەر ژیانو شیعرەکانی ئەم شاعیرە خۆشەویستە بکەین، ئەوەی ئێمە لێرەدا کردوومانە زیاتر لەدانەوەی قەرزێکو لە هەوڵێك دەچێت بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆمان. هیوادارین گیانی ئەویشمان ئاسوودە کردبێت. هەزاران سڵاو لەیادی پیرۆزی ئەم شاعیرە عاشقەمان، ئەم سەربازە ونەی شیعرو عەشقمان کە جگە لە شیعرو عەشق هیچ شتێکی دیکەی نەبوو.

خوایە زستان تەمێکە بڵێ زوقمو بای نەبێ

ئازیزم لەدوورگەیە توخوا با سەرمای نەبێ

بۆیە بەرۆکت ئەگرم ئەپاڕێمەوە

بێسنوور خۆشمئەوێ گەلێ دوورە لێمەوە

هی دووری هەر چاوێکم فرمێسکی وەك چەمێکە

دوعاو نزام قبوڵکە ئەم زستانە تەمێکە

قوربانتبم پێیبڵێ سەرما نەبێ گەرم بێ

لەرێی ئازیزی بەرزا وەك دڵی من نەرم بێ

توخوا باسەرما نەخشێ لەڕووی شاگوڵی گۆنای

کزەبای تەزیو نەکشێ بۆ قەد نەمامی باڵای

توخوا بەئاسمان بڵێ لافو گەزاف لێنەدات

تەرزە نەبێژێتەوە بە بروسکە رێ نەدات

سەهۆڵبەندانی نەبێت چیمەن بژێنێتەوە

باوەشی بگرێتەوە بەهار بهێنێتەوە
تیکەڵێکات گوڵو گیا وەك مافوری عەجەم بێ
ساڵی ئارایش لەبەر نازی ئازیزەکەم بێ
پەلکەزێڕینە بەرێت بینەخشێنێ لەڕێیا
تك تك گوڵاوی ئاونگ بڕژێنێ لەبەرپێیا
خوایە تو خوایەتی خۆت چۆنت پێ ئەڵێم وابە
ئاگات لە ئازیزم بێت میهرەبانێ وریابە !

تێبینی: ئەم نوسینە بۆ یادی کۆچی دوایی شاعیری میللی (شێخ کەریم کەسنەزانی) نوسراوەو لە کۆڕێکدا، کە ساڵی 1995 لە چەمچەماڵ، بۆ ئەو مەبەستە سازدار بوو، خوێنراوەتەوە.
دواتر بڕێك دەستکارییم کردووە.

## بۆ سەر بەرگ

ئازادیی مەرجی نییە، کە مەرجت بۆ دانا دەمرێت !
ئازادیی ئەو کاتە جوان نییە کە تۆ گۆرانی بۆ من دەڵێیتو منیش بە گۆرانییەکەی تۆ بەختەوەر دەبم، ئەو کاتە جوانە کە تۆ رەخنە لە من دەگریتو من شپرزە دەکەیتو تەنانەت تووڕەشمدەکەیت، بەڵام من ئەوەم بیرناچێتەوە کە ماف تۆ لە ئازادییدا مافێك نییە من پێمبەخشیبیت تا بیر لەوە بکەمەوە لێتبسێنمەوە. ئاساییە من جۆری مامەڵەی تۆم لەگەڵ ئازادییدا بە دڵ نەبێت، بەڵام ئاسایی نییە ئەمە بکەم بە بیانووی ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئازادیی تۆدا بکەم. ناکرێت تۆ پەلاماری من بدەیتو من پەلاماری ئازادیی تۆ بدەم. نووسین ناسنامەی راستەقینەی نووسەرە، من بۆم هەیە ناسنامەکەی تۆم بە دڵ نەبێت، بەڵام بۆم نییە ماف هەبوونی ناسنامە لە تۆ بسێنمەوە !